# سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف

# سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف

کۆکراوەی: عەلی ئەسغەر عومران

وەرگێڕانی
سەلاح نیساری

سەرپەرشتیاری پرۆژە
رابیعە فەتاح شێخ محەمەد

هەولێر - ٢٠١٣

**پرۆژەی هاوبەش**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە** **کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان**

- **کوردستان لە سەفەرنامەی بیانیدا ـ (٨)**
- **سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف**
- کۆکراوەی: عەلی ئەسغەر عومران
- وەرگێڕانی: سەلاح نساری
- سەرپەرشتیاری پرۆژە: رابیعە فەتاح شێخ محەمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٢٧٩٠) لەساڵی ٢٠١٣
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٨٠٢)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


بەرکۆڵ ................................................................................ ٧

پێشەکی تەواو ................................................................................١١

لە زمان دانەرەوە ................................................................................ ١٩

سیاحەت نامەی گەشتیاری چریکۆف لەبەندەر بۆ شێر و شێراز ............................................ ٢١

ئەوگۆڕەی لە چیاکاندا هەڵکەندران ................................................................٣٦

## بەرکوڵ:

به پێی بەڵگە مێژووییەکان، ناکۆکیی ئێران و عوسمانی پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە. ئەم ناکۆکییەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەجەبی ساڵی ١٢٥٤ ک.م. هۆکاریش داگیرکردن و تالآن و بڕۆیی شاری خورەمشار بوو بە دەستی ئالی عوسمانی. سا لەو نێوەدا دراوسێکان بوونە نێوبژیوان و لەوبەری سنوورەکانەوە هەر دەوڵەتەی بەهیوایەک و بە تەمایەک کەوتنە دەستتێوەردانی کاروباری رامیاری وڵاتی ئێران. لەونێوەدا ناوبژیوانان کارێکیان بۆ ناکرێ وەک لەمپەر و بەرهەڵستان قووت دەبنەوە. وڵاتانی رووس و ئینگلیز، بە نیشانەی ئاشتەوایی خۆدەخەنە چەقی مەیدانەوە. جڤاتێک پێک دەهێنن لە: کاربەدەستانی ئێرانی، عوسمانی، رووس و ئینگلیز لە ئەرزە ڕۆم. ئای بەڵکو بتوانن کۆتایی بە شەڕ و کێشەی نێوان ئێران و عوسمانی بهێنن. ئێرانیش داوایی قەرەبووکردنەوەی خۆی بکات و زیانەکە لە عوسمانیان بستێنن.

سەرەتا دەوڵەتی ئێران، شاندێکی بە نوێنەرایەتی خۆیی ئامادەکرد بۆ وتووێژ و چارەسەرکردنی کێشەکە. نوێنەری ئێران لە دەرباری عوسمانی، بە ناوی میرزا جەعفەرخان (موهەندیس باشی) مەشیرەدەولە. لەو ڕێکەوتەدا لە شاری تاران دادەنیشت. دەست نیشان کرا، بەڵام بە هۆی نەخۆشی ئەم میرزایە و بە پەلەبوونی ئێران بۆ ڕاپەڕاندن و کۆتایی هێنان بەم نێوان ناخۆشییە، میرزا تەقی خانی فەراهانی واتە (ئەمیر کەبیر) لەو کاتەدا لە ئازەر بایجان دەبێ، وەک وەزیری شەڕ، ئەو ئەرکەی دەخەنە ئەستۆ و رەوانەی ئەم جڤاتەی دەکەن. لەو لاشەوە دەوڵەتی عوسمانی ئەنوەر ئەفەندی کردە دەمڕاست و وتەبێژی خۆیی.

ئەو قسە و باسەش لەساڵی ١٢٥٩ ک.م. دەستی پێکرد و سێ ساڵ درێژەی پەیداکرد. هەرچەندە ڕێک کەوتن هەبوو لەسەر دیارکردنی خاڵە

سنوورییەکان، لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانی و عوسمانی، بەڵام پەیماننامەی تازەیان دەرکرد، ناوەرۆکی ئەمیش هەر کاکڵەی پەیماننامەی پێشوو بوو. دوای دەمەتەقەیەکی زۆر لەسەر پەیماننامەکەی ئەرزەڕۆم، وایان دانا لەلایەن هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسنانییەوە، چەند کەسێکی شارەزا رەوانەی سەر سنووران بکرێن و سەبارەت بە هێڵی کەوشەنی وتووێژ بکەن. وەفدێکیش لە هەردوو دەوڵەتی سۆڤییەت و ئینگلیز وەک چاوەدێر ڕەگەڵیان کەوتن. بۆ ئەم ڕێککەوتنە ئێران هەر ئەو مەشیرەدەولەی هەڵبژارد و دەوڵەتی عوسمانیش دەروێش پاشای کردە نوێنەر. سەرۆکایەتیی وەفدی ئینگلیز لە ئەستۆیی کولۆنێل ویلیامسۆن و جێگری ئەو کاپیتان گلاسکێت بوون. سەرۆکایەتیی وەفدی سۆڤییەتیش درا بە کولۆنێل چریکۆف. وتووێژەکە لەساڵی ١٢٦٥ دەستی پێکرد و لە نیوەی ساڵی ١٢٧١ ک.م. (واتە ماوەی پێنج ساڵ و نیو) درێژەی هەبوو. ئەوکەسانەی سەرپەرشتیاری ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ بوو، هەر کەسە و سەفەرنامەیەکی نووسییەوە، مسیۆچریکۆف ماوەی ٤ ساڵ (لە ١٨٤٨ – ١٨٥٢ ز.) کومیسر/ بەرپرسی سەرپەرشتیاری ئەم تیمە نوێیە بوو. لەسەر سنووری ئێران و عوسمانی، لەگەڵ سێ کەس کە کاروباری نەخشە هەڵگرتنیان لە ئەستۆ بوو. (دواتریش نەخشەی راستەقینەی ئێرانی رۆژئاوایی لە روویی ئەم خەریتەیەوە دامەزرا) و هەواڵی بەڕێوەچوونی کارەکانی خۆی رەوانەی دەوڵەت کردەوە. لە پاش مردنی ئەو لە ساڵی ١٨٦٠ ز. کەسێک بەناوی مسیۆگەمارۆڤ ئەوەی کۆکردەوە و لە ساڵی ١٨٧٥ ز. لە پترزبورگ لە چاپ درا. ئەم کۆپەڕە لە ساڵی ١٣٠٥ کۆچی مانگیدا ئابکاری مەسیحی هێنایە سەر زمانی فارسی بە ناونیشانی سەیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف، لە رووسییەوە کردی بە فارسی.

باشترین سەرچاوە بۆ پشکنینی مێژووی رامیاری نێوان ئێران و عوسمانی و چۆنێتی شار و لادێکانی ئێران لەو سەردەمەدا سەفەرنامەی چریکۆفی رووسییە. ئەو کتێبە لە دەورەی ناسرەدین شادا وەرگێڕدراوە و بەرگێکی دەستنووسی لەو دەورەیەدا لە پەڕتووکخانەی وەزارەتی نێودەوڵەتی لە بەر دەستایە.

چریکۆف، ئەو ماوەیە کە لە ئێران بووە، سەفەری بۆ ناوچەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێران کردووە و زانیاریی زۆری لەسەر سنوور و گوند و شارەکانی ئێران هەبووە. هەرچەندە ئەو کارەی ئەو کارێکی کۆمەڵناسی نەبووە، بەڵام لەمەڕ ناسیاری ئەم دەڤەرانەی سەفەری بۆ کردوون، لێکۆڵینەوە و ئاگادارییەکی خەستی تۆمار کردووە و ئاوێنەی باڵانوێنی ژیار و ژینگەی بەشێک کوردستان و هەمەدان و کرماشان و ئیسفەهان و دزفول و...هتد

ئەوەی لەو سەفەرنامەیەدا گرینگی تەواوی پێ دراوە، ئەوەیە کە چریکۆف، سەردانی هەر جێیەکی کردووە، سەبارەت بە باری ئستراتیژیکی ئەو شوێنە و چ قشون و هێزێک بە چ کەلوپەل و کەرەستەیەکەوە دەتوانن بەم مەڵبەندانەدا سەفەر بکەن و لە سەرما و گەرمادا چۆن تاقەت بێنن. بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم گوزارشت و زانیارییانە لەمەڕ کاروباری سەربازییەوە بۆ سۆڤییەت ئامادە کرابێت.

لە لایەکی دیکەشەوە ناوی زۆر شوێن ناڕوونە و وەرگێڕە فارسەکە نەیتوانیوە ساغیان بکاتەوە. هەروەها ئەو شێوەی وەرگێڕ ناوی لە بیانییەکان و ناوی جوگرافی ئێرانی بە فارسی هێناوە لەگەڵ ڕێنووسی ئەمڕۆمان جیاوازیی هەیە، بەڵام ئەوە خوێنەرانن بە یەک جار خوێندنەوە هەموو پەردەکان لە پێش چاویان لادەدرێ و توێکڵ دەشکێن و بەکاکڵ دەگەن. ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨هەتاوی چاپ کرا، ئێستاش چاپی دووەمی ئەم کۆپەڕە بەنرخە دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و شەنوکەوکردنێکی باش دەکەوێتە بەو دیدەی خوێنەرانی هۆگر بە ژیار و کۆمەڵناسی و کەوشەن و سەربردەی گەلان.

## پێشەکی تەواو

ناکۆکییەکانی ئێران و عوسمانی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەو ناکۆکییەش دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی تەیمور و شەڕەکانی لەگەڵ ئێلدوم بایز. لە دەورەی ئوزون حەسەندا دژایەتی و کینەی ئەو پادشایە و سوڵتان محەمەدی فاتح، تۆختر بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی دەورە گەیشتە سەفەوییە و سیاسەتی جیاوازیی پاشاکانی عوسمانی، واتە حەزی دەسەلاتداری بەسەر دنیای ئیسلامدا، هەروەها بە سونیکردنی کۆمەڵگای ئێرانی. لەژێر ڕکێفی سیاسەتی عوسمانیدا. ئەمەش بووە هۆی تاریکترکردنی باری رامیاری ئەو دوو دەوڵەتە. ئەگەر جار جارەش ئارامییەک لەئارادا بووبێت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ترس و لاوازی لایەنەکە نەک ئاشتەوایی و سازشتی ئەوان.

لە دەورەی نادر شای هەوشاردا خوازیار بوون، دوای ئەم هەموو شەڕ و پشێوییە هەردوو وڵاتی ئێران و عوسمانی بکەونە سەر بارودۆخێکی باشتر و ئاشتەوایی لێ بکەوێتەوە.

سەدەی نۆزدەیەمی زاینی بەسەردا هات و دەرگایەکی تازەتر لە وڵاتانی ئەوروپاوە بەروویی ئێراندا کرایەوە، لە روویی رامیارییەوە. بە دوای ئەوەدا ناکۆکیەکانی ئێران و عوسمانی رەنگ و روویەکی دیکەی پەیداکرد، ئەمەش لەمەڕ بارودۆخی مێژوویی و سیاسییەوە زۆرتر ئێرانی وریاکردەوە.

هۆی ئەم پێداگری و وتووێژانە وادیاربوو تەوەرەکانی کەوشەنی، گەلانی جیاوازی ئێرانی لە میزۆپوتامیا و هەڵس و کەوتی نالەباری دەسەلاتی عوسمانی لەگەڵ زیارەتکەرانی ئێرانیی و پشتیوانیکردنی لە دز و درۆزن و شەڕفرۆشان بەدنیادا ئاشکرا بەدژی ئێران.

سەبارەت بە هەڵسوکەوتی عوسمانی لەگەڵ زیارەتکەرانی ئێرانی، هۆگری ئێرانیان بە بەشێکی عێراق بوو. هۆکاریش ئەوەبوو زیارەتکەران سەردانی ئیمامانی شیعەکانی خۆیان دەکرد لەو ناوچەیەدا، بەلام وەختێ میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەوە خەڵکێکی زۆر لە خاکی عوسمانیدا نیشتە

جێ بوون. ئەو نیشتەجێبوونەش تەواو ڕۆحی و مەعنەوی، ژینگە و گوندی ئاوەدان و لە بابەت هونەریەوە شایان و خەڵکی ئێران بە هەژار و ساماندارەوە لەو کارەدا بێبەش نەبوون. ئەمەش ببوو بە هۆی تووڕەیی دەسەڵاتدارانی ئالی عوسمانی. واتە ناکۆکیی سونیان سەبارەت بە شیعەی ئێرانی نیشتەجێی میزوپۆتامیا. دڕدۆنگی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی لێ کەوتەوە.

لەساڵی ١١٥٩ ک.م. لە نێوان نادر شایی هەوشار و سوڵتان مەحمودخان سەرەتا لە ڕێگەی بریکار و نوێنەری ئێران، حوسێن عەلیخان و والی بەغدا ئەحمەد پاشا کاربەدەستی عوسمانی، پەیماننامەیان مۆرکرد و باسی سنوورەکانی تێدا کرا. بۆ دیاریکردنی سنوورەکانیش پێداچوونەوەیان لە سەر پەیماننامە کۆنەکان کرد. بەشێکی تازەیان خستە سەر بەڵێننامەکە و دەنگی ناڕەزایی دەسەڵاتدارانی سنوورنشین بەزر بۆوە. هەروەها لە پەیماننامەی ڕێکەوتی ١٩ زی قعدەی ١٢٣٧ ک.م. نێوان فەتالی شای قاجار و سوڵتان مەحمودخانی سانی لە ریگەی میرزا عەلی وەکیل و محەمەد رەوف پاشا سەرۆک هۆردوو، لەسەر راسپاردەی عوسمانییەوە واژۆ کرا، ناوی کەوشەنانی تێدا هاتووە:

«پەیماننامەی ڕێکەوتی هەزار و سەد و پەنجاو نۆ، لەسەر دەستووری پێشوو، هەروەها سەبارەت بە حەجاج و بازرگان و رەتکردنەوەی راکردووان و ئازادی دیلەکان و جێگیربوونی کەسی دیاریکراو لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە واژۆ کرا. بەپێی ئەو ڕێککەوتانە هەردوولا ناکۆکیی لە نێوانیاندا تەواو بووە و ئاشتی لەنێوانیاندا مسۆگەرە.»

بە دوای ئەو پەیماننامەیەدا تا دەگاتە کۆتایی دەسەڵاتی محەمەد شای قاجار هیچ دانیشتنێکی تایبەت لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا نەبووە. تا ساڵی ١٢٥٣ ک. م. ئەو کاتەی دەوڵەتی ئێران سەرقاڵی ئابلۆقەدان و داگیرکردنی هەرات بوو. بە بۆنەی تاڵانکردنی (خوڕەمشاری ئێستا) بە دەست عەلیڕەزا پادشا لە ٢٣ رەجەبی ساڵی ١٢٥٤ ک. م. وتوویژی کەوشەنی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بە گەرموگوڕی دەستی پێکرد. خەریک بوو کار بگاتە

جێیەکی ئەستەم، لەو کاتەدا ناوبژیوانانی رووس و ئینگلیز لیژنەیەکیان بە هاوبەشی کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی و سۆڤییەت و ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم پێک بێنن، لەسەر کێشەکانی هەردوولا داوی ئەو پێنج کرورەی خەسارەتەی دەوڵەتی ئێران لەسەر تالانی محەمەرە هەیەتی وتوویژ بکەن. دەوڵەتی ئێران بۆ وەفدی لایەنی خۆی کە رەوانەی ئەرزەڕۆم دەکران، ئەو باڵوێزەی ئێران کە لە دەرباری عوسمانی دا بوو بە ناوی میرزا سەی جەعفەرخانی (موهەندیس باشی) مەشیرە دەولە، لەو ڕێکەوتەدا لەتاران دەبێت، دەست نیشان دەکرێت. مەشیرەدەولە لە تارانەوە دەچێتە تەورێز بەڵام تا گەیشتە ئەو شارە زۆر بە سەختی نەخۆش کەوت و بۆماوەیەکی زۆر لەسەر جێ کەوت. لەولاشەوە بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئێران حەزی دەکرد زووتر ئەو ناکۆکییە بنەبڕ ببێت، میرزاتەقی خانی فەراهانی (ئەمیر کەبیر) لەو رێگەدا وەزیری نیزام بوو لە ئازەربایجان، بە جێگایی موشیرە دەولە، لە لایەن ئێرانەوە کرا بە بەرپرسی وەفدەکە و رەوانە کرا، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ئەنوەر ئەفەندی وەک نوێنەر دیاری کرا.

لە ساڵی ۱۲۵۹ ک. م. نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەت، ئێران و عوسمانی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئینگلیز کولۆنێل ویلیامێس و ماژۆرفرانت و روبێرت کروزن و نوێنەری دەوڵەتی سۆڤییەت، کولۆنێڵ دنیس لە ئەرزەرۆم کۆبوونەوە. ئەو وتوویژ و کۆبوونەوەیە لە هەژدە دانیشتندا بە سێ ساڵ تەواو بوو. هەرچەندە ئەم کۆبوونەوانە قازانجێکی ئەوتۆیی نەبوو، لە نێوان راسپێراوانی ئێران و عوسمانی، بەڵام پەیماننامەی تازەتریان جێبەجێ کرد.

لە دوای ئەم وتوویژە درێژخایەنە، لە رێکەوتی شازدەی جەمادلسانی ساڵی ۱۲٦۲ ک. م. دوو دەق؛ لە پەیماننامەی ئەرزەرۆم برێتی لە نۆ مادە لە نێوان محەمەد شای قاجار و سوڵتان ئەولحەمید، لەلایەن میرزا تەقی خانی ئەمیر نیزام و ئەنوەر ئەفەندی رێکخرا. لەسەر نۆیەم بابەتی ئەم پەیماننامەیە:

«بابەتی نۆیەم، کۆی ئەو بەشانەی لە پەیماننامەکەدا هاتوون لە ساڵی ۱۲۳۸ ک. م. لە ئەرزەڕۆم واژۆکراوە بەبێ دەست تێوەردان، لە نێوان

هەردوو دەوڵەتی دراوسێدا بە رەزامەندی هەردوو لا لەسەر رێکەوتی ١٢٦٣ ک. م.»

بڕیار درا ئەوپەڕی لە دوای دوومانگ پاش رێکەوتی واژۆکردنەکە رەزایەت نامەکان بگۆڕنەوە. بە هۆی ئەوەی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی دەستتێوەردانیان لە پەیماننامەکەدا کردبوو چوار بەشیان بە قازانجی خۆیان گۆڕیبوو لەسەر رەزامەندی نوێنەرانی رووس و ئینگلیز. ئەم دەستتێوەردانەش بووە هۆی کۆسپ لەسەر بار راستی پەیماننامەکە. هەر بۆیە رەزایەت نامەکان دوا خران، تا ئەوەی میرزا محەمەد عەلی خانی شیرازی، زێدە نوێنەری ئێران لە پاریس لە رووی نەزانین، زۆر یان بە ئەنقەست بەبێ ئیزنی دەوڵەتی ئێران ئەوەی لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عوسمانی بوو قبووڵی کرد و پەنجەی رەزامەندی پێ دانا. رەزایەت نامەکانیش بەم شێوەیە لە سەرەتای ١٢٦٤ ک.م. شتێک کەمتر لە پێش مردنی محەمەد شای قاجاردا، هەروەها لەسەر کار لادرانی حاجی میرزا ئاغاسی لە دەسەلات، لە ئیستانبول ئاڵوگۆڕ کرا و لەگەڵ بڕیاری سێیەم پەیماننامە، موهەندیسان و فەرمانبەرانی دوو دەوڵەت کەوتنە جووڵە بۆ سەر سنووران لە هەردوو پایتەختەوە. هێشتا موهەندیسان و کاربەدەستان وەڕێ نەکەوتبوون محەمەد شا لە شەوی سێ شەمە شەشەمی شوال ١٢٦٤ دا کۆچی دوایی کرد.

لەسەر بابەتی دیارکردنی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی کە سەرەکیترین جێی باسی دانیشتنەکەی ئەرزەڕۆم بوو، مەسەلەی محەمەڕە باسێکی دیکە بوو لە نێوان نوێنەرانی چوار دەوڵەتدا. قازانج و بیر و رای جیاواز سەبارەت بە محەمەڕە هاتە ئاراوە. چارەسەری ئەم کێشەیە گەیشتە لەندەن و پترزبورگ.

لە دوای گۆڕینەوەی پەیماننامەی ئەرزەڕۆم، سەبارەت بە بەشی سێیەم بڕیار درا هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی نوێنەرانی خۆیان رەوانەی سەر سنووران بکەن. لەسەر دیارکردنی هێڵی سنووری نێوان دوو وڵات وتووێژ بکرێت. لەولاشەوە دەوڵەتانی سۆڤییەت و ئینگلیز نوێنەری خۆیان

دانێن بۆ نێوبژیوانی کێشەکانی هەردوو دەوڵەت. بە حوکمی خۆیان ناکۆکی و دڕدۆنگییەکان چارەسەر بکەن، بەڵام بە بۆنەی مردنی محەمەد شا، ئەم سەفەرەش دواکەوت. دوای مردنی محەمەد شا و چوونە سەر تەختی ناسرەدین شا، باسی کۆبوونەوەی ساخکردنەوەی سنوورەکان هاتەوە گۆڕێ و بڕیار درا چوار دەوڵەتەکە نوێنەری خۆیان ڕەوانەی بەغدا بکەن، لە وێ لیژنەیەک پێک بێن و بۆ تەواوکردنی کارەکان بچنە سەر سنووران. لە لایەن دەوڵەتی ئێران، میرزا سەی جەعفەر خانی موشیرە دەولە، ناسراو بە موهەندیس باشی، کە پێشتر باڵوێزی ئێران بوو لە دەرباری عوسمانیدا. وەک نوێنەرێک لەو دانیشتنەدا بۆ ڕێککەوتنی کارەکان، دیاری کرا. مەشیرە دەولە پیاوێکی وردبین و شارەزا بە کاروباری وڵات. لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، دەروێش پاشا بوو بە سەرۆکی شاندی ئەو وڵاتە و بە پەلە ڕەوانەی سەر سنووری ئێران کرا، تاکو بە هاوڕێی میرزا سەی جەعفەرخانی موشیرە دەولە هێڵە سنوورییەکان دیاری بکەن.

لەولاشەوە دەوڵەتی ئینگلیز سەرپەرشتی نوێنەرانی خۆی دا دەست کولۆنێل ویلیامێس و بریکاری ئەو کاپیتان گلاسکێت بوو. سەرپەرشتکاری یا وەدی رووسی درا بە کولۆنێل چریکۆڤ، کە دواتریش پلەی ژەنەراڵی پێ درا.

وتووێژی نێوان میرزا جەعفەرخانی موشیرە دەولە و دەروێش پاشا و راسپێراوانی سۆڤییەت و ئینگلیزو دەستبەکاربوونی شارەزا و موهەندیسان لەسەر پلان و نەخشەدانانی هێڵی سەر سنووری رۆژئاوای ئێران، لەسەرەتای ١٢٦٥تا سەرەتای ساڵی ١٢٧١ درێژەی کێشا.

لە رەبیعی ئەوەل ساڵی ک.م. ١٢٦٥، میرزا جەعفەر خان چووە بەغدا و پێش ئەوەی تەواوی نوێنەران بگەنە ئەوێ، کۆبوونەوەی سنووری دەستی پێنەکردبوو جموجوولی سیاسی دەستی پێکرد.

خاپینۆکی و چاونەزێری عوسمانییەکان لە دەورەی شێواوی ئێراندا ببورە کۆسپ و لەمپەر بۆ دەوڵەت، لەو کاتەدا، ئەمیر کەبیر- سەرۆک وەزیرانی ئێران- ئەو کردەوە قێزەون و دەستدرێژکارانەی دەروێش پاشای لە قاودا. کولۆنێل فرانت – کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئینگلیز- پشتیوانی خۆی لە

دەروێش پاشا دەربڕی. ئەمیر کەبیر بە دوای داگیرکردنی قتور دا پەیتا پەیتا ناڕەزایی خۆی گەیاندە نوێنەرانی رووس و ئینگلیز و ئەم کردەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە پێشێلکردنی پەیماننامەکە ناوبرد. رایگەیاند تا ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی هێزەکانی خۆی لە قتور نەکێشێتە دواوە و ئەو نیشانانەی دەروێش پاشا دایناوە تێکیان نەدات و هەڵیان نەوەشێنێتەوە، جەنابی میرزاجەعفەر خان، ئەو ئەرکەی پێیان سپاردووە جێبەجێی ناکات.

وەختێ ئەمیر کەبیر ناڕەزایی خۆی دا بە جڤاتی سازکردنەوەی کەوشەنی و دەستووری دەرچوونی سەربازانی عوسمانی دا لە قتور، هەروەها تێکدانەوەی ئەو نیشانانەی بە دەستووری دەوڵەتی عوسمانی داندرابوون. پەیماننامەی کۆبوونەوەی سنووری نێزیکەی نۆ مانگ دواکەوت. تا ئەوەی دانیشتنی سنووری سەری گرت و نوێنەرانی چوار دەوڵەت لە بەغداوە چوونە محەمەرە کە ئەوێ کۆتایی هێڵی سنووری بوو.

یەکەم دانیشتن، رۆژی دوو شەمە چواردەی رەبیعی ئەوەل ١٢٦٦ک.م. بەسترا، بڕیار درا رۆژێک کاربەدەستی عوسمانی و رۆژێکیش کاربەدەستی ئێرانی وتەکانی خۆیان سەبارەت بەم ئەرک و فەرمانە پێشکەش بکەن. ئەوسا ناوبژیوانان بڕیارەکانی ئەوان بدەنە بەر سەرنج و تێبینی خۆیان.

لە شازدەی زی ئەلقوعدەی ١٢٦٧ک.م. دەستوورێک لەلایەن ئەمیر کەبیر- سەرۆک وەزیرانی ئێران- گەیشتە میرزا جەعفەر خان، کە لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو دەوڵەت بچێتە زەهاو، دەستووری دیاریکردنی سنوور جێبەجێ بکات. هەواڵی کارەکانی خۆی بداتەوە بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و بەبێ چاوەڕێی وەڵام بگاتە هۆوەیزە و لەمەڕ دیارکردنی کەوشەن و دەوروبەری ئەو ناوچەیە و چیا و گوندەکانی ئەرکی خۆی راپەڕێنێت.

موشیرە دەولە دوای لێکۆڵینەوەی پێویست، رۆژی پێنجەمی رەبیعی ئەوەل ساڵی ١٢٦٨ لە دەرەوەی شارەدێی زەهاو، ئۆدووگای نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەت بوو، کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا و نوێنەرانی ئێران و عوسمانی، تێبینی و داوای خۆیان پێشکەش کرد. ئەوسا ناوبژیوانان هاتنە نێو

وتوویژەکانەوە و بەهۆی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوانیاندا هەبوو کەوتنە سەر هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنی کاروباری کەوشەنی.

ڕۆژی بیست و شەشەمی ڕەبیعی ئەوەل ساڵی ١٢٦٨ک.م. دەنگی لێژنە لە دەرەوەی شارەدێی مندلیج(مەندەلی) کە شوێنی دانیشتنی قسە و باسەکەیان بوو بەڕێوە چوو.

نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەت لەگەڵ مونشی خۆیان جیاجیا لە گفت و بەڵێنەوە هەرچی هەبوو نووسییان. نوێنەری ئێران میرزا سەی جەعفەرخانی موشیرەدەولە لەو ماوەیەدا، ڕۆژئاوای ئێران لە ڕێژگەی شەت ئەلعەرەبەوە هەتا چیاکانی ئارارات هەنگاو بە هەنگاو پێیدا ڕۆیشت و کێومالٚی کرد و تەواوی ئەو سەردان و سەفەرەی لەسەر ئەرک و فەرمانی سەبارەت بە کارو باری سەر سنووری لە کۆپەڕێکدا نووسییەوە و رادەستی حکوومەتی کرد.

دەرویش پاشا، نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا کتێبێکی نووسی و ناوی نا بیرەوەرییەکانی دەرویش پاشا، هەر ئەو کتێبە لە ساڵی ١٢٨٦ک.م. وەک بەڵگەنامەیەکی تایبەت لە ئەستانبول چاپ کرا، دواتر کەوتە دەست باڵوێزخانەکانی سۆڤییەت و ئینگلیز. کۆلۆنێل ویلیامێس وەختێ لە گەمارۆکەی قارسدا ناوبانگی دەرکرد و هەر بەم هۆیەوە نێویاننا ویلیام دووقارس، یاداشتی زۆرباشی لەسەر ئەم بابەتە کۆکردەوە، بەڵام حەیفەکەی تەواوی ئەوانە لە کاتی چوون بۆ لەندەن لە رووباری تایمزدا تێدا چوو، بەڵام لوفتوس وەختێ لەسەر راسپاردەی لورد پالمرستون، لەبەر دەستی نوێنەری ئینگلیزدا ئەرکی مونشی هەبوو سەبارەت بە کێشەکانی سەر سنووری ئێران و عوسمانی دوو دەفتەری نووسیوە بە ناوی کشێەی سنووری ئێران و عوسمانی و سەفەر و لێکۆڵینەوە لە کلدە و شووش، لە ساڵی ١٨٥٤ و ١٨٥٧ ز. لە لەندەن چاپ کراوە.

نوێنەری دەوڵەتی رووسییە، کۆلۆنێل چریکۆڤ بۆ ماوەی چوار ساڵ واتە لە ساڵی ١٨٤٨ – ١٨٥٢ ز. کومیسر و بەرپرسی دانیشتنەکانی سەرسنووری ئێران و عوسمانی بووە لەگەڵ مسیۆ غەمارۆڤ و سێ کەس نەخشە کێش بوون. نەخشەی تەواوی ئێرانی ڕۆژئاوایی لە روویی نەخشەی ئاوانەوە

هەڵگیراوە. بەپێی راپۆرتێک ئەو پێشنیازی کردووە بە ناوی یاداشتی رۆژانەی ناوبژیوانی رووسییە لە کومیسیۆنی دیاریکردنی کەوشەنی ئێران و عوسمانی لە دوایی مردنی لەساڵی ١٨٦٠، بریکاری ئەو مسیۆ غەمارۆڤ ئەوانەی کۆکردۆتەوە و لە ساڵی ١٨٧٥ ز. دا لە پترزبورگ چاپی کردووە لە ساڵی ١٣٠٥ ک. م. ئابکار مەسیحی بەناوی سەیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف لە رووسییەوە کردوویە بە فارسی و ئەم کتێبە وا ئێستا لەبەردەستی ئێوەی خوێنەردایە.

تەواوی ئەو دەقانەی بەدروستی و باراشی کراو لە ئیدارەی وەزارەتی باڵوێزخانەی دەرەوە پارێزراوە بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە کەڵکی لێ وەرگیراوە لەسەر مۆڵەتی ناوەندی سەنەدیاتی زانکۆیی تاران.

خاڵێکی زۆر گرینگ کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێت، ئەوە کە تەواوی نووسراوەکانی ئەم کتێبە لەم چاپە تازەیدا پێداچوونەوەی لەسەر کراوە و شارەزایانی بواری جوگرافی و کەوشەن ناسی هەڵە و پەڵەیان باراشی کردووە، ئەمەش لێرەدا شایانی گرینگی پێدانە ناوەرۆکی ئەم کتێبە لەو بەڵگە و قەوالانەی دەورەی قاجار پێک هاتووە و سەرچاوەی دروست و تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین نەخشەی جوگرافی کەوشەنی دەوڵەتی و کۆمەڵناسییە و پەسندکراوی کۆمەڵناسان و لێکۆڵەران و جوگرافیزانانە بە گشتی. مێژووناسانیش لەسەر موتالای دەقە کۆنەکانی ئەم کتێبە باوەڕیان وایە ئەم نووسراوانە لە کاتی خۆیدا پێشکەش کرابێ بە ناسرەدین شا.

لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانم رێز و سوپاسی خۆم ئاراستەی مامۆستای هێژا و بیرمەندم بکەم بەڕێز دکتۆر حوسێن مەحبوبی ئەردەکانی و رێزدار جەنابی محەمەد موشیری لە هەموو بوارێکەوە پشتیوان و یاریدەدەرم بوون. زۆریان سوپاس دەکەم./ عەلی ئەسغەری عومران

**ئەم کتێبە چیرۆکی سەیر و سەفەری مسیۆ چریکۆڤ سەرهەنگی رووسییە وەختی خۆی لە وڵاتی ئێراندا کاربەدەستی سۆڤیەت بووە و لە ساڵی ١٣٠٥ ک. م. بەزمانی رووسی نووسیویەتی.**

## له زمان دانه‌ره‌وه

ئه‌م په‌یماننامه‌یه له‌سه‌ر کۆتایی هێنانی مه‌سڵه‌تی نێوان هه‌ردوو ده‌وڵه‌تی ئێران و عوسمانی له رێکه‌وتی ۱۸٤۷ ز. به‌رامبه‌ر به ۱۲٦٤ ک.م. به ناوبژیوانی هه‌ردوو ده‌وڵه‌تی رووس و ئینگلیز کۆتایی پێ هات و له شاری ئه‌رزه‌ڕۆم واژۆ کراوه.

له‌سه‌ر ئه‌م په‌یماننامه‌یه، چوار ساڵ بوو دانیشتنه‌کان له شاری ئه‌رزه‌ڕۆم ده‌گیرا و قسه و باسی له‌سه‌ر ده‌کرا، له ته‌واوی لێژنه‌کانیشدا جێ په‌نجه‌ی ناوبژیوانان دیاره.

له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی سۆڤییه‌ته‌وه رایی نیری سه‌رهه‌نگ، له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئینگلیزه‌وه ویلیامێس، یاریده‌ده‌ری تۆپخانه بوو. بۆ جێبه‌جێکردنی به‌شی سێیه‌می په‌یماننامه‌که، له‌لایه‌ن چوار ده‌وڵه‌ته‌که‌وه، ئیداره‌یه‌کی تایبه‌تیان دانا بۆ ئه‌وه‌ی دووری و نێزیکی دوو پاشایه‌تی مه‌زنی ئیسلام دیار بکه‌ن. که‌سایه‌تی هه‌ر چوار ده‌وڵه‌ت، وه‌ک کاربه‌ده‌ست و چاوه‌دێران برێتی بوون له:

له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی عوسمانی، ده‌روێش پاشا له سه‌ره‌تایی ساڵی ۱۸۰۰ ز. له سنت پترزبورگ (لینینگراد) وه‌زیر موخاتری ده‌وڵه‌تی عوسمانی بوو. ئه‌و ده‌روێش پاشایه له‌و سه‌رده‌مه‌دا پیاوێکی زیره‌ک و ده‌م پاراو بووه، به ته‌واوی شاره‌زایی له زمانی ئینگلیزی و رووسیدا هه‌بوو.

له‌م لاشه‌وه ده‌وڵه‌تی ئێران، موشیره‌ده‌وله میرزا جه‌عفه‌ر خانی موهه‌ندیسی کردبووه راوێژکار و ده‌مڕاستی خۆی، پیره پیاوێکی خوێنده‌وار و له فێرگه‌ی شاری ولیج زانستی تۆپخانه‌ی خوێندبوو. زۆر به باشی به زمانی ئینگلیزی قسه‌ی ده‌کرد. ئه‌م مرۆڤه له ساڵی ۱۸۷۱ ز. له شاری مه‌شه‌د کۆچی دوایی کرد.

دانه‌ری ئه‌م کتێبه له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی سۆڤییه‌ت، چریکۆڤ سه‌رهه‌نگ، ده‌ست نیشان کرا. هه‌روه‌ها نوێنه‌ری ده‌وڵه‌تی ئینگلیز، ویلیامێس یاوه‌ر، له

١٨٥٥ ز. له شارێکی تورکیا، به ناوی قارس پارێزگاری له نەیار دەکرد. ئێستاش ویلیامێس پلەی یەکەمی له وەزارەتدا هەیه و حاکمی جەبەل تارقه.

له بەشێکدا کاربەدەستانی ئیدارەی ناوبراو، ئەم کەسانه ئەرکیان له ئەستۆ بووە:

له پاژێکی ئیدارەی عوسمانیدا، خورشید ئەفەندی مونشی، پلەی سەرتیپ یەکەمی هەیه و خاوەن مقامان موهەندیس تیربەگ یاوەرئەوەل، ئەسەد ئەفەندی یاوەر، یونس ئەفەندی سوڵتان، حەکیم ماکرید یۆنانی و دەرمانساز ئونوئەبوون.

له بەشەکانی ئێرانیدا، میرزا موحیبعەلی خانی مونشی، میرزا ئەحمەدی موهەندیس پیره مێردێکی حەفتا ساڵه بوو، بەڵام له دوایدا عەلی خانی قاجار، له جێی ئەو ئەم ئەرکەی گرته ئەستۆ، هەروەها حەکیم میرزا سادق خان (ناسراو به میرزا سادق خانی تەبیب).

له بەشی ئیدارەی ئینگلیزدا، مونشی و زمانزان وود، ئەو پیاوە له باڵوێزخانەی ئینگلیز له شاری ئیسلامبول خاوەنی ئەو پله و پایه بوو. له ساڵی ١٨٥٥ ز. له لووڕستان کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو بریکار مونشی چرچل جێی گرتەوە. له کاتی شەڕی قرس دا یاوەر ویلیامێس سەرکردە بوو. دواتر بوو بەکونسوڵگەری شاری بێلگەراد، دوای ئەویش مارک (مەراکێش) هەر بەم پیشەیەوە ئەرکەکانی کەوته ئەستۆ. گلاسکێت پێنجەم له ساڵی ١٨٧٣ ز. کۆچی دوایی کرد، لوف تووس مامۆستا له بواری رووەکناسیدا، ئایدی گری خەزانەدار، دواتر لەلایەن دەوڵەتی فەرەنسەوە له تەرابوزان پیشەی کونسوڵی پێدرا. گازالینی وەختێ جێگری وود بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی پله بەرز.

پاژی ئیدارەی رووسی، مونشی و زمانزان، گامازۆڤ، پروسکورپاکۆڤ، ئۆکرانۆیچ و حەکیمی دوو ئیدارەی ناوبراوی ئەورووپا، ئولکین بوو.

شوێنی کۆبوونەوەی پەیماننامەکه بۆ ئەو چوار ئیدارەیه شارێکیان دانابوو له بەغدا یان له مول- ی ئەیالەتی ناکپووری وڵاتی هیند.

# سەیاحەت نامەی گەشتیاری چریکۆڤ لە بەندەر بوشێر و شیراز

سەرەتای مانگی ئاوریل ی ١٨٥٠ ز، بە سواری کەشتی سەربازی، ناسراو بە کلیایو کە تایبەت بوو بە کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژئاوایی، لەگەڵ کومودپرتێر و دوو ئەفسەر و چەند خاوەن پلە کە لە گەمیەکەدا کاریان دەکرد. دووکەس ناخودای کەشتی بوون، چوار تۆپی تازەی کارخانە، لە دورگەی خارک هاتینە دەرێ. لەو کاتەدا کە ئاوی رووباری کاروون زۆر بوو، هەر ئەوەندەی گەیشتییە گەرووپی شەتولعەرەب، ئاوی ئەو رووبارەی باسم کرد لە کەمی دا و گەیمەکەی ئێمەش نیشتە سەر زەوی. چارەمان نەما دەبوو تاکو ئاوەکە زۆر دەبێتەوە لە جێی خۆمان نەجووڵێین. دوای ماوەیەک ئاو هاتەوە سەرێ و ئێمەش لەنگەرمان راکێشا و بەرەو بووشێر وەڕێ کەوتین.

جووڵە و شنەی با، بە ئاستەم کەروێشکەی دەکرد. گەمیەکەش بە ئارامی دەچووە پێشێ. ئەگەر ئاوی رووبارەکە لە سیازدە فوت نزمتر بوایە کەشتییەکە دەنیشتە سەر عەرزی و جووڵەی لێ دەبڕا. لەو شوێنەوە شەتولعەرەب دەڕژێتە دەریاوە و چل میل دوورتر لە سنووری وڵاتی عوسمانی وێستگەی کەشتییەکان دیارکراوە. هەردوو بەشی ئەو لەنگەر گایە، زەوییە.

لەبەسرەوە تا دەگاتە شەتول عەرب، ئاوی رووبارەکە تێکەڵ بە دەریا دەبێ پەنجا میل لەبەر چاو گیراوە بەڵام قووڵایی دەریا نەوەد هاتۆتە ئەژمار. لە وێستگەکەوە بۆ دەرچوونی گەمییەکان دوو رێگە هەیە. یەکێ لەلای ڕاست؛ ئەویدی لەلای چەپ، ئاوی ئەوێ شەش تا دوازدەیە. لە سەرەتای شەتولعەرەبەوە گڵ و قوڕەکەی نەرمە و زیان بە کەشتییەکان ناگەیەنێ، بەڵام ئەوەنەی لە دەریا نێزیک دەبینەوە بن ئاوەکە تەق تەق و بەردەڵانە، رەنگە زیانێکی زۆر بە کەشتییەکان دەگەیەنێت. کەشتی شەش فووتی وەختێ بە سەر ئاوی دەریادا دەڕوات، لە وێستگەی بەهمەنشێرەوە بەبێ مەترسی

تێ دەپەڕێت. لەنگەرگای بەهمەنشێر لە بەشی دەریاوە بەربەستێکی لە خیز و بەرد لەبەر دەمدایە.

لە بەشێکەوە ئاوی رووباری (حەرمس) دەچێتەوە سەر دەریا، لێوارەی بەرز و نزمی زۆری هەیە. قوڵاییەکەی تاکو بیست و چوار قسەی لەسەر کراوە، بەڵام تابڵێی تەق تەقان و زەندۆڵەیە، تەنانەت ناخودای خۆجێیی لە هاتوچۆیی ئەو شوێنە زۆر مەترسیدارە. ئەو ناخودایانە دەچنە هیندستان و زەریای سوور، لە مانگدا ئەوانە سێ سەد مەناتیان وەرگرتووە،پارەی ئەوسای رووسیا، بەر لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧. لەوسەردەمەدا بۆتە سەد تمەنی ئێران،بەڵام لە بەسرە مەواجبی ئەوسای ئەوان بیست مەنات بوو. ئەو کەسانەی لە رۆخی دەریای بوشێر دەژین لە دەریای سوور نزیکن، لە کاروباری بن ئاوی و مەلەوانیدا تا بڵێی شارەزان.

لە وەختی بردنی بەردی مەڕمەڕ بۆ نێو کەشتی ئاورین، ناسراو بە گەمییەی ماسی کرێکارانی کەشتی نی تکریس یاریدەی گەمی ماسییان ئەدا. خاوەن پایەیەک کە لەوێدا بوو بە بۆنەی جێی و ڕێی لەشکرەوە لە کاتی شەڕدا چونکە سەرخۆش بوو زۆری بێ ڕێزی کرد بە ئەفسەری رووسی. وەختێ ئەمەیان بینی رەوانەی سەر کەشتی کلیایف کرا. ئەم کردەوەی ئەویشیان بە ناحەز پەسەند کرد و ناردیان بۆ بۆمبایی، بۆ ئەوەی بە ماوەی دووساڵ لەوێ دەستبەسەر بێت، دواتریش لەسەر ئەو کارەی خۆی نەمێنێت.

لەو جەنگەیەدا با لە نیوەی مانگی مەی لە باشووری ڕۆژئاواوە دەست پێ دەکا، هەر ئەو بایە، لە نیوەی مانگی ئۆکتۆبەرەوە لە شانی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دەجووڵێت. بەبۆنەی گۆڕانی کەشوهەواوە نێزیکەی یەک مانگ زەریا دەشڵەقێ و بەردەوام لە شەپۆلان دایە. لەو هەلومەرجەدا سەفەرکردن بەسەر ئاوی دەریاوە تا بڵێی مەترسیدارە و هاموشۆکردن بۆ بوشێر و بۆمبایی کارێکی ژیرانە نییە، ئەگەر ئەم کارەش بکرێت ئەوا خەرجی لە داهاتی زۆرترە. چوار کاتژمێر بەسەر نیوەڕۆدا تێپەڕیوە، زریان و گێژەلووکەیەکی بەهێز دەستی پێکردووە، کاتژمێر و نیوێکە بەردەوامە، پەردە و شنەبەرەکانمان داداوەتەوە و ئەستوونەکان بە ڕووتی بە پێوە ماون، لەنگەرمان گرتووە و

راوەستاوین. ئەو ترسەمان لە دەریا نییە بەڵام تا بڵێی شەپۆلەکان تووڕەن. تەختایی ئاوەکەش پڕە لە گابەرد و هەڕەشە لە گەمییەکان دەکەن.

لەو کاتەدا دوو گەمییەی عەرەبی رووە و بەسرە دەڕۆیشتن. بە هۆی ئەوەی زریان زۆری بەم لاو ئەولادا دابوون، دەترسان ئەگەر لەنگەر بگرن. هەر بۆیە داوایان لە ناخوداکانی ئێمە کرد لە ماوەی ڕێگادا یارمەتیان بدەن. ناخودایان لە کار و ئاژووتنی خۆیاندا زۆر شارەزا بوون، هەروەختێ زریان لە کەنارێکەوە هەڵی دەکرد، ئەوان دەگەیشتنە رووبەرێک لە ئاوەکە، دەیان زانی لە چ ئاستێکی دەریادا وێستاون، تەنانەت شەوانەش بە سەر دەریاوە ئەم هۆشیاریە هەیە، من ئەو شارەزایی و زیرەکییەی ئەوانم بە چاوی خۆم بینییە.

ئەفسەرەکە لە سەفەرێکدا لە مەسقەتەوە بە پێنج رۆژ گەیشتبووە بۆمبای. لە نیوەی شەوەوە شەماڵ بە پێچەوەنەوە هەڵی دەکرد، زۆریش ئازاری دەداین. لەنێو کرێکار و گەمیەواناندا دوو کەسێک هەبوون هەر وەختێ دەستە و بەستەکە ماندوو دەبوون، یەکێ لەو کەسانە سازی دەژەنی و ئەوانی دیکەش سەرقاڵی کارەکانیان دەبوون. بەیانی چوار میلمان مابوو بگەینە بۆشێر، بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە لەنگەرمان خست و هاتینە قەراخی ئاوەکە.

## بەندەری بوشێر

دسەڵاتداری بەندەر بۆشێر میراتییە. خاوەن دەسالات کەسێکە بەناوی شێخ نەسیر. شاری بوشێر لەسەر ڕێگای گەرمێن هەڵکەوتووە و دانیشتووانی کوێستانییەکەی دوژمنایەتی تەواویان لەگەڵ تایەفەی گەرمێنی هەیە، قەتیش بە بێ شەڕ و هەرانین. چاڵاوەکانی ئاوی خواردنەوە زۆر لەولای بوشێرەوەن، وەختێ دەچن ئاوی خواردنەوە بۆ سەرۆکی کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی دەهێنن، شەش تا هەشت کاتژمێر دەخایەنێت.

شازادەی دەسەڵاتداری شیراز، دەسەڵاتی بەندەر بوشێری دابووە دەست کەسێکی دیکە، هەر بۆیە شێخ شەڕ و هەڵایەکی نابۆوە، لەو شەڕ و هەرایەدا هێزەکانی ئێرانی دەورەی شێخیان دا و دەستە بەستە رەوانەی تاران کرا، بەڵام لە ئاخری کاردا هەروەک پێشوو ناوبراویان ناردەوە سەر کارەکەی

خۆی. شاری بوشێر باری جوگرافی باشی هەیە و ئەم حەسار و دیوارانەش دانیشتووانی لە هێرشکەران دەپارێزێت. لە زۆر شوێنی ئەم حەسارەشدا شوێنی کێشکچیان داناوە و ئاگاداری لە شارەکە دەکەن. ئێمەش لەو شارە لاماندا ماڵی هنێل، سەرۆکی کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی تێدا نیشتەجێ بوو، چاومان کەوت بە شێخ نەسیر، خاوەن دەسەڵاتی بوشێر و ئەرمەنییەکان و پیاوێکی خەڵکی عوسمانی بەناوی رۆستەم بەگ. هۆکاری هاتنی رۆستەم بەگ بۆ بەندەر بو شێر و محەمەڕە چی بووە؟ هۆی ئەوەمان نەزانی، بەڵام من وەک بزانم ئەم پیاوە بۆ ئەوە هاتووە سامانێکی باش کۆبکاتەوە یان بگات بە ناوبانگ و پلە و پایەیەک. دکتۆر ماک لیستر، نەوسیاری باڵوێزی سۆڤییەت، بە بۆنەی هەوای گەرمی ئەو بەندەرە نەخۆش کەوتبوو.

گەمییەکانی کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی، وەختێ لە بەندەر بۆشێر لەنگەر دەگرن بەم چەشنەن:

یەکەم: کلیایۆف، دووەم: ئیفرات، سێیەم: کەشتی ماسی.

ئەو گەمیانە سێ میل دوورتر لە بوشێر راوەستاون. ئەمەش بۆ ئەم بەرگر و لەمپەرە خیز و بەردە دەگەڕێتەوە، رێگە لە بەرەو پێشەوەچوونی کەشتییەکان دەگرێت. کومانار پرتێر، بەڕێوەبەری ماڵەکانی بەندەری کەنداوی فارسە. کاری ئەوەیە ئەو کەشتییانەی لە ساڵدا دووجار بەندەرەکان دەگەڕێن، ئەو شتانەی لەنێو تایەفە و خێڵە عارەبەکاندا روودەدا ئاگاداری بەسەریانەوە هەبێت. ئەگەر هاتوو لە نێو ئەم هۆزە عەرەبانەدا ناکۆکی و دوژمنایەتییەک هاتۆتە ئاراوە، وەک ناوبژیوانێک ئاشتەواتییان بۆ بکات و ئەو کەسانەی بەوەج و کیفایەتن خەڵاتیان پێ بدرێت. ساڵی جارێک گەمییەکی دیکە دەچێتە دورگەیەکی بەحرین لە کاتی بە دەست هێنانی مرواریدا، غەدر لە هیچ تایەفەیەک نەکرێت. هەموو ساڵێک لە کاتی بە دەست هێنانی مرواریدا، لە نزیک ئەم دوورگەیە دووسەد تا سێ سەد کەشتی عارەبان، لەگەڵ غەواسەکانی ئەوێ کۆدەبنەوە و خەریکی بەدەستهێنانی مرواری دەبن. ئێستاش گەمییەکی ئیرات لەنگەری گرتووە و وریایە بزانن دزانی سێ

کەشتی دەریایی چیدەکەن. بریکاری کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی بەتەنیا ساڵی جارێک سەردانی تەواوی بەندەرەکانی فارس دەکات و لەگەڵ شێخەکانی ئەو بەندەرانە سەری دۆستایەتی تازە دەکاتەوە. دیاری و خەڵاتیان بۆ دەهێنێت، هەروەک: کامێرە و کاتژمێر و تفەنگ و...هتد سەرۆکی ماڵەکانی بەندەر لە لایەن هەشت کاپیتانی کەشتی کۆمپانیەوە هەڵدەبژێرن، ئەم سەرۆکە دەبێ سێ ساڵ کار بۆ ئەم کۆمپانیا بکات. وەختێ دەورەی تەواو بوو سەرۆکێکی دیکە جێی ئەو دەگرێتەوە. مووچەی ئەم سەرۆکە سێ هەزار فونت (پۆنت)ی ئیسترلینگە. خاوەن مقامانی کەشتی کۆمپانی ناتوانن بەبۆنەی ئەوەی لە کەشتی دەوڵەتیدا کاردەکەن ئەم کارەیان بە جێی بهێڵن، مەگەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت. ئەگەر ئەم کەشتییانە کۆن دەبێ لەسەر گەمیانە کاربکەن لە دەریای هیندستانی ڕۆژئاوایدان.

لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و پەنجا و چوار، بە تەما بوون کەشتییەکانی کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی تێکەڵ گەمییەکانی دەوڵەتی ئینگلیز ببن. هەوڵیان دەدا ئەو پاپۆڕانەی لە ئاوی فارسدا بوون، بیانگۆڕنەوە بە پاپۆڕی ئاگری، کەندر و گوریسی گەمییەکانی ماسی لە بەرگ و لاسکی خورمابوون. تۆپەکانیش کۆن و نوێ بوون.

**لە بەندەر بوشێرەوە تا شیراز لە ڕێگای برازجان، دالکی و کەتل و کازروونەوە**

هەوای گەرمەسێر لە هاویندا دەگاتە چل تا چل و چوار پلە گەرمی. ئەم دەوروبەرە پڕە لە چاڵاو، بەندەن و تەپۆڵکەکانیش دیمەنێکی جوانی بەو وڵاتە بەخشیوە.

عەلی هانکری بریکاری کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایە. هاوینەهەوارێکی رووت و کاتۆر سەوزایی لێ دەست نەدەکەوت. ئێمە لەوێ مەنزڵمان گرت و دانیشتین. تەپۆڵکەکان گڵ و خۆڵێکی رووت و وشک. لە دوازدەی مانگی ئاوریل دا، مەودایەکی چوار کاتژمێریمان بڕی. بوشێر و کەشتییەکان لە ڕۆخی دەریاکە لەنگەریان گرتووە، بە هۆی تەمومژەوە نە شار دیارە و

نەکەسێک دەبینی. لەنێو ڕێدا تووشی ئەو قەڵایە هاتین خەڵکی زۆزاننشین کاولیان کردبوو.

## برازجان

چوار کاتژمێر دوای نیوەڕۆ گەیشتینە برازجان. لە برازجان سەردانی خانی دەسەڵاتداری ناوچەکە و راوێژکارانی ئەومان کرد.

## دالکی

لە دوای سەردانەکەمان بۆ برازجان، چوار کاتژمێر ڕێگەمان بڕی تاگەیشتینە دالکی. لەوێش چاومان کەوت بە چاڵی نەوت و گۆگرد. لەم دەرو دەشتە ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا دار خورما دەبینی. پلەی تینی گەرما خۆی لە سی و پێنج دەدا. لە مەودای ڕێگادا تووشی کاروانێک هاتین بە ژن و منداڵەوە دەچوون بۆ کەربەلا. تەتەرێکمان نامەی بۆ جەعفەر خان، سنوور وانی بوشێر دەبرد، زۆر بەتاڵۆکە بوو. لەژێر سێبەری دارێک نانی نیوەڕۆمان خوارد و شەو لە شوێنێک رۆژمان کردەوە، بەڵام مێشوولە کەوڵی کردین.

## سەرەتای کەتەل

لە دالکی دەرکەوتین و گەیشتینە یەکەم کەتەل، «تەپۆڵکە» ئەم تەپۆڵکەیە تایبەت بە مالوو بوو. داوێنی ئەم تەپۆڵکەیە پڕبوو لە بەردی چەخماخ، گەیشتینە دوو پردی وێران و چەند کەس کێشکچی. لە تەپۆڵکەی ماڵوو تێپەڕین و گەیشتینە تەپۆڵکەی خشتی لەوێشەوە هاتینە کەنار تەختە و وچانمان گرت و چاومان بە خان کەوت. کەنار تەختەمان بەجێ هێشت و چوار کاتژمێر بەسەر تەپکەکاندا ڕۆیشتین. دوای بەجێ هێشتنی تەپکەکان دووفرسەخ مان ڕێگامان بڕی وگەیشتینە رادارخانە، لە رادارخانەوە فرسەخێکمان پێچوو تا گەیشتینە ئاوایی دریس، دریس گوندێکی خۆشە و شوێنی حەسانەوەی ڕێبوار و کاروانچیانە. چاومان بە چەند جێیەک

کەوت، بوومەلەرزە وێرانی کردبوو، چاومان بەو بەردانە کەوت لە شێوەی شێر تاشرابوون بەسەر گۆڕی مردووانەوە، بەڵام تا بڵێی دەستکردێکی نالەبار بوون. لە دریس دەرچووین و گەیشتینە شاپوور تەماشای ئەو وێنە و کۆتەڵانەمان کرد پەیکەرسازێکی دەستنەخشین لە کێوەکە هەڵی کەندبوو. کانی کیژێ لەو ناوچەیەدا تا بڵێی ئاوێکی سارد و سووکی هەیە. کەللە سەرەکان لە شانی کێوەکە داتاشراون، دوکانێک لەسەر کێوەکە قوت بۆتەوە. کاروانەرێیەکی هەوراز و نشێوی هەیە. دەبێ زۆر بە وریایی بۆی سەربکەوی. هەر وەک دەڵێن روخساری شاپوور لەو دووکانەیە و لەبەرد هەڵکەندراوە. بەڵام گەردوونەی زەمان دەستی پێگەیاندووە و تێکی شکاندووە. لە کانییەکەوە تا دەگاتە دوکانەکە یەک سەعات رێگایە، بەڵام لە گەڕانەوەدا چل خولەکمان پێچوو. لەنێو دوکانەکەدا حەوزێک هەیە بەتاڵ و هەتاڵ، حەوزێکە بەبێ گونجەی ئاوە. لە نووکی کێوەکەوە ئاوە چۆڕە دێتەخوارێ. لەسەر ئەو بەردانەی لە کێوەکە بەربوونەتەوە چەند پەیکەرەی هەڵکەندراومان بینی، ئەوانەش حەوت کەللەسەری لە بەرد تاشراون. لە قووڵایی دۆڵەکەدا. زۆریەک لەو سەر و بیچمانە دەسەڵاتداران بە جلوبەرگیان ئاشوورییە. چەند کۆتەڵێکمان بینی لە پشتێنە بەرەو خوار ئاژەڵن وەک شێر و گیانداری دیکە، بەڵام سەر و سەکوتیان مرۆڤە. لە داوێنی کانی کیژێ، سێ پەیکەرەی بەردینی مرۆڤمان چاو پێکەوت، چەند دانەیەکیان دانیشتوون و خەریکی کەیف و خۆشین، ئەوانی دیکە سەرقاڵی سەربڕینی مەڕ و بەرانن.

### کازروون

رۆژی دوایی وەڕێ کەوتین بۆ کازروون، کازروون شارێکی دڵگیر و سازگارە لە ئامێزی کێوەکاندا. دەشت و دیمەنێکی جوان و سەر سەوزی هەیە، بەڵام زۆرێک لە ماڵەکان بوومەلەرزە وێرانی کردوون، بەتایبەت بوومەلەرزەی ساڵی هەزار و هەشت سەد و بیست و چواری زاین. بەشێکی زۆری کاول کرد. چاومان بە باخێکی دڵڕفێن کەوت، پڕبوو لە داری نارنج و لیمۆ، هەر کەس توخنی دەکەوت بەبۆن و بەرامەی گوڵ و سەفای ئەم باخە سەرخۆش دەبوو. دوو کاتژمێر لە شاری کازروون خۆمان سەرقاڵ کرد...

دیسا درێژەمان بە ڕێگای خۆماندا و لەنێو ڕێدا تووشی کاروانسەرا و پردە ڕووخاو و چەند کەس خێڵاتی هەوارنشین هاتین. سێ فرسەخ لەو لای کاروانسەراوە، شوێنی حەسانەوە و پشوودان هەیە. لێرەش کۆتەڵێک لە کەللەسەری تەیموور میرزا لە بەرد تاشراوە، پێشتر دەسەڵاتداری شیراز بوو، لەسەر نەخشەیەک شازادە لەسەر تەختێک راکشاوە و شێرێکیش لە خوار لاقیەوە نووستووە، خزمەتکارەکەی خەریکە بازێکی ڕاوی لەگەڵ نێرگەلەیەک دەدا بە شازادە. چەند سەربازێک بە چەکەوە لە خزمەت شازادەدا بەڕیز وێستاون، بەڵام ئەم هەڵکەندراوە زێڕکفتە و پیان وتم وەختێ شازادە ئەم شێرەی کوشت، دەستووریدا بەم شێوەیە وێنەی لێ هەڵبگرن، تاکو بۆ مێژوو بمێنێتەوە.

تەپۆڵکە کیژێ، شوێنێکە زۆر هەوراز، ڕێگای ئەم تەپۆڵکە تەیموور میرزا و دایکی بەڕێزیان نۆژەنیان کردۆتەوە. ئەو بەشەی دەکەوێتە هەڵدێرەکەوە، شوورەی خشتیان بۆ کردووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە پێدا سەرکەوتنی تابڵێی سەخت و ئەستەمە.

بە دوای ئەویشدا گەیشتینە تەپۆڵکەی پیرێژن، تەپۆڵکەی پیرێژن تا دەچێتە سەر کاروان سەرا ڕێگایەکی هەورازی هەیە. کاروان سەراکە لەسەر قوتکەی کێوەکەیە و تا بڵێی جێیەکی خۆشە. ئەم شوێنە لە ڕێگای تەپۆڵکە کیژێ خۆشتر نییە و زەحمەتی زۆرترە. وەختێک بە تەپۆڵکە پیرێژندا شۆڕ بووینەوە، گەیشتینە سێ کۆما کەڵەکەبەرد، وا دەرکەوت هەر کەس لەم هەورازە ڕزگاری دەبێت بە نیشانەی سەلامەتی خۆی بەردێک دەخاتە سەر ئەم کەڵەکە بەردە، بەم شوێنەش دەڵێن گۆڕی پیرێژن. مانگە شەوێکی خۆش، ئێمەش بە تەنیشت ئەم کەڵەکە بەردانەدا تێپەڕین.ماڵئاویمان لە کەتەلەکان کرد و لە نزیک ئەشکەوتی دوو براڵەوە رابردین و دوای چوار کاتژمێر گەیشتینە کاروان سەرا.

لە گوندی «زەندەران» تووشی ڕانە مەڕی هەوارچیان هاتین و کاروانێکی زۆرمان چاو پێکەوت، دوای کاتژمێر و نیوێک لەسەر کانی و ئاوێک وچانمان گرت و خەریکی حەسانەوەی خۆمان بووین.

ڕۆژی دواتر شەش کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین، نیوەڕۆ گەیشتینە شیراز.

## دارولعیلم شیراز

دوای ئەوەی گەیشتینە شیراز، لەماڵی نەواب محەمەد عەلی میرزا لاماندا. بەبۆنەی دەستبەسەرداگرتنی شاری مەشەد و گرتنی سالار، خەڵکی شیراز لە جەژن و خۆشیدا بوون. سەرلەبەر دوکان و بازاڕ داخرابوو. خەڵکەکە خەریکی ژەنینی ساز و مۆسیقابوون و سەیری سەما و هەڵپەڕکێی گەنجانیان دەکرد. فەرمانڕەوای شار لەسەر تەختێکی تایبەت دانیشتبوو، هۆدەیەکیان لەسەر ئەم تەختە چێ کردبوو، داوای لێکردم بچم لە هۆدەکەدا لەگەڵی دانیشم، چایی و شیرنی و بەستەنیمان خوارد و نێرگەلەمان کێشا و دوعامان بۆ سەلامەتی حاکم کرد، لە شوێنی خۆمان هاتینە خوارێ. دەسەڵاتی شیراز لەو سەردەمەدا درابوو بە قوامولمولک، لە لایەن شازادەی لەسەر کار لادراو. وەزارەتی شیراز لە دەست نەسیرولمولک دا بوو. هەروەک وەزیر دەیگوت شیراز شەست هەزار کەسی تێدا دەژی. دۆڵی شیرازی رەنگە دەهەزار سەرباز شەڕی تێدا بکات. دەوری باغەکانی شیراز هەمووی دیوار کراوە. پڕە لە کۆشک وتەلاری تایبەتی و کانی و ئاو. کەریم خانی زەند تا ئەوکاتەی حاکمی ئێران نەبوو، دەسەڵاتداری شیراز بوو، چەند تەلار و باڵەخانەی دروست کردبوو. هەروەک گەرماوی وەکیل، کڵاو فەرەنگی، باڵەخانە و باخ و بازاڕی وەکیل و کاروان سەرای وەکیل لەو شارە بەناوبانگە. تەختی قاجار تەلارێکی شکۆدارە و بە دەستووری محەمەد خانی قاجار چێ کراوە. دواتر حوسێن خانی قاجار ئەو تەلارەی نۆژەن کردۆتەوە. تەواوی ئەو بینابەرزانە لە شوێنی بڵند و بەرچاو سازکراون، نزیکەی نیو فرسەخ لە شارەوە دوورن.

## تازەباخ

بێجگە لەو باخاتە، باخێکی تازەتر ئاوەدان کرایەوە، ماوەیەک دواتر ئەو باخە لەسەر دەستووری حەسەن عەلی میرزای فەرمانفەرما، کوڕی فەتحعەلی شای تالب سەرا، گەورەی کردەوە و شان و شکۆی تایبەتی پێدا. لە کڵاو فەرەنگی ئەو باخەدا هونەرمەدان وێنەی فەتحعەلی شا و عەباس میرزا و زللسوڵتانیان نەخشاند.

## چل تەن

باخێکە ناسراو بە باخی چل تەن، هەروەک دەڵێن ئەو شوێنە گۆڕخانەی چل دەروێشە. وێنەی پیر و مورشیدی ئەوانیش کە شێخی سەنعانە، لەسەر کڵاو فەرەنگی ئەو باخە نەخشکراوە. کیژۆڵەیەکی ئەرمەنی لەبەردەم ئەودا راوەستاوە بە کەوایەکی سووری نیمتەنەوە، سەربەندێکی لە مرواری بەسەرەوەیە و ملوانکەی ملیشی مروارییە.

## سەعدییە

سەعدییە باخێکە شوورەی بەدەوردا کێشراوە و سەعدی شاعیر و زانای بەناوبانگی ئێران، لە شیراز هاتۆتە دنیا و لەو باخەی شیرازدا نێژراوە. بەردی سەر گۆڕی سەعدی شاعیر، سماقە و چەند شیعرێک و ساڵی مردنەکەی لەسەر هەڵکەندراوە. ئەو باخەش، کە ئێستا ئارامگەی ئەو شاعیرەیە هەر لە وێرانەیەک دەچێت. دار و درەختی باخەکە تەنیا سنجوویە لەگەڵ هەنار، خەڵک لە رووپی کتێبی سەعدیەوە فاڵ وبەختە دەگرنەوە، ئەو شوێنەی پەنجەی دەنێنە سەر هەر شیعرێک هات ناوەرۆکی ئەو شیعرە تێکەڵ بە چۆنێتی ژیانی خۆیان دەکەن. هەروەک لە کۆندا خەڵکی رۆم لە رووپی کتێبی ویرژێل فاڵیان دەگرتەوە. ئاوێکیش بەم باخەدا دەڕواتە خوارێ.

## حافزیه

حافزیه شوێنی ئارامگەی شاعیری بە ناوبانگ حافزی شیرازییە. گۆڕەکەی زۆر باش ماوە، لە روویی کتێبی ئەو شاعیرەوە خەڵک فاڵ دەگرنەوە. دەوروبەری گۆڕی حافز زۆر کەسی لێ ئەسپەردە کراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسانە لە کاتی خۆیدا سەر وەسیەتیان داناوە لە تەنیشت ئەم شاعیرە پایەبەرزەدا بیان نێژن. هەر بۆیە چواردەوری پڕ بۆتەوە. بەردی سەر گۆڕی حافز مەڕمەڕی زەردە و زۆریش سەرنج راکێشە. لە نزیک ئەو باخە وێرانەیەشدا باخی دڵگوشا هەیە.

گۆڕی دایکی سلێمان، لە سێ فەرسەخی شاری شیرازە، لە بەشی خۆرهەڵاتی.

## روکناباد

روکناباد رووبارێکی بچووکە و چارەکە فرسەخێک لە شارەوە دوورە. حافزی شیرازی لە شیعرەکانیدا زۆر ناوی روکنابادی هێناوە.

## موسەلا

موسەلا ئەو شوێنەیە بەیانی رۆژی جەژنی قوربان خەڵک لەو گۆڕە پانەدا وشتر سەردەبڕن و دەیکەنە قوربانی. لەو رۆژەدا خێرۆمەندان بەشە گۆشتەکان بەسەر خەڵکدا بەش دەکەن و دەیکەنە خۆشی و شادمانی. موسەلا گومبەدی جوانی هەبووە و بەهۆی بوولەرزەوە خراپ بووە.

### دەروازە قورئان

لە شیرازەوە تا دەگاتە چل منار، یان تەختی جەمشید، ڕێگایەکی تەنگەڵانە و دەروازەیەک لەوێ چێ کراوە، لە سەر دەروازەکە باڵەخانەیەک هەیە لەسەرئەویش قورئانێک نادر شا دایناوە. ئەو کاتەی ئێمە لە شیراز بووین دەرو دەشت پڕبوو لە کوللە.

### بەند ئەمیر

بە دەروازەی ئەڵا و ئەکبەردا تێپەڕین، نزیکەی سێ چارەک بە دەستە راستدا بەند (شارەدێی )یەکی دڵگیرمان بینی، سەرداری ئەوێندەرێ دەیگوت زەرقان گوندێکە سی و پێنج کیلۆمەتر لە شیرازەوە دوورە و لەسەر ڕێگایی تەختی جەمشیدە، لەوێوە تا گەیشتینە تەختی جەمشید پێنج کاتژمێرمان پێچوو.

### تەختی جەمشید

چەند پەیڤێک لەسەر تەختی جەمشید: لە سێ فرسەخییەوە وێرانەکانی تەختی جەمشید بە چاو دەبینی، هیچت بۆ ناناسرێتەوە، کۆڵەکەکان لە تەختی کێوەکەدان و نادیارن. زۆرێک لە کۆڵەکەکان بەپێوەن و زۆریشیان کەوتوون. هەر لە شانەیەک دەچن ددانەکانی هەڵوەرییبێتن.

### ئەستێر

ئەستێر لە دوو فرسەخی تەختی جەمشیدە. بەردێکی گەورە بە قیتەوە راوەستاوە، لە شێوەی بورجێکی مەزن دەچێ و سەری ئەو بەردە کۆتەڵێکی شێری لەسەر تاشراوە. بە چاوی ئەقڵ لێی ورد ببیەوە دەزانی وەختی خۆی شارێکی مەزن بووە.

ئاوایی «فەتحاوا» لە نێزیک هەسێڵەکەیە، هەیکەلی رۆستەم لەشانی بەردەکە تاشراوە، لە نێوان ئەو بەردە و تەختی جەمشید، شیوێکی تەنگەبەر باوەشی کردۆتەوە و دەگاتە «پاسارکات». واتە ئەو شوێنەی گۆڕی دایکی سلێمان. لێرە ئاوی دوو چۆمان تێکەڵ دەبێتەوە. هەروەک گەڕۆک «مێهرە» لە سەفەری خۆیدا باسی دەکات، ئەم رووبارە یەکیان ئەرەسە و ئەوی دیکە کێر. بەڵام خەڵکی ئەم دەڤەرە بەم دوو رووبارە دەڵێن: کێڕ و سیوەند.

مێژووی ئەم ئەستێرە دەگەڕێتەوە بۆ، هەزار و پێنج سەد و نەوەد. هەر وەک خۆی ماوە و مێهرەی گەڕۆک لە سەفەری خۆیدا لە کاولەکۆنیماڵی شێخ عەلی خان مەنزڵی گرتووە. ئێمەش سێ سەد هەنگاو دوورتر لە کاولاشەکە لە نزیک جۆگە ئاوەکە چادرمان هەڵدا. دەوروبەری ئەم وێرانەیە تابڵێی دیمەنێکی جوانی هەبوو. لێرەوە چیاکان زۆر دوورن. کۆشک و هەیوانی ئەم وێرانەیە زۆر گەورەتر و بەدیمەنترە لە باڵەخانەی ئیمپراتۆری سۆڤییەت لە پێترزبورگ. بەڵام باڵەخانەی سوڵتانی بەبێ میچ و بان دیواری بەپێوە ماوە. ڕەنگی کۆڵەکەکان زەردە و ڕەنگی بەردی بەر هەیوان سماقییە. بەرزایی ئەو بەردانەی لێرەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، باڵایان پێنج تا هەشت «ساجنە» باڵەخانەکە پازدە تا بیست و چوار زەرعی رووسی بوو. دەوری بەردەکان، بەردە تاشراوەکان دابەسراو بوون، دیاربوو بەردەکانی عەلاحیدە بوون، تەمەنی رۆژگار دەست و ئەستۆی بەردەکانی لەبەر یەک هەڵوەشاندووە. بۆ چوونەسەری بەر هەیوانەکە لە دوو لاوە پێپلیکان هەیە. لە نێوان هەر پلیکانێکدا هەیوانێک هەیە. پلیکانی دەستی راست بە جوانی ماوە، بەرینایی پێپلیکانەکان تەنیا نۆ هەنگاوە، بە شێوەیەک سازکراون سوار بە ئەسپەوە بە هاسانی سەر دەکەوێت بۆ هەیوانەکە. لە یەکەم پلیکانەوە تا دەگاتە بەر هەیوانەکە سەد و پێنج پێپلیکانە. ئەو کۆڵەکانەی گەشتیاران لە تەختی جەمشید دا چاویان پێی کەوتووە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

ساڵی ١٦٢١ ز، گەشتیارێک بە ناوی دولاوال، بیست و پێنج کۆڵەکەی یاداشت کردووە. لە ساڵی هەزار و شەش سەد و بیست و حەوت، گەڕۆکێک بەناوی هێربێرت نۆزدە کۆڵەکەی نووسیوە. لە ساڵی هەزار و شەشسەت و

سی و هەشتدا، گەشتیارێک بەناوی ئویە ئاری ئوس، نۆزدە کۆڵەکەی ژماردووە. لە هەزار و شەش سەد و نەوەد و شەش، گەڕیدەیەک بەناوی کی ئیمپ فر، حەڤدە کۆڵەکەی یاداشت کردووە. لە ساڵی هەزار و حەوت سەد و شێست و پێنج، نیغ بوهێر، حەڤدە کۆڵەکەی هەژماردووە. گەشتیارێک بە ناوی فرانک لین لەگەڵ گەڕۆک کێرپێرتێر، پازدە کۆڵەکەیان یاداشت کردووە. گەڕیدەیەک بەناوی ئەلکساندر لە ڕێکەوتی هەزار و هەشت سەد و بیست و شەشدا سیازدە کۆڵەکەی نووسیوە، ئەو کۆڵەکانەی لەشێوەی سەری ئەسپ بوون، سەیاح هێرن، باسی دەکات و دەڵێ هەموویان خراپ بوون، تەنیا دانەیەک مابۆوە، ئەمەش نارِوونە. دوورنییە لە دەورەی تێک تەپینی سەربانەکانی تەلارەدا تەواوی ئەوانە تێک شکابێت. دانەیەک لە کۆڵەکەکان جۆرێک بەلادا هاتبوو، بە جووڵەیەکی سووکی زەوی دەکەوت. لەو شەست و چوار کۆڵەکەی لەوێ کەوتبوون، تەنیا چل و نۆ کۆڵەکە تێک شکابوون. جارێ وەبن گڵ و خۆڵ نەکەوتوون. ئەم کۆڵەکانە بە یارمەتی قورِقۆشم لەسەریەکدیراگیراون.

ئێرانییەکانی نیشتەجێی ئەم شوێنە دەیان گوت دز و تاڵانچیان زۆرینەی ئەو کۆڵەکانەیان شکاندووە و قورِقۆشمەکەیان بردووە و فرشتوویانە. بە گوێرەی نووسراوەکانی گەڕۆک «هێرن»، وەختێ دەچێتە ئەوباڵەخانەیە تەلارەکە چوار کۆڵەکەی لەژێردا دەبێت. ئێستاش شوێنی کۆڵەکەکان وەک خۆی ماوە. وەختێ دەچییە ژووری تەلارەکەوە، کۆڵەکەکانی شکاون و کەوتوون. رووبەری ئەم تەلارە نەوەد هەنگاوە. لەسەر پەنجەرەکانی ئەو تەلارە کۆتەڵی مرۆڤ تاشراوە و خەریکی سەربرِینی بزن و مەرِن. هێشتاش زەبری زەمان نەیتوانیوە رووخساری ئەم وێنە و پەیکەرانە بشێوێنێت. زۆریشیان گەرۆکان دەستیان پێ گەیاندووە، لەگەڵ بەردەنووسی بزماری بە تاڵان چووە. ئێستاش خەتی عارەبی لەسەر بەردەکان بە جوانی ماون. لە ژوورەکاندا وێنەی رووبار و تاقگەکان بەرچاون، خەڵکی ئێرە پێیان وایە یەکێ لەو ژوورانە گەرماوە. گەڕۆک هێرن دەڵێ: « ئەسکەندەری

مەکدوونییە، دانەیەک لەو ژوورانە، دیوی کەیف و نەهەنگ بووە، دەستووری سووتاندنی دا».

ئەمجار چالاو ژێرزەوییەکان: لەژێر ئەو وێرانەیەدا گەلێک ژێرخان و ژێرزەوی هەیە، ئەمانەش چەندین ڕێگای لێ دەبێتەوە. لەنێو ئەواندا چاڵێکی وشک هەیە قووڵاییەکەی چوار زەرعە. لە شانی راست و چەپی ئەم چاڵە، چەند ژێرزەویەکییان کۆڵیوە، خۆم چوومە نێو چاڵەکەوە، شارەزاییەکم لەگەڵدابوو، ئێمە بە دەستە راستدا چووین، بیست هەنگاوی ڕێگاکە سەرەو خواری بوو. ئەمجارە ڕێگاکە هێندە تەنگەبەر ببۆوە، بە زگە خشکێ پێیدا دەچووین. لەو سەرەو خوارییەدا دوای چەند هەنگاو لەشانی راست تووشی ڕێگایەکی دیکە هاتین، تا دەچووینە پێشێ میچەکە بەرزتر دەبۆوە و گەیشتینە شوێنێک توانیم بەپێوە راوەستم. دوای چەند خولەک رۆیشتن ناچار بووین خۆمان دانەوێنین. ڕێگاکانی ژێر هەیوانی تەختی جەمشید بەنێو بەرددا هەڵکەندراوە. دیوارەکانی ڕێک و لەبارن، بن میچەکەی تەواوی بەردە. من بۆ رووناکی شەمێکم پێبوو، رێنیشاندەرەکەم خەنجەرێک، خێرا خێرا بە بەردەکانیدا دەهێنا بۆ ئەوەی هەر گیاندارێک ئەم دەنگە بژنەوێ زەندەقی بچێت. زۆر وا هەیە گیانداران لەو ڕەهەندەدا هێلانە بکەن و پەنابگرن. بەڵام من ئەوەندەی رۆیشتم تەنیا مارێک نەبێ چیترم نەبینی. بیست و پێنج خولەک لەو ژێرزەوییەدا مامەوە. لە کونێکی دیکەوە هاتینە دەرێ سەریان بە بەردی چکۆلە گرتبوو. هەر وەک گەشتیار «شەردینە» دەڵێ: «ئەم ژێرزەوییانە دەبێ زۆر بەربڵاو بن». هەروەک خەڵکی ئەم نێزیکانە دەڵێن، ڕەنگە ئەم دالان و ڕەهەندانە هەتا نێو دڵی چیاکان چووبێتن، ئەوێش گۆڕخانەبێت، بەڵام ئەمەش هەر قسەیەکە. تا ئێستا کەس نەیتوانیوە تاکو کۆتایی دالانەکە بچێت. ئەو شوێنانەی من پێیدا گەڕام هەمووی وشک و برینگە. هیچ وەختێک من بڕوا ناکەم ئەم شوێنانە ئاوی تێدا بووبێت. جۆگەی ئاوەکان لەم وێرانەیدا بە جوانی دیارە، ئەو مەودایەی من لەژێر زەوییەکاندا پێیدا تێپەڕیم، سەد و حەڤدە هەنگاو بوو.

## ئەو گۆڕەی لە چیاکاندا هەڵکەندراوە

ئێستا زۆر بەسانایی دەتوانی بچی بۆ لای ئەم گۆڕە، بەڵام وەک دەردەکەوێ لە رابردوودا وانەبووبێ، ڕەنگە بوومەلەرزە کێوەکەی داڕماندبێ، یان مەودای زەمان بە گڵ و خۆڵ ڕێگاکەی خۆش کردبێت. وەختێ بمانەوێ بچینە یەکەم ژوور، لە شانی چەپ زەوییەکەیان کۆڵیوە، بەم خیز و چەوەدا دیارە بەتایبەت ئەم کارەیان بۆ ئەوە کردووە کە بتوانن بە هاسانی بچنە ژوورەکەوە. وەکو گەڕۆک «شەنیدێر» باسی دەکات گەشتیار «مرە» چۆتە ژوورێ، لەو نێوەدا بەردێکی بینیوە لە چەشنی گۆڕ. مرە لەم بارەیەوە لە سەفەرنامەی خۆیدا بەرگی یەک، لاپەرەی دووسەد و چل و حەوت و چل و هەشت، بە پوختی ئاوا دەنووسێ: ڕێگای ئەم ژوورە لە شانێکەوە کراوەتەوە پەیکەرەیەکی تێدا تاشراوە، بۆ چوونە ژوورەوە نێوەڕاستی ئەم وێنەیان کون کردووە. لەشانی چەپی ئەو دەرگایە بە خەتی ئینگلیزی لەسەر کێوەکە هەڵی کەندووە: «منم فلانە کەس» (ناوەکەی ناناسرێتەوە) کونەکەم دیتەوە، ئەو دەرگایەی بۆ چوونە ژوورەوە کۆڵیویانە هێندە تەنگەبەرە دەشێت بە زگە خشکێ پێیدا بچییە ژوورێ. ئەم شوێنە دیوێکی چوونەکەی سەرگیراوە. تەرکی ئەم ژوورە گڵی نمداری تێدایە و هۆکاری ئەمەش دڵۆپە و بارانە. دانیشتووانی ئەوێ دەڵێن: «جا ناجارێک ئاوێکی روون لەو نێوەدا کۆدەبێتەوە».

ئەم شوێنەش دانیشتووانەکەی وەک جێیەکی پیرۆز سەیری دەکەن. ئەو دار هەنارانەی لەو نێزیکانەن خەڵکەکە، شاڵی سەوز و کوتە پەڕۆی لێ دەبەستن و نەزر و نیاز دەکەن و هیوادارن دەرد و نەخۆشییان لێ دوور بکەوێتەوە.

بەرد و دەرخۆنەی سەر گۆڕەکان، چ لەم ژوورەدا، چ لە ژوورەکانی دیکەدا، زۆر لەوە دەچێ، بە پێی دەوران خۆڵ و ئاوە چۆڕەی باران وەژێری دابێتن. ڕێگەی چوونە ناوەوەی ژوورەکەی دیکە بە دەستی چەپدا دەچێتە

ژووریَ. ڕێکی عەرزەکەیە. ئەم وەتاخە لە دیوەکانی دیکە گەورەترە. لەو ژوورەدا دوو کێلی قەبر چەقیون، خەڵکی ئەویَ ئەم وەتاخەیان کردۆتە عەمباری گەنم و دانەوێڵە و ساوەر کوتان.

هەیوانی تەختی جەمشید، چوار سووچە و بەشێکی خوارە. دەوروبەری ئەو لەگەڵ چوار قوڕنەی دنیا بەرامبەر نییە. لە شانی باکورەوە چەند بەردێکی زۆر گەورە داندراون، ئەم بەردانە بۆ ئەوە ئامادەکراون لە جێی خۆی بەکاری بێنن. لە زۆر شوێن نیشانەی خانووبەرە هەبوو. لە نەخشەی ئەو تەلارەدا دەردەکەویَ نەخشەی تەختی جەمشید بە یەک شێوە نەبووە، بگرە نەخشەکانی جۆراو جۆر بوون.

لە بەر هەیوانی تەختی جەمشیدەوە دەیان گوند و ئاوایی دیارن. هەروەک: ژیاناوا، عەلیاوا، ئێلیات، مەسولیاوا، ئەیوب، سەحنە، فەتحاوا، فیروزە، دێبی، مادو، کۆنارە، کۆشک، دەشمقان، رەی جوی، نەوایدە، شامیە و ئەشک.

تەختی جەمشید پێتەخت و هاوینەهەواری بنەماڵەی سوڵتانەکان بووە. لە سەری ساڵ و جەژنی نەورۆزدا لەم شوێنە ڕێوڕەسم گیراوە و دەسەڵاتداران کۆبوونەتەوە.

جەژنی نەورۆز لە ساڵی تازەی جەلالییەوە دەستی پێکردووە، لە جەمشیدەوە ماوەتەوە، ئێرانیان لەوساوە سەری ساڵی نویَ دەکەن بە جەژن و ئاوری پیرۆز دەکەنەوە، ئێستاش وا بڕیارە لەسەر نەهی کردنی دەستووری ئیسلامی ئێرانیان ئەو جەژنە پشت گویَ بخەن و ئاگری نەورۆز نەکەنەوە، لێرەدا ئەسکەندەری مەکدوونییە دوای گەڕانەوەی خۆی لە هیندستان، لەگەڵ کەیف و خۆشیکردنی خۆی، وەک دەڵێن سەرخۆش دەبیَ و لە خۆشی ماشووقەکەی «تائیس» دەستوور دەدا، یەکیَ لە تەلارەکان ئاور تیَ بەربدەن، بەڵام ئەم قسەیە زۆر لە راست ناچیَ.

زەنوێری مرودەشت «مەردەشت» بۆ رۆژێکی ئاوا زۆر شیاوە، ئەم شوێنە لە بەهاردا بە گوڵ و گوڵزار دەڕازێتەوە.

## نەخشی ڕەجەب

مەودای نێوان تەختی جەمشید و نەخشی ڕەجەب، پەنجا خولەکە. نەخشی ڕەجەب لە شێوەی هۆدەیەکە لە سێ لاوە دیواری هەیە، بەبێ سەریان. وەختێ دەچیە ئەم ژوورەوە لەلای چەپی وێنەی شایەک لەسەر بەردەکە تاشراوە بە جلوبەرگی ساسانی و بەسەر ئەسپێکەوە، لەژێر ئەم وێنەیەدا خەتی بزماری لەسەر بەردەکە هەڵکەندراوە. ڕووبەڕووی دەرگای هۆدەکە وێنەی دوو پاشا بە بەردەوەیە و هەر کەسە و تاجی لەسەردایە، بەرەو ڕوویی یەکدی چەپکە گوڵیان ڕاگرتووە، بەپێی نووسراوەکەی «مره» لە داوێنی تەختی نەخشی ڕۆستەم، وێنەی ورد و بچووک زۆر بەرچاو دەکەوێت.

## نەخشی ڕۆستەم

پێنج «وەرس» بە پێوەری ڕووسی، لە نەخشی ڕۆستەمەوە تا کێوەکە چوار ئەشکەوت هەیە، خەڵکی ئەم شوێنە پێی دەڵێن مغاری گۆڕخانە. ئەگەر کەسێک بیهەوێ سەر دانی ئەم شوێنە بکات، دەبێ کەسێک لە خەڵکی ئەو دەڤەرە لەگەڵ خۆیی ببات، ئەوان لەسەرکەوتن شارەزان و دەتوانن بە پشتێن لەو سەرەوە گەڕۆکان هەڵکێشن.

ئەو وێنانەی تایبەت بە دەورەی ساسانین لەسەر بەردەکان:

یەکەم- لە دەستە چەپەوە، وێنەی دوو پادشا بە سواری ئەسپ هەر کەسە و تاجە گوڵینەیەک بەدەستەوە.

دووەم- وێنەی پاشایەک بەپێوە تەختێک لەپێشیتی.

سێیەم- دوو پادشا بەسەر وڵاخە بەرزەوە.

چوارەم- پادشایەک بە سواری، کەسێک لەبەر دەمیدا چۆکی داداوە.

پێنجەم و شەشەم- شەڕی دوو پادشا بە سواری و لەخوار ئەوانیشەوە چەند وێنەیەکی دیکە. زۆرێک لە کۆتەڵەکان لەنێو قەد بۆ خواریَ لە عەرزیدان.

لە بەرامبەر یەکەم مغاردا تاقێکی کەوانەیی لە بەردی مەڕمەڕی چوارگۆشە، بەرزایی تا دەگاتە بن میچ، سێ زەرع و نیوە. بۆچوونە سەریَ دەبێ کەسێک بە پشتێن هەڵت بکێشێت. رووبەری وەتاخەکە پێنج هەنگاوە و سەربانەکەی تەختە. ژوورەوەی ئەم هۆدەیە دووکەڵاوییە و ڕەش بووە. لە دەرەوە دەرگا و دیواری وەک پەنجەرە دابڕاو، پەنجەرەکانی سەرەوەی چکۆڵە و بەشی خوارەوەی گەورەترن. گەڕۆک هێرن دەنووسیَ: ڕەشبوونی ئەم هۆدەیە ڕەنگە بە هۆی ئاگرکردنەوە و گازی زەردەشتییانەوە بێت، کە لێرەدا خەریکی یەکتا پەرستی بووبێتن، یان ئەوەی کێشکچیان ئاگاداری گۆڕخانانیان کردووە، لەم شوێنەدا ئاگریان کردبێتەوە، من ڕەشبوونی ئەو هۆدەیە بەوە دەزانم. خەڵکی ئەم ناوچەیەش پێیان وایە شوێنی نزا و پاڕانەوەی زەردەشتییان بووبێت. کاتێک نەخشی رۆستەممان بەجێهێشت، لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای ئەم کێوە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای ئیسفەهان، لە دوو جێ، تووشی قوربانگا هاتین، بێجگە لەم دوو شوێنە لە چەند جێیەکی دیکە ڕەهەند و زەندۆڵان هەیە.

لێرەدا گومان بۆ ئەوە دەچێ، گیانەوەران لەو کونانەدا ئێسقانی مردووان بخۆن. ئەمەش یاسا و رێسای ئاینی زەردەشتییان بووە.

کورتەیەک لەسەر یەزدگردی سێیەم: چوونەسەر تەختی یەزد گردی سێیەم لە ساڵی شەش سەد و سی و دووی پاش لە دایکبوونی عیسامەسیحدا بووە، فەڕۆخ زاد، سوپاالاری لەشکری یەزد گرد بوو. لە قادسییە، پازدە فرسەخی کوفە، لە رێکەوتی شەش سەد و سی و شەش، بە دەست هۆردووی عارەبان بەچۆکداهات، بە دوای ئەویشدا نەعمان سوپاالاری ئۆردووی عومەر، لە دەماوەند، سەرکردەی لەشکری یەزد گردی بە ناوی فیروزان، بە چۆکدا هێنا، دوای ئەمەش لە شەش سەد و پەنجادا، یەزدگرد بە دەستی ئاشەوانێک دەکوژریَ و تەرمەکەی دەخەنە

ئەستێرێکەوە، ئەویش لەپاڵ گۆڕی کەسوکاری خۆی نێژراوە. دیسان گەشتیار هێرن ئاوادەنووسێ: بینای تەلاری سوڵتانی تەختی جەمشید، لەسەر دەستووری داراب کوڕی گشتاسب بنیات نرا، دوای ئەویش کوڕەکەی دەستی کرد بە نۆژەنکردنەوەی، بەڵام ئەویش تەواوی نەکرد. وەک کەنتزی گەڕۆک دەڵێ، داراب کوڕی گشتاسب، وەسیەتی کردبوو، لە شوێنێک بینێژن هیچ کەسێک بە گۆڕەکەی نەزانێ.

## پاسارگاد

لە تەختی جەمشیدەوە بۆ دەشتی پاسارگاد دوو ڕێگا هەیە: یەکەم ڕێگا ئاوایی سەیدانە و پارا، کەمین. ڕێگایەکی زۆر ناخۆشە، دووەم ڕێگا لە سیوەند و کەمینەوە دەچێت. ئەمەشیان لە ڕێگای یەکەمەوە دوورترە. بەڵام باشترە. ئەگەر راستەوخۆ لە تەختی جەمشیدەوە بۆی بچی تا دەشتی پاسار گاد، چل فرسەخی ئینگلیزییە.

پاسارگاد: وێرانەیەکە لە فارس، بەم شێوەیە، مۆرغاب، دەشتی کۆنینی پاسارگادە. لە تەختی جەمشیدەوە تا مۆرغاب چوار کاتژمێرە لە تەنیشت کێوەکانی نەخشی رۆستەمەوە ڕۆیشتین، ئەم ڕێگایە وردە وردە بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ. هەروەک دانیشتووانی ناوچەکە دەڵێن: لە بەرانبەری نەخشی رۆستەمەوە مەودای ڕێگاکە کاتژمێرێکە، مغارێکی گەورەیە. لە دەرو ژووری ئەو مغارەدا، هیچ وێنەیەک بەدەرەوە نییە، بەڵام لە نزیک ئەو مغارە، تەختە بەردێک هەیە لە شێوەی قەرەوێڵە. لەو کێوانەی وا نەخشی رۆستەمی لێیە، لە حاجیاوا، چەند ئەشکەوت و مغارێک هەیە، لە یەکێ لە و مغارانەدا نووسراوەکان بە خەتی پەهلەوین.

کەمین گوندێکی یەکجار خۆشە و هەتا گۆڕی دایکی سولێمان دوو کاتژمێر ڕێگایە.

## گۆڕی دایکی سولێمان

گوندێکی چکۆڵە لێرەوە نێزیکە، چەند کۆڵەکەیەک لە بەردی مەڕ مەڕ بەسەر پێوەیە. بەرزایی ئەم کۆڵەکانە یەکەی دوو تا سێ زەرعە. تەختە بەردێک لە نێوان ئەو کۆڵەکانەدایە، بۆ وەسەرکەوتنی چوار پێپلیکان هەیە. تابووتێک لەسەر تەختە بەردەکەیە و دەرگایەکی تێکراوە، ئەمەش لە بەردی مەڕ مەڕ تاشراوە، دیار نییە خەڵکی ئەم دەڤەرە بۆچی بەم تەختە بەردە دەڵێن گۆڕی دایکی سولێمان.

ئەم تابووتە بەشێوەیەک تاشراوە ڕێگە بۆ چوونە ژوورەوەی هەیە. لە دەر و ژووری ئەم بەرد و مغارە نووسراوەیەک بەر چاو ناکەوێ. کەس نازانێ هۆی چییە کەس گەلێک بەم شوێنە دەڵێن گۆڕی «بەهمەن شا». وا دیارە ئەم گۆڕە زۆر کەونارەیە و گومان بۆ ئەوە دەچێ، ئەسکەندەری مەکدوونییە ئەمەی بینیبێت. ئەم گومانەش لەوەڕایە، وەختێ لە هیندستان دەگەڕێتەوە، بەشانی ئەم مغارەدا ڕادەبرێ و لەسەر گۆڕی بەهمەن شا دادێتەوە، ماوەیەک خەیاڵ دەیباتەوە.

## تەختی سلێمان

هەندێک دوورتر لەو گۆڕە و لە دەشتەکە، هەیوانێکی بەردین دیارە، بەڵام نیوەی ئەو هەیوانە لەژێر عەرزدایە، خەڵکی ئەم شوێنە بەم بەردە دەڵێن تەختی سولێمان، بەڵام چۆناو چۆن، کەس نازانێ. وێدەچێ ئەم بەردە تایبەت بێت بە تەلارەکانی سوڵتانی. لەسەر دوو کۆڵەکە، دوو نەخشی باڵدار تاشراون لەوپەڕی جوانیدا. بڕواداران پێیان وایە ئەمە پەرستگەی گاورەکان بێت، نووسراوەکانیش بە خەتی بزمارین.

نانی نیوەڕۆمان خوارد و کاتژمێرێک لەسەر پێپلیکانەکانی گۆڕی بەهمەن شا، وچانمان گرت، دوای حەسانەوە بەرەو محەمەڕە وەڕێ کەوتین.

## لەپاسارگادوە تا خوڕەمشار، لە ڕێگای شیرازەوە

گەڕانەوە لە پاسارگاد، لە ڕێگایەکی دیکەوە.

لە پاسار گادەوە تا دەچێتە کەمین سێ فرسەخە. ئەو مەودایەمان بە دوو کاتژمێر بڕی. لە وێوە تا دەگاتە تەنگەلانی کەمین، بە دەشتەکەدا تێ دەپەڕێت. لە تەنگەلانەوە کاتژمێرێک هەوراز و کاتژمێرێک سەرەو خواری بوو تا گەیشتینە دۆڵی کەمین. هەر هەمووی بزنە ڕێی و تەق تەقانە و ڕەتبوونی کەرەستەی سەربازی و تۆپخانە زۆر دژوارە، ئەم چیا و کێوە بابەتی نچیرڤانییە.

لە سەرەتای مانگی مەیدا لە پێچ و گەوەی ئەم دۆڵەوە تێپەڕین. لە شانی راستی ئەم ڕێگا تەنگەبەرەدا، لەنێو دۆڵەکەوە و سەرکێوەکان ریگایەکی دیکە هەیە، ئەویش گۆڕی دایکی سولێمان دەگرێتەوە. لێرەدا تەپکێک هەیە و لەسەر ئەم تەپکە، مرەی، گەڕۆک شوێنەواری تەلارێکی وێرانەی بینیوە، بە تەلاری بارامی گۆر بەناوبانگە. هەندێک ڕێگاکەمان گۆڕی و لەسەر کێوەکان زۆرمان کاولەکۆن دیتن. خەڵکی ئەم ناوچەیە دەیان گوت: ئێرە کۆشک و سەرسەرای بارامی گۆڕ بووە، ئەم شیوەش بە دۆڵی بارامی گۆڕ بەناوبانگە.

تاریفی باخاتی ئەم لادێکانی «سیوەند» بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆتەوە، وەک دەڵێن هۆزی لووڕ زۆرجار بە کێوەکاندا هاتوونەتە خوارێ و خەڵکی ئەم دەڤەرەیان تالان کردووە. لە نزیک گوندی حاجیاوا، کێوێک هەیە لە دوورەوە، وەک سەری شێر وایە.

باسێک بە وردی لەسەر سەیدان: لە فتحاوا وچانمان گرت، مەودای کاتژمێرێک لەولای شوێنی حەسانەوامان، چەند ئەشکەوتێک هەیە، خەتی پەهلەویان لێ دەبیندرێت. لێرەوە ڕێگاکە دەبن بەدوو، یەکیان بە دەستە راست و ئەوی دیکەیان بە شانی چەپدا تێ دەپەڕێت. دەستە راست روو دەکاتە ئیسفەهان، ڕێگای دەستە چەپ، بە دەشتەکەدا لە مرودەشتەوە دەچێتە زەرقان. لە فەتحابادەوە بە مەودای پێنج فرسەخ، پردێکی گچکەمان بینی. لە سەرەتای پردەکەوە رووبەری چۆمەکە سی ساژنە «پێوەری

رووسی» ئەمەش دەکاتە نەوەد زەرع. ئاوی ئەم رووبارە بە گونجەدا دەچێتە دەرێ و دووانیان گەورە و یەکیان چکۆڵەترە. بە کەوانەی خشتی هاتۆتەوە. لە شانی پردەکە دوو ئاوەڕۆی بچووک ساز کراوە، نیوەی بەرد و نیوەکەی دیکەی بەخشت چێکراوە. پردێکی هێکجار قایم و پتەوە و بۆ بەرگریکردن لە ماڵ و ژیانی خەڵکەکە، شوورەیان بەبەرد هەڵچنیوە.

دێبەندی ئەمیر، دوو فەرسەخ لێرەوە دوورە. لەو پردەوە بە کاتژمێرێک و چل و پێنج خولەک گەیشتینە زەرقان، هەزار و دووسەد بنەماڵەی تێدا نیشتەجێیە. لێرەشەوە تا باخی جەهان نەما، پێنج کاتژمێرە. لە نزیک فەتحاوا، بە شانی راستدا جادەی ئیسفەهانە. بە تەواوی ئەم رێگایانەدا زۆر بە هاسانی عەرابەی تۆپخانە دەردەچێ. ئەگەر تۆزێک رێگاکە خۆش بکەن، کانیاوی زۆر باش لەم شوێنە هەیە. بە دەروازەی ئەڵاهو ئەکبەردا هاتینە دەرێ، بەتەنگەڵانەکەدا دەچێتە شیراز.

## گەڕانەوەمان لە شیراز

لە شیرازەوە تا دەگاتە کازروون یەک فرسەخ رێگاکە تەنگەبەرە. لەوە بەولاوە دەر ودەشتێکە جێی چەند هەزار هۆردوو دەبێتەوە و بە هاسانی تۆپخانە پێیدا تێپەڕێت. لەجێیەکدا بە بۆنەی بوومەلەرزەوە چیاکە رووخاوە و گابەردان گلۆربوون و تاڕادەیەک ڕێگاکەیان گرتووە، مەودایەک ئەولاتر شوێنێک هەیە بە ناوی خانە زینان. لە شیرازەوە تا خانە زینان هەشت فرسەخە. لە خانە زەینانەوە تا ئاوایی ئەرژەن سێ فرسەخە. لە دەشتی ئەرژەنەوە ئەولاتر پێی دەڵێن سنگ چەرموو. بەژن و باڵای کێوەکە سپییە. وەک دەڵێن بەختیارییەکانی هۆزی مەمەسەنی بەردەوام بۆ دزیکردن هاتوونەتە ئەم ناوچەیە. ئێستا ئەوانە لە ئیختیاری ئێلخانی دان. لە رابردوودا هۆزی بەختیاری پێنج سەد ڕەشماڵیان لێ هەڵداوە. کانییە «ئاسن» لە دەشتی ئەرژەنەوە نزیکە. دەشتێکی دوورتر هەیە جێی پەنجا هەزار ڕەشماڵ دەبێتەوە. لە نێوەراستی ئەو گۆڕەپانەدا بە بۆنەی ئەوی دەشتەکە مێرگ و

زەنوێرێکە دڵێک و هەزار دڵ دەڕفێنێت. هەندێک ئەولاتر هەورازێکە و گۆڕی پیرەژن لەسەر باسکەکەیە. لێرەوە بە هەر لایەکدا بچی ڕێگا هەیە، بەڵام تۆپخانە پێیدا دەرناچێ. مەگەر ئەوەی بەشان و کۆڵ کەرەستەی شەڕ وەگوێزن. ئەم ڕێگایە دارستانێکی چڕە.

لە نۆی مانگدا لە کاروانسەرای نێوان کەتەل و پانمان گرت، لە کەتەلەوە بە سەعاتێک گەیشتینە دەشتی بێرەم. لە چوار فرسەخی ئێرەوە، ڕێگای بێهبەهان جوێ دەبێتەوە، دار و درەختی ئەم دەشتە هەر لە دار مازوو دەچێت. لە نێوان کەتەل تا نەودان، شەش فرسەخ، لە نەودان تا فلیان نۆ فرسەخە. لە کۆتایی دەشتی بێرەم، دوو عەمباراو هەیە. بۆ چادر هەڵدانی ئۆردوو شوێنێکی لەبارە. دوای ئەوەی هەورازەکە کۆتایی هات، نشێو دەست پێدەکات. لە خوارێوە تا دەگاتە کاروانسەراکە، وێنەی تاشراو بەریزە بەردی کێوەکانەوە زۆر هەیە. لێرەوە بە هاسانی تۆپخانە ڕەت دەبێ. مەودای نێوان کەتەل و کاروانسەرا، پێنج سەعات و پازدە خولەکە. پردێک لەسەر رووبارەکە هەڵبەستراوە و ئاوی زۆرە و شوێنێکی دڵگیرە. لێرەوە تا دەگاتە کازروون ڕێگاوبانێکی خۆشی هەیە، ئەمەش نزیکەی دوو کاتژمێر و پازدە خولەکە. لە کاتی بارانی بەمبەیی، واتە لە مانگەکانی ژوئین، ڕێگای کێوەکانی نێوان کازروون و شیراز دەگرێتەوە. لە وەرزی زستان دا، فەتحعەلی شای کۆچکردوو چووبووە شوشتەر و بێهبەهان و هەمەدان. لەو سەفەرەدا دوو هەزار کەسی لەگەڵدا بوو. لە کاتی پەڕینەوە لە ئاوی فلیان، بارە بەرێکی زۆر ئاوبردی.

## دەرچوون لە کازروون

دەی مانگ کازروونمان بەجێ هێشت و بە ماوەی کاتژمێرێک گەیشتینە ئاوایی دەریس، وەرسەتێکمان مابوو بگەینە پردەکە، لە تەنیشت دارێک، تووشی بەردەنووسێک هاتین، ئەم بەردانەش لەبەردی پردەکە شکابوون. دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە ڕێگە وانی. لەسەر ترۆپکی کێوەکە شوێنێکی خۆش و دڵگیر، قەڵای هەباس قولی خان، دەسەڵاتداری کازروون، سەرنج راکێشە. سەرکەوتن بە تەق تەقانی دۆڵی تورکاندا زۆر زەحمەتە. هەرچەندە

لەزۆر شوێن ڕێگاکەیان خۆش کردووە، بەڵام ڕێگا بۆ تێپەڕبوونی تۆپەکان نیە. بارهەڵگری ئەم دەڤەرە تەنیا ئەسپ و هێسترە.

مەودای کازروون تا کوماج، پێنج کاتژمێر و چل خولەکە. لە دەشتەکان خەریکی دروێنەی جۆ بوون. مەڕ و گاڕانیش لەم سەوزەڵانییەدەمیان لە لەوەڕ نابوو. گۆلاوێک لە نێزیک کازروونە و پڕە لە ماسی.

## شارەدێی کەنار تەختە

لە کومارجەوە تا کەنار تەختە چوار کاتژمێر ڕێگایە. لە کەنار تەختەوە تا ڕێگەوانی، سەعاتێک و دە خولەکە. ئاوی کانییەک لە کێوەکە دێتە خوارێ و پردێکیان بەسەردا هەڵبستووە. وەختێ باران بە خوڕ دەبارێ و پردەکە دەگرێتەوە، گابەردێک لەژێر پردەکەدایە و ڕێگەی ئاوەکەی دژوار کردووە، دەکرێ ئەم بەردە بشکێنن، ڕێگای ئاوەڕێکە بکرێتەوە، بەڵام ئەوە بۆ بێ موبالاتی دەسەڵات دەگەڕێتەوە و کەسێش گوێی ناداتێ. خەرجی ئەم بەردە لە پێنج تمەن زۆرتر نیە. وەختێ کاروان دەگاتە ئەو پردە، بە هۆی ئەوەی ناتوانێ بەسەر پردەکەدا تێپەڕێت، ناچارە دەوری کێوەکە لێ بدات. لە نزیک ڕووباری شاپوور بێتەوە سەر جادەی ئاسایی. دوای دەرچوون لە ڕێگەداری، لە زۆر شوێن ڕێگاکە ناخۆش دەبێتەوە، بەم ڕێگایانەشدا دەرچوونی تۆپخانە زۆر ئەستەمە. ئاوی ڕووباری شاپور سوێرە، بەڵام بۆ خواردنەوەش کەڵکی لێ وەردەگرن. بەردی ئەم دەوروبەرە هەر هەمووی قسڵییە. ئەو بەردانە بەگوێرەی زەمان بوونەتە بەردی مەڕمەڕی بە نرخ. لێرەوە ڕێگاکە دەچێتەوە بۆ ئاوایی خشتە، بە هۆی ئەوەی خانی کومارج سی پارچە موڵکی بەدەستەوەیە، خانی ئاوایی ساڵی سێ هەزار و پێنج سەد تمەنماڵیات دەدا بە دەوڵەت. لە هەر گوندێک بە پێی توانایی خەڵکەکە، ماڵیات دابەش کراوە.

ئاوایی کومارج، هەزار کەسی تێدایە، تەنیا دووسەد کەسی تفەنگچی هەیە. لەو جێیەوە ڕێگاکە لادەدا، کاتژمێرێک دەبات تا دەگاتە خشتە. لە خشتەوە بۆ بوشێر دوو ڕێگایە. یەکەم ڕێگا لە شیوەکەوەیە، دووەمی لە ڕێیەکی دیکەوە دەچێتەوە سەر ڕێگای بوشێر. لە کازرونەوە بۆکومارج، لەسەر کێوەکانەوە

بزنەڕییەک هەیە. خەڵکی کومارج، تا بڵێی میوانگرن. لە کەنار تەختەوەسەعاتێک ڕێگایە بۆ سەر کێوەکە. لەوێوە ڕێگا قەوغایە. رووبارێک بەوێدا تێدەپەڕێ بە دوو پردە ڕووخاوەکە. دەشێت سێ جار لە ئاو بدەی. ئاوی رووبارەکە لە ئەژنۆ بەرەو ژوور نیە، ئاوەکەش خوڕێن و سوێرە. وەختێ ئەو ئاوە زۆر دەبێت، کاروان لێی نادا و مەزڵ دەگرێت. شیو و دۆڵێک لە نزیک رووبارەکەیە، بەبۆنەی جەردە و دزانی لووڕی هۆزی کوە کلۆ شوێنێکی مەترسیدارە. دەرچوونی تۆپخانە لە کەتەلەوە گونجاو نیە.

مەودای کەنار تەختە و دالکی، پێنج کاتژمێرە، لەدالکییەوە تا دەگاتە برازجان، چوار سەعات و پازدە خولەکە. خاکی ئەم ناوچەیە خیزەڵانییە و قوڕەکەی بە لاقەوە دەنووسێت، لێرەوە تا دەگاتە چاڵاوی گەدەک، چوار سەعات و بیست خولەک ڕێگایە. لە چاڵاوی گەدەکەوە پێنج کاتژمێر و پازدە خولەک مەودایە. وەختێ شەماڵ تووڕە دەبێ، ئاوی کەنداوی فارس دێتە سەرێ، ڕێگای سێ کاتژمێری نێوان چاڵاوی گەدەک و بوشێر پڕ دەکاتەوە. لەو ڕێگایەی پێیدا هاتی، خاڵی[ئی] بەرز، پیرێژن دیار نەبوو. بە پێی لێکدانەوەی «ئیمینێل» سەرۆکی کۆمپانی هیندستانی ڕۆژئاوایی، ئاووهەوای ئەم شوێنە بۆ خەڵکی ئەوروپا سازگار نییە. لە شیراز و دەشتی ئەرژەن [و] لەرزوتا هەبوو.

«کین توور» ناوی گەمییەکی بازرگانییە. ناخودای گەمیەی بازرگانی، بەناوی هێڕ نیک، بەشێک لەباری گەمیەکەی خۆی، هەروەک نیل و هەورێشم و وردەواڵەی هیندستانی گرتبوو، نرخی ئەوانە دەگەیشتە، هەشتا هەزار روپیە. لە بوشێر بەتاڵی کرد. کرێکارانی گەمیەکە شەست کەس بوون. چەند کەسیان هیندی بوون. ناخودا دەیگوت لەکارکردندا، سێ کەسی هێندی بە یەک کەسی ئەوروپا نابێ. ئەو کەشتییە لە کەلکەتەوە بە پەنجا و پێنج رۆژ گەیبووە بوشێر. تەنیا رۆژێک لە وێستگەی مەسقەت لەنگەری گرتبوو، بۆ بارکردنی ماسی ساردین و هەڵوا و ئاردی جۆ. نرخی قتوویەک نیل لە کەلکەتە، چوارسەد و پەنجا روپیەیە. کرێی بار، هێرنیک لە کەلکەتە، سی

هەزار روپیەی وەرگرتبوو. دوای گەڕانەوەی لە بەسرە، دە هەزار روپیەی، کرێ بار مابوو، وەری گرت.

ئەم کەشتییە لەم سەفەرەدا، خوێ، باردەکات. نیوەی لە بەسرە و نیوەکەی دیکەی لە مەسقەت. خوێی مەسقەت لە ئاوی زەریاکە دەگرن. زۆر لەخوێی بەسرە باشترە.

هێڕنیک، پیاوێکی سەر و رووخۆش و دلۆڤان بوو. خێزانەکەشی سەرە ژن و دایکی دوومندالە. دوای سالێک مێردەکەی تووشی لەرزو تاو هات و کۆچی دوایی کرد. دوو سالیش دوای ئەو خانمەکەی هەر بەم دەردەوە سەری نایەوە.

وەختێ بای شەمال هەل دەکات، زۆر تووڕە و تۆسنە، ئەمەش بۆ هیندستان زۆر بە سوودە. هەوای ئەو دەڤەرە هێور دەکاتەوە. بای باشووری لە مانگی ژوئێن دا لە بۆمبای دەست پێدەکات. هەر ئەو کاتە بای شەمال لە شەتولعەرەب، بە گوڕترە، بە لام لەوێ گەمیەکان خۆیان دەپارێزن، نەکات تووشی بەلایەک ببن.

لە بیست و یەکی مانگی مەیدا، کە هەلدەکاتە بای شەمال، ئەوەندەی کردمان و کۆشاین نەمان توانی بچینە رووباری شەتولعەرەبەوە، بەلام هەرچۆنێک بوو خۆمان لێدا. دوازدە میلی ئینگلیزی مابوو بۆ محەمەڕە، پاپۆڕی ئاوری، ناسراو بە نیتگ ریس، هات بە هانای ئێمەوە.

## محەمەڕە

وەختێ گەیشتینە محەمەڕ، دەمەو زەردەپەڕبوو. مێشەکوێرە وەک مژ بەسەر سەرمانەوە دەهاتن و دەچوون، هەرئەوەندە بوو کوێرنەدەبووین. خۆر لە خۆرنشین ئاوابوو، ئێمەش دانیشتینە سەر شێوخواردن، پلەی گەرما لەسەر سی راوەستا بوو، بەلام لەم چوار چادرەدا، کەس تاقەتی نان خواردنی نەبوو، یەکەم بە بۆنەی شەکەتی و گەرمای لە ڕادە بەدەر، دووەم، بەهۆی مێشوولەی زۆرەوە. خۆ ئەگەر کەسێک پاروەنانێکی دەبرد بۆ دەمی دەیان مێشووله لەگەل نانەکە خۆی بە گەروویدا دەکرد. ناچار دەبوو

پارووەکە دەرداتەوە. لەنێو چادرەکاندا زەحمەت بوو بتوانی بخەوی، بەڵام تەختێکی نووستنمان پەیدا کرد، تۆڕی دژە مێشوولەی پێوە بوو، توانیمان لەژێر ئەم تۆڕەدا بخەوین.

هەوای محەمەڕە خراپ نیە، بەڵام هەوای بەسرە، زیاتر لە پەنجا وەرسەتە، واتە حەوت فرسەخ، لە محەمەڕە دوورتر نیە، زۆر خراپە و دانیشتووانی ئەم بەشە هەمیشە بە دەست نەخۆشی تاو و لەرزەوە دەناڵێنن. زۆر کەسیش هەر بەم دەردە گیانی لەدەست داوە، کەچی ئەم نەخۆشییە لە محەمەڕە زۆر کەمە، لە محەمەڕە، ئەو کەسانەی مەرزەوانن، لەگەڵ نۆکەرانی خۆیان، هەر هەموویان هەشت هەزار کەسن.

## لە محەمەڕەوە تا مانگرە

مانگرە، یان مەنگەرە، زۆزانێکی ناوچەی لووڕستانە و لە ڕێگای ئەهواز و شوشتەر و دزفولەوە بۆی دەچێت. لە بیست و پێنجی مانگی مەیدا شەوێ لە محەمەڕەوە بەرەو کوێستانەکانی لووڕستان وەڕێ کەوتین. ڕێنیشاندەرەکانی ئێمە لە روویی ئەستێرەکانەوە ڕێگایان دەبڕی و هەونگاویان دەنا،بەڵام بە راستە ڕێگاکەدا نەچوون و لە ڕێیەکی دیکەوە ئێمەیان برد، هەر بۆیە ڕێگایان ون کرد و بە ناچاری تا شەبەقی بەیان دواکەوتین. شەوێکی سارد و ناخۆشمان بەڕێ کرد، بیست و شەشی مانگی مەی گەیشتینە هەمان (شوێنێکە لە نزیک بەسرە). هەوا گەرم و تەپۆتۆز مرۆڤی جاڕز دەکرد، بە شەودا کەوتینە ڕێگا، لێرەش ڕێمان لێ بزر بوو، هەتا بەری بەیانی لەو دەشتە دانیشتین. لە بیست و حەوتی مانگی مەی دا سابا «سابعە». ئێرە زیارەتگایە و بە دەم رووباری کارونەوە دارستانێکی خورما هەیە.

بیست و هەشتی مانگی مەی، گەیشتینە ئاوایی ئیماعیلیە (سمانیە). ئەو رۆژە لە ڕێگا دابووین، لەو گوندە لەژێر سێبەرەکان، پلەی گەرما لەسەر چل قەتیس مابوو.

## ئەهواز

سەرەتای مانگی ژوئین، گەیشتینە ئەهواز، شارێکی عارەبنشینە لە نێزیک رووباری کارون. ئەم رووبارە پێنج بەربەستی بە شوورە هەڵچندراوی لەبەردایە. لەپاڵ رووبارەکەدا، بۆ چوونە نێو ئاوەکەوە، وەک حەوز قووڵ کراوە. هەر وەک دیارە ئەوە لە کۆنەوە ماوەتەوە. لە نزیک ئەم رووبارە، کاولاش و کەلەوا کۆنان زۆر ماوەتەوە. وەختی خۆی ئێرە ئاوەدان و پڕ دانیشتووان بووە، بەڵام ئێستا تەواو چۆڵ و هۆڵە. دانیشتوی ئەم دەڤەرە گشتی عارەبن. ئێرە لە سەر ڕێگای خوزستانە.

دووەمی مانگی ژوئین چووینە ئوویس. گوندێکی مەزنە، شێخ فارس پیاوێکی برومەند، لە تایەفەی چەعب، سەردانی کردین.

سێیەمی ژوئین، سەردانی ئاوایی بەند میر-مان کرد. ئەم دێیە چاڵی نەوتە ڕەشە و بەنداوی هەیە. لەو دەوروبەرە و لە نزیک رووباری شێر و مامزێکی زۆر مان چاو پێکەوت. رووباری کارون پڕە لە ماسی قزڵ ئالا.

## سەردانی شوشتەر

ئەمەش چیرۆکی ئەم سەفەرەمان بۆ شوشتەر: چوارەمی مانگی ژوئین بە شەودا ڕێگامان بڕی و گەیشتینە شوشتەر. لە ناوەندی شار، لە پەرێزێک، خێوەتمان هەڵدا، شوشتەر شارێکی گەورەیە. ئاوبەندی ماسی لەیەک فرسەقی شار دایە. گڕگڕ دەروازەی شارە، دانیشتووانەکەی لە هۆزی لوورن، وەک دەڵێن لە هێراتەوە هاتوون، بەڵام بە زمانی فارسی قسان دەکەن.

عەسکەر موکەرەم، شارێکی مەزنە، حەوت فرسەخ لە شاری شوشتەر دوورە. ئەم شارە موکەرەم کوڕی ئەلفوزەڕ ئاوەدانی کردۆتەوە. منارەیەکی بازنەیی بەرز لە شارەکەدا هەیە، لە ناوەندی شارەکەدا، لە تەنیشت بەندی کێل دوو منارە هەن لە شێوەی بورج. پردێکی بەردی و بەندەکە بە

دەستووری شاپوور، ئیمپراتۆری ڕۆم، ناسراو بە والیران «والریانوس» وەختێ دیلەکانی هێنابووە ئێران، سازکراوە. ئێستاش ئەم پردە هەر ماوە.

لە ناوەندی شار، لە قەراخ رووباری کارون بۆ ئامادەبوونی (نیل) چەند حەوزێکیان هەڵبستووە. ئەم نیلە کەلوپەلی زۆرێک لە بازرگانانی شوشتەرییە. ئاشی ئاوەکانیش لەسەر رووبارەکەیە.

دانیشتووانی دەوروبەری شوشتەر لەسۆنگەی بازی راوی، ئاسک و رێوی راودەکەن. کەوی میسری و چەقەڵ و کەمتیار لەم ناوەدا زۆرە.

ئازاد خان شوێنێکە لە لای باکوری ڕۆژ هەڵاتی شوشتەر. دیزە قەڵای جەعفەر قولی خانە، لە شوشتەرەوە تا بەشی لووڕستان شازدە فرسەق ڕێگایە،خاوەنی ئەم قەڵایە سەرۆکی هۆزی بەختیاری، لەماڵباتی بەختیارییەکانە، لە هۆزی حەوت لەنگ. لە دوای محەمەد تەقی وەختێ ئێرانییەکان ئەویان گرت، ئەو سەرۆک بووە.

دیزەشایی شوێنێکە تایبەت بە هۆزی حەوت لەنگە. ئەم شوێنەش تایبەتە بە نیشتەجێبوونی کەربەلایی عەلی خان. بە دوای حەمە تەقیدا ئەو کوڕێکی رەشید و چاونەترس بووە لەنێو سەرۆکەکانی هۆزی بەختیاریدا. شائاوا، وێرانەیەکە لە سەر ڕێگای جوندی شاپوور.

لە شازدەی مانگی ژوئیندا گەیشتمە کەتوان، کەتوان جێیەکی گەورەیە و لە نزیک دەشتی کۆنک هەڵکەوتووە. هەوای گەرمی ئەوێ لەژێر سێبەردا دەگاتە سی و نۆ پلە. ترۆپکی چیاکان لە دوورەوە مەندیلی بەفری لەسەر ناوە.

## دزفول

ئەمرۆ حەڤدەی مانگی ژوئینە و ئێمەش لە دزفول دانیشتووین. دزفول شارێکی زۆر گەورەیە، خەڵکی ئێران لە تەواوی خوزستاندا شوشتەر و دزفول زۆرباش دەناسن. ناوی دزفول لە رووبارەکە و لە پردەکە، وەرگیراوە، پردی دزفول، هەروەک پردی شوشتەر بیست و دوو چاوەی هەیە و ئەم پردەش ئیمپراتۆری چارەڕەشی ڕۆم، دروستی کردووە. درێژی ئەم پردە چوارسەد و سی هەنگاوە. ژێر بینای ئەم پردەش هەروەک پردی

شوشتەر وایە. دانیشتووانی ئەو دوو شارە ژێرزەوی و ساردواوی باشیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە گەرمای هاوین. بە ڕێچوونی خەڵکی ئەم ناوچەیە لەسەر ئاڵوویری بازرگانیی نیلە. لە دەستە راستی رووباری دژ، وەختی خۆی محەمەد عەلی میرزای دەسەڵاتدار، هەیوانێکی ساز کردبوو، ئەو کاتی ئێمە لە دزفول بووین، دەسەڵاتی ناوچەی خوزستان و لووڕستان، بە دەست سولێمان خان سەهامودەولەی (ئەرمەنی)یەوە بوو. ئەم سولێمان خانەش لە خزمانی نزیکی موعتەمەد دەولە مەنوچێرخان بوو.

شارۆ بەند، لە نزیک دزفول لە تەنیشت رووباری دزە، زیارەتگایەکی باشی لێیە و پیاو چاکێک لەویٚ نێژراوە.

دانیشتووانی شوشتەر و دزفول، بە گشتیی مێزەر لەسەر دەبەستن. پێچ و کڵاوی خەڵکی شوشتەر خۆڵەمێشییە، بەڵام مێزەری خەڵکی دزفول، ڕەشە. عارەبی ئەم ناوچەیە ئاخاڤتنیان بە زمانی فارسییە. خەڵکی شوشتەر زۆر شەڕانین، لەگەڵ لووڕەکان دەست بە یەکی دەکەن و ڕۆدێنە سامان و ماڵی خەڵکی، بەڵام خەڵکی دزفول هێدی و ئارامن. دەستدرێژی ناکەنە سەر ماڵی کەس. ئاووهەوای باشی هەیە.

لە خوزستان خورما نیە و هەردوو شارەکەش خاوێن نین. لە هیچ کۆڵانێکدا سەگ نابیندرێت، بۆ ئەوەی ئەم پیسی و پۆخڵییە بماشێتەوە. لە دزفول منارەی بەرز وەبەر چاو ناکەویٚ. شوورەو دیواری حەساری شارەکە بە مۆرەی قوڕ سازکراوە، مەگەر لە جیٚ جێیەکدا بەرد لە چینی دیوارەکاندا ببینی. دیواری بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە زۆرینەی لا ڕووخاوە.

مانگرە زۆزانی لووڕستانە و نۆی مانگی ژوئین لە دزفولەوە کەوتینە ڕیٚ، و لە ناوەندی شارەوە تا دەگاتە پردەکە، بیست خولەک ڕێگایە.

ساڵحاوا، ناوی دێرینی ئەندیمشک، لە دزفولەوە بە دوو کاتژمێر و چل و پێنج خولەک گەیشتین. گوندی قیلاو، لە ساڵحاوا تا قیلاو، حەوت سەعات و چل و پێنج خولەک ڕێگابوو. قیلاو گوندێکە، لە سەرەتای شیوەکەدا هەڵکەوتووە. تا دەگاتە ساڵحاو بە دەشتی لووڕمەنشوورە و بەبیٚ ئاوە. لە کاتی گەرمادا، تێپەڕین بەم شوێنەدا زۆر ناخۆشە، تەوژم و تینی سەبوون

پێستی سەر و چاو دەسووتێنێ. لەقیلاو تا بڵێی جۆگەوجۆبار زۆرە، بەڵام زەوییەکان زەلکاون، هەر بۆیە بۆن و بەرامەی هەوا لەم ناوچەیە دا ناخۆشە.

زۆرتر بە شەودا سەفەرمان دەکرد، کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە سەر کێوەکان. ئەم ڕێگایە تۆپخانەی پێدا دەرناچێ، زۆرینەی ڕێگاکە ڕژد و هەڵەموتە، هەتا لە قیلاو نزیک دەبییەوە ڕێگاکە هەڵدێرترە. لە زۆر شوێن ڕەوەز و زەندۆڵ و گاشە بەردە و گابەرد تلۆر بۆتەوە خوارێ. لە سەرەو ژووری مەنگرە، بە دەستی چەپدا، ڕێگایەک دەچێتەوە خورەماوا. وەختێ لە قیلاوا دەردەچی، ریگاکە زۆر ئەستەم و پڕمەترسییە. دەروازەی دۆڵەکە لە چیاکاندا هەڵکەوتووە، تا بڵێی جێیەکی خۆش دیمەنە. ئاوی باشی هەیە و تەلارێکی وێرانیش سەرنج رادەکێشێت، ئەم چیا و کێوە سەرلەبەر دار و دەوەنە و ڕەزی زۆرە. لەوێوە تا کانییەکەی مەنگرە، تەواو چوار فرسەقە. لووڕەکان لە وەرزی هاویندا لە کێوەکانی فەڕز بەند و چیاکانی چاوونی چادر هەڵدەدەن. ئەم کێوە تا بڵێی هەورازێکی هەڵەمووتە.

### مەنگرە

ماڵەکانی مەنگرە بە ئامێزی چیاکەوە، لەنێو باخاتەکەدایە و ( لە شێوەی هەورامانی کوردستان) لەسەر یەکدی ساز کراوە. حەوز و کانی وئاوی سەرتەزێنی هێکجار زۆرە. هیچ وەختێکیش بەبی شەماڵ و زریان نییە. بەفری ئەم ناوچەیە، چواردە تا دە ڕۆژ زۆرتر بەرگە ناگرێت. دوورتر لە قیلاو دەشتەکان بەفر نایگرێ. کانی نەوتەکە لە وەرزی پایزدا، وشک دەکات. زەوی مەنگرە بەردەڵانە و پڕە لە پنچکی فەندوق. هەر بەردێک هەڵگێڕیەوە دووپشک دێتە دەرێ و ماریش زۆرە. پلەی گەرما لەژێر سێبەرەکاندا دەگاتە بیست و نۆ تا سی. لە سەرەتای ساڵدا خەڵکی ئەم دەڤەرە ئاور دەکەنەوە و تەق و تۆق دەکەن. دانیشتووانی ناوچەکە خێڵاتی و ڕەوەندن.

## له مانگره‌وه تا خوڕه‌ماوا

له مانگره‌وه تا خوڕه‌ماوا، به سه‌ر چیاکانی چاوونی و پیرۆمه‌ر و سه‌رچه‌رموو، رووباری ئانان روود و به‌رزایی چیا کورده و له دۆڵی تابن و که‌نکان و داداوا و خوڕه‌ماوا تێ ده‌په‌ڕێت. له مانگره تا خوڕه ماوا، جاده‌که ده‌بێته دوو به‌ش، یه‌که‌میان به ته‌نیشت رووباره‌که‌دا ده‌ڕوات، به‌ڵام جاده‌یه‌کی باش نییه. ڕێگاکه نێزیکه‌تره. ئێمه له‌م ڕێگایه‌وه ڕۆیشتین.

ڕێگای دووه‌م، به سیسارکه که‌چه‌ڵه و خانه نه‌سیردا تێ ده‌په‌ڕێت، به‌ڵام ڕێگاکه‌ی زۆر باشتره. له نێوان ئه‌م دوو ڕێیانه‌دا، به سه‌ر کێوی چاوونی دا تووله ڕێگایه‌کی زۆر ناخۆش و پڕ مه‌ترسی هه‌یه. ئه‌م ڕێگایه به‌سه‌ر چیای چاوونیدا شۆڕده‌بێته‌وه. له ده‌روازه‌ی ڕه‌گی سوور، تێکه‌ڵ به ڕێگای سه‌ره‌کیی ده‌بێته‌وه. به‌رزایی ترۆپکی چیایی چاوونی، ئه‌ستێره‌ناسی ئینگلیزی «لیوتنان گڵاسکێت» چادری هه‌ڵدابوو، هه‌شت هه‌زار فوت له خوڕه‌مشار به‌رزتربوو. له هاوینه هه‌واری مانگره، خێڵاتیان ڕه‌شماڵیان هه‌ڵدابوو، تا ئه‌و شوێنه‌ی گڵاسکێت لێی دانیشتبوو، چوار کاتژمێر مه‌ودابوو. له مانگره‌وه به دوو کاتژمێر گه‌یشتینه سه‌ر جاده‌ی دزفول. پێش ئه‌وه‌ی بگه‌ینه سه‌رده‌ره، ده‌سته چه‌پ، له نزیک کانییه‌که ئاوێکی سازگاری هه‌بوو، خێوه‌تمان هه‌ڵدا. ئاوی ئه‌م کانییه له‌نێو دڵی به‌رده‌کانه‌وه دێته ده‌رێ و به عه‌رزیدا ڕۆده‌چێته‌وه، دیسان له ژێڵا دێته‌وه سه‌رێ و ده‌چێته‌وه ژێر زه‌وی. به بن عه‌رزیدا ده‌ڕوات تا ده‌گاته شیوی سه‌رده‌ره، له‌وێشه‌وه ده‌چێته‌وه سه‌ر رووباری قیلاو. بیست و شه‌شی ئوت، له ڕێگای سه‌ر دۆڵه‌وه گه‌یشتینه یووه‌ند، شوێنێکه له نزیک زۆزانی مه‌نگره، به ده‌سته چه‌پدا. له شانی راست شیو و دۆڵێکی گه‌وره هه‌یه. له شانی چه‌پ کێوه به‌رزه‌کانی ته‌نیشت چیای چاوونی قوت بوونه‌ته‌وه. له خوار کانی کاراب، دۆڵێک هه‌یه و له داوێنی کێوه‌کاندا ئاوایی دیوه‌ند هه‌ڵکه‌وتووه، چل ماڵی تێدا نیشته‌جێیه. له پشت گونده‌که، دۆڵی زه‌رده‌ده‌ر، زاری داپچڕیوه. لێره‌وه به‌ودیوی چیای گوڵه‌زه‌رد دا ده‌شتێکی به‌رین دێته سه‌رڕێگاکه. ئێره‌ش قسنێکی لێیه به‌ناوی شازاده

ئەحمەد، زیارەتگایەکی بەناوبانگە. لەم جێیەی ئێمە راوەستابووین گۆڕخانەیەک نەدەدیترا. چەند کەسێک لە هۆزی پاپی لووڕستان، زێوانی ئەم چاکەن. بیست و حەوتی مانگی ئوت، لە تکاڵ تا کانیسوورە دێمار، بە کاتژمێرێک و چل و پێنج خولەک گەیشتین. شان و ملی کێوەکان بە تەواوی بەردی سوورە. لێرەوە باریکە ڕێگاکە جوێ دەبێتەوە و دەچێتە چیای بێ ئاو، زۆزانێکی دیرەکوەندانە. لە چیای چاوونی و چیای بێ ئاو، هێڵێکی راستە و راست مەنگرە دەگرێتەوە. لێرەوە بۆ سەر کێوی چاوونی چادرەکەی گڵاسکت دەبیندرێ. لەنێوان ئەم دوو کێوەدا برنج دادەچێنن. لە شانی راستی چیای بێ ئاو، منارەیەک هەیە لە دەرەوە شکۆیەکی سەیری هەیە. کەچی لووڕەکان دەڵێن لەنێو منارەکەدا هیچ شتێک نییە. ئەو مەودایەی ئێمە بە چوار کاتژمێر و نیو پێیدا ڕۆیشتین، زۆر ناخۆش بوو. باری زل و قەبە بە زەحمەت پێیدا دەردەچێت. پیپرت، لە نزیک پردەکە و دۆڵێکی کەم ئاوە. سیازدە کاتژمێرمان پێچوو تاکو بە بارەوە بەم ڕێگایەدا دەرچووین. ئێمە نۆ سەعات زووتر لەوان گەیشتینە شوێن و جێگەی خۆمان. ئەوەندە ڕێگاکە ناخۆش بوو، ناڵ و بزماری ئەسپ و هێسترەکان کەوتبوون. مەودای ڕێگای پیپر تا پیرۆمەر، دوو کاتژمێر و پازدە خولەکە. گومبەدی ئەم چاکەش، هەر وەک شەخسەکانی دیکە چەرمگە. چوار دەورەی شوورە و بەردەچنە. گومان بۆ ئەوە دەچێ ئەم کەسەی لێرەدا نووستووە، هەر وەک مارگرەکانی ئێران، مارەکانی دەستەمۆ کردبێ و خواردنی پێدابێتن. لەنێو هۆدەی ئیمامزادەدا، هیچ شتێک نەبوو، دیواری نێوان ڕێگاکە خێچەکە و خوارەکە بوو. وێدەچوو لێرەوە چووبێتن بۆ سەر گۆڕەکە، بەڵام ئێمە ئەم شوێنەمان نەدیبوو. لە حەساری ئیمامزادەدا، چەند گۆڕێ دەبیندرێت، ئەمانەش ئایەتی پیرۆزیان لەسەر نووسرابوو، لەبن نووسراوەکاندا رووخساری مرۆیەکی ناشیرن هەڵکەندراوە. بەسەر دەرگاکەوە، کۆتەڵی گیانداران دەبیندرێ، هەر وەک کیسەڵ و زۆر شتی دیکە بوون بە بەرد. بەردێکی دیکەش هەیە هەرووەک بەردی عەین ئەلهەر، «گەوهەر» وەک دەڵێن ئەمانە دیاری و سەوقاتن زیارەتکەران هێناویانە، بۆ سەر پیرۆمەر، هەرکەسێک مار پێوەی بدات،

«پیرۆمەر» رزگاری دەکات، خەڵکی ئەم دەوروبەرە بڕوایان وایە شمشێری پیرۆمەر لەکن کوڕەکەیەتی، کوڕو نەوەکانی ئەویش بەم شمشێرە جێدەمی مارەکە خۆش دەکاتەوە و ژاربڕی دەکات. لووڕەکانی ئەوێ دەیانگوت، ڕۆڵەکانی پیرەمار، لەنێو ئەواندا تا ئێستا کەس نەیبینیوە و شمشێری ئەو پیرە لەلای کەسیش نییە، هەر کەسێک مار بیگەزێت، دەیبەنە سەر ئەم چاکە و بە نەزر و نیاز و خێر و سەدەقە و نوێژکردن، دەپاڕێنەوە خوا چاکی بکاتەوە، دۆڵی پیرۆمەر، شوێنێکە ئاووهەوایەکی خۆشی هەیە. لە تەنیشت قسنەکە، کانی و ئاو و دار بەڕوو زۆرە. تەواوی ئەم کێوانە بەردی سوورە، لەمسەر بەرەو ژووریەوە دەچێتە چیای سەرچەرموو، بەڵام ڕێگاکەی کێوی سوورە دەمار، خۆشترە. لەسەر ترۆپکی چیای گڵە سپییەوە دەتوانی بە چوار دەوری خۆتدا بڕوانی. لە دوورەوە کێوەکانی بێ ئاو، چاوونی و کرکی و کێوە کووڕ، لە شانی راستی کێوی کەرویێشکە دیارن. لەسەر چیای گڵە سپی، ڕێگایەکی سەرەو خواری دوور و درێژ هەیە. لە داوێنی ئەویشەوە رووباری چەم هەنارە، لە پیپرەت تا ئەم شوێنە سێ کاتژمێر و چل خولەکمان پێچوو. شەو لەوێ وچانمان گرت، رووباری سوێراو لێرەوە رادەبرێت. دوو ساڵ لەوەپێش نەمابوو. لووڕەکان دەیانگوت لەم کێوانە کانی زۆرە ئاوەکەی سوێر بێت. لە تەنیشت رووباری هەنارە، دار و درەختێکی زۆر یان چەقاندووە. ئەم درەختانەش هەر لەو دارانە دەچن ئێمە لەنێو ڕێگای بوشێر و تەختی جەمشید بینیمان. میوەیەکی بۆن خۆشی هەیە و کەسیش نایخوات. داری دیکەشی لێیە میوەکەی هەروەک نیسک بۆن خۆشە، بەڵام خواردنەکەی تفتە. دار و درەختێکی لێیە پێی دەڵێن «جۆز» بەرەکەی لە شێوەی بەلاڵووکە و ناوکەکەی هەر لە قاوە دەچێت. زۆرتر ژنان ئەم میوەیە دەخۆن. چڕوپڕ داری بەڕوویی هەیە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەئاردی بەڕوو نان دەکەن. کوچک و بەردی دەم رووبارەکە ڕەنگاو ڕەنگن، گومان بۆ ئەوە دەچێ، ئەم بەردانە کانەیی بن هەروەک، قوڕقۆشم و مس و زێو. بیست و نۆی مانگی ئوت وچانمان گرت. چەند کەردارێک چووبوونە زۆزانی هۆزی جودکی و چنگی، ئالیک بێنن بۆ چارەواکان. ئەم زۆزانەش پێنج

کاتژمێر لە شوێنی حەسانەوەی ئێمەوە دوورە. لێرە رووباری چەم هەنار لەگەڵ ئاوەکانی دیکە تێکەڵ دەبێتەوە. ئەم رووبارەش، بە چەم زاڵ، بەناوبانگە. لە چیاکانی لوورِستانەوە دێتە خوارێ و دەرژێتە رووباری کەرخەوە. دەڵێن ئەم خاڵە کە ئاوی رووباری چەم هەناری پێدا دەرِوات، دەچێتەوە سەر رووباری خانە نەسیر. رووباری سپی، رولنسان لە سایاحەتنامەی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکات، ئێمە لێرە تووشی نەهاتین. ئەو رووبارە لە چیای سەر چەرموو دێتەخوارێ، لەوە دەچێ ئێستا وەشکی کردبێ.

لە سی مانگی ئوت دا، بە رِێگای چەمی هەنارەوە لاماندا بە تەنیشت ئاوێکی دیکەدا رێگامان گرتەبەر. بە چل خولەک گەیشتینە دۆڵەکە. شیو و دۆڵێکی زۆر دڵگیر بوو. بەهەر لایەکدا دەرِوانی داری هەرمێ و گوێز و کرۆسک بوو، رِەز و باخی ترێ رِەشە و دار عەناب، سەرنجی رادەکێشاین. لە شوێنی حەسانەوە تا چیای کوردە، دوو سەعات و نیو رِێگا بوو. لە گەرووی دۆڵەکەدا قسنە کۆنێک هەبوو، لە ترۆپکی کێوەکەوە بە شانی باشووردا، تەنانەت چادری گڵاسکت ئەستێرەناسی ئینگلیزی، لەسەر دوندی چیای بێ ئاو دیارە و ئەوەندەی چاو دەبینێ دەر و دۆڵ و دارستانە. لە داوێنی کێوەکانەوە دەچێتە قەڵای نەسیر خان و سیسارکە و دەگاتەوە قیلاو. لە چادرەکانی ئێمەوە تا سەر دوندی کێوە کوردە هەر هەمووی سەرەو ژوورییە. لە هەر جێیەکی ئەم شیو و دۆڵەدا کە ئێمە وچانمان لێگرت، لوورِەکان پێی دەڵێن زۆزان. زۆر جار بایەکی گەرم لە گەرووی ئەم شیوو دۆڵەوە هەڵدەکات. لەسەر چیاکەوە تا ئەم دۆڵە چوار کاتژمێر و پازدە خولەک رِێگابوو، بۆ دەشتەکە. لەنێو رِێدا بێجگە لە دار بەرِوو، داری هەرمێ و بادامی کێویمان تووش هات. لوورِەکان بە دۆڵی تائین دەڵێن زۆزان، رووبارێکی چکۆڵەش هەر بەم ناوە لێرەوە تێ دەپەرِێت. لەنزیک کێوی کاوریا دەچێتەوە سەر رووباری کەرخە. بە پێی وتەی خەڵکی ئەم ناوچەیە، حاتەمی تایی، سەرۆک هۆزی تایی و کەسێک بەناوی بازڵ، ناوداربووە، لەم دۆڵەدا تەلارێکی سازکردووە نۆ پەنجەرەی تێدا بووە.

له سی و یەکەمی مانگی ئوت، تا دەچووینە پێشتر دۆڵەکە گەورە دەبێتەوە. لە ناوەندی شیوەکەدا تەپکێک هەیە گۆڕی ئیمامزادەیەکی لەسەر نێژراوە بەناوی ڕەحمەدین کوڕی ئویس، لە حەساری ئەو ئیمامزادەیەدا چەند گۆڕێک هەیە، تاتە بەردێک لەسەر عەرزەکەیە، نووسراوەی بە خەتی عەرەبییە. لە دیوی دەرەوە چەند گۆڕ هەن بە گەچ داڕێژراون بەشێوازێکی دیکە. لەسەر ئەم تەپکەوە دەوروبەر بەجوانی دیارە. ڕێگای دۆڵەکەش دەچێتەوە سەر قەڵای نەسیر خان. وەختێ لە قیلاو دێیە دەرێ، لە سەرەتای شیوەکەدا، شوێنێکی دەشتایی خۆش هەیە. ئەمەش دڵگیرە بۆ چادر هەڵدان. لەنێو دۆڵەکەدا دەشتی وا هەیە کە سێ پۆل سەرباز بە تۆپخانەوە تێیدا دامەزرێت، ڕووباری تائین لێرەوە تێ دەپەڕێت. لەم دۆڵەوە بە دەستی کێوەکاندا درێژەمان بە ڕێگای خۆماندا، لە دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە شوێنی حەسانەوە لە کەشکان. بەر لەوەی بگەینە کەشکان، لە دۆڵێکی تەنگەبەردا تووشی بەردە خوێی ساف و لووس هاتین. لە دۆڵی کەفکانەوە هەر بەم ناوە ڕووبارێکی چووکە دەڕوات.

کاتێک لە خاڵی سێ دەری دەرچووین، بە دەستە چەپدا، چەند ئەشکەوتێکمان دیت. بەم شوێنانەش دەڵێن سەری کەفکان یان کەشکان. لە سەرەتای کێوەکەوە، پەنجا سەجنە، واتە سێ سەد و پەنجا زەرع. لە داوێنی کێوەکەوە کاتێک لە باڵای چیاکە دەڕوانی وەک ئەوە وایە چەند پەنجەرەی بەبێ چوارچێوەی تێدابێ.

ئێمە لەگەڵ ئەو لووڕانەی ڕێنوێنمان بوون، بە تەنگەڵانێکدا چووینە سەر ترۆپکی چیاکە. بەڵام وەسەرکەوتنێکی هەورازخز. هەرچۆنێک بوو گەیشتینە کونەکان. بە یارمەتی لووڕەکان گەیشتینە سەرکێوەکە. بە دەستی چەپدا، لەکونەکانەوە چووینە ژوورێ. لە پێشەوە هۆدەیەک هەیە سەربانەکەی بەردی چیاکەیە. رووبەری ژوورەکە هەشت هەنگاوە لە شەش هەنگاو. لە کۆتایی ژوورەکەدا جێیەک هەیە وەکی ژێرزەوی. بە قەت درێژایی هۆدەکە دابڕدراوە. لێرەوە چووینە نێو دووەم هۆدەوە، کونێکی هەبوو لە شێوەی پەنجەرە، بەسەر دۆڵەکەیدا دەڕوانی. لە ژووری دووەمەوە ڕێگا هەبوو بۆ

هۆدەی سێیەم، وەک بورجێک وایە بۆ ئەوە دەبێ تۆپی لێ دابەستی. لەنێو ژوورەکەدا بە بەرزایی دوو زەرع دەچێتە سەر قاتی سێ. لەم دیوەشەوە دەچێتە هۆدەی چوارەم، بە شانی چەپدا، گۆڕەپانێکی بەرین هەیە و پەنجەرەکانی بەسەر دۆڵەکەدا دەڕوانێت. لە دەستە راستەوە دەچێتە نهۆمی دوو. ئێرە چوار هۆدەی تێدایە، نشیمەنیان زۆر خۆشە. سەرلەبەر تاشراوە. ژوورەکان هەموویان سۆبەی تێدایە. وەختی خۆی ئاوری تێدا کراوەتەوە. هۆدەکان بە دووکەڵ ڕەشبوون. لێرەوە دەچێتە قاتی سێ، ئەویش چوار ژووری هەیە، ئەم مغارە سەرجەم دوازدە دەرگای هەیە. هەروەک لووڕەکان دەیان گوت، لەنێو هۆدەکانەوە بۆ سەر کێوەکە هیچ ڕێگایەک نیە. ئێمەش هەوڵماندا و وتەی ئەوان تەواو وابوو، لووڕەکان دروستبوونی ئەم مغارە دەگێڕنەوە بۆ دەورەی رۆستەم.

لە کۆندا لە کانییەکانی کێوەکەوە هاتوو، زۆر لەوە دەچێ هۆدەی بنەوە عەمباراو بووبێت، بەڵام ئێستا وشک و بێ ئاوە، ئێمە پرسیارمان لە هاوڕێ لووڕهەکانمان کرد، «ئاخۆ لەو دەوروبەرە شوێنێکی دیکە وەک ئێرە هەیە؟» ئەوان گوتیان لەم نزیکانە نیە، بەڵام لە چیاکانی کاران، لەسەر دوندی کێوێکی بچووک جێیەک هەیە لەچاو دەوروبەری خۆی بەرزترە، شوێنێکە ئاوی رووباری دز، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. لەوێندەرێ ئەشکەوت و مغار هەیە. زۆر لەوە دەچێ هەر ئەو کێوە بێت لە دزفولەوە دیارە. رووباری کارون ئێرانی گەل بە کارون ناوی دەبەن. لووڕهان دەیانگوت، لەو کێوانەی لە نێوان خوڕەماوا و دزفولدایە، لە وەرزی زستاندا دەرچوون دەبێ، بەڵام چۆمەکان دەیبەستێ و بەفری ئەوێ زوو دەتاوێتەوە. لەو وەرزەدا، ئەم کێو و شاخانە پڕن لە ورچ و بەور و بەراز و بزنەکێوی و گورگ و چەقەڵ و ڕێوی و کەروێشک، خەڵکی ناوچەکەش راویان دەکەن.

دوای گەڕانەوەمان لە مغارەکان، ماوەیەکی باش سەیری سەما و هەڵپەڕینی لووڕەکانمان کرد. ساز و مۆسیقای ئەوان دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلە بوو، هەڵپەڕکێی ئەوان هەر لە سەماکردنی یۆنانی کۆن دەچێ، چەند کەسێک دەستی یەکدی دەگرن و بە شێوەی بازنەیی هەڵدەپەڕن. دوو

کەسی دەسرە بە دەست خەریکی سەماکردن دەبن، سەرەتا هێور و لەسەرەخۆ، دواتر گشتیی دەکەن. کەسێک گۆرانی دەچڕێ و ئەوانیش لەگەڵ هەڵپەڕکێکەدا جارێک هەڵدەتروشکێن و دیسان هەڵدەستنەوە. بەدەنگێک دەگوڕێنن لە شێوەی پاڵەوانانی مەیدانی شەڕ. خۆر رووی لە ئاوابوون کرد و شەو بەسەرداهات. هەر کەسە و رووی کردە چادر و خێوەتی خۆی و تەخت پاڵی لێدایەوە، تەنیا ئەو کەسانە مابوون کە هەڵپەڕکێیان دەکرد لەدەم دەرگاکان کێشک چی ئێمەبوون.

ئەو شەوەمان بە گوڕە و هەراوە تێپەڕاند، لووڕەکان لەوە دەترسان نیوەشەو بەسەرماندا بدەن و تاڵانمان بکەن، هەتا بەیانی ئاوریان کردەوە و بە زمانی لووڕی گۆرانی و مقامیان بۆ گوتین.

سەرەتای سپتامبەر بە ڕێگای کێوەکاندا، هاتینە دۆڵی داداوا، لەو شیوەدا ئاوێک بەئاستەم مارە دەکات. لە شوێنێک بنکەی سەربازیمان چاوپێکەوت، لەوە دەچوو لەم شوێنەدا خۆیان بۆ شەڕێک ئامادە کردبێت. نەختێک سەرتر لە دۆڵەکە، بە بۆنەی ئاوی کانیاوەکەوە، ئەم شوێنە بە شۆراو ناودێرە. ڕێگای سەر ئەم کێوانە تا دەگاتە خوڕەماوا، پێی دەڵێن پی پی. لە دەستە راستەوە، چیای تاقگە سەرنجت رادەکێشێ، ئەو کێوانەی لە نێوان کێوە کورد و پی پیداهەڵکەوتووە، پێیان دەڵێن هەشتا پاڵوو «هەشتا لا». ئەم کەل و باسکانەی لە کێوە کوردەوە تاکو چیای پی پی، پێیدا هاتین، هەورازییەکان و نشێوی یەکی دی زۆر لاپێی و هەڵەمووت بوو. لە لای باکوری چیای پی پی یەوە، دەشتی خوڕەماوا لەگەڵ شاری خوڕەماوا بە جوانی دیارن. هەروەها لەوێشەوە،تا خوڕەماوا، چوار فرسەخ ڕێگایە. سەر بەرەو خواری لە دووندنی چیای پی پی، تاکو داوێنی سەعات و نیوێکە. لە شانی چەپ، لە نێوان دوو کێودا شیوێکی تەسک هەیە، دەچێتە زۆزانی هۆزی دیناروەن، نیوەی ئەم هۆزەش لە نزیک خوڕەماوا، نیشتەجێن.

## دەشتی خوڕەماوا

دەشتی خوڕەماوا بە دوو شیو و دۆڵدا یەک دەگریتەوە. یەکیان لە لای باکوری ڕۆژئاوا روو دەکاتە باشووری ڕۆژهەڵات، ناسراوە بە کرە گا. ئەویدیکە لە شانی باشوورەوە دەچێتە باکور، پێی دەڵێن دۆڵی خوڕەماوا. شاری خوڕەماوا لە کۆشی ئەم دۆڵدا هەڵکەوتووە، لێرەوە رووبارێک تێ دەپەڕێت لە شوێنی خۆی لادەدا و دەچێتە سەر شیوی کرەگا، بەرینی دۆڵی خوڕەماوا تا نزیکی شار، بەفرسەخ و نیوێکە. دوای هاتنە خوارێی لە کێوەکە، تاکو قووڵایی ئەم شیوە، سێ چارەکە ساعاتە، تا دەگەینە کاولە دێ، لەوێ پشوودەدەین. خەڵکی ئەم گوندە چوارماڵیان هەبوو. بە بۆنەی ئاوداشتنەوە، چاومان بە چەند جۆگە ئاو کەوت، لە تەنیشت ئەم جۆگە ئاوانە، چەند دارێکیان چەقاندووە، لە شانی باکورەوە تا دۆڵی کرەگا، کێوەکان دیمەنێکی دیکەیان هەیە، ئەم کێو و شاخە رووت و بێدارە. کێوەکانی دەوروبەری خوڕەماوا لێرەواری نیە. بەڵام لە دۆڵی خوڕەماوا، لە تەنیشت رووبارەکە، باخ و باخاتێکی دڵگیرە. هەر هەموی داری میوەیە. لە دۆڵی کرەگا، لە زۆر شوێن، دار و بنچک بەرچاو دەکەوێت. لە دەستە چەپی ئەم دۆڵە دا لە بەرزایی کێوە سپی، نیشانەیەک هەیە، لە لای باشوورەوە ڕێگایەک هەیە، بۆ ڕێبواران. لە بەشی باکوری چیا چەرموو جادەی خوڕەماوا دەچێتەوە کرماشان. لە باشووری ئەم کێوەوە، ڕەنگە بچێتەوە سەر جادەی کرماشان، بەڵام ڕێگایەکی پڕ زەحمەتە، مەودای ڕێگاکە لە شوێنی حەسانەوە تا دۆڵی خوڕەماوا، پەنجا خولکمان پێچوو. لە نێوەراستی ئەم دۆڵەوە، گردێکی جیاواز هەیە، لێرەوە باخەکانی خوڕەماوا دەست پێدەکات. بەشێک لە شاری وێرانی ئەم ناوچەیە دیارە. لێرە منارەیەک هەیە لە خشتی سوور، بیست و پێنج زەرع باڵای بەرزە. ئەم شوێنە زۆر بەرینە، نیشانەی شارەکۆنی پێوە دیارە. لە نزیک ئەم مغارەش، بەردێکی کەڵەگەت هەیە پێنج زەرعە و هەر لایەکی دووزەرع و نیوە. ئەمەش خەتی کوفی لەسەر نووسراوە و جێ پەنجەی مرۆڤی پێوەدیارە. ئەو بەشەی رووی لە ڕێگاکەیە، شەش دێری لەسەر

نووسراوە. ئەو بەرەی دیکەشی هەر بەم شێوەیە چوار دێری لەسەر هەڵکەندراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی زۆر کەونارایە، خوێندنەوەی هاسان نییە و نازانی چەند گەز بە زەویدا ڕۆچووە. ئەم بەردە تەواو گەنمڕەنگە. زۆرجار بەردەکە تەڵەزمی لێ هەڵدەبێ و دەوەرێت. ئەم بەردە زۆرتر دەچێتەوە سەر بەردە ئەستێ. لەم قەڵایەوە بە سەعات و نیوێک گەیشتینە پردی خوڕەماوا.

جلوە کێو، بە پێی وتەکانی داراب توشماڵ، هۆزی دیرەکوەند و تایەفەی ئەو لووڕهانەی لە جلوە کێو، نیشتەجێن، بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەک: باڵا گریوە «سەر گردان» دووەم: عامله، سێیەم: سیلە سیلە، چوارەم: دلفان، پێنجەم: خوڕەماوا.

هۆزی باڵاگریوە بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

یەک: درەک وەند، دوو: پیراوەند، سێ: باجەڵاوەند، چوار: ساکی، پێنج: پاپی، شەش: جودکی، حەوت: رەشنا، هەشت: ماماسارم (تایەفەی ماماسارم)، نۆ: مەکان عەلی، دە: مەقیمە.

هۆزی ناوداری ناوچەکە، تایەفەی پەرانەوەند و تایەفەی باجەڵاوەندن.

خێڵی عامله ئاوا دەبەش کراون:

چەگنی، کۆشکی، فەراش، زیەدار، کەماڵوەند، زارونی، پرحیتات، شیراوەند، ئامرە، کەرەمهی، هێستر چی، کورد ئەڵماسی، حەسەن، کودری، سیکا وەند.

هۆزی لووڕەکان بەگشتی، ئەوانەی بۆ نووسین نابن، شەست تایەفەن، لەو نێوەدا تایەفەی چەگنی بۆ دەست وەشاندن بە نێوبانگن.

خێڵی سیلە سیلە بەسەر ئەم تایفانەدا بەش کراون:

یەکەم، حنەوەند، دووەم، ترکەشوەند، سێیەم:کۆڵەوەند.

خێڵی باڵاگریوە و عامله لەگەڵ تیرەکانی سیلە سیلە و دلفان، دوژمنی باوەکوشتەی یەکدین، لە دەورەی دەسەڵاتی محەمەد عەلی میرزادا، لە لووڕهستان، توشماڵەکانی جلوەکێو، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە و پرس و بەرژەوەندی حکوومەت و پێشگرتن لە خوێن ڕشتن، بانگ دەکەنە لای خۆیان، وەختێ لووڕان لەوێ دەبن، شازادە، سەبارەت بە توشماڵانی خێڵی باڵاگریوە بە پەنامەکی ڕێزی زۆرتر دەنوێنێ و وەلای سەرووی

ژوورەکەیان دەخات. لەبەر ئەوەی ئەم خێڵە لە ئەوانی دیکە ناو بەدەرەوەتر بوون، شازادە ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەنێت. سەرۆک هۆزانی دەوروبەر وەختێ ئەم ڕێزو لوتف و حورمەتە دەبینن، دەهبەر بە خێڵی باڵاگروە، کردوویانە گوڕە و هەرا، ئەوسا، شازادە دەستووری فەرموو، لە هەردوو لاوە دەرگای هۆدەکە بکەنەوە، سەرۆک هۆزان تێکڕا چوونە ژووریٚ.

بڕوانە هەواری هۆزی باڵاگریوە: تامین، چیا کوردە، کابکۆن، غەڕیر، تاڤگە، جمانکاڵ، هەشتا لا، بێبەرگ، تەختی ساعد، کۆس، چەم هەنار.

هاوینەواری خێڵی جودکی بەم شێوەیەن: ئاوە سارد، عەقرینە، قەڵای نەسیر، چل گوڵ، چەمیشک، لەنکان، ریحان، غەراڵ، سەر سەنگ.

ژینگەی خێڵی راشنۆ، تایبەتە بە شوێنێک بەناوی تەئی.

ئەمەش هاوینەهەواری تیرەی پاپی: سوورام، لیالیارە، پەشم، چنارکەل، کرێت، ترمی ئەو، لیری، ئادی، ئەزنا، ئابستان، کاسون، مامل، زلیا.

هاوینەهەواری تیرەی پرانەوەند و باج لاوەند: کەڵەباب، لەبەشی باکوری لە خوڕەماوایە، هەوارێکی بەناوبانگی لووڕستانە.

ژینگەی خێڵی سیلە سیلەی ئەلەشتەر، ئەمەش بە دوای کەڵەبابدا باشترین هەوارە لەنێو هەوارەکانی لووڕهستاندا.

شوێنی ژیانی تیرەی دلفان پێی دەڵێن هاوە.

جێی کرێکارەکان پێی دەڵێن، میشنان.

شوێنی ژیانی خێڵی عاملە، پێی دەڵێن، وەلم. ئەم تیرەیە، لەگەڵ تایەفەی چگنی و میشنان، لەنێوان، کەڵەباب و ئەلەشتەردا نیشتەجێی و دراوسێن.

ئارانی هۆزی مەفسلە، لەگەڵ ژینگەی ئارانی خێڵی باڵاگریوە بەم شێوەیەن: میالن چیا، کڕکی، هەنار یەک، قیلاو، رەزا.

شوێنی حاوانەوەی تایەفەی جودک، تەختە چین و ژینگەی تایەفەی رەشنۆ، پیرەمارە.

تایەفەی ساکی لەسەر دوندی کێوەکانی خوڕەماوا، لە شانی چەپ رووباری قیلاو و دەستە راستی درک وەن دامەزراون، زۆزانی ئەوان بەم شێوەی خوارەوەیە:

سەد مەرا، جادر، پردی گامێشان، کل کل وشو، چاڵە کل سەرەنگ.

ژینگەی تایەفەی دلفان: تەرحان، رووبار، ئێزکۆ، کێو دەشت، عەلی و موعتەمەد، ئاران و زۆزانیان نیە، هەر جێیەکیان پێخۆش بێت روویی تێ دەکەن. لوورەکان بە سەرۆک و کوێخا، دەڵێن «توشماڵ». ئەوانەش دەمڕاستی تایەفەی خۆیانن، دەبێ ئەو کەسەش هەڵگری ئەم ناوە بێت و نیشانەی خۆی خەسار نەکات. هەر کەسێک لەو توشماڵانە تەنیا دەسەڵاتی هۆزی خۆی هەیە. هەر وەک خان و قوڵەمیران.

هەر وەک داراب خانی توشماڵ دەیگوت: لوورەکانی پشتکۆ و پێشکۆ، بە گشتیی فەیلی دێنە ئەژمار، بەڵام جانگیرخان «کوڕی سولێمان خانی سەهامودەولەی ئەرمەنی»، کە جێگری بابی بوو، دەیگوت، تەنیا بە لوورەکانی پشت چیا دەڵێن فەیلی. شازادە ئەردەشیر میرزا، مامی خاوەن شکۆ شای ئێران، ئەمە دەسەلمێنێت.

## لە خوڕەماوا تا بروجێرد

لە دۆڵی دەپیر تا کەڵەباب، خوڕەماوی کوێستانی شوێنی دەسەڵاتی سولێیمان خانە. بەڵام دەشتەکانی دەسەڵاتی بەشی عەرەبنشین و خوزستان، کێو و چیای نیەوە و ساکە دەشتە.

ئەردەشیر میرزا هەر بەناو دەسەڵاتدار بوو، بەڵام دەسەڵات تەنیا بە دەست سولێمان خانەوە بوو. ئێمە لە خوڕەماوا تووشی ئاژەڵێک هاتین، بە ناوی گوێڕەش، ئەم گیاندارە زۆر لە پشیلە دەچوو. مووی لەشی وەک مووی بزنەکێوی وایە، گوێچکەکانی ڕەش و درێژن، نەختێکیش تیسکنە، دەمی گەورەیە و وەک ڕێوی کلکی تووکنە، بەم جۆرەی ئێمە بیستمان، دەڵێن لە شێوەی پەپوولە، کە بەدەوری شەمدا دەسووڕێتەوە، ئەم گیانلەبەرەش، هەمیشە لە دەوری شێر دەخولێتەوە، وەختێک لە دوورەوە نێچیر دەبینێت، زۆر بە ئارامی شێر لە خەو هەڵدەستێنێت، لە بەرماوەی پاشای دارستان خۆیی تێر دەکات. کاتێک ئەو گیاندارە دەردەکەوێت، شێر لە پشتەوە ئامادە دەبێت. هەر کە نێچیر لە داو کەوت بە چنگی ملی دەگرێ و بە نینۆکەکانی

کونی تێ دەکات و خوێنەکەی دەمژێت. ئێمە بە چاوی خۆمان دیتمان ئەو گانداره مریشکێکی گرت و خوێنەکەی مژی، پێش ئەویش هەر بەم شێوەیە مەڕێکی کوشتبوو، خوێنەکەی خواردبۆوە. ئەم ئاژەڵە بە دیمەن زۆر جوانە. بە تایبەت چاوەکانی سەرنج راکێشە، بەڵام بێجگە لەو شتانەی باسمان کردن، گیانداریکی خوێنمژ و دڕندە و نەترسە، جووڵە و خۆشبەزی ئەم ئاژەڵە، وەک هەورە بریسکە کتوپڕە، ئەگەر بیان هەوێ، بە گەورەیی بیگرن، ئەوە زۆر نەگونجاوە، باڵای زۆرتر لە چارەکێکی ئەرشینە و درێژیەکەی نیوەی ئەرشینێکە. ئەو گیاندارەی ئێمە بینیمان زۆر بچووک بوو. لەوەش گەورەتر بەئەندازەی چەقەڵێک دەبێت. ئەم گیاندارە لەگەڵ شێر، لە چیاکانی لوورستان و خوڕەماوادا دەژین.

لە نزیک خوڕەماوا دوو ئاودڕهەیە، لە وەرزی هاویندا ئاوی ئەوێ ئەیبەستێ. خەڵکی خوڕەماوا هاواینان ئەم سەهۆڵە دەبەنەوە بۆ خواردنەوە. دەهەزار لەشکر لە شانی باشوور ڕووبەڕووی خوڕەماوا، لە سەرەتای دڵی کرەگا، بەدەم ڕێگای دزفولەوە، لە شوێنێکی باش هۆردوویان هەڵداوە. نیوەی لەشکرەکە لە دەستی راست، لە نزیک ڕەز و باخ و رووبارە، نیوەکەی دیکەشی لە دەستی چەپ، لە شانی کێوەکان دامەزراون. لە نێوەڕاستی هۆردووەکە کێوێک هەیە و لە سەر دوندی کێوەکە، قەڵایەکی بەناوبانگ سازکراوە و جێیەکی باشە. شوورە و دیوار و بورج و قەڵاکە بەگەشتی لە خشتی سووری دێرینە. لە نێوەراستی قەڵاکەدا کاولە کۆنێک هەیە. بێجگە لە دوو عەرابە تۆپ، تۆپخانەیەکی تایبەت لەو قەڵایەدا نییە. بەشێکی لەشکرەکە، هێزێکن لەو قەڵایەدا وەک سەربازخانە دامەزراون. گەرماوێکی کۆن لەوێدا هەیە دوای مردنی محەمەد شا، هۆزی چگنی وێرانیان کردووە، لە هۆدەکانی ئەو قەڵایەدا نەخش و نیگاری کۆن دەبیندرێ و گورزی زەمان تێکی داوە. لەو زیندانەی لوورەکان تێیدا دەست بەسەر بوون، نۆ کەس لە تایەفەی چگنی رایان کردبوو. ئەم نۆ کەسە دوویان دەستییان بە خوێندا چوو بوو. یەکیان لە شەڕدا یازدە کەسی کوشتبوو، ئەویدیکەش چوار کەس. بە وتەی جانگیر، خێڵی دلفان و زۆرینەی خێڵی عاملە، عەلی ئەڵایین.

لە شەشی مانگی سپتەمبەر، سەعاتێک پێش تاو کەوتن، خوڕەماوامان بەجێ هێشت. نیو فرسەخ لە دەرەوەی شار، ئەردەشیر میرزا دامەزرا بوو، ئێمەش بە باشمان زانی سەردانێکی شابکەین، لە شوێنێکی دڵگیردا خێوەت و چادری شازادەیان هەڵدابوو، سەربازەکان پرژ و بڵاو بە دەوری شازادەدا، چادریان هەڵدابوو، لە نزیک خێوەتی سەرکردەی سوپا ئاڵایەکی سوور دەشەکایەوە. لە بەر دەرگای چادری خاوەن شکۆ، گرووپی موزیکاڵ، بە موزیکی خۆیان بە خێرهاتنیان کردین.

هۆی ئەو سەفەرەی شازادەیان بەم جۆرە بۆ باس کردین. هەواڵ بەر مانگێک لەوەپێش لە تارانەوە ئیشتیای ناوچەی مەنگرەی کردبوو، بۆ سەرحەددار لەلایەن دەوڵەتەوە نووسراوەی دەبرد، لەماڵی زەینەل عابدین خان، سەرۆکی خێڵی پەرانەوەند، دەیگری و رووتی دەکات. حەسەن خان، برازای زەینەڵعابدین، بەر لە سەرۆکایەتی زەینەلعابدین خان، وی ئەو هۆزەی بەڕێوەدەبرد، وەک دزێکی ناوداری دەورووبەری بروجێرد، ناسرابوو. بە دوای لە دنیا دەرچوونی محەمەد شادا، لەو کاتەدا کە سولێمان خان سەهامودەولە لەگەڵ لەشکرکەی لە تارانەوە دەچێتە دزفول، لە دۆڵی کەڵەبابدا، لە نزیک خەیمە و خرگای خێڵی حوسێن خان چادر هەڵدەدا. لەو هەل و دەرفەتەدا، زەینەلعابدین خان، ئەو دەرفەتە بەباش دەزانێ و حوسێن خانی برای هەڵدەفریوەێنێت و دەیداتە دەست سولێمان خان، سولێمان خان لەگەڵ دەستەیەک رەوانەی تارانی دەکات، لە تاران «نەسق»ی دەکەن و لووت و گوێی دەبڕن. کوڕەکانی حوسێن خان رادەکەن و لە کیاکاندا خۆ دەشارنەوە. ئەوانیش ئەم هەلە دەقۆزنەوە و شەوێ بە نیازی کوشتن بەسەر مامیاندا دەدەن. بەڵام وەختێ بەم حەیس و بەسەی زانی فریای خۆی کەوت و بۆیی دەرچوو، بەڵام دارو نەداری ئەوی لەگەڵ خۆی برد.

ئەو لووڕانەی هێرش دەکەنە سەر زەینەلعابدین دا، پێنج سەد کەس بوون. ئەم کارەشە بە دەستەس سمایل خان، برازای زەینەڵ عابدین بووە. لە کاتی هێرشەکەدا، نامەبەرەکەی دەوڵەتیش، بەهۆی ئەوەی لەلای زەینەل عابدین دەبێت، رووتی دەکەەوە. لەگەڵ ئەوەی هەواڵەکە دەگاتە خوڕەماوا،

دەستوور دەدەن حەوت سەد سەرباز و دوو عەرادە تۆپ بەرن و تۆڵە لە تاوانباران بکەنەوە. ئەم سەفەرە درێژە دەکێشێت، بە هۆی ئەوەی شازادە و سنووروان بۆ ئەو مەبەستە یەک دەنگ نەبوون، بگرە بە پێچەوانەی یەکدی دەجووڵێن. تاوای لێهات شازادە ناچار دەبێت تۆپێک و سێ سەد سەرباز لەگەڵ خۆی ببات و وەدوویی تاوانباران بکەوێت. جانگیر، کوڕی سولێمان خان، بڕیار دەدا ڕەگەڵ ئەم لەشکرەی شازادە بکەوێت و هاوکاری بکات، بەڵام دەمەتەقەی نێوان شازادە و جانگیر، درێژە دەکێشێ و ئەم هەڵمەتە دوادەخات. لە کاتی قسەکردندا، ئەردەشیر میرزا، باسی خوڕەماوا و شوشتەری بۆ کردم.

شوش، سۆزیشی پێ دەڵێن بە زمانی موسایی واتە گوڵی سپی. ئەمەش لە تەوراتدا واهاتووە، بەڵام وەک دەڵێن ئەم ناوە بەشێوەیەکی دیکە باسی کراوە.

لە فارسی کۆندا شوش بەمانای باشە «خاس». بەهۆی ئەوەی شارەکە لە شوێنێکی باش بنیات نراوە، پێیان گوتووە شوش، بەڵام بۆیە بە شاری شوشتەر دەڵێن «شوشتەر» ئەم شارە دیمەنی باشتری هەیە. دەڵێن شاری شوش شێوەی سازکردنی هەر وەک مریشک دەچێت، شوشتەریش هەروەک حوشتر دەچێت.

سەبارەت بە خوڕەماوا، ئەم بۆچوونانە هەیە: یەکەمجار ئەو شارە لە لایەن کەسێک بەناوی خوڕەم شاوە ساز دەکرێت، لە دەورانی کۆندا دەریاچە یان گۆلاو بووە. وەختێ گۆلاوەکە وشک دەبێت، شیو و دۆڵێکی خۆش دیمەن دەردەکەوێت.

لە خوڕەماوا تا مەنزڵگاو چادرەکانی سمایل خان، حەوت کاتژمێرمان پێچوو. لەوێ لە نزیکی چۆم و کانییەکان، لووڕەکان بە شێوەیەکی بڵاو چادر و ڕەشماڵیان هەڵدابوو، لەبەرئەوەی لووڕان هەواڵی هاتنی شازادەیان هەبوو، هەر بۆیە هاوڕێ ئێرانییە ناسراوەکەی خۆمان نارد، تاکو لووڕەکان هەواڵی هاتنی ئێمە رابگەیەنن، بۆئەوەی وا بزانن ئێمەش لە ئەفسەران و پلە بەرزانی شازادەین.

سەد هەنگاو دوورتر لە چادری سمایل خان، پێشتر باسی ئازایەتی وجوامێری ئەو پیاوەمان کرد، چادرمان هەڵدا. خان لە چیاکان بوو، کەسوکاری هۆزەکەی میوانداریان لێکردین. کاتی نان خواردن لوورەکان بە دابی خۆیان نانی نیوەڕۆیان بۆ هێناین، نان و پەنیر و دۆ.

سمایل خان لە کێوەکاندا پەنای گرتبوو، بەتایبەت لەگەڵ کوڕەکانی لە چیاکانەوە بۆ دیدەنی ئێمە هاتن، چاومان بە یەکدی کەوت و باسی هەلومەرجی ئێرانی کرد و گوتی سولێمان خان زوڵم زۆری لەڕادە بەدەرە، سەد هەزار تمەنی لە تایەفەی ئێمەماڵیات سەندووە، دوای تەواوبوونی قسەکانی، سمایل خان چاوەدێرێکی بۆ ئێمە دانا و گەڕایەوە بۆ چیاکان. زۆریش لە سوارە ئێرانییەکە دەترسا، دەیانگوت سمایل خان ئەو سامانەی لە مامی بە تاڵان بردووە، بە تەمایە وەک دیاری بیدا بە شازادە ئەردەشێر میرزا، بۆ ئەوەی شازادەی خاوەن شکۆ بە وەجەوە لێی بڕوانێت.

بەیانی زوو دەنگی شیوەن و گریانی ژنان لە چادرەکانەوە بەرز بۆوە. وتیان هۆی ئەم گریانە ئەوەیە، سمایل خان کەسێکی بە دیل گرتووە و ئێستا ئەویش هەڵاتووە، سمایل خان بە خۆی و بە چەند سوارێکەوە کەوتۆتە شوێنی. لە دۆڵەکەدا ئۆغر بەخێری بە ئێمە گوت: بۆ گرتنەوەی دیلەکە جارێ خەریکی کێوماڵکردنم. سمایل خان گفتی سەرۆکی خێڵی دیرەک وەندی یان دێرکۆوەند پشت ڕاست کردەوە و گوتی تیرەی پەرانەوەند و باجەلاوەند، هەرچەندە لە تیرەی باڵاگریوە نین، بەڵام خزمایەتیان هەیە و پشتگیری یەکدی دەکەن. تەواوی لوورەکانی ئەوێ، (پشتکۆ و پێشکۆ) پشت چیا و بەرچیا، بە فەیلی ناویان هەیە، بەڵام ئەم ناوە تەنیا بۆ هێنان و بردنە لە راوێژدا. لوورەکانی پشت چیا بە دوو دەستە هاوێرکراون، خێڵی ماکی و کوردی. خێڵی ماکی لە موڵکی ئەحمەد خان و حەیدەر خان دامەزراون. تیرەی کوردەکان لە موڵکی عەلی خان دا نیشتەجێن. تیرەی پەرانەوەند لە نزیکی مەنگرە و دزفول، لە بەشی باکورەوە دەچنە گەرمێنێ. جانگیر دەیگوت وەختێ لوورەکان لە نێزیک خوڕەماوا، ڕوودەکەنە ڕۆژ هەڵات، هەر یەک لە تیرەکان بە ڕێگایەکی تایبەتدا دەڕوات. بۆ وەێنە خێڵی ساوەند، بەر لەوەی

بگەنە خوڕەماوا لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە وەڕێ دەکەون. خێڵی پەرانەوەند بەنێو شاری خوڕەماوادا دەڕۆن. زۆر جاریش لەگەڵ خەڵکەکە تووشی شەڕ و دەمە قڕە دەبن. لە کاتی کۆچ و کۆچباردا بە هۆی قەوغایی خۆیان کەس ناتوانێ لە هۆزی خۆی دابیڕێت و بە تەنیا بڕوات. وەک باسیان دەکرد کێوەکانی خوڕەماوا پڕە لە کانگاکان. ئەو ئاوەی لە قەڵاکەوە دێتە خوارێ دەچێتە باخەکانی حکوومەتەوە. جیوەیەکی زۆری لێیە و بە چاو دەبیندرێت. کانگای قوڕقۆشم و زێوی زۆرە. قوڕقۆشمی ئەو کانییە زۆر خاوێنە و لووڕەکان بەبێ ئەوەی پاڵاوتەی بکەن دەیکەنە گوللەی چەکەکانی خۆیان. لە دۆڵی کەڵەبابەوە ڕێگایەکی ناخۆش و تەق تەقانە. لێرەش دەبێ تۆپە سووکەکان بە شان و کۆڵ ببنە سەر باسکەکە. لێرەوە بە هیچ کلۆجێک عەرابەی تۆپەکان دەرناچن. هاتنە خوارەوە سەرەتا لەسەر کێوەکان زۆر زەحمەتە و سێ کاتژمێر دەکێشێت. ئەم کێوە لە ناوچەکەدا لە چاو کێوەکانی خوڕەماوا و بروجێرد، لە تەواویان بەرزترە. سەرەتا زۆر بەپارێز بە کێوەکەدا وەسەر کەوتین و بە دووەم کێودا هاتینەوە خوارێ. لە سەر ئەم کێوە بەرزە، لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا، لە وانەبوو سەرمامان ببێت. هۆیەکەشی ئەوە بوو زریان بە تووڕەیی هەڵی کردبوو. ئێمە گەیشتینە جێیەک بە دەستی چەپدا، لە دۆڵێکی تەنگەبەردا، ڕێگایەکی دیکە و رووبارێک دەرکەوت. لێرەوە ڕێگاکە بە دەستە راستدا لا دەدا. باریکە ڕێگایەکە لە تەنیشت چەمەکەوە رادەبرێت. دەشێت بەم ڕێگایەدا بچینە پێشێ. وەختێکیش رووبارەکە کەم ئاو بێت هاموشۆ بەوێدا هاسانە. ئاوی ئەم رووبارە هەر وەک ئاوی ئەو چۆمەی لە ڕێگای شیراز دالکی و کەمارج دیتمان، رەنگی شینە. بەردی ئەم ناوچەیە، لە دۆڵی خوڕەماوا تا مەودایەک دوورتر، رەنگی خۆڵەمێشییە. لە نێوڕێدا بەردێکی زۆرمان بینی شێوەی تا شینیان وەک بەردەکانی نزیک خورەماوا بوو. وا دیار بوو ئەم بەردانەش لە کێوەکەوە هاتبێتن. مەودای ئەم ڕێگایەمان بە چارەکە سەعاتێک تێپەڕ کرد. گەیشتینە جێیەک پەڕینەوە لە چۆمەکە زەحمەت بوو. بەردێکی زۆر لە چیاکەوە بەربۆوە و ڕێگاکەی بەستبوو. ئێمەش ناچار بووین بە ڕێگایەکی تەنگەبەردا

درێژە بە ڕێگای خۆمان بدەین. دوو هێستر بە چرکە چرک ڕەتدەبوون. لە کۆتایی ئەم ڕێگایەدا لە بەشی لووڕهستان دەچینە دەرێ و دەگەینە خاکی بروجێرد. لە کۆتایی ئەو رووبارەدا، لێرەوە موڵکی حکوومەتی لووڕستان دەست پێدەکات. لێرەوە چیاکان تەواو دەبن و دۆڵی بروجێرد دێتە پێشێ. ئەم شوێنەش پێی دەڵێن سیلاخۆر. ئەم ڕێگاتەنگەبەرەی باسمان کرد، بە دۆڵی دزانی لووڕ بەناوبانگە. دۆڵی سیلاخۆر باشترین ڕێگایە ئێمە پێیدا هاتین. ئەم ناوچەیە کانی و ئاوی زۆرە و دۆڵەکەش لرفەی دێت. باوەشی ئەم شیو و دۆڵە باخ و باخاتێکی جوان و دڵگیری تێدایە. دەوری شارەکەش هەموویی باخاتە. وەک ئەوە وایە ئەو باخاتە شارەکەیان لە ئامێز گرتبێت. ئەو کێوەی لە شانی ڕاستی شارەکەیە مەندیلی بەفری لەسەر ناوە.

لە مانگی ژوئیندا، ئینگلیزەکان بەم ڕێیەدا ڕۆیشتوون، ترۆپکی شاخەکانیش تەواوی بەفر گرتوویەتی. ئێمەش تەنیا کێوێکمان دیت بەژن و باڵای سپی پۆش بوو. لە شانی لووڕستانەوە ڕێگاکە دەچێتە دەشتی بروجێرد. لە قەراخ چۆمەکە چەند بەنداویان هەڵبەستووە و ئەم باخاتەی پێ دەدێرن. لە شوێنی حەسانەوە تا شاری بروجێرد حەوت سەعات مەودایە.

## لە بروجێردەوە بۆ گوڵپایەگان

لە ڕێگای سارینچە و حەسار و عەمارات و گوندەکانی خوڕەماوا و خومەین لە بروجێردەوە دەچێتە گوڵپایەگان. بروجێرد شوێنێکی خۆش دیمەنە و دەشتێکی سەوزەڵانییە، چەند کانی و ئاوی تێدایە ئاوەکەی سارد و سووکە، ئەم کانیاوانەش لە نێوەڕاستی شارەکەدا هەڵکەوتوون. جەلالەدین میرزا، کوڕە حەوت ساڵانەکەی خانلەر میرزا، مامی خاوەن شکۆیە و دەسەڵاتداری ئەم دەڤەرەیە. وەختێ ئێمە سەردانی میرزادەمان کرد، میرزا زەنەلعابدین خان، وەزیر و لەلەی میرزادە بوو، لە تەنیشت ئەو دانیشتبوو، بە شاگردەکەی گوت بە بۆنەی هاتنی ئێمەوە لەبەر، شیعرێک لە شیعرەکانی حافز وەخوێنێت. خانی ناوبراو لە حاجی تەرخان لە دایکبووە و زمانی رووسی بە جوانی دەزانێت. دایکی میرزادە بە خواجەدا چایی بۆ ناردم.

سووڕێکمان بەنێو شاردا لێدا و بە لای باکوردا ڕوو بەکێوەکانی نەهاوەند، لەوێشەوە بۆ سەر کێوەکان وەسەرکەوتین، لەسەر ئەم کێو و شاخەوە هاتنە خوارەوە زۆر هاسانە. راگوێزانی تۆپخانەش بەبێ گرفتە. لەبەردەم شارەکەدا باخاتێک نیە، ڕێگای چوونە ناو شارەکە زۆر باشە. لە سەر کێوەکەوە وەختێ لە شار دەڕوانی، بە لای باشووری باکورەوە باخێک دیارە، دەوری دیوار و شوورەیە، باخەکەش کۆشکێکی تێدایە، ئەمەش شیاوی نیشتەجێبوونە.

لە بروجێردەوە تا سارین چە، وەکو یەکەم مەنزڵ، سێ کاتژمێر و چل و پێنج خولەک ڕێگایە. ڕێگاکە وەختێ لە بروجێرد، دەچێتە دەرێ، وردە وردە بەرەو ژوور هەڵدەکشێت، بەڵام نشێوی کەمترە، ریگاکەش هەموویی خیز و چەوە. خاکی باشی هەیە و ڕەنگی گڵەکەی هەروەک ڕەنگی دارچین وایە. دۆڵەکەش پڕە لە کانی و ئاو. دێهاتێکی زۆر لەسەر ئەم ڕێگایە هەیە وڕەزو باخ و بێستان و کشتوکاڵیان باشە. بەدەم کانی و ئاوەکانەوە دار و درەختێکی زۆریش هەیە. بە تایبەت داری لاوێن. خانووەکان هەموویی بەرد و قوڕن، زۆریش ڕێک و لەبارن. هەوایەکی فێنک و سازگاری هەیە، بەردەوام شنەی زریان کەروێشکە دەکات. کێڵگەکانیش بە گا دەکێڵن. بەفری بروجێرد خۆی دەگرێت و لە خوڕەماوا، زوو دەتاوێتەوە.

بەر لەوەی بگەینە سارین چە، چەند ڕێگا هەیە دەچنەوە سەر گوڵپایەگان، ئێمەش لە ڕێگایەکی دوو فەرسەخییەوە چووینە گوڵپایەگان، بەڵام دەبێ بە کێوەکاندا سەر بکەوی. ئەم ڕێگایەش ڕێگایی تاران دەگرێتەوە. ڕێگای سارین چە نیو کاتژمێرە، گەیشتینە شیوێکی باش، بەسەر دوندی کێوەکەوە وێرانەیەکمان چاو پێکەوت. بەردی ئەم کێوە تەواوی درزی بردووە و لەبەر یەک پچڕاون. لەنێو ئەو تەختە بەردانەدا بەردی ڕەنگین سەرنجی بینەر رادەکێشێت، کەم کەم گەیشتینە دەشتی پان و بەرینی کەزاز. لێرە لە سەرکێوەکە، بێجگە لەو کێوەی باسمان کرد، کاولە کۆنێک دیارە. گوتیان ئەم وێرانەیە دێیەکی باش بووە، بەڵام ئێستا کەولە کۆنێکە و هیچی دیکە، بەر لەوەی بچینە حەسارەکە لە کۆتایی ئاودڕەکەدا، گوندێک هەیە بە ناوی تورە،

بەڵام خەڵکی ئەوێ هەموویان بڵاو ببوونەوە و ڕایان کردبوو. گوتیان لە سوڵتاناوا، پیاوی دەوڵەت هاتووە و بۆ یەک سمەکانی تۆپخانە، تەویلە و تفاقی شەش مانگەی داوا کردووە. ئاوایی تورە، سێ ڕێگای لێ دەبێتەوە، یەکێ لە ڕێگاکان ڕوو دەکاتە تاران، لە دەستە ڕاستەوە دەچێتە ئیسفەهان و لە دەستە چەپەوە دەچێتە هەمەدان، دەوروبەری حەسار ئاوایی زۆرە، بەڵام حەسار سەدو پەنجا ماڵی تێدا نیشتەجێیە. تەواوی محاڵی کەزاز، تایبەتە بە سوڵتاناوا. ئەم مەڵبەندە سێ سەد لادێی لە خۆگرتووە، کێڵگە و باخات و ئاژەڵداری ئەم ناوچەیە لەوپەڕی باشیدایە. دەوروبەری گوندەکان پڕە لە خەرمان و خەڵکەکە خەریکی گێرە و کێشەن. لە سەرەتای ئاودڕ و تەنگەڵانەکەدا، چیایەکی سەربەرز نیگای مرۆڤ دەدزێت، هەزار و پێنج سەد فوت باڵای هەیە. لەنێو ئاوایدا ئاوەکە زۆر خوڕێنە و ئاشی لەبەردا دەگەڕێت. دانیشتووانی ئێرە لە بابەت سووتەمەنییەوە زۆر لە ناڕەحەتیدان.

لە تورەوە تا عەمارەت چوار فرسەخە، ئەو مەودایەمان بە شەش کاتژمێر و پازدە خولەک کۆتایی هات. ڕێگای ئەم گوندە سەرلەبەر بە شیو و دۆڵدا تێ دەپەڕێت و حەسار بەجێ دەهێڵێت. گوندی تورە لە شوێنێکی باش هەڵکەوتووە. خانوو بەرەو باخاتی تا بڵێی دڵگیرە، ئەم گوندە شیو و دۆڵێکی زۆر دەوری داوە. ئەگەر لە بەشی تاران و ئیسفەهانەوە هێرش بکرێت، حەشارگەیەکی زۆر باشە، بەڵام خراپییەکەی لەوەدایە لە شانی ڕاستەوە ڕێگایەک هەیە بە ئاوایی حەساردا تێ دەپەڕێت. لە باوەشی دۆڵەکەدا لادێیەکی زۆر پاڵی داوەتەوە و کشتوکاڵی باشیان هەیە. شیوەکە بەرزایی کەمی هەیە و زۆریش خیزەڵانییە، ئەگەر لەم بەشەدا ئاوەدانی و کێڵگە نییە، لە کۆتایی دۆڵەکەدا ڕێگایەک هەیە بەرەو تاران دەچێت. ئاوایی دیکەش دیارن زەوی و زاریان هەیە، ئەو کێوانەی دەوری قەڵاکەیان داوە، لە چاو کێوەکانی حەسار، نزمترن. جوانی ئەمانەش لەوەدایە لە چەشنی شانە بڕگە بڕگەن و ددانانەیان هەیە. لە نێوەڕاستی ئەم کێوەوە، جێیەک دەبیندرێ، تادەگەیە وشترچیا، ئەگەر بێتو لووڕەکانی بەختیاری دەست بکەن بە

سەربزێوی، وشترچیا دەبێتە حەشارگەی ئەوان. بەرزایی وشتر چیا، کە هەردەم بەفر دایپۆشیوە، لە نزیکی ئاوایی عەمارەتەوە دیارە.

لە عەمارەت، حاجی عەلی نەقی خان، سەرۆکی بەختیارییەکان، هات بۆ لامان و سەردانی کردین. ناوبراو سەرۆک هۆزی حەوت لەنگ و لە دایکبوویی وشترچیایە. وەختێک بابی حاجی عەلی نەقی خان، سەردار و دەسەڵاتداری ئەم هۆزە بوو، براکەی خۆی کوشت، کوڕی کوژراوەکە، مامی و پێنج کوڕی دەکوژێ، بەڵام ئەوسا حاجی عەلی نەقی خان، بەرمەمکانە دەبێت. دایکی بە خێرایی ڕایدەپەڕێنێت و ڕزگاری دەکات. دوای کوژرانی باب و پێنج برا، بیست و پێنج ساڵ بە نهێنی دەژی. لە دەورەی خانلەر میرزا دا دێتەوە سەر ژینگەی خۆی. لە نزیک گوندی عەمارەت، ئاواییەک دەکڕێت و هەر لەوێ نیشتەجێیە. بە هۆی ئەو ترسەی هەیەتی لە ژینگەی خۆی دوور ناکەوێتەوە.

زنجیرە رووباری دژ- تەواوی بەشەکانی ئەم کێوە لە وشتر چیاوە دێنە خوارێ. ئەمەش پێی دەڵێن، نابالیکۆن. لە شیوێکی ئەم کێوەوە، لە نزیکی بروجێرد، رووباری دەنایی دێتە خوارێ. لە چیای نەهاوەندەوە، چۆمی نەواریان دێتە خوارێ. ئەم رووبارانە دوای تێکەڵ بوونەوە، لار بۆری پێ دەڵێن. دواتر ئەم رووبارە بە نێوان دوو کێودا تێ دەپەڕێت. لە ژوور ئەویشەوە ڕێگای پەڕینەوە هەیە و زۆریش پڕ مەترسییە. ئەگەر بێتو دوو ڕێبوار بگەنە بەرامبەری یەکدی زەحمەتە دەربچن. ئەم ڕێگایە لە زۆر شوێن بە سەر کێوەکاندا دەڕوات و بە مەودای دوو وچان ڕێگا بەم شێوەیە و پێی دەڵێن پردی نەل، بە تەنیشت ئەویشدا چۆمێکی خوڕێن دێتە خوارێ، هەر ئەم رووبارە بە نێوان پێنج ئاودڕی کێوەکاندا رادەبرێت. لەکاتی سەرهەڵگرتنی ئەم چۆمەدا ئاوێکی زۆر لە چیاکانەوە دێنەخوارێ و تێکەڵ بەم رووبارە دەبن. کاتێکیش دەگاتە دەشتەکە، دەبێتە زێیەکی گەورە بەناوی دژ. بە گفتی ئەو کەسانەی قسەیان بۆ کردین، ئەم وێرانەیە عەمارەتی ڕۆستەم بووە. دانیشتووانی ئەوێ سەبارەت بە هەوای وشترچیا و چەمەن تیان، شتگەلێکیان گوتوە. رۆستەم لەوبارەیەوە شتێکی گوتووە، واتاکەی بەم

چەشنەیە: هەوای وشترچیا و چەمەن تیان بۆ ڕۆحی من زۆر بەنرخترە لەوەی خاوەنی موڵکی دنیا بم. حاجی علی خان لەسەر کێو و چیاکانی لووڕستان و سەیر و سەمەرەکانی ئەو ناوچەیە زۆر شتی بۆ باس کردین. بەتایبەت کانییەکەی وشترچیا، بەڵام بە داخەوە ئێمە ئەو کانییەمان نەدیت.

هەر وەکو بەڕێیان دەیان فەرموو، ئاوی ئەم چاوگەیە نزیک لە سێ بەردە و لە کونێکی چیاکەوە دێتە دەرێ، بە هۆی ئەوەی ئاوەکە قەڵبەزە دەبەستێ، پازدە هەنگاو ئەولاتر هەر بەم تەوژمەوە دەڕوات و یەکڕاست دەچێتە ئەو کونەوە لە کێوەکەی ڕووبەڕوویی خۆی، ئەو کونەی ئاوەکەی لێ دێتە دەرێ بە خێرایی کوێر دەبێتەوە و لە کانی کێوەکەی دیکەوە بە هیچ جۆرێک نابیندرێت. لەم دەڤەرە خەڵکەکە باسی شتی سەیریان بۆ دەکردین. زنجیرە چیای وشترچیا، حەوت فرسەق درێژەی هەیە. کۆخ و ترێی ئاوایی عەمارەت، بەنێوبانگە. کانیاوی زۆری لێیە، ئاوی ئەو کانییە تابڵێی زۆرە و چەند جۆگەیان لەبەردا هەڵبەستووە. پەنجا هەنگاو لە سەروویی کانییەکەوە، گۆلاوێک لەو ئاوە کۆبۆتەوە، ئاوەکەش وەک چاوی قرژاڵ جوانە و پڕە لە ماسی. ئەو شیوەی لە دۆڵی تورە دەبێتەوە، یەکڕاست نزیک دەبێتەوە لە عەمارەت و لەوێدا تەواو دەبێت. مەودای ئەو دۆڵە نزیکەی حەوت فرسەخە، کەچی لە گوندی عەمارەتەوە کاتێک لێی دەڕوانی، کەمتر دیارە. گوندی عەمارەت تایبەتە بە کەزاز و عەمارەتی سوڵتاناوا.

لە ئاوایی خوڕەماوا تا خومەین پێنج فرسەخە. ئێمە ئەو مەودایەمان بە کاتژمێرێک و پازدە خولەک بڕی. دوو کاتژمێر دواتر گەیشتینە ڕۆبات کەریم. وەختێ گەیشتینە ئاوایی لەسەر ڕێگا، بە دەستی چەپدا، چاومان بە گۆڕستانێک کەوت، کێل و بەردی نووسراوەی کۆنی لەسەر هەڵکەندرابوو. بەرزی یەکێ لە بەردەکان، دوو ئەرشین و نیو بوو. نووسراوەی سەر بەردەکە خەتی کووفی بوو، بەڵام تەنیا ڕێکەوتی سەر بەردەکەمان بۆ خوێندرایەوە. واتە شەشت سەد و هەژدەی، ک .م. دەکاتە هەزارو دوو و چلی، ز. بەردێکمان چاو پێکەوت، هی دەورەی هۆزی شایەکانی سەلجوقشابوو، ئەم بەردە لە شێوەی تابووتێک تاشراوە، بەڵام زۆر لەوە نە

دەچوو ئەو بەردە کەونارایی بێت. شێوە نووسینەکەی نوێ بوو. لەو گۆڕستانەشدا بەردی وامان دەبینی لەشێوەی بەردی گۆڕستانەکانی تر دەچوو. بەڵام لەوە نەچوو یەک پارچە بن. هەر لەو گوندە، بە دەستی ڕاستدا، لە بەر دەرگای یەکەم ماڵ، چەند بەردێکی گەورە ، بە شێوەیەکی جوان تاشراون، زۆرتر لە قەرەوێڵەی خەو دەچن، بەڵام وەختێ هەر لەو ماڵە چووینە ژووری، بەردی زۆر جوانتر لە هۆدەکاندا هەیە و بە نەخش و نیگارەوە تاشراون. دوو بەردیش وەکو کۆڵەکە داندرابوون، چوار ئارشین بەرز و ئارشین و نیوێک پان، ئەستووری ئەوان شەش گرێ بوو. بەردەنووسەکە بەخەتی کووفی بوو، بەرێکی ئەو بەردانە بەم شێوەیە نووسرابوو(بسم الله الرحمان الرحيم) نوسراوەکانی دیکەمان بۆ نەخوێندرایەوە.ئەو بەردانەی وەک تەختێک لە نشیمەنەکە داتاشرابوون، هەر بەم خەتە نووسرابوون، بەڵام نەختۆکەیەک لاوازتر. کەمەکێک ئەولاتر، بەردێکی دیکەمان بینی، وێنەی شێری لەسەر هەڵکەندبوو، بەڵام لە ڕاستیدا تاشینێکی زۆر ناشیانە، ئەم بەرگەلە هەر لەو بەردانە دەچوون ئێمە لە تەختی جەمشید چاومان پێی کەوتبوو.

پیرەمێردێک سەبارەت بە چۆن دروستبوونی ئەم ئاواییە کەوتە گفت ولفت: ئەم گوندە سی ساڵە بنیات نراوە، ئەم بەردانەش لەژێر خاک دەرهاتوون. نیشانەی کۆن لەسەر بەردەکان نابیرنرێت، بەڵام خەڵکی ئەم ئاواییە پێشینەیان زۆر کۆنە و لە هۆزی لەزگین. ئەم خەڵکە وەختی خۆی ئەمیر تەیمووری گورکانی ڕەوانەی ئەم دەڤەرەی کردوون و شێوەزاریان لە شێوەزاری جەغتایی دەچێ.

دانیشتووانی ئاوایی عەمارەت و گوندی خوڕەماوا، بە زمانی تورکی قسان دەکەن و شیعە مەزەبن. دوای تەواوبوونی چیاکان دەشتێک دەردەکەوێ، محاڵی کەزاز لە محاڵی کەمەرە جوێ دەبێتەوە. لە نزیک ئەو دەشتە لە تەنیشت جادەکە، گوندی لەیلاوا هەڵکەوتووە، خەڵکی ئەم ئاواییە چل ماڵی ئەرمەنین. سێ گوند لەم نزیکە هەیە. دانیشتووانی ئەم سێ گوندەش ئەرمەنین. هەر یەک لەو گوندانە پازدە ماڵی لە خۆی گرتووە.

دانیشتووانی ئەم چوار دێیە هەشتا و پێنج خێزانی ئەرمەنین، ئەوانەش تۆرەمەی ئەو ئەرمەنیانەن شاعەباس لە جولفای تەنیشت رووباری ئاراس کۆچی پێکردن و بە ناوچاکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە. ئەمەش ناوی گوندەکان: داود ئاوا، کەنەلەر، کەرچی باشی.

گوندی لەیلاوا، کڵێسەیەکی بچووکی هەیە و خاوەنی دوو قەشەیە. ئەو دووە، لەژێر دەسەڵاتی خەلیفەی ئیسفەهان دان. چیای ئاشناوەر، کەوشەنی محاڵی سیلا خۆر و گوڵپایەگانە. دۆڵی قڕە کارێز، لە گوندی حەسارەوە تا محاڵی کەمەرە نەبڕاوەیە. لە لەیلاوا بەولاوە، لەو تەواوی دەشت و چیاکاندا گوند و ئاوایی هەیە. قەڵایەک قووت بۆتەوە بەناوی محەمەد ئاوا، ئەو قەڵایە و چەند ئاواییەک لەم دەشتەدا، محاڵی فەرەیدوون خانە. ئەم گوندانە بە دیواری بەرز دەوریان دیوار کراوە، لە هەر سووچێکی گوندەکان بورجێکی چاوەدێری دامەزراوە. کوڕی خانی ناوبراو تێیدا نیشتەجێیە. دانیشتووانی گوندەکەش تۆرەمەی ئەم خانەن، زۆریش بەیەکەوە تەبا و ڕەبان. بەتایبەت لەگەڵ ئەرمەنییەکان. زۆر لەوە دەچێ لە ترسی سولێمان خان، دەسەڵاتداری لووڕستان بێت، ئاوا ڕێزی ئەرمەنییەکان دەگرن. هۆی ئەم نەرمونیانیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەڕێزیان بنەچەک ئەرمەنییە.ماڵیاتی محاڵی کەمەرە سەد و بیست تمەنە و بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیە خومەینە. ئەویش دەسەڵاتداری خۆیی هەیە، دوو ساڵ لەوە پێش هاتوچۆکردن لێرەوە دژوار بوو، بە تایبەت بۆ خەڵکی لاوەکی و فەرەنسی. لەبەرئەوەی لووڕەکان لەم ناوچەیەدا هەمیشە خەریکی جەردەیی و راوە و رووت بوون. ئەم دەڤەرەش بە دەست لووڕانەوە نەحەساوە بوو، دوای مردنی محەمەد شا، لووڕەکان، تەنگیان بەم ژینگەیە هەڵچنیبوو، هەر بۆیە سێ هەزار سواری شەڕکەریان کۆکردەوە و لە خەڵکی کەمەرە، فەرەیدوون سەرۆکایەتی ئەم دژبەریەی وەئەستۆ گرت و ئەوانی لە سەرەتای دۆڵەکەدا دامەزراند، کە ڕێگای تاڵانچیانی لووڕ بوو. ئەوانیش لەوێ لە بۆسەی لووڕان دابوون، بەڵام جەردەکان بە فیتی خۆیان زانی لە ترسی گیانیان خۆیان گەیاندە هەمەدان.

خومەین لە دوورەوە دیمەنێکی جوانی هەیە و باخاتی زۆرە. لە دوورەوە چیای ئەڵوەند دەبینرێ و باڵای بە بەفر داپۆشراوە، کێوی قامکە لەیس لەوێ دیارە. دانیشتووانی ئەوێندەرێ، پێنج سەد بنەماڵەن و دەرگای زۆر یەک لە ماڵەکان لە بەرد چێ کراوە.

## لە گوڵپایەگان تا ئیسفەهان

گوڵپایەگان لە چوار فرسەخی خومەین هەڵکەوتووە، ئەو مەودایەمان بە پێنج کاتژمێر و نیو کۆتایی پێ هێنا. ئەم ڕێگایەش بە تەنیشت دۆڵەکەدا تێ دەپەڕێت. لە نێوان چیای ئەڵوەند و لەیس، بەسەر بەرزاییەکاندا ڕێگا هەیە. ڕێگاکە سێ کاتژمێری هەوراز هەیە. ئەم سنوورە کەمەرە و گوڵپایەگانە و ڕێگاکە بەودیودا شۆڕ دەبێتەوە، ئەمەش سێ چارەکە و شوورەیان بە بەردا هەڵچنیوە. چەند بنەدارێک و کانی و ئاوی خۆشی لێیە. لێرەوە بە کاتژمێرێک لە زنجیرە چیایی دەرچووین. لەم بەشەوە دۆڵی گوڵپایەگان دەست پێدەکات. لە داوێنی ئەم شیوە شاری گوڵپایەگان خۆی ڕاکێشاوە. بە دەستە ڕاستیدا لە بروجێرد و سیلاخۆر ڕێگایەک هەیە، لە شانی چەپی ئەویش، ئاوەدانی زۆرە. وا دەردەکەوێ ئەم گوندانە لکاون بە شارەکەوە. لە نزیک شار ڕووبارێکی وشکاڕۆ هەیە و پردێک لە بەرد چێکراوە، بەڵام لە وەرزی بەهاردا ئەم ڕووبارە بەبێ ئاو نییە.

تۆپخانە لە چیای ئەڵوەند دەردەچێت، ئەویش نەک عەرابەی تۆپی گەورە. ڕاگوێزانی تۆپی کەزن زۆر دژوارە. بۆ هاسانکاری دەشێت ڕێگای بۆ بکەیتەوە. کێوەکانی ڕووت و بێ دار و درەختن، جگە لە قەڵایەک و چەند دارێک. ئەم شاخ و کێوە هەمیشە حەشارگەی دزان بووە، ئەوە دوو ساڵە بەبێ جەردەیە و دزی لێ ناکرێت.

دانیشتووانی گوڵپایەگان، پێنج تا شەش هەزار کەسن. بە بۆنەی باخەکانەوە شار گەورە دەنوێنێ، لە گوڵپایەگان هیچ بینایەکی سەرنج ڕاکێش نابینی، تەنیا منارەیەک نەبێ لە کۆنەوە ماوەتەوە. چەند مزگەوت و قوتابخانەیەک و بازاڕێک، ئەمانەش لە کۆنەوە ساز کراون. بە قسەی

ئێرانییەکان، گوڵپایەگان شارێکی لە مێژینەیە. ئەم شارە سەربردەی خۆی هەیە و رۆژگارێک عارەب چەپۆکی پێ داداوە وسەردەمانێک هۆزی هەوشار وێرانی کردووە و لە هەر جێیەکی دەڕوانی کاولگە و وێرانەیە. لەم شارەدا وەستای قابیل هەیە و لە ناڵە شکاو تفەنگی پۆڵای جوامێر پەسند ساز دەکەن. بروجێرد و گوڵپایەگان و خوانسار، لەژێر دەسەڵاتی خانلەر میرزادایە.

تا وەختێک بوو هێستری محاڵی کەمەرە ناوبانگی هەبوو، ئێستا ئەمە نەماوە و ئەسپی بەختیاری لە جسنی ئەسپی عارەبی و کوێستانییە. ماینی عارەب زۆر بە نرخە و خەڵکی بەختیاری دەڵێن ئەگەر ئەسپی عارەبی جوان ناڵ بکرێت، وەک هەڵۆ وەسەر کێوەکان دەکەوێت. ئێمەش ئەمەمان بە چاوی خۆمان دیتوە.

بیست و یەکی مانگی سپتەمبەر، مەودای نێوان گوڵپایەگان و خوانسار، بە پێنج کاتژمێر و پازدە خولەک کۆتایی هات. لە نزیک شاری گوڵپایەگان، چاومان بە پردێک کەوت، لام وایە زۆر کەون بێت. بەردەکانی ئەو پردە بە جوانی نووسرا بوون و رێک و لەبار هەڵخرابوون. لێرەوە بە دوو کاتژمێر و پازدە خولەک گەیشتینە ئاواییەک، زۆر دڵگیر و مەزن و خۆش دیمەن بوو بە ناوی وانشان. لە نزیک گوندەکە ڕێگایەک روودەکاتە دەڤەری عارەبنشین، لەم ناوچەیەدا هۆزی عارەبان نیشتەجێن. ئەمانەش لۆ عارەبن؟ وەختی خۆی شا هەباس لە خۆراسان هەڵی کەندن. ئەم گوندانەی عارەبنشینن بەم شێوەیەن:

خوێن پێچ، رەحمەتاوا، دروە مەکە، مێهراوا، شەرجە.

لە شانی چەپ ڕێگایەکی دیکەش هەیە، بە پشت کێوەکەوە دەچێتە وانشان. لەم ئاواییەدا دار چنارێک هەیە، زۆر ئەستوورە و پاڵی داوە بە دیواری ئیمامزادەوە. ئەم گوندە تابڵێی ئاوی کانییەکانی سارد و سووکن. بە هەر لایەکدا بڕوانی بەردی تاشراو نیگات دەڕفێنێ بە نووسراوەی جوانەوە. تەنانەت بەردە پۆشی سەر جۆگەکانیش هەر لەم بەردانە بوون. بە مەودای دووکاتژمێر تا خوانسار باخ و باخاتێکی دڵگیرە بە هەر چەشنە میوەیەکەوە.

بەتایبەت دارە سێو و هەرمێ و فەندوق، لاوێنی چنار و بی، لەدەم شەتاوان سەرنج راکێشە و سێبەری کەڵەبی، ماندوویی ڕێبواران دەحەسێنێتەوە. هەروەک باس دەکەن سێوی خوانسار بەنامیەیە و سێوی نەهاوەندیش بەناوبانگە. وەختێ لە شاری خوانسار دەڕوانی پێت وایە ئەو باخاتە قووتی داوە. روو دەکەیە هەر لایەک کانی و ئاو و رووبارە، بەڵام ئاوی خۆش نییە و جیوەی تێدایە. ئەو ئاوەی لە ئیسفەهانەوە دێتە خوانسار بۆ خواردنەوە دەبێت. خوانسار هەزار بنەماڵەی لەخۆی گرتووە. خوانسار لە کۆندا وێران کراوە و دیسان لەسەر ڕا بنیات نراوەتەوە. دەیانگوت، خوانسار چوار سەد ساڵە هەیە، تەواوی ڕێگاکانی خۆشە و راگوێزانی تۆپخانە بەکەمترین زەحمەت جێبەجێ دەبێت، لە ڕێگای ژوور و دەکرێ لەشکر بچێتە نێو شارەوە. لێرە لە نیوەی مانگی نۆڤەمبەردا بەفر دەکەوێ، خەڵکی خوانسار، لە وەرزی زستاندا مرەبای سێو ساز دەکەن و شیرینی تایبەتی لە هەنگوین دروست دەکەن، پێی دەڵێن گەزی هەنگوین. ئەم شیرینییە ژانی سنگ و بەرۆک ناهێڵێ.

## چیرۆکی شاری خوانسار

دانیشتووانی خوانسار، بە خراپی ناویان بڵاو بۆتەوە و بە دز و چاوبەست، دەیان ناسن. ئێمە تەنیا نۆکەرێکی حکوومەتیمان دیت، لەلایەن خانلەر میرزاوە بۆ وەرگرتنی ماڵیات هاتبوو. پێش دەسەڵاتی خانلەر میرزا، لێرە هیچ یاسایەک نەبووە و زۆریش بێ سەرەوە و بەرە بووە. دانیشتووانیش زۆر شڕ و دڕبوون و کەس بەکەس و خۆیان لە پیتاک و ماڵیاتی دیوان پاراستووە. هەمیشە کاروانچی بە مەترسییەوە لە سەفەر دابوون. زۆر جار تاڵانچیان ڕێگریان کردووە و ئاشتەبایان بە کاروانچی نەهێشتووە، بەڵام ئەم جەردەییە دەخەنە ئەستۆیی بەختیارییەکان، کەچی هەر ئەمانەش بوون، خەڵکی بەختیارییان رووت دەکردەوە.

## لادێکانی سەر ڕێگا

گوندی دەمبێن، دەمبێن لە چوار فرسەخی خوانسارە. هەروەک کوێخای ئەم گوندە باسی دەکرد، دانیشتووانی ئەم دێیە بە گشتیی موسڵمانن. لادێکانیش بەم جۆرەن: ئەسکرد، کاران، سەفدی کان، خەمسەڵی، ئەکچان، ئەقەم چەل، مەهریستان، پرشست، ئاخۆرەی سەرێ، ئاخۆرەی خوارێ، خەڵکی ئەم دوو گوندە گورجین، لە کاتی پێویستدا ڕەنگە هەزار چەکداریان ئامادە بێت، یەکەم ئاوایی محاڵی فەردین دەمبێنەیە، ئاخر گوندیش، تەخماق لەر و حەیدەرییە.

ئەمانەش لادێی ئەرمەنییەکانن:

ئاجکا، نادکا، دز ڕنە، هەزار جەریب، داشکەن (نیوەی خەڵکەکەی موسڵمانە)، بەرد باران، سووریچکان، نما کرد، کارقا، نەنە دیکن (نیوەی خەڵکی نەنە دیکن موسڵمانن)، دانیشتووانی ئەم گوندانە زیاتر لە هەزار ماڵە ئەرمەنین. ئەو ئاواییانەی گورجی تێدایە بەم شێوەیە: ئاقوس، ئاخورەی سەرێ، ئاخورەی خوارێ، بوبین، دەم کەمەر، ئاڕکان و....هتد

لە دەمبێنەوە بە ڕێگای نۆکان دا دەچێتە تەخماق لەر و بروجێرد. لە سێ فرسەخی دەمبێن گوندێک هەڵکەوتووە بەناوی کورد، دوو مەیدانە ئەسپ لە دێ دوور دەکەوییەوە، بەردێکی چوار پاڵووی تاشراو کەوتووە و خەتی کووفی لەسەر هەڵکەندراوە، ڕێکەوتی نووسینی ئەم بەردە بۆ دووسەد ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. ئەمە بەردی سەر گۆڕی باب و باپیرانی کوێخای گوندەکەیە. لە سێ فەرسەخی دەمبێن، قەڵایەک هەڵکەوتووە. ئێستا، قەڵاکە، چۆڵە و پەپویی تێدا دەخوێنێت.

بیست و دووی مانگی سپتەمبەر، ڕێگاکەمان زۆر خۆش و بەبێ زەحمەت بوو، لەنێو ڕێگادا تووشی کاروانسەرایەکی وێران هاتین گوتیان هی دایکی شایە، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر بەم ناوە دەیناسن. تایەفەی بەختیاری گەل، بەم کێوانەدا دێن و ماڵی خەڵکی بە تالان دەبەن. ئەم تایەفەیە لە رابردوودا ڕێگایان بە خەڵک دەگرت و رووتیان دەکردن. کارێکیان دەکرد کەس

نەیدەوێرا بەم ناوچەیەدا پەل ببزێوێت، ئەگەرچی ئێستا ئەم رووتکردنە کەم بۆتەوە،بەڵام هێشتا خەڵکی هەر لە دۆڵی دزان دەترسن و ئەم تایەفەیەش بەچاوی جەردە تەماشا دەکەن. دوو رۆژ بەرلەوەی بگەینە ئێرە، لووڕەکان بەسەر کاروانێکی ئیسفەهانیان دادا بوو، شەست تمەن پارەیان لێ سەندبوون، دار و دیواری کاروانسەراکە زۆر دڵگیرە. مەوداکە تا دەگاتە دێکورد، چل و پێنج خولەک بوو، بەدەم ڕێگاکەوە تووشی رەوەی بزنە کێوی هاتین. دێکورد، زۆر گەورە نییە، بەڵام زۆر چێ کراوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، خەڵکی دەوروبەری ئەم گوندە، زۆر دەست بزێون. ژینگەی فەرەیدوون لە بەرزایی هەڵکەوتووە، ئەم بەرزییەش کەشوهەوای دیارە. شەوێ لە دەمبێنە وچانمان گرت. ئەمەش بەشی فەرەیدوونە، هەوای ئەوێ دوو پلە لەژێر سفردایە. هەرچەندە خاوی نەبوو، بەڵام هەوای دێکورد، لەژوور هێڵی سفرەوە بوو.

لە دێکوردەوە، بە مەودای پێنج کاتژمێر، ئیمامزادەیەک، هەیە بەناوی مەحمودییە، لەوێ فاتمەی کچی ئیمام موسا نێژراوە. گۆڕخانەیەکی زۆر ڕێک و جوانە. بەتایبەت ئەو رۆژانەی خەڵکی ناوچەکە بەنیازی زیارەت دەچنە سەردانی، لە کاتی زیارەتکردندا ئێمەش لەوێ بووین، لە دەرگایەکی چوارگۆشەوە چووینە ژووری، ئەم مەزارگەیە لەسەر بەرزی هەڵکەوتووە و دەڕوانێتەی ئەو کۆشکەی لەبەرامبەریدا ساز کراوە. لە دوولاوە دیواری ئەو مەزارگەیە ڕووبەڕوویی کاولە کۆنێکە و لەپاڵ دیوارێکی وێرانەکە، ماڵۆچکەیەکیان سازکردووە، نەختێک دوورتر خاپوورە دێیەک دیارە، جۆگەیەکی باش، بەنێو حەساری ئیمامزادەدا دەڕوات. چەند دار و درەختێکی بەتەمەنی تێدایە، ئەم ئاوەش، بەردەوام لەبەری دەڕوات. زیاتر لە سەد کەس لە گەورە و بچووک، لە مەزارگە دانیشتبوون. بانگبێژ بانگی نیوەڕۆی فەرموو. هەر ئەوەندەمانزانی لە گوندی تیران، دەستەیەک لە زیارەتکەران ئاڵای سوور بەدەستەوە دەهاتن بۆ سەر چاکی گوێمان لێبوو لەدوورەوە دەیانگوت: «لاالەالاالله». لە کۆشکی ئیمامزادەدا، دانیشتبووین، تا بڵێی ئەم کۆشکە جوان ساز کراوە، بەڵام وردە وردە خەریکە وێرانی دەستەملانی

دەبێت. هەروەک دانیشتووانی ئێرە باسیان دەکرد، ئەم کۆشکە بە فەرمانی شاهەباس چێ کراوە و پێی دەڵێن قەسر، لە مەحمودییەوە تا دەگاتە خۆڵەدێ، لە ڕێگاکەی بەرامبەرییەوە دەچێتە چوار محاڵ. لە گوندی دەمبێنەوە تا دێکورد، محاڵی فەرەیدوونە. لە دێکوردەوە تا نەجەفاوا، محاڵی کەروەندە. گوندی تیران هەشت سەد ماڵی تێدا نیشتەجێیە. کۆڵانی بەرین و دوکانی خاوێنی تێدایە. ڕووبارێک بە نێوەڕاستی گوندەکەدا دەڕوات، پێی دەڵێن عەسکەران، پردێکی بەسەردا رایەڵ کراوە، سێ گونجەی تێدایە و سەلەبەر لە بەرد چێکراوە. ئەم پردە ئەوەندە جوان ماوە کە تا ئێستا لە هیچ جێیەکەی ئێراندا پردمان نەبینیوە ئەوەندە باش مابێت، ئەم گوندە میوەی زۆرە و ڕەز و باخی هەنار و بادام و هوڵ و هەرمێی زۆرە. بێستان تەڕەکاڵی، شووتی و کاڵەک و هاروێی لە ڕادە بەدەرە. دەرگای ماڵەکان بێجگە لە چەند دەرگایەک نەبێ، تەنانەت دەرگای باخەکانیش لە بەرد چێکراون، وەک دەڵێن لێرە دار کەمتر دەست دەکەوێ و دەرگای بەردین قایمترە، وەک دەرگای دار و تەختە بە سانایی ناشکێت. زۆرێک لەم دەرگایانە، سێ ئارشین بەرزە و ئارشین و نیوێک، پانە. هەوای تیران لە هەوای ئیسفەهان ساردترە و لە فەرەیدوون گەرمترە. محاڵی چوار محاڵ بەم شێوەیە:

یەک- لووڕە محاڵێکە گوندی مەزنی ئەو کانی دێکوردە (شاری کورد). بازاڕ و کاروانسەرایەکی هەیە.

دوو- محاڵی کەیر، لەم گوندە گەورەیە، دێکوردە.

سێ – میرو، ئەویش لەسەر جادەکەیە و پێی دەڵێن ڕەنش.

چوار- میزەج، گوندێکە گەورەیە بەناوی ئوروجان.

چۆمی زایندە ڕوود، لە کێوەزەردەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ئاوی سێ کانی تێکەڵ دەبنەوە و درژێنە ڕووبارەکەوە. ئەم ئاوە لە سێ گۆلاوی قووڵدا کۆدەبێتەوە و لەوێشەوە دەڕژێتە گۆلاوی چوارەم. لە گۆلی چوارەمەوە زێیەکی لێ دەبێتەوە.

کانیەکانی چەمی کارون، لەو چیایەوە سەرچاوە دەگرن. لە نێوان ئەم دوو رووبارەدا، کێوێک هەیە، ڕێگە نادا ئەم دوو ئاوە وێک بکەون. گەرەکییانە کێوەکە کون بکەن. بۆ ئەوەی هەردوو ئاوە، کە یەکدی بگرنەوە، بەڵام دەرچوونی ئاوەکە بۆ ئەو شوێنە نەگونجاو بوو.مەنوچێرخان موعتەمودەولە، دەسەڵاتداری ئیسفەهان، ئەم بیرۆکەی پێشنیازکرد و لە کۆتایدا بووبەهیچ. لە مەودای دوو کاتژمێر ڕێگادا، لە کانییەکانی رووباری زایندەروودەوە، چل چشمەیە (چل کانی) ئەم ئاوەش دەچێتەوە سەر چۆمی کارون.

لە گوندی تیران تا کانییەکانی زایندەروود، حەوت فرسەخە. بەختیارییەکان بۆجەردەیی و راوە و رووتکردنی ئەو کاروانەی لە ئیسفەهانەوە بە نیازی گوڵپایەگان بەڕێوەیە. لەمەنزڵگای کێوەکانەوە سەر ڕێگای ئیسفەهان دەگرن و کاروانە کە رووت دەکەن. ڕێگاکەش بەم جۆرەیە:

تایەفەی حەوت لەنگ، لە محاڵی فەرەیدوون، تایەفەی چوارلەنگ، لە بەشی چوار محاڵ و کەروەند، بەڵام کاریان بە دەرو دراوسێی خۆیان نییە، بەم مەرجەی ئەوان ڕێگری لە دزیکردنی ئەوان نەگرن، تاکو ئەوان بە کەیفی خۆیان دەستدرێژی بکەنە سەر کاروان و ڕێبواران. کاتێک دزیکردنی ئەوان لە پایزدا، ئەو کاتەیە کە لە هەوار دەگەڕێنەوە و خێڵاتی بەرەو گەرمێن شۆڕ دەبنەوە. دەچنە شوشتەر و دزفول. بەختیاری گەل، ماڵ و منداڵی خۆیان بە سەر کێوەکاندا ڕەوانەی گەرمێن دەکەن و خۆشیان لە سەر ڕێگای کاروانی و دۆڵەکاندا بۆسە دادەنێن و خەریکی جەردەیی دەبن. دواتر دەچنەوە لای ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەوان لە خوانسار و گوڵپایەگان سیخوڕیان هەیە و لە هاتنی کاروان ئاگادار دەبنەوە. وەک دەڵێن خەڵکی بەڕێزی دزفول، بەتایبەت شوشتەرییەکان، بەڕاشکاوی پشتیوانی لە دزانی بەختیاری دەکەن وهاوڕێی کاروان وهاوبەشی دزانن. بەختیاریەکانیش کەمتر واهەیە بهێڵن دراوسێکانی خۆیان بە ئاسوودەیی دانیشن، لەپڕ بەسەریاندا دەدەن و لە نان و دۆیان دەخەن. بە تایبەت لە کاتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە و بە چەند قۆڵ دابەش دەبن و بە کەیفی خۆیان محاڵی ئیسفەهان

تالان دەکەن، هەر وەک لە سەردەمی محەمەد شا دا، بەختیاری گەل، وەک کولله روویان کردە فەرەیدوون و ئەوەی وەبەر دەستیان هات بردیان و حەوت کەسیان لە خەڵکی گوندەکە کوشت. دەسەڵاتی سولێمان خان، زۆر سەختیان لێ دەگرێ و ڕێگەنادا تایەفەی بەختیاری درێژە بەم کردەوە چەپەڵەیان بدەن. زۆریش لەو هۆزە دەترسێت.

سولێمان خان، لەنێو تایەفەی خانەکاندا، دژایەتی ساز کردووە، تەنانەت خانان، یەکدی بەدەستە بەستە دەدەنە دەست سولێمان خان. بەختیاری و لوورەکان زۆر لە بەگلەر میرزا سڵ دەکەن و بە ژنەوتنی ناوی ئەم سامە سام دەیان گرێت. ئێستا ئەوە ساڵێکە دزی قورس لە هیچ شوێنێک نەکراوە، مەگەر چەند ڕووداوێکی چووکە لەنێو خوانسار و نەجەفاوا، ئەویش جێی پەرێشانی پێوە دیار نییە.

لە وەرزی هاویندا، لە ناوچەی کەروەندان تا گوندی خۆڵینە، دووسەد، سێ سەد چەکدار کێشکی ئەم ناوە دەدێرن، بەڵام لە کاتی ئارانی بەختیاری گەلدا، چەکدارەکان، دەچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، لە گوندی تیران تا نەجەفاوا، چوار فرسەخ ڕێگا دەمێنێ. لێرەوە دەردەکەوێ کەوا ئەرمەنی کەل، بەوپەڕی پاکی و ڕاستگۆیی و دوور لە دزی و درۆزنی دەژین و ئاکار و خدە و بڕوای خۆیان بە جوانی پاراستووە و بە دەمامکەوە ناژین.

## جولفای ئیسفەهان

پردێکی دوو نهۆمی ناسراو بە پردی ئەڵا وێردیخان، لە نێوان جولفا و ئیسفەهان دا لە سەر ڕووباری زایندە ڕوود سازکراوە، ئەمەش ئەرمەنییەکی نیشتەجێی جولفا بەردی بناخەی داناوە.

ئێستا، لە جولفا سێزدە کڵێسا و دوو دەرگای کڵێسای وانک، وەک خۆی ماوە. لە یەکێ لە کڵێساکانی وانک، خەلیفەیەک- لەلایەن خەلیفەی مەزنی ئەرمەنەوە لە ئیچمیادزین ئوج، کڵێسای ئەرمەنەوە داندراوە. لە ئەوی دیکەدا کچانی تەرکەدنیا، دانیشتوون، ئەرمەنییەکانی کاتۆلیک قەشەیەکیان بەناوی ئوانس لە جولفا هەیە. ئەم کەسەش پیرەمێردێکی ژیر و زانایە و وەک

مرۆڤێکی دلۆڤان لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا دەژی و هەمووکەس لێی ڕازییە، هەر بۆیە ئەم خەڵکە بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانن.

کاتۆلیکەکان، کلێسایەک و پەڕتووکخانەیەکیان هەیە، ئەم ژوورە پیرۆزە پتر لە سێ سەد بەرگ کتێبی تێدایە. بێجگە لەوە، کتێبی مەزەبی بە خەتی ئەرمەنی نووسراوە. کتێبی خەتی چاپی و کتێبی ئیتالّی و لاتین و هی دیکەش زۆرە. کارت و نەخشەی جوگرافی وڵاتی ئەوروپا و ئاسیا لەم پەڕتووکخانەیەدا گیر دەکەوێت. هەر لەم کتێبخانەیەد، پێشتر کتێبێکی زۆر بەتاڵان چووە. بەپێی قسەکانی قەشە ئوانس، دانیشتووانی ئەرمەنی جولفا، هەزار و پێنج سەد کەسن. لە سەرتاسەری عێراق دا، ئەرمەنییەکان لە پێنج هەزار کەس تێ ناپەڕن. جوولەکەکانی نیشتەجێی ئیسفەهان، سی سەد خێزانن. لە دەشتی ئیسفەهان بەفر خۆیی ناگرێ.

لە نزیک جلفا، شوێنیک هەیە بەناوی فەتحاوا، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە ئەفغانەکان، بەسەر شا سوڵتان حوسێندا سەرکەوتن و دەستە بەستە بردیان. لە شانی باشووری ئیسفەهان جێیەک هەیە بەناوی شارستان، ئێرەش ژینگەی ئەرمەنیان بووە، لەو شوێنەدا منارەیەکی بەرزیان داناوە. بە بۆنەی تەمەنی زۆریەوە پێپلیکانەی ساخی نەماوە، ئێمە نەمان توانی تاکو نیوەی بچینە سەرێ، بە دوای دەسەڵاتی شاهەباسدا، دەوڵەتی ئێران، هەمیشە ئەرمەنییەکانی ئازار داوە، لەو لاشەوە ئاوەز قەتیس و نزم فامان، قەت نەبووە ڕێگە بدەن ئەرامەنە نانێکی ئاسوودە بخۆن. تاوای لێ هات ئەرمەنیەکان بە ناچار بەملاو ئەولادا بڵاو بوونەوە. بە تایبەت بەرەو هیندستان سەری خۆیان هەڵگرت، لە شارەکانی کەلکەتە و بۆمبایی و سوماترا و جاوە گیرسانەوە. ئێستاش ئەرمەنییەکانی ئەو شارانە، لەوپەڕی خۆشی و دەوڵەمەندیدا دەژین و بەبێ هیچ گرفتێک خەریکی ژیانی خۆیانن، منداڵی ئەوان زۆر بەباشی پەروەردە دەبن و پێ دەگەن.

## جەژنی قوربان لە گۆڕەپانی شا

سێی مانگی ئۆکتۆبەر لە گۆڕەپانی شا، ڕێوڕەسمی جەژنی قوربانیان گرتبوو، رۆژی جەژنی قوربان بوو، ئەسکەندەر خان سپهداری گورجی، حاکمی ئیسفەهان، یەکێ لە هاوژینەکانی محەمەد شای مارەکردبۆوە، لە تالاری عالی قاپۆ دانیشتبوو. ئێمەش لە هۆدەکەی تەنیشت ژووری حاکم دانیشتبووین، خزمەتکار و چایچی لە راست و چەپ، بە فەرمانی بەڕێزیان دەهاتن و دەچوون، دەگەیشتنە هەر کەسێک لە گۆڕەپانەکە دووریان دەخستەوە. ئیشێک ئاغاسی باشی، لە خزمانی سپهدار و کوڕێکی قەڵافەتداری کادەرویشی بوو، بە جلوبەرگی سپییەوە لە نێوەڕاستی وژوورەکەدا لەبەر دەم حاکم راوەستابوو، لە نزیک مزگەوتی سەدر، لە شانی راست، پێنج سەد سەرباز راوەستابوون، هەر هەمووی کەوای سوور و شەروالی سپی لە پێدا و بە خەتی سوور و کڵاوی چەرمیان لە سەردابوو. لە هەردوو بەر قیت راوەستابوون، لە بەردەمی ئەواندا، سی و پێنج موزیکژەن، سەرقاڵی موزیک ژەنینی خۆیان بوون، جلوبەرگی سەربازەکان چڵکن و تفەنگە چەخماخەکانیان هەڕەمەکی و زۆریش کۆن بوون، سەد کەس تۆپچی بە جلی خۆڵەمێشی، لە تەنیشت ئێمە وێستابوون، سەرەتا گۆرانیبێژان بە جلکی ژنانەوە دەرکەوتن و سەما و هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد، بە دوای ئەواندا، جوامێران بە کەلوپەلی خۆیانەوە هاتن و دوای ئەوانیش، کوێخا و ڕدێن سپی و باوەڕ پێکراوانی شار، لەگەڵ کرێکاران و بەر دەستان، دەستە و نەزەر راوەستان.

## ئاوڕدانەوەیەک لە تەلارە کۆنەکانی ئیسفەهان

بازاڕ و کاروانسەرا و مزگەوت و گەرماو و قوتابخانەکان بەگشتیی خەریکە کاول دەبن، بەڵام ئەو نەخش و نیگارەی بەسەر دەرانەی دەرک و دیواری کۆشک و تەلارە تەلارەکانەوەیە، ئەو دەست ڕەنگینییەی لە هونەرمەندی ئێرانی بە جێماوە، ئێستاش روون و بەرچاوە و بەر پێوار نییە.

شەقام و باخاتی ئیسفەهان کەس خۆی پێوە ماندوو ناکات، ئاوەکان لە گونجەوە ناڕۆن و سەرلەبەر بە جۆگاکاندا تێ دەپەڕن، فوارە و ئاوهەڵدێران کارناکەن، ئەگەر لە جێیەکیش قەڵبەزیەک ببینی ئەوە هی ئاو زۆرییە. وەک مرۆڤی نەخۆش لە هەستان و کەوتنندایە. جگە لەوانەش، بینەر ئاگاداری لە چۆنێتی ئەم کۆشک و تەلارە، لە وەستاکارانی ئیسفەهانی چەندە هونەریان لە خۆیان خستۆتەوە. لە کۆنەوە گوتویانە ئیسفەهان نیوەی جیهان. بەڵام ئێستا ئەم جلوەی جوانییە نەماوە و ئەوەی ئەوسا گوتویانە بۆ ئەمڕۆ نابێ. مەگەر ئێستا ئەم باخاتە جوانییەک بە شارەکە ببەخشێ. هەزار جەریب (دونم) وەختێ باخێکی دڵگیر بوو، بەڵام ئێستا وێرانەیە. چیای سەفە، لە دوو فرسەخی شار هەڵکەوتووە. لەسەر دوندی ئەویش تەلارێک هەیە و تەواوی ئیسفەهانی لێوە دیارە. لە نێوەڕاستی هەزار جەریبە و جولفا، لە داوێنی چیای سەفە، گۆڕستانی ئەرمەنییەکان دیارە. کێل و بەردی گەورەی تێدایە و هەموویان بەجوانی تاشراون، لە کێوی دڵانچیا، لە نزیکی دێکوردە، (شاری کورد) کێوەزەرد، لە چل فرسەخی ئیسفەهانە. تەختی رۆستەم گوندێکی مەزنە لە یەک فرسەخی جولفا، بەڵام ئێستا تەواو کاول بووە. هەروەک تایەفەی جووەکان دەیانگوت، گۆڕی سارە، خێزانی ئیبراهیم، لە ئیسفەهانە. منارە جووڵە دوو منارەی جێی سەرنجن، ئەگەر یەکیان بجووڵێنن، ئەوی دیکە سیئارشین دوورترە، دەکەوێتە جووڵەکردن. هیچ کەسێکی ئێرانی باسی ئەم ڕەمز و رازەناکات، گۆڕەپانی شا، لەو نێزیکە و مزگەوتی شا، زۆر بە شکۆیە و نیگای هەموو بینەرێک دەڕفێنێت. نەخش و نیگاری زۆر جوانی

هەیە. مزگەوتی شێخ لوتفولا، بە شکۆیەکی جوان سازکراوە و زۆریش بە پاکوخاوێنی پارێزگاری لیٚ دەکەن و دەیپارێزن. بەبیٚ ئەوەی درزێکی پێوە دیار بیٚ، وەک خۆی ماوە. عالی قاپۆ، دەروازەیەکی هێکجار گەورەیە، قوتابخانەی شاسولتان حوسێن، لەنێو چوار باخدا سازکراوە. چل ستوون (چل کۆلەکە) بە ناوبانگترین تەلاری سولتانی کۆنە. تا ئێستاش وەک خۆی ماوە و دیمەنێکی جوانی بە شارەکە بەخشیوە. ئەمەش لە نێوەراستی هەشت بەهەشت دایە و لە دەورەی سولتانەکانی سەفەوی دا سازکراوە. خەلوەتی سەرگیراوی تەلار بچووکە، بەلام زۆر جوانە و لە نێوەراستی باخەکەدایە، بە دەستووری شازادە سەیفولا، کوڕی فەتالیشا، دروستکراوە. خۆی لەویٚ حوکمڕان بووە.

پردی ئەلا وێردی خان، لەسەر رووباری زایندە روود، زۆر جێی سەرنجە، ئاوی رووباری زایندە روود، دە فرسەخ دوورتر بە عەرزیدا ڕۆدەچیٚ. پردەکانی خاجو و مارنون، لەسەر رووباری زایندە روود هەلبەستراوە، بە کاروانسەرای میرزاتەقی خان ئەمیر، سەدری ئەعزەم خاوەن شکۆ ناسرەدین شا، بە ناوبانگە.

## لە ئیسفەهانەوە بۆ هەمەدان

لە ئیسفەهانەوە بۆ هەمەدان بەسەر ڕێگای خومەین و سولتاناوا و حەساردا دەڕوات. دوی نەوامبەر لە جولفا دەرکەوتین و بەسەرپشتی پردی مارنون دا تێپەڕین و لە هەباساوا و لمبان، بە سیٚ کاتژمێر و چل و پێنج خولەک، گەیشتینە ئەنەوشیرەوان. لەوێدا ئاورگەی ئیسفەهان، لەسەر دوندی کێوێک سەرنج رادەکێشیٚ، لە مەودای چوار فرسەخی ئەنەوشیرەوان گوندی چالەڕەش بەرچاوە.

سێی نەوامبر، وەختیٚ گەیشتینە ئەویٚ هەوا زۆر سارد بوو. دانیشتووانی ئێرە چل بنەماڵەن. ئەم گوندە زۆر قایم ساز کراوە، کاروانسەرایەکی باشی هەیە. مەودای ڕێگاکە، بەبیٚ ئاوە، ئێرە دوو ڕێگای لیٚ دەبێتەوە، یەکیان روو دەکاتە گوندی کێلان و ئەوی دیکە، دەچێتە، ئاوایی نەجەفاوا. مەودای ئەم دوو

گونـدە، لە دێـی چاڵەڕەشـەوە چـوار فرسـەخە، ڕێگـاکەش بەسـەر کێوەکانـدا ڕادەبـرێ. لووڕەکـانی بەختیـاری لە کاروانسـەرای دایکـی شـا و، گونـدی مەحمودییەوە، هەمیشە چاڵەڕەشە تاڵان دەکەن. وەختێ دۆڵی چاڵەڕەشە، تەواو بوو، دەگەینە ڕێگایەکی تەنگەبەر، بە ناوی هەزار مەنی. ئەوە حەشارگەی دزانە، بەختیـاری گەل لەو ڕێگـایەوە خـۆ لە کاروانسـەرای دایکـی شـامات دەکەن، لە وەختی دەرفەتدا دەستی خۆیان دەوەشێنن. لێرە قەرەوڵخانەی لێ دامەزراوە و ئەم پـێگەیەش تەواوی لە بەرد چێکـراوە. شـەو و ڕۆژ بەردەوام تفەنگچـی چاوەدێری ئەم ناوچەیە دەکەن. لە نێزیک گوندەکە، کاروانسـەرایەکی جوان ساز کـراوە، بەڵام بە لا ڕووخـاوی مـاوەتەوە. لەنێـو کاروانسـەراکەدا، بەردێکـی زۆر ڕۆکـراوە، هەموویـان تاشـراون. وا دیـارە ئەم بەردانە بـۆ ئەو کاروانسـەرایە تاشراون. دێحەق- ئاواییەکی مەزنە، بە گفتی کوێخای گوندەکە، هەزار بنەماڵە لەوێدا ژیوار دەکەن، بەڵام هاوڕێیانی ئێمە دەیانگوت، تەنیا چوار سەد ماڵی تێدایە. بە قەولێک ئێمە بیستمان، ورچێک کچێک دەڕفێنێ و دەیباتە منارە، کچە لە ورچەکە منـداڵێکی دەبـێ، خەڵکـی ئەم گونـدە تـۆرەمەی ئەو ورچەن، کەچـی دانیشـتووانی گونـدەکە، بە ژنەوتنی ئەم چیرۆکە روو گرژ دەکەن. دێحەق، زۆر قایم سازگراوە و دەرگای تەختەی ئەستوورە و زۆر ماڵیش دەرگای بەردینیان هەیە، بەڵام نەک بە ئەنـدازەی تیـران و نەجەفـاوا. دوای تەواو بـوونی مـوڵکی ئیسـفەهان، لە دەشـتی دێـحەق، چاومـان کەوت بە کشـتوکاڵێکی زۆر بـاش. دانیشتووانی ئەم گوندە جگە لە ئاژەڵداری سەرقاڵی کاری کشتوکاڵن. بە بۆنەی زریـانی زۆر، ئـاونگی سـەر چیمەنەکە بەیانیـان دەیبەسـتێ و دەبێـتە سـەهۆڵ. وەختێ لە ئاوایی هاتینە دەرێ، لە نزیک مزگەوتەکە چاومان بە بەردێک کەوت، بڵنـدی و پـانی سـێ ئارشـین بـوو. زۆر لەبـار تاشـرابوو، بە نووسـراوەی ڕێکوپێکەوە، ئەم بەردە گەورەیە کۆڵانەکەی گرتبوو.

پێنجی نەوامبەر، لە دێحەقەوە بە شەش کاتژمێر و چل خولەک، گەیشتینە دێـدەر، لە چـوار فرسـەخی خـۆڵینە، دەگەیە کاروانسـەرای دایکـی شـا، کاروانسەراکە لەوپەڕی جوانیدا سازکراوە، دەروازەی کاروانسەرا، بە خشت و بەرد، هەڵچنـدراوە و کونێـک هەیە بـۆ چـوونە ژوورەوە، ئەویـش زۆر

تەنگەبەرە. هەروەک بیستمان بە ئەنقەست وایان لێ کردووە. لەبەرئەوەی لووڕهان، لە شەودا لێرە بۆسە دادەنێن و خەڵک رووت دەکەنەوە. وەختێ باسێکی دەوڵەتی دێتە ئاراوە، لووڕەکان سەبارەت بە تالان و ئاژاوە دەگەنە دەروازەی تاران. لە تەنیشت کاروانسەرا، جۆگە و چالاوێک هەیە. لە مەودای بیست و پێنج خولەکی کاروانسەرادا، بەنداوێک هەیە و لە نێوەڕاستی دۆڵەکەدا، سێ ڕێیانێک هەیە و بە گونجەیەکی تەنگەبەرەوە. ئەم بەنداوەش بە مەبەستی ئاوگەیاندنە بۆ کاروانسەراکە. لە نزیک گوندەکە کاروانسەرایەک هەیە، چواردەوری دیواری کراوە و سەد ماڵ دانیشتوویی هەیە. لە دێدەر تا گوندی قوقە، شەش کاتژمێر مەودایە. لە دێدەر، دەرکەوتین، سێ کاتژمێر دواتر گەیشتینە چەمێکی وشکارۆ، بەرینی چەمەکە شەست گەزە بوو، ئەم رووبارە تەواو خیزەلانی بوو، دوای کاتژمێرێک، ڕێگاکە بە دەستی چەپدا، خواربۆوە. لەنێو ڕێدا زەوی وزاری کشتوکاڵ لەوپەڕی باشیدایە. دۆڵی قوقە بەردەوام سەرەو خوارییە. بە شێوەیەک لەگەڵ دۆڵی گوڵپایەگان تێکەڵ دەبێتەوە، وەک ئەوە وایە رووبارێک بچێتە نێو زەریاوە.

ئەو رووبارەی ناومان هێنا، لە هاویندا وشک و بێ ئاوە. کەچی هەر ئەم رووبارە لە بەهاراندا بالاپیاوێک ئاوی هەیە. فرسەخێکی دەمێنێ بۆ گوندی قوقە کاروانسەرایەک هەیە، ئاوێکیش بەم ناوەدا دەڕوات. مەودای نێوان گوڵپایەگان و قوقە، یەک فرسەخە. قوقە گوندێکی گەورەیە، بەلام بەشێکی زۆری کاول بووە. ئەو وێرانەیەش جێپەنجەی تایەفەی ئەفغانی گەلی پیوەدیارە. مزگەوتێکی سەرنج راکێش لە گوندەکەدا هەیە، سەربانی مزگەوتەکە بە تەنەکە داپۆشراوە، کاتێک لە گوندەکە بووین، لەلایەن ئەردەشیر میرزاوە، راسپاردەیەک هاتبوو خاوەن ماڵەکەی ئێمە بگرێ، قەرزدار بوو، ئەویش رایکرد بوو پەنای بردبووە بەر مزگەوتەکە و لەوێدا مانیگرت. ئیستەپڵی شا، مزگەوت، ئیمامزادە، ئالای وەزارەتەکان و کونسوڵخانەی دەوڵەتانی ئەورووپایی بۆ خەڵک پەناگە و جێی مانگرتنە. گوندی قوقە تایبەتە بە میرزا زەکی، ماوەیەک لە پاریس سەرقاڵی خوێندنی پیشەی تەلارسازی بووە، لەلایەن دەوڵەتەوە ئەم ئاوڕەی لێ دراوەتەوە. لە

خومەینەوە دوو ڕێگا دەچێتە سولتاناوا، یەکیان لە شانی چەپ، ئەویدیکە لە لە بەشی ڕاست، ڕێگای چەپ بەم جۆرەیە:

لە خومەینەوە تا روبات پێنج فرسەخە، روبات تا عەمارەت پێنج فرسەخ ڕێگایە. عەمارەت تا سولتاناوا، هەشت فرسەخە، بەسەریەکەوە خومەین بۆ سولتانا، هەژدە فرسەخە. ئەمەش ڕێگای ڕاست:

لە خومەین تا دەرچە، سێ فرسەخە. لە دەرچەوە بۆ هەلی، چوار فرسەخە. هەلی تا سولتاناوا چوار فرسەخ. بەسەریەکەوە خومەین تا سولتاناوا یازدە فرسەخە. لە گولپایەگان بۆ هەمەدان، دوو ڕێگاهەیە، یەکیان لە چەپ، ئەویدیکە لە دەستی ڕاست. ئەمەش ڕێگای چەپ:

لە گولپایەگان تا ئاوایی خوڕەماوا، شەش فرسەخە. خوڕەماوا تا عەمارەت سێ فرسەخ، عەمارەت بۆ حەسار چوار فرسەخ، لە حەسارەوە تا پەری چوار فرسەخ. پەری تا دەولەتاوا چوار فرسەخ. بە گشتیی لە گولپایەگانەوە تا هەمەدان سی و سێ فرسەخە.

دەورو بەری محالی کەمەرە بەم شێوەی خوارەوەیە:

لە بەشی ڕۆژئاوا چیای ئاشناوەر، لە بەشی باکور کاولەدێی مالیک و گوندی پایی لە بەشی باکوری ڕۆژ هەلاتەوە کێوێکە لە دە فرسەخییەوە دیارە، لە بەشی باشوور چیای ئەلوەند خۆی دەنوێنێت.

کوێخای گوندی دەرچە، ئەم زانیاریانەی پێداین:

دووسال لەوەپێش، تایەفەی بەختیاری دەرچە وێران دەکەن. لە ڕێکەوتی هەزار و هەشت سەد و حەوتی زایندا، کاتێک هەوالی مردنی محەمەدشا، بلاوبۆوە، دانیشتووانی گوندی دەرچە دەیانزانی چیانشینەکان پەلاماریان دەدەن، هەر بۆیە بیریان کردەوە وریای سامان و مالی خۆیان بن. چەک و چۆلیان کڕی و شوورە و دیواری دەوری دێیان نۆژەن کردەوە، بەلام بەختیاریگەل هەلیان لێ سەندن و ڕۆژێک دواتر لەژێر دیوارەکاندا زیاتر لە هەزار کەس بە گورز و چەکەوە ئامادە بوون. خەلکی گوندەش خۆیان لەو مالانەدا شاردەوە شوورە و دیواری باشیان هەبوو.

لەو دێیەدا بۆ بەر گری کردن لە خۆیان و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەزار بەختیاری تەنیا دوازدە کەس چەکدار هەبوو. بەڵام هەروەک دەڵێن سەت قەل و بەردێک، ئەم دوازدە تفەنگچییە، پێشیان بە تاڵانچیانی بەختیاری گرت و نەیانهێشت بە ئاواتی خۆیان بگەن. لەم شەڕوپێکدادانە دا شەش کەس لە خەڵکی ئاوایی دەرچە کوژران و لە تایەفەی لووڕهانیش شەش دزکوژران. هۆزی دزان، دوای کوژرانی شەش کەسیان پاشەکشێیان کرد و بە ڕەقەی ڕێدا گەڕانەوە. ماوەیەک دواتر حەوت هەزار لووڕە بۆ تاڵانکردنی ئەم گوندە خۆیان لە دەسک نا، لەبەرئەوەی خەڵکی ئاوایی بە چارەنووسی خۆیان دەزانی، پێش ئەوەی دزان بدەن بە سەریاندا، لە دێ دەرکەوتن و خۆیان گەیاندە قەڵای ئاندومە، لە نیو فرسەخی گوندەکە. ئەوسا لەوێوە داگژانە لووڕهانی تاڵانچی و ئەمجارەش دەم لە پووشیان کردن و هاتنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، واتە گوندی دەرچە. بەڵام ئاخرەکەی بەختیاری گەل، گوندی دەرچەیان کاول کرد و هەرچی وەبەر دەستیان هات بە تاڵان بردیان. لە دوای وێرانکردن و ماشتنەوەی دەرچە، هەرچەند گوندێکیان لەسەر ڕێگا بوو تاڵانیان کرد. دوای ئەوەی خاوەن شکۆ ناسرەدین شا، هاتە سەر تەخت، وڵات هێمن بۆوە و دەستدرێژی کەم بۆوە، کوێخای گوندی دەرچە، بە نیازی وەرگرتنەوەی سامانی ئاوایی خۆیی گەیاندە تاران، ئای بەشکو ڕێگایەک بۆ قەرەبووکردنەوە لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام نۆکەرانی میرزاتەقی خان ئەمیر، بۆ ئەوەی هەواڵی هاتنی کوێخا بدەن بە ئەمیر، داوای سەد تمەنیان لێ دەکرد. کوێخا ئەو بڕە پووڵەی نەبوو بیان داتێ، هەر بۆیە تەنیا زەحمەتی ڕێگای پێ بڕا و لە ڕەحمەتی حکوومەت بێبەش بوو، بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە بۆ کاولە دێی دەرچە. دوای ماوەیەک سولێمان خان، کە لەژیانی بایەخی بە هۆزی لووڕهان نەدابوو، پێنج سەد تمەنی لە هۆزی لووڕهان سەند و دەمشتی خەڵکی ئاوایی دەرچەی نا.

نۆیی مانگی نۆڤمبەر- ئاوایی دەرچە تا گوندی کوارە، شەش کاتژمێر ڕێگایە. لە دەرچەوە بۆ سوڵتاناوا دوو ڕێگا هەیە، یەکیان لەڕاست، ئەویدی لە دەستی چەپ. ڕێگای بەشی ڕاست بەم چەشنەیە:

له دەرچەوە تا مەیدانەکە نیو فرسەخ، لە مەیدانەکە تا هەلی یەک فرسەخ و هەلی تا سواراوا یەک فرسەخ ڕێگایە. سواراوا تا سوڵتاناوا سێ فرسەخە، بەڵام ڕێگاکان بەسەر کێودایە. گوندەکانی سەر ئەم ڕێگایانە چۆڵن.
ڕێگای چەپ بە ناوچەی کەرێزەوە دەڕوات و لە ناوچەی کەزازەوە رادەبرێت. لەنێو رێگادا کێو و چیایەک نییە. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە تورکن و بە تورکی دەبێژن. لە دەرچەوە تا ئاندزیا فرسەخێکە، ئاندزیا تا گوڵ تەپە یەک فرسەخە. گوڵتەپە تا زین کەو فرسەخێکە. زین کەو تا گوڵشەناوا یەک فرسەخە. گوڵشەناوا تا کوارە نیو فرسەخە. سێ دێ تا سوڵتاناوا یەک فرسەخە. بە گشتیی لە دەرچەوە تا سوڵتاناوا شەش فرسەخ و نیوە. ئەو دۆڵەی ئەم گوندانەی لە ئامێزدایە مەوداکەی نیو فرسەخە و کێڵگەی باشی هەیە. لەنێو رێدا لە چەند جێ تووشی خەرمان هەڵگرتن و کاکێشان هاتین.
سەربەرەو خواری بۆ لای سەدە، ڕێگاکەی زۆر ناخۆشە. ڕێگای بردنی تۆپخانەی نییە و بەزەحمەت هێزی سەربازی لێی دەردەچێ. لە ناوچەی دەشتی کورد، تووشی دوو خاپوورە دێ هاتین، هۆی ئەو کاولبوونە ئەوە بوو خەڵکی ئەم دوو گوندە رەوانەی سوڵتاناوا کرابوون.
دەی مانگی نۆڤمبەر- لە گوندی کادر تا سوڵتاناوا پێنج فرسەخە.

## سوڵتاناوا

شاری سوڵتاناوا، سی و چوار ساڵ لەوەپێش بابی ئەسکەندەر خان دروستی کردووە. ئەوەندەی گەڕاوم شاری ئاوا خاوێنم نەدیوە نە لە ئیسلامبول نە لە ئێران، تەواوی کۆڵانەکان سەنگ فەڕش کراوە و جۆگەلەی ئاوی پێدا رادەبرێت، ماڵەکان هەر هەمووی بە شێوەی مێعماری ساز کراون.
دەوری شار دیوار کراوە و عەمارەتەکەش پازدە ئارشینە. بۆ هەر پەنجا مەتر لە دیوارەکە بورجێکی چاوە دێری بە قەڵافەتێکی جوان قوت بۆتەوە. چوار دەوری شار خەندەکە و پازدە گەزە قووڵە، بەبێ ئاو. تەلاری ئەو شارە سولێمان خان ئەمیر تمەن (سولێمان خانی ئەفشار قاسملوو، ناسراو بە خاون ئیختیار)، بۆ دەسەڵاتی خۆی سازی کردبوو.

کاتێک ئاغا محەمەد خان هاتە تفلیس، ئەو پیرەمێردەی لەگەڵدا بوو، لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و نۆدا، لە کاتی واژۆکردنی پەیماننامەی، ئەویش لەوێ دەبێت. شارەکە خاوەنی مزگەوت و فێرگەیەکە. عەمباراوەکانی ئەو شارە دە ئارشین قووڵن. بازاڕێکی چوار لای هەیە، باخێک، ناسراو بە باخی شا، لەو باخەدا تەلارێکی کڵاو فەرەنگی دروست کراوە. دانیشتووانی ئەم شارە نێزیکەی چوار هەزار ماڵن. دوو فرسەخ و نیو دوور لەشار، دەریاچەیەکی خوێڵێن سەرنج ڕاکێشە، رووبەری شەش لە یەک فرسەخ و نیوە. لە کاتی وشکانیدا دەکرێت بەم خوێڵێنەدا تێپەڕیت، بەڵام لە وەختی باران باریندا ناشێت.

لەسەر ئاوەکە بە قەرای دوو قامک خوێ هاتۆتە سەرێ. لە وەختی گرتنی خوێدا قوڵکەیەک ساز دەکەن، دوای ئەوەی پڕبوو لە ئاو، خوێیەکە دەگرن. جاری واهەیە هەر لەم ئاوە خوێی سوور بەدەست دەهێنن، ئەمەش بۆنێکی تایبەتی هەیە و پێی دەڵێن ڕیشەی وەنەوشە، ئەمەش زۆر بەنرخە و کەمتر دەست دەکەوێت. بۆ نموونە لە دە قوڵکەدا قوڵکەیەکی ئاوا پێش دێت. بۆ خوێ گومرک نادەن. تەنیا حەقی کرێی عەرزەکە دەدەن. لە سوڵتاناوا لە نزیک قوتابخانە و مزگەوتەکە چاومان کەوت بە چەند عەمباراوێک، ئەوانیش هەریەکە و دە ئارشین قووڵە. بەڵام پلیکانەیان نەبوو، کەچی لە شوێنێکی شارەکەدا عەمباراوەکان تابندینی ئاوەکە پەنجا پێپلیکانمان ژمارد. لە نزیک سوڵتاناوا، لە ناوچەی سەربەند، نزیک بروجێردە و لە گوندی شوشکاوا، ئەویش لە سوڵتاناوا دوور نییە، فەرش و مافورەی جوان دەچنن، ئەمەش لە جێی خۆیدا هەر تەخە فەرشێک بایی پێنج تا هەژدە تمەنە، بەڵام لە فەرەیدوون قاڵیمان بینی لە شێوەی بەرماڵی لاهوور چندرابوون. بایی دووسەد تمەن بوو. دۆڵی سوڵتاناوا هێکجار شوێنێکی خۆش ئاووهەوایە. کێوەکانی لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە دوازدە فرسەخ لە شار دوورن، بەڵام لە ڕۆژئاواوە لە شار نزیکن. لە شانی باکوری ڕۆژهەڵاتی شار، ئەم دۆڵە درێژەی هەیە تا دەگاتە شاری ساوە. سوڵتاناوا بۆ گرتنی بەختیارییەکان شوێنێکی زۆر باشە و بۆ دزیکردن دەستیان کورت دەکاتەوە. وەختێ لەم

شوێنە نزیک ببنەوە تازە گەڕانەوەیان ئەستەمە. ئەم شارە جێی حەوت هێزی سەربازی دەبێتەوە، لە کاتی سازکردنی شارەکەدا، فەتحعەلی شا چەند جارێک سەردانی ئەم شارەی کردووە. باش دەیزانی قایمی و قوڵی ئەم شارە پشتێکی باش دەبێ بۆ ئێران. بە بۆنەی شۆرە کاتی ناوچەکەوە گڵی باشی لێ نییە، هەر بۆیە لێرە کشت و کاڵ بەکەمی بەرهەم دێت و خەڵکەکەش خۆیان بە خوێ فرۆشی دەژێنن. زۆریش بەهەرزان دەیفرۆشن. دەشتی سوڵتاناوا چۆڵییەکی کاکی بە کاکی و بەبێ دار و درەختە. وەختێکیش سەیری دەریاچە دەکەی وا دەزانی بەفر باریوە و ئەوەندەی چاو هەتەر دەکات سپی دەکاتەوە. بە بۆنەی ئەم دەریاچەیە سوڵتاناوا زستانی سەخت و ناخۆشە، زۆر جار ئارشینێک بەفر دەبارێ. جاری وایە خۆ ناگرێ و دەتاوێتەوە.

سوڵتاناوا خاڵی سەرەکیی ناوچەی کەزازی و فەرەیدوون و چوار ڕێیانی ئەم مەڵبەندە دێتە هەژمارکردن، لە سوڵتاناوا دەچێتە ساوە و قوم و تاران، بەڵام مەودای شاری ساوە و قوم گوند و ئاوەدانی کەمتر هەیە. لە بروجێردەوە دەچێتە حەسار. بۆ ئیسفەهان لە حەسار و دەرچەوە ڕێگا هەیە. بۆ هەمەدانیش بە جادەی دەوڵەتاوادا دەڕوات. لە سوڵتاناوا تا هەمەدان دوو ڕێگا هەیە، یەکەم لە سوڵتاناوا تا حەسار پێنج فرسەخە. دەوڵەتاوا تا نانج شەش فرسەخ. دووەم ڕێگا لە سوڵتاناوا تا خونداب سێ فرسەخە. خونداب تا کورد خۆر سێ فرسەخ. کورد خۆر تا باربەند چوار فرسەخ. بە گشتی بە دووەم ڕێگادا لە سوڵتاناوا تا هەمەدان سیازدە فرسەخە. ڕەنگە لێرەدا مەنزڵێک لە قەڵەم کەوتبێ.

## مەنزڵەکان لە ئیسفەهانەوە بۆ هەمەدان

مەنزڵەکان لە ئیسفەهان تا هەمەدان بەم شێوەیەن:

لە ئیسفەهانەوە بۆ قەدەمگا پێنج فرسەخە. لە قەدەمگا تا خەسبی جان سێ فرسەخە. خەسبی جان تا جاورس چوار فرسەخ. جاورس تا خونداب سێ فرسەخ. خونداب تا کورد خۆر سێ فرسەخ. لە کورد خۆرەوە تا باربەند چوار فرسەخ. باربەند تا هەمەدان سێ فرسەخ. بەگشتیی لە ئیسفەهان تا هەمەدان بیست و پێنج فرسەخە. ڕێگای دووەم لە ئیسفەهان تا حەسار پێنج فرسەخ. حەسار بۆ خەسبی جان سێ فرسەخ. خەسبی جان تا هەمەدان حەڤدە فرسەخ، بەسەر یەکەوە لە ئیسفەهان تا هەمەدان بیست و پێنج فرسەخە.

## سوڵتاناوا بۆ تاران

لە سوڵتاناوا بۆ برایماوا پێنج فرسەخ. برایماوا تا قەرەوڵخانە حەوت فرسەخ. لەوێشەوە تا سامان پێنج فرسەخ. سامان تا شاری قوم چوار فرسەخ. لە قوم تا کاروانسەرای پردی دەلاک چوار فرسەخ. پردی دەلاک تا حەوزی سوڵتان سێ فرسەخ. حەوزی سوڵتان تا کەنارە گرد نۆ فرسەخ. کەنارە گرد بۆ تاران پێنج فرسەخ. بەسەر یەکەوە لە سوڵتاناوا بۆ تاران، لە ڕێگای برایماوا، دوو فرسەخە. لە لێگای دووەمەوە سوڵتاناوا بۆ تاران- لە سوڵتاناوا تا داوداوا پێنج فرسەخە. داوداوا تا ئاشتیان شەش فرسەخ. ئاشتیان بۆ ئاوە حەوت فرسەخ. ئاوە تا ساوە پێنج فرسەخ. ساوە تا روبات کەریم پێنج فرسەخ. لە روبات کەریمەوە تا عەلی شاهەباس پێنج فرسەخ. لە وێشەوە بۆ تاران پێنج فرسەخ. بەگشتیی لە سوڵتاناوا، بۆ تاران چل و یەک فرسەخە.

## له سوڵتاناوا بۆ هەمەدان

سولّتاناوا تا میراوا شەش فرسەخ. میراوا تا دەهەک پێنج فرسەخ. لەوێشەوە تا دەهەک پێنج فرسەخ. دەهەک تا نەرا، شەش فرسەخ. له سولّتاناوا تا کاشان سی و سێ فرسەخە.

مەنزڵی گوندی تۆرە تاهەمەدان- له گوندی تۆرەوە تا پەری چوار فرسەخە. دانیشتووانی ئەم گوندە دووسەد کەسە. له پەریەوە تا زەميناوا پێنج فرسەخە. زەميناوا تا هەمەدان پێنج فرسەخ. بەسەریەکە وە تۆرە تا هەمەدان چواردە فرسەخە.

دوازدەی مانگی نوامبەر له سولّتاناوا هاتینەدەرێ، بە شەش کاتژمێر و دە خولەک گەیشتینە ئاوایی سوزەن. بە سێ کاتژمێر و بیست خولەک دۆڵەکامان بڕی و گەیشتینە کانیاوا. لەو گوندە چاومان بە دار چنارێک کەوت بیست و دوو شەقاوی بازنەیی بوو. پەلێکی ئەو دارە سێ ئارشین بەرز بوو. گۆلاوێک له نزیک کانیاوایە. جارێ ئەوەندەرێ زۆر باش نییە و تۆپخانە پێیدا وەسەر ناکەوێ، مەگەر بە شان و قۆڵ، دەبێ ڕێگا کە مار و دوو ببڕن. سیازدەی مانگی نۆڤەمبەر گەیشتینە شازەندەچیا. ئەم کێوە ڕووبەڕوویی ئاوایی جورسینیە. ئەو جێیەی کەیخەسرەو تێیدا ون بوو. (فردەوسی شاعیر له شانامەدا باسی کردووە).

چیرۆکی هاوڕێیان و ژینگەی خونداب- له نزیک ڕێگای حەسار، ئەشکەوتێک هەیە بەناوی شازەند چیا، لەوئەشکەوتەدا کەیخەسرەو سەری تێدا چوو. لەو ئەشکەوتەدا دەمەو جەژنی نەورۆز، وەک دەڵێن هەر پێنج جارێک دەنگی تۆپ بەرگوێ دەکەوێت. ترس و گومان وای لەو خەڵکە کردووە کەس زاتی ئەوەی نییە توخنی ئەو ئەشکەوتە بکەوێت. بە وتەی چەند کەسێک سێ کەس له خەڵکی گوندەکە بۆ وەدەست هێنانی زانیاریی سەر دانی ئەو ئەشکەوتەیان کردووە و هەرگیز نەگەڕاونەتەوە. کابرایەکی لووڕ پێی گوتین، من چوومەتە ئەو ئەشکەوتە و ئەمەش چیرۆکی ئەوە:

وەختێ لە یەکەم دەرگاوە دەچییە ژووریٚ، وەک دەرگای کاروانسەرا گەورەیە، کاتێک چوویە ژووریٚ دەگەی بەحەوزێک چۆڕێکی ئاوی تێدا نییە. لە هەر چوار لای حەوزەکە مەشخڵ دایسێت. ئێمەش لە خەڵکی ئەم گوندە بیستومانە شەوانە سۆڵەی رووناکی لە دەرگای مغارەکەوە دەبیندریٚ. لە نزیک ئەو گوندە ئیمامزادەیەک هەیە، خەڵکێکی زۆر دەچنە زیارەتی. کاتێک گەورەگەل و مەزنانی دەوڵەتی ئێران دەگەنە نزیک شاچیا، لە وڵاخەبەرزە دادەبەزن و بۆ ڕێزلێنانی ئیمامزادە حەفتا هەنگاو بە پێیان دەڕۆن. بە بۆنەی بەفر و سەرما ئێمەش نەمان توانی سەردانی ئەشکەوتەکە بکەین. ئەو مغارە لە جۆرشینەوە مەوداکەی سێ کاتژمێرە. نابێ ئەمەشمان لەبیر بچێ کێوەکە کاتی خۆی گڕکانی لێ دەرچووە، ئەو ئەشکەوتە گازی تێدایە و هەر زینەوارێک بچێتە ژووریٚ دەخنکێ و لەوێدا دەمریٚ. ئەو دەنگەش کە جارناجارێک لە چەشنی تۆپ دەیبستن، ئاهێکی ناخی چیاکەیە ئاور دەگریٚ و دەنگی دێت. ئەمەش ئەو کاتە یە دڵۆپە ئاو دەکەوێتە سەر ئاهەکی بن عەرزەکە و ئەم گرمەیە دێتە دەریٚ. کاتێک دەڵێن لە کاتی نەورۆزدا خەڵک گوێی لە دەنگەکە دەبێ راستە، ئەشکەوت ومغاران لەو سەروبەندەدا ئاوەچۆڕەیان هەیە و دڵۆپەدەکەن. ئەو شۆقەی لە دوورەوە دەیبینن ئاوری سووتانی گازەکەیە.

لەهەمبەر شازەندچیا، لە گوندی هیکەن چاومان بە گۆڕستانێک کەوت. کێلەکان نووسراوەیان لەسەرە و زۆر بەڕێک لەبار تاشراون. لەسەر بەردێک ئاوا نووسرابوو (بی بی جان) وێنەی تەشی لە بەرەدەکە هەڵکەندرابوو.

لە دۆڵی حەسار و ئاودڕی تۆرە، رووباری زایندەروود دەڕواتە خواریٚ. دۆڵێکی هێکجار زەنوێر و خۆش دیمەنە. ئەم رووبارەش لە چەند لاوە جۆگەی لەبەر هەڵبەستراوە و بە مەبەستی ئاوداشتن جویٚ بۆتەوە. کاتێک لە دیٚ دەرکەوتین چیاکان بەفرێکی زۆریان بەسەرەوەیە. لەنێو ئەو کێوانەدا چیای ئەلوەند بە مێزەری سپییەوە خۆ ئەنوێنێت.

چواردەی مانگی نۆڤەمبر لە خوندابەوە بە چل و پێنج خولەک گەیشتینە کورد خۆر، ئەو شەوە بریسکە و باران و گرمەی هەوران بوو. رووبارەکە

پەنجا و پێنج ساجن، واتە پازدە ئارشین بوو، بەڵام ئاوی زۆر نییە و پردە ڕووخـاوێکی لەسـەر رایەڵ کـراوە و زۆری نەمـاوە دار و پەردوویـی تێـک بڕووخێ.

خونـداب گونـدێکی دلگیـرە، لەوەڕگەی باشـی هەیە، ڕێگـاکەی دەچێـتەوە سـەر دەوڵەتـاوا. واتە لە شـانی باشـووری ڕۆژئـاواوە. شـێوەی سـازکردنی ماڵەکان هەر لە خانووەکانی سوڵتاناوا دەچێ.

کەزاز، لە کـاتی خۆیـدا شـار بـووە. ئێسـتا گونـدێکە و سـەد بنەمـاڵەی تێدا نیشـتەجێیە. قەرەتەپە، تەپکـێکە لە دەسـتە راسـتی شـاری کەزاز، لە نزیـک ئەویش خاپوورە دێیەک دیواری ماوە، پێی دەڵێن گونداوا. لێرەوە قەرەسـوو رووە و ڕۆژهەڵات دەڕوات.

## ئەمەش ناوی ئەم ڕێگایانەی لە هەمەدان جوێ دەبنەوە

لە هەمەدانەوە بۆ گوندی زاغە سێ فرسەخە. زاغە تا ئاوایی سەعداوا سێ فرسـەخ. سـەعداوا تـا شـارەدێی کەنگـاوەر شـەش فرسـەخە. لە شـارەدێی کەنگاوەر تـا سـەحنە چوار فرسـەخە. لە سـەحنە تـا قەڵای حەسـەن خـان نیم فرسـەخە، قەڵای حەسـەن خـان بـۆ کەرکوەنـد نـیم فرسـەخ. لەوێشـەوە تـا بێسـتون چـوار فرسـەخ. بێسـتون تـا کرماشـان شـەش فرسـەخ. کرماشـان بۆ شـارەدێی توسـرکان پێـنج فرسـەخ. ڕێگاکـان بەگشـتی کوێسـتانییە. لە توسـرکانەوە تـا زەمانـاوا چـوار فرسـەخە. زەمانـاوا بـۆ ئوریزەمـان پێـنج فرسەخە. لەوێشەوە تا نەهاوەند دوو فرسەق. ئەو سێ وێستگەیەی دوایە، لە زەماناوا تا نەهاوەند ڕێگاکەی زۆر باشە. ئەم ڕێگایە تا دەچێتە تاران قسـەی لەسەر نییە.

لە نەهاوەندەوە تا پی بیک ئاوا شەش فرسەخە. لەوێشەوە تا زەڕنە(زرنـد) چوار فرسەخ. زەڕنە بۆ ناورەند حەوت فرسەخە. ناورەند تـا چەمرین چـوار فرسـەخ. چەمـرین تـا کۆشـک سـێ فرسـەخ و نیـو. کۆشـک بـۆ خانـاوا سـێ فرسـەق. ئەمەش گونـدێکی خۆشـە. خانـاوا تـا رۆبـات کەریم شـەش فرسـەخ. رۆبـات کەریـم بـۆ تـاران پێنج فرسـەخ. لە تـاران تـا گونـدی مەرەنـد چـوار

فرسـەخ. مەرەنـد بـۆ ئـاخ کەنـد چـوار فـەرسـەخ. ئاخکەنـد بـۆ کەنـارە شـەش فرسەخ. کەنارە تا تزلی شەش فرسەخ. تا کەنارە ڕێگاکە باشـە. لەوێشـەوە تـا تزلی ڕێگا ناخۆشە. تزلـی تـا پەیامبەر پێنج فرسـەخە. پەیامبەر تـا بۆلاماجی شەش فرسەخ. لەوێشەوە تا ئاوایی زنجان شەش فرسەخە. لە پازدەی مـانگی نۆڤەمبەر لە کورد خۆر بە نیازی باربەند دەرکەوتین. سمایل خـان خـاوەنی کورد خۆرە، بۆ دانیشتنی خۆی قەلایەکی بنیات نـاوە. هەربـۆیە پێـی دەڵێن قەلای سـمایل خـان. خانەکـانی دەوروبەری خەریکـی تـالان و بڕۆبـوون و لە کاتی پەلامار دانی ئەودا، چاپار سولێمان خـان کوژرا و دەهەزار تمەن مـاڵی ئەویان ڕفاند. سمایل خـان شـەریکە دز بـوو، پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەویَ سـمایل خـان دەسـتە بەسـتە ڕەوانەی تـاران کرابـوو. دزییەکەی لـیَ ئاشـکرا ببـوو، بەلام خەلە و دانەوێڵەکەیـان لە هۆدەیەکـدا کـۆکردەوە و دەرگایـان لەسـەر لاک مـۆر کـرد. مـاڵ و منـداڵی سـمایل خـان لە بـاخەکەی خۆیـدا دانیشتبوون. زۆرینەی خەڵکی ئاوایی ڕایان کردبوو. شـەویَ لە خانوویەکی تازە سازکراودا ڕۆژمان کردەوە. بە پاڵ هۆدەکەی ئێمەوە تەویلەیەک بـوو بە شەسـت ئـاخوڕەوە. ئاوێنەبەنـدی دەرگـای هـۆدەکە لە چەشـنی پەلـکە زێـڕینە ڕەنگاوڕەنگ بوو. ئێرە بەرز و نزمی زۆرە و چیاکانی بەفرگرە.

## گەیشتینە هەمەدان

شازدەی مانگی نۆڤەمبەر، گەیشتینە هەمـەدان، دوو گەزە بەفـر بـاری بـوو، چیای ئەڵوەند لەژێر مژێکی ئەستووردا نوستبوو. دوو فرسـەخ و نیـو لەولای هەمەدانەوە، لـووتکەی چیـای ئەڵوەند دەردەکەویَ و مەنـدیلی بەفـری لەسـەر نـاوە. لەنێـو شـاری هەمەدانەوە وەک پێویسـت ئەڵوەنـد دیـار نییە، بگـرە لە دوورەوە شـان و شـکۆیی ئەم شـاخە مەزنە سـەرنج ڕاکێشـە. ئێمە لەسـەر چیاکەوە چەند بەردێکی نووک تیژ، سـەرنجی راکێشـاین، کە بۆ لای شـارەکە کەوانەیـان کردبـوو. ئەو کێـوەی ئێرانـی گەل پێـی دەڵـێن ئەڵوەنـد، سـەر لووتکەکەی شاخێکە سی تـا چل گـەزە بەرزە. لە داوێنەوە بۆ دونـدی چیاکە ڕەنگە مرۆڤ بە چوار کاتژمێر وەسەر بکەوێت، بەلام لە کۆتایی شـاخەکە بۆ

سەر ئەو بەردەی ناومان هێنا، سەرکەوتنی زۆر ئەستەمە. لەسەر ئەم شاخەوە چیاکانی بێستون دەبیندرێن. لە شارەکەوە تا تەنیشتی چیاکە فرسەخێکە. هەرچەندە خەڵکی هەمەدان باوەڕیان وایە ئەلوەند کێوێکی مەزنە، بەڵام بەرزایی ئەو بە چاو دیاری ناکات. بە بێ (بارومەتر)، ناتوانی ڕادەی بەرزایی چیاکە دیاری بکەی.

شاری هەمەدان کەوتۆتە ئامێزی کێوەکانی دەوروبەرییەوە. شانی باشووری ئەلوەندە و شکۆیەکی تەواوی بە شارەکە بەخشیوە. ئەو مەودایەی کەوتۆتە نێوان شار و چیاکەوە، بەبۆنەی بەرزی شار ئەم مەودایە بزر بووە. کانیاوێکی زۆر لە دڵی چیاکەوە هەڵدەقوڵێ و دەڕژێتە کۆشی شارەکەوە. بیناکانی شار زۆرتر لە خانووەکانی عوسمانی دەچن. واتە لە نێوشاردا گۆڕستان هەیە و پڕە لە ماڵە چۆڵ. لە نزیک ئاوەکان ماڵی لە دار چاکراو هەیە و زۆرتر ئەوێ ئاوەدانە. لە زۆر تەلار و بەرهەیوان بەردەنووسی تاشراو بە خەتی عارەبی سەرنجی بینەر دەڕفێنێت. تەواوی گەرماوەکانی شار لەژێر زەویدان و بان و سەربانی ئەم گەرماوانە لەگەڵ کۆڵان و شەقام ڕێکە. تەلاری حکوومەتی لە قەڵای تایبەتی شاردا بە مەودایەکی کەم دیارە. ئەم تەلارە بۆ هەباس میرزا سازکراوە. بە هەر لایەکی شەقامەکەدا دەڕوانی دار و درەختی پەڵک و چنار دەبینی و چیمەن سەوزەڵانی جوانییەکی تەواوی بە شارەکە بەخشیوە. دەوری قەڵاکە بە بەردی تاشراو دیوار کراوە و بۆ لوولەی تۆپەکان کەل و کون و دەلاقەیان هێشتۆتەوە. بەرزایی شوورەی قەڵاکە دوو ساجن و نیوە، واتە حەوت ئارشینە.

لە تەلاری حکوومەت، شوێنی تایبەت بۆ کێشکی سەربازی لەبەر چاوگیراوە، بەڵام ئێمە تۆپخانەمان نەدیت. ئەو ڕێگایەی لە شار دەچێتە دەرێ بە نێو وێرانەیەکدا تێدەپەڕێت، ئێستا گۆڕستانە. لەوە دەچێ ئەم وێرانەیە کۆنتر بێ لە ئەم بورج و تەلارە کۆنانە. هەرچۆنێک بێت نازانین مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چ سەردەمانێک. لە شانی چەپ، سەرەتاسەری شەقامی سەربازخانە، وێرانەیەک دیارە، هەباس میرزا بۆ (ساڵدات)ی،

ڕاکردوویی سۆڤییەتی ساز کردبوو. شارەکە چەند دەروازەیەکی تێدایە و ئەم دەروازانە هەر یەکە و بەسەر کۆڵانێکدا دەکرێتەوە، لە کاتی نائاسایدا کلۆم دەدرێن و دانیشتووانی شارەکە لەپشت دەرگای داخراودا خەریکی پلان و کاروباری خۆیان دەبن. ئەم دەرک دەروازانە لە هەر بابەتێکەوە قازانجیان بۆ شارەکە هەیە. لە زۆرینەی شارەکانی ئێران بەم هۆیانەی باسمان کرد ئەم شوورە و دەروازەیە ساز دەکەن. لە شاری هەمەدان گەڕەکی عیسایی و موسایی جویَ کراوسەتەوە، بەڵام دیارنییە ڕێژەی عیسایی واتە ئەرمەنی و نەسرانی (خاچ پەرستان) چەندەیە، بە گشتی سی بنەماڵەن. گەڕەکی خاچ هەڵگران لە کۆتایی شار لە سەر گردۆکەیەک هەڵکەوتووە. بە وتەی خەڵکی شارەکە، ئەم شوێنە لە کۆنداباڵەخانە بووە و ژینگەی دانیشتووانەکەی. کەموکووڕی نییە، ئەم شتە کۆن و کەرەستانەی ئێمە چاومان پێی کەوت ڕاستییەکە دەسەلمێنێت. جووەکانی دانیشتوویی هەمەدان سیَ سەد بنەماڵەن. ئەوانیش لە بەشی باکوری شار دانیشتوون. سەرجەمی دەرگای ماڵەکانی شاری هەمەدان نۆهەزار و پێنج سەد دەرگایە. بە گشتی دانیشتووانی هەمەدان چل هەزار کەسەن. فرسەخ و نیوێک لەولای شارەوە گوندێک هەیە تابەتە بە ئەرمەنییەکان، ئەوانیش خاوەنی کلێسەی خۆیانن. دوو گوند، یەکیان نیو کاتژمێر لە شارەوە دوورە، ئەوی دیکە لە بن شاردایە، دانیشتووانەکەی عەلی ئەلاین. لە دەرەوەی هەمەدان، لە شانی باکوری ڕۆژئاوا، لە دەشتەکەدا، دوو بەرد لەسەر عەرزەکە ڕاکشاون، یەکیان لە شێوەی مێزی نووسین و ئەویدی وەک کەللە قەند هەڵکەوتووە. شارەزایانی هەمەدانی باوەڕیان وایە ئەگەر تۆفان و ڕەشەبایی بێت، ئەو بەردەی لە چەشنی کەللە قەندە، لەسەر بەردەمێزەکە داینێن، بەخێرایی گێژەڵوکە دەنیشێتەوە و گژەباکە تەواو دەبێت. هەروەها، دەیانگوت، ئەگەر لە کاتی گێژەڵووکەدا دەست لەسەر بەردی کەللە قەندی دانێن، تەپوتۆزەکە دەنیشێتەو، بەڵام تا ئێستاش هیچ کەس هۆکاری ئەم ڕەمز و ڕازەی نەزانیوە و نازانن هۆکار چییە، تەنیا ئەوندە نەبیَ ئەیانگوت زۆر کەون و لە مێژینەن.

کاڵەکی بە نامیەی هەمەدان لە کاشانەوە کڕیاری بۆی دێت، شاری کاشان کەسێک بەناوی زبێدە سازی کردووە، ئەو تە لاری زەر سازکردنی شارەکەی لە ئەستۆ بوو، هەردەم لە بیرکردنەوەدا دەبیٚ، کاتێک کە خەوی لیٚ دەکەویٚ، لە خەونیدا کایەکی زۆر لە دەوری شارەکە دەڕژێت، وەک ئەوەی لە جیهانی نهێنیدا نەخشە و پلانێک داڕێژراوە، لە خەو رادەپەڕیٚ و بەپێی ئەو خەونەی دیویەتی، دەست دەکا بە سازکردنی ئەو شارە. لەگەڵ رەوتی رۆژگار سازبوونی شارەکە دەچێتە پێشیٚ، ناوی شارەکەش دەنێن (کافشان) واتە ئەو کاشانەی ئێستە.

## ئەم چەند ڕێگایە لە هەمەدان جویٚ دەبنەوە

یەکەم: لە هەمەدان بۆ تاران.

دووەم: لە هەمەدان بە سوڵتانییە دا دەچێتە تەورێز.

سێیەم: هەمەدان بۆ ورمیٚ.

چوارەم: هەمەدان بۆ سنە.

پێنجەم: هەمەدان بۆ کرماشان، سیٚ ڕێگای لیٚ دەبێتەوە.

یەک- لە تەنیشت گەنج نامەوە، لە وەرزی هاویندا بەسەر ڕێگای کێوەکاندا، هێزی سەربازی بە تۆپخانەوە دەردەچێت.

دوو- لە کاروانەڕێی شانی ڕۆژئاوای چیای ئەڵوەندەوە.

سیٚ- لە کاروانەڕێی کۆنینە، ئەویش لە شانی ڕۆژئاوای ئەڵوەندە، بە زاغە و حەسەناوادا دەڕوات، لەوە ناچیٚ تۆپخانە لەم ڕێگایە دەرچێت. لە وەرزی سەرما و بەستەڵەکدا، کەس لەو ڕێگایەوە دەرناچیٚ. ئێرانییەکان گوتیان تۆپخانە لە بزنەڕێگای زاغەوە دەگاتە حەسەناوا. ئەم سیٚ ڕێگایە هەر هەموویان کرماشان دەگرنەوە. ڕێگاکانی زاغە و حەسەناوا لە کەنگاوەر تێکەڵ دەبنەوە.

شەشم: ڕێگاکە دەچێتەوە ئیسفەهان، ئەو ڕێگایەی ئێمە پێیدا هاتین زۆر ناخۆشە و بە هیچ کلۆجێک تۆپخانەی لیٚ دەرناچیٚ. لە نزیک ساری دەشت، کە بەشی سوڵتاناوایە، ڕێگای نێوان سوڵتاناوا و ئاوایی سوزەن، تۆپخانە

دەرناچێت. لە تەنیشت ئەم ڕێگایەوە، ڕێیەک هەیە، تایبەت بە هێزی سەربازیە، ئەم شوێنانە دەگرێتەوە: عەمارەت و قەدەمگا و خەسبی جان و کوردخۆر.

حەوتەم: لە هەمەدانەوە بۆ دەوڵەتاوا و حەسار.

هەشتەم: هەمەدان بۆ نەهاوەند و بروجێرد.

نۆیەم: لە هەمەدانەوە بۆ توسرکان، لەوێوە ڕێگە هەیە بۆ بروجێرد و کەنگاوەر.

## هەمەدان بۆ کرماشان لە ڕێگای کەنگاوەر و سەحنەوە

بیست و چواری مانگی نۆڤەمبەر- ئاوایی زاغە سێ فرسەخ لە هەمەدان دوورە. یەکەم ڕێگا کاتژمێر و نیوێک بە دەشتایدا تێ دەپەڕێت. بەدوای دۆڵەکەدا لە تەپۆڵکەکانی ئەلوەندەوە دەچێتە دەرێ، لەسەر ئەم تەپکانەوە کاتێک سەیری هەمەدان دەکەی دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێشە. بە هەر لایەکدا دەڕوانی سەوزەلانی و کانی و ئاوە. ئێرە دوو پردی لێیە و بەردەکانی بە جوانی تاشراون. ئاوی چیاکان بە ژێر ئەم پردانەدا رەت دەبێ. بەڵام وەختێ هێزی سەربازی بەم ناوەدا رابرێت دەشێت پردەکان نۆژەن بکرێن. سەرلەبەری ئەم دەشتە شەڕگەیەکی باشە و جێی مەشقی سەد هەزار لەشکرە. لەسەر ئەم چیابەرزانەوە دوو فرسەخە تا هەمەدان، شار بەگشتیی دیارە و ئەو ڕێگایانەی روو دەکەنە گوندەکان لە دوورەوە دیارن. دەشتی هەمەدان لە شوێنێکی بەرزە و بای شەماڵ لەلای سوڵتاناوا دێت و دەیگرێتەوە. لێرە کزەی سەرما کار لە ئێسقان دەکات، وەک دەڵێن سەرمای هەمەدان بە ناوبانگە. سێ مانگەی زستان ئارشینێک بەفر لەسەر زەوی دەکەوێ و درەنگ دەچێتەوە. وادیارە لە ساڵی هەزار و هەشسەد و چل و هەشت و چل و نۆیی خاچ هەڵگران، زستانی هەمەدان خۆش بووە و هاوینیشی فێنک، ئەو ماڵانەی لەسەر تەپۆڵکە و نزیک دۆڵەکان زستانی سەختیان هەیە و بەفر تا سێ مانگەی بەهار خۆی دەگرێ و خەڵکی شارەکەش بۆ خواردن بەکاری دەهێنن. لە شازدە و حەڤدە و هەژدەی مانگی

نۆڤـەمبەر دا ئەم کێوانەمـان بە چـارۆکەی سـپیەوە دیـتن. ئەم بەفـرەش لە پازدەی مانگی نۆڤەمبەر دا باریبوو. ئەو کاتەی ئێمە لە باربەند بار و بنەمان خسـتبوو، وەختـێ گەیشـتینە نزیـک هەمەدان، دەشـتەکە پێشـتر بەفـر داپۆشـیبوو، ئەویش توابـۆوە و ڕێگاکەش تەواو قوڕبوو. لە کۆتـایی مـانگی نۆڤەمبـەردا چاومـان لـێ بـوو بەفـری سـەر لـوتکەی چیاکـان و دەشـتەکەش، توابـۆوە و بە شـیوەکاندا دەهـاتە خـوارێ. تەنیـا ئەو بەفـرەی لە کێوەکـانی دەستی باکور بە لای تاراندا مابوون نەتوابۆە. ئەو ڕێگایەی ئێمە پێیدا هـاتین، تەپـۆڵکە و بەنـدەنی زۆری هەبـوو. وەک دەردەکەوێ ئەو تەپۆڵکـانە وەختـی خۆی ئاوەدانی بووبێتن، دیارە لە کۆندا ئەم نـاوچەیە دانیشـتووانی زۆری لێ بوو، ئێستا بەشێکی زیندوو ماون. لە گوندەکە لە خانێک لاماندا، ئەم خـانەش لە دەرەوەی ئـاوایی سـاز کـرا بـوو. چـوار دەوری ئەم خـانە دیـوار کـراوە، دەرک و پەنجەرەی ئەم کاروانسەرایە بە شوشەی ڕەنگا وڕەنگ رازابۆوە. لە تەنیشـت ئەم وێـنە و جـامەدا نـاوی یەزدان و خـاوەن مـاڵ و ڕێکەوتـی سـازکردنی دەخوێنـدرایەوە. منـیش پـێم وایە هەر کەس لابـداتە ئێـرە و ئەم دیمەنە ببینێ زۆری پێ جوان دەبێ.

شـارە دێـی ئەسـەداوا لە سـێ فرسـەخی زاغەیە، لە زاغەوە دوو ڕێگـا دەچێتە ئەسەداوا:

یەکەمیـان ڕێگـای وەرزی وشـکانی و تـایبەت بە کاروانچیـانە، ئـێمە بەم ڕێگایەدا هاتین. ڕێگای دووەم، خوارەکە و پێچەکەیە ، زۆریش خۆشـە، بەنێو دۆڵەکەدا دەردەچێت. لەو ڕێگـایەوە کەل وپەلی ئێمە ڕەت کرابوو. ئەگەرکار وانێک بەو ڕێگایەدا تێپەڕێت لە ناچاریدایە. ئەمـانەش بە قازانجی خۆیـان ئەم ڕێگـایە دەگـرنەبەر، ئەم ڕێگـایە نەبـێ ئەوانیـدی ترسـی دز و جەردەیـان لـێ دەکرێت، تەنانەت جاری وایە کوشـت وبڕی تێ دەکەوێت. کـاروانچی زۆرتـر لە وەرزی زسـتاندا لەم ڕێـیەوە دەڕۆن، لەبەرئەوەی زسـتانان ڕێگـای دزان دەگیرێ و ناگەنە کاروانچی.

ڕێگای دووەم پێی دەڵێن ڕێگای تۆپخانە، ئەمەش هێزی سەربازی بەکاری دەهێنێـت. ڕێگـای یەکەم مـاوەیەک لە دۆڵەکەوە تێـدەپەڕێت. دواتـر لە

ئاودڕگەوە دەپەڕێتەوە. ئەمەش رووبارێکی خوڕێنە و پردێکی باشیان لەسەر هەڵبەستووە، بەڵام پارێزەری نییە. ئێرە تابڵێی شوێنێکی خۆش و خاوێنە. هەر لەو ڕێگایەدا، واتە نەختێک دوورتر لە پردەکە، کاروانسەرایەک هەیە. کەردارەکان لێرە کۆدەبنەوە و پاک وخاوێنی ئێرەش رادەگرن. ئەم کاروانسەرایە دەبێتە نیوەی ڕێگا. لێرەوە بەرەو هەورازێ هەڵدەکشێت، هەتا بەرەو ژوور هەڵدەکشێیت ڕێگاکە ناخۆشتر دەبێت.

لە گوندی زاغەوە تاکو سەر کەلی باسکەکە بە سێ کاتژمێر و پازدە خولەک گەیشتین. لەسەر نێرینەی کێوەکەوە پردی سەعداوا دەرکەوت. لە بەشی پشتەوە ڕێگای تاران دیارە. لێرەوە بەشی موڵکی هەمەدان دیاری کراوە. سەرمای ئەم ناوچەیە کار لە ئێسقان دەکات. بە تایبەت لە تەنگەڵان و سەر تەپکەکان. داگەڕان شۆربوونەوەش تا بڵێی دژوار و ناخۆشە. قسنی وەجاخ زادەیەک لەسەر کێوەکەیە و نزیکەی دووسەد و پەنجا ساجن لە ڕێگاکەوە دوورە. ڕێگای ئەمسەرەو خوارییە بۆ ئەوە نابێ عەڕابەی تۆپخانەی پێدا لێ بخۆڕی. هاتنەخوارێ لەسەر شەخسەکە زۆر هاسانە، بەبێ گرفت دەگەیە ئەسەداوا، لێرەوە دەردەکەوێ ئەسەداوا، چەندە لە دەشتی هەمەدان نزمترە.

### ئەسەداوا

لە ئەسەداوا تا کەنگاوەر شەش کاتژمێر و پازدە خولەک ڕێگایە. ئەسەداوا هەشسەت بنەماڵەی تێدا نیشتەجێیە. خاوەن موڵکی ئەم شارە دێیە خان بابا خانە، ژێر دەسەڵاتی حاکمی هەمەدان نییە. ئەم دەسەڵاتدارە لە تاران دادەنیشێت، واتە وەک بارمتە لەوێ ماوەتەوە، لەبەرئەوەی تایەفەی ئەو لە بەشی خۆیاندا شەڕەنگێز و دەست پیسن، بە هۆی ئەوەی ئەو لە بارمتە دایە، ئەوان بوون بە ماستی مەیو ناتوانن سەر بزێوی بکەن، بەڵام دوایە کوڕەکەی دەستی پێکرد و خەت و نیشانی بابی هەڵگرتەوە. ئەوانە بەشێکن لە هۆزی هەوشار و حەفتا پارچە موڵکیان هەیە و خانی ناوبراو دەتوانێ لە ئاوایی خۆی هەشت سەد سوار و هەزار کەس بێنێتە دەرێ، هۆزی هەوشار

به ئێراندا بڵاو بوونەتەوە و بەشێک لە ڕەشت و دەستەیەک لە خۆراسان، حەجمیون. لێرەوە کەوشەنی کوردستان دیارە و لە گوندی ئیسفەندئاوا تا سنە سێ مەنزڵە و هەوای ئێرە لە هەوای هەمەدان گەرمترە. کەنگاوەر لەچاو ئێرە هەواکەی باشترە، لێرەوە بە شانی باشووری خۆرهەڵاتدا چیای خان کروک دیارە. توسرکان لە پشت کێوەکەیە. لە توسرکانەوە بە لای ڕۆژهەڵاتدا چیای ئەڵوەند دیارە، لە شانی راستی کوردستان، کێوەکان دیارن، دۆڵی ئەسەداوا ئەم کێوانەی گرتۆتە باوەش. لە ماڵی خان باباخان، چاوم کەوت بە دوو کۆڵەکەی لەبەرد تاشراو، مخابن ئەم بەردە مەڕمەڕانە شکابوون، بەڵام نەمزانی چۆن گەیشتوونەتە ئێرە، لە ئاخریدا پێیان گوتم لە بەردی کانەی ئێرە تاشراون، خەڵکی ئەم ناوە لە چیاکانەوە هێناویانە، ڕەنگی بەردە مەڕمەڕەکان، سپی بوون و خاڵ و خەتی سووریان تێدابوو. بە پێی قسەی ئەو کەسانەی بۆیان باس کردین، لە گوندی سەحنە، کە لێرەوە نزیکە، دەستیان کەوتووە. لە تەنیشت کێوی خان کروک ڕێگایەک دەچێتە توسرکان. دۆڵی ئەسەداوا شوێنێکی دڵگیرە، ئەو رووبارانەی لە زێی گامسیاو جوێ دەبنەوە لێرەوە دابەش دەبن. ئەم دۆڵە سێ فرسەخ بەرینە و مەودای تا دەگاتە ئەسەداوا دوو کاتژمێرە. ئەو گوندەی پاڵی داوە بە چیاکەوە زۆر قایم سازکراوە. بێگومان ئەم گوندە ساڵیانێکی زۆر دەمێنێتەوە. هۆی ماوەنەوەی ئەم خەڵکە لەم مەڵبەندەدا پشتیووانەی ئەم کەژ و چیاسەربەرزانەیە. (خوێنەری ئازیز بڕوات لەسەر ڕیشەی خۆت قایم بێت، لە کۆن و کەوناراوە، ئەم چیا و شاخەبەرزانە بوون میللەتی کوردیان لە چنگی ژین کوژ و خوێنمژان پاراستووە و لە هەموو زەمانێکدا پشت و پەنای ئێمەی کورد زمان بوون. دەبێ ئەمەش بزانین هۆیی نەتوانەوەی هەرگەلێک خۆڕاگرییە، ئارامی و دانبەخۆگرتن کلیلی دەرگایی هەموو گرفتەکانە و ئەو گەلەی زمان و کولتووری خۆی دەپارێزێت بۆ هەتا هەتایە لە ژینی هەر مان بێ بەش نابێت.) نیو فرسەخی دەمێنێ بگەیە ئاوایی ناوبراو، مەودای رووبارەکە هەشت ساجن دەبێ. لەنێو ڕێدا گەیشتینە پردێکی زۆر جوان چوار چاوەی تێدایە، جگە لە پردەکە دەربازگەیەک بۆ پەڕینەوەی سوار و پیادە، پەڕینەوە

لەم شوێنە زۆر هاسانە. وا دیارە ئەم چۆمە زۆر قوڵ نەبێت، بەڵام لە جێ جێ، گۆمی تێدایە و خۆ لێدان لەم شوێنانە کارێکی ژیرانە نییە، ڕێگای سەر ئەم پردە بە سێ فرسەخەوە روو دەکاتە کوردستان.

## کەنگاوەر

دوای چوار کاتژمێر دەرچوون لە گوندی ئەسەداوا، بەسەر بەرز و نزمیدا ئەم دەوروبەرە دەردەکەوێت. سەرکەوتن بەسەر ئەم کێوانەدا زۆر سەخت و دژوارە، وەختێ لە کێوەکانەوە شۆڕ دەبیتەوە دۆڵی کەنگاوەر دەردەکەوێت. لووتکەی کێوەکە کەوشەنی ئەسەداوا و کەنگاوەرە. وەک دەڵێن ئەمەش دۆڵی دزانە، بەتایبەت کوردەکان لە دزیکردندا لەم شوێنە بەناوبانگن. ئێرەش بۆسەیەکی باشە بۆ دزی و جەردەیی، لووڕەکانیش بۆ هاوینەهەوار دێنە ئێرە و لەسەر کێوەکەش قەڵایەک سەرنجت دەڕفێنێت، ئەم قەڵایەش مەنزڵگای کەنگاوەرە و لە جێیەکی باشدا هەڵکەوتووە. لەپشت کێوەکە، دەستی چەپی دۆڵەکە، نەهاوەند پاڵی داوەتەوە، لێرەوە بۆ دۆڵی نەهاوەند مەنزڵێکە و ڕێگای حەوت کاتژمێرە. لە دۆڵی نەهاوەندەوە شانی باشووری ئەو کێوەکانی بروجێرد بە گشتی دیارن. تەواوی دۆڵەکانی کەنگاوەر لە باوەشی چیاکانی دەوروبەری خۆیی دایە. سەرلەبەری دۆڵ و کێوەکان لە ژێر دەسەڵاتی خان کروک دایە، دانیشتووانی ئەم کوێستانە ژێر دەسەڵاتی ئەو خانەن. شاری توسرکان لە پشت چیاکان پاڵ کەوتووە.

لە سەحنەوە تا کەنگاوەر پێنج کاتژمێر و نیوە، کەنگاوەر لە نێوان دۆڵەکانی نەهاوەند و ئەسەداوا و بێستوون دا هەڵکەوتووە. وەختێ لە کەنگاوەر دێیە دەرێ، بەمەودای کاتژمێرێک پردەکە دەردەکەوێت. لێرەوە ڕێگای هەوراز و نشێو دەست پێدەکات و سەرکەوتنیش ئەستەم نییە. لە کەنگاوەرەوە کێشکچی داندراوە بۆ چاوەدێری لە ڕێگاکە، ئەمەش لە ترسی لووڕانی دز و دەست وەشێنە.

## ئاوایی سەحنە

وەختێ لە کێوەکە هاتیە خوارێ، دواین ڕێگا تەواو دەبێ. دەگەینە ئەو رووبارەی لە سەحنەوە دێتە خوارێ. لە دوورەوە چیاکانی بێستوون دەردەکەون.

دانیشتووانی سەحنە داودین، پیر و ڕێبەری ئەوانیش شێخێکە لە دینەوەر، کە چوار فرسەخ لە سەحنەوە دوورە. ئەمانەش بۆ ڕێبازی خۆیان ئەو ڕێبەر و پیرەیان هەڵبـژاردووە، خاوەنی ئەو خانەی ئێمە لێی میوان بووین پەڕتووکی تەوراتی نیشان داین، بە زمانی فارسیی نووسرابوو، وەختێک لە تاران دەبێ وەزیر موختاری ئینگلیز بە دیاری دەیداتێ. کتێبی دیکەی نییە. داودییەکان زۆر خاوەن قنیاتن، کاتێک شتێکیان لێ دەکڕی پارەیەکی کەم وەردەگرن و زۆر هەرزان فرۆشن. دەڵێن خەڵکی ئێران زۆریان لێ دەترسن، ئەوان کەسێک موسڵمان بێت لە ماڵی خۆیان جێگەی ناکەن، مەگەر ئەوەی موسڵمانەکە رازی بێت لەو ماڵەدا وێڕای ئەوان مەی نۆشی بکات. لە دەوروبەری سەحنە تایەفەیەکی سوزمانی هەیە تەواوی ئەوانە سەماچی و خۆشگوزەرانن، یەکیان کە لە هەموویان بەڕێزتر بوو لە بەردەمی ئێمەدا دەستی کرد بە سەماکردن، ئەم کچەش پیرە پیاوێک لەگەڵ خۆی هێنابووی دەیگوت کچی منە. ئەم دەستە ئافرەتە لە هەر لایەک بن، داوێن پیس و بێڕەوشتن. کەسێک مرۆیەکی تەواو بێ چۆن دەبێتە سۆزانی.

## بێستوون

لە بێستوون تا سەحنە پێنج کاتژمێر ڕێگایە. ڕێگاکەش بە تەنیشت چۆمەکەدا دەڕوات، شوێنێکی یەکجار دڵگیرە، لە نیوەی ڕێگا جێیەک هەیە بە ناوی سەمەنگان. بە وتەی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەم شوێنە لە رابردوودا، شار و قەڵای ئەفراسیاو بووە. ئێستاش شوێنی قەڵاکە و بەردەتاشراوەکان ماون. لە شانی راست، لەسەر کێوەکە، کەلاوەی قەڵا کۆنێک دیارە. دوای

ئەویش تەلارێکی دیکە سەرنج رادەکێشە. ئێمەش چەند جارێک لە رووبارەکە پەڕینەوە، لەبەرئەوەی چەمەکە مار و دوو بوو، ئەگەر لە پردەکەوە چووباینە ئەوبەر مەودای ڕێگاکە درێژ دەبۆوە. ئەو دۆڵەی دەکەوێتە نێوان سەحنە و بێستوون نەوە، پێی دەڵێن چەمچاڵ.

## لەکرماشانەوە تا دزفول

ڕێکەوتی هەزار و هەشت سەد و پەنجا و یەک، لە دەی مانگی ژانویەدا، سەراو مان بەجێ هێشت و بە ڕێگای هیلان دا درێژەمان بە سەفەری خۆمان دا. لێرەوە دیمەنی کرماشان زۆر سەرنج راکێشە، وا دەردەکەوێ شار پاڵی وەکێوی پەڕئاو، داوە، ئەویش تا کێوەکە فرسەخ و نیوێکە. ڕێگای تەنیشت باخ و دیوارە قوڕەکان چل و پێنج خولەکە. لە دەستە راستەوە ڕێگای بەغدا دیارە، بەڵام دوای کەمەکێک بزر دەبێت. لە دوای کاتژمێرێک ڕێگا، دەگەینە کانی سەراو، دەوری ئەو شەست شەقاوی بازنەییە. شوورەی دەوری کانییەکە هەمووی گاربەردی ڕێک و لەبارە و ئاوەکەش وەک چاوی قرژاڵ روونە و لە زۆر شوێن ئەستێرەکە قووڵە. ئاوەکە قەوزەی هەیە و لەبێخی گۆلاوەکەدا ماسی تێدایە. لەوێوە ئاوی رووبارەکە بە لرفەلرف؛ خۆبەنێو شاردا دەکات، دەوری ئەم گۆلاوە پڕە لە سەر سەوز و بۆچین. دوای یەک کاتژمێر و نیو ڕێگاکە لادەدا و بە شانی باشوور و ڕۆژهەلاتدا رادەبرێت. یەک راست روو دەکاتە کێوەکان. دوای ئەوەی بە دەستە چەپدا دەڕوات، لەسەر چیاکان زۆر شوێن هەیە لە چەشنی هۆدەی چوار سووچ دەچێ. ڕێگاکەش نیو کاتژمێرە، رێنیشاندەرەکەمان، گوتی ئەوە لە کۆنەوە هەیە و بەبیری با و باپیرانی کەس نییە. لە دوورەوە مەودای ئەو ئەشکەونە ئاشکرابوو، دیاربوو مەودای زۆر نییە. لەوێوە بەنێو دۆڵەکاندا لەسەر کێوەکانەوە دەچێتە دۆڵێکی دیکەوە. لێرەوە تێپەڕبوونی هێزی سەربازی و تۆپخانە زۆر ئەستەمە. گوندێک لە داوێنی کێوەکەیە، پێی دەڵێن سەروی نۆ، شەست ماڵی لە خۆگرتووە. دانیشتووانی ئەم گوندە تەواوی کوردن، لە تایەفەی عوسمانین. چیاکەش تەواو بەفر دایپۆشیوە، بەڵام بەرپێی کێوەکە

بەفری لێ نییە. ئەم شوێنەش لە کرماشان گەرمترە. کوردە خێڵەکییەکان لەم دەشــتە ڕەشــماڵیان هەڵــداوە. لە وەرزی زاســتانیدا دەچــنە پشــت چیــا. لووڕهەکــانیش دەچــنە هــیلان. هاوڕێکەمــان لە دەســتە راســتی کێــوەزەرد، ناوچەی لاری نیشانداین، بەڵام بە هۆی دووری ئەم کێوە لەپشت چیاکانەوە بوو چاو هەتەری لێ نەدەکرد.

دە فرسـەخ لێـرە دوورتـر، لە چیاکـانی نـاوچەی کورسـین، گۆلاوێـک هەیە ئاوێکی زۆری تێدا کۆبۆتەوە. هەرچەندە ئەم سـەراوە لەو سـەراوەی باسـمان کـرد بچـووکترە، بەڵام دڵگیرتـرە. نووسـراوەی لێیە، ئەمەش کوێخـای گونـدی سـەرونۆ دیتبـوویی، هەمـوویی بـۆمن بـاس کـرد، سـێ فرسـەخ لەولای گـۆلی سەراو، لەسەر ڕێگای بەغدا، کانییەک هەیە، تـاریفی قـوڵییەکەی دەکەن. لەنێو ئاوەکەدا گوڵی نیلوفەڕ شـین بـووە، هەر بەم بۆنەوە بەو کـانییە دەڵـێن کـانی نیلوپەڕ. وەک بۆیان بـاس کـردین، لە ئێـران، تەنیـا دوو کـانی ئـاوا هەیە، ئەوە یەکیانە و ئەوی دیکە لە مازندەرانە.

گونـدی چنـار غـولام عەلـی شـەش فرسـەخ لە گونـدی سـەرونۆ دوورە. گوندی سـەرونۆ دواین مەنزڵگەی دزفووڵە. ئێمە لەم شـوێنە وچانمـان گـرت. بەهۆی ئەوەی لەنێو ڕێدا هیچ خانێک نەبوو، لە مەودای دەشتەکەدا چادرمـان هەڵدا. کاتژمێر و نیوێک بە دۆڵەکەدا پیاسەمان کرد، ڕێگایەکی لێژ و هەوراز هـاتە پێشـمان، شـۆڕ بـوونەوە زۆر ناخۆشـە، تەواوی رەوەز و هەڵەمـووتە و ڕێگە بۆ دەرچوونی عەڕابەی تۆپخـانە نییە. لێرەوە لووڕهسـتان دەسـت پـێ دەکات و بەشـێکی زۆری لەژێر دەسـەڵاتی کرماشـان دایە. شـۆڕبوونەوە بەم دۆڵەدا زۆر دژوارە و لاپێـیە. لە قــوولایی ئەم دۆڵەوە بــۆ ســەر بەنــدەنێک وەسەرکەوتین و رووبارێک هاتە بەر دەممان.

## ئاو دڕگە و بەردی ڕۆستەم

لە چۆمەکە پەڕینەوە و گەیشتینە گەلی ڕۆستەم. دوای مەودایەکی باش لە بەردی ڕۆستەم نزیک بووینەوە، لە گوندی سەرونۆ تا ئێرە پێنج کاتژمێرە. ئەم بەردە لە سەر ڕێگاکە لە نێوەڕاستی رووبارەکەدا چەقیوە، قەلافەتی بەردەکە لە شێوەی عەڕابەی بارکێشی هەڵکەوتووە. لە هەردوو بار وەک یەک تاشراوە. لە شانی ڕێگاکە ئەشکەوتێک دەردەکەوێت، لە شێوەی بەردی تابووت، بۆ چوونە نێو ئەشکەتەکە، سەرەتا دەشێت بەوبەردەدا وەسەر بکەوی و ئەوسا بچیتە ژوورەوە. ژوورەوەی ئەو بەردە وەک هۆدەی سەرگیراو وایە. ئەم دیوە بالا پیاوێک بەرزە، سەربانی ئەم ژوورە لە شێوەی تاقی خشتییە. درێژی ئەم تابووتە چوار شەقاوە، بەرینی زیاتر لە دوو شەقاو دەبێت. کاتێک دەچیە نێو ئەشکەوتەکەوە، جێیەک تاس و لووس ئامادە کراوە بۆ ئەوەی لەسەری بنووسن، بەلام وا دیارە بە هۆی دەورانەوە نووسراوەکە شوێنەواری نەمابێت. دەرگای ئەو ئەشکەوتە ئادەر دەکەوێت خەتی ئەورووپی لەسەر نووسرابێت. ئێمە چەند پیتمان بۆ ساخ بۆوە. نووساراوەکە زۆرتر لە خەتی رووسی دەچوو، ئەمەش بە پیتی کافدا دەزانرا، لە شانی راستی تابووتەکە،دا دیار بوو بە مەبەستێکی تایبەت ئەم بەردە تاشراوە. بەردی ڕۆستەم تێکەڵییە لە ئاهەک و خیز، خەڵکی ئەم دەڤەرە دەڵێن، وەختی خۆی حەزرەتی عەلی بە شمشێر لەو بەردەی داوە و پارچە بەردەکان پەڕیونەتە کێوەکەی ئەوبەر. لە نزیک بەردەکە گۆڕستانێکی کۆن هەیە، کێلەکان بە جوانی تاشراون، وێنە و نووسراوەیان لەسەر هەڵکەندراوە، یەکێ لە کێلەکان نیر و ئاموری جووتکردنی لەسەر هەڵکەندرا بوو، لەوە دەچوو ئەمە گۆڕی جووتیارێکی بەناوبانگ بووبێت. زۆرینەی ئەم کێلانە بالایان بەرزە. تێیاندایە بەرزیان دەگاتە یەک ساجن و نیو. خەڵکی گوندەکە گوتیان ئەم گۆڕخانەیە زۆر کەونارایە. چیا بەرزەکان دەوری بەردی ڕۆستەمیان داوە و رووبارەکەش ماسی زۆرە. هەروەک چەمی

گاماسی. کاتژمێرێک لەولای بەردی رۆستەم، مەنزڵمان گرت و دانیشتین. ئەم شوێنە بە چنار عەلی ناودێرە و تەنیکی زۆری هەیە بەڵام ساڵێک پێش ئێستا بەبۆنەی گەرمای زۆر نیوەی ئەو دارە سووتابوو، لەنێزیک دارەکە بەردە تابووتێکی ئاهەکی هەیە، ئەو بەردەش زۆر رێک و لەبار تاشراوە. هەر لەوێ خەڵکەکە کەڵەکە بەردێکیان قووت کردۆتەوە، کوردەکانی دانیشتوویی ئێرە لە تایەفەی جەلالوەندن. قسنی ئیمامزادە محەمەد لە پێنج فرسەخی چناری غولام عەلییە. دۆڵێکی تەنگەبەرە و گوندەکەش لە نزیک چەمەکەیە. کێوەکانی ئەو دەوروبەرە هەر هەموویان گڵ و خۆڵن، دەشتەکە خیز و بەردی زۆرە و دار و دەوەنی هەیە، لە رووباری چناری غولام عەلی، پەڕینەوە و ڕوومان کردە دەستە راست. دوای ماوەیەک بە شانی چەپدا لاماندا و چووینە دۆڵی چنار غولام عەلی و سەت مرە. ڕێگای دەستی راست سێ کەڕەت دەچێتەوە سەر رووبارەکە. دیسان لە ڕێگای قەڵای هیلان نەوە بە شانی چەپدا تێکەڵ دەبێتەوە. ئەو قەڵایەمان، لە دەستە راستەوە بەمەودای یەک وەرسەت بەجێ هێشت و رووە و دۆڵی سەت مەرە هاتینە خوارێ. ڕێگای دەستە راست عەڕابەی تۆپخانەی لێ دەرناچێت. ئەو دۆڵەی پێیدا ڕۆیشتین کانیاوێک هاتە سەر ڕێگامان، دەوریان بە کوچک و بەردی گەورە دیوار کردبوو، لەسەر گردەکە وێرانەیەک سەرنجی راکێشاین، لە نێزیکەوە چەند ڕەشماڵی کوردمان بینی. رووبەری چۆمەکە چل ساجنە، واتە سەد و بیست گەزە. لەم رووبارەش چووینە ئەوبەر، لە بوارەکەدا ئاو دەگەییە بە زگی یەکسمەکان.

## ئیمامزادە محەمەد

لە شوێنی خۆمان هاتینە دەرێ و رووە و بەرزایی وەسەرکەوتین، گۆڕی ئیمامزادە محەمەد لەسەر نووکی چیاکەیە، لە داوێن قسنەکە کانییەک و گوندێک دەستەملانی کێوەکە بوون. ئێمەش لە تەنیشت ئاو و ئاوەدانی چادرمان هەڵدا. ئێرەش هەمیشە شوێنی حەسانەوەی ڕێبوارانە، ئەو ئیمامزەدەیە حەمە عەلی میرزا بەردی بناخەی داناوە و گۆڕخانەیەکی ڕێکوپێکە. حەوشە و حەسار و تاق و بەرهەیوانی زۆر دڵگیرە و پێپلیکانەی

تـــەلارەکە لە بەردی مەڕ مەڕ، تاشــراوە. کاتێــک دەچــیە نێــو ئیمــامزادەوە گــومبەدی ســەری لە شــێوەی هــۆدەیەکە. گــۆڕی ئیمــامزادە لەو ژێــرەدا نووسـتووە. هـۆدەکەش خـۆرگر و پەنـجەرەی گەورەی تێدایە، لە حـەساری قســـنەکەوە تەواوی ئەو دۆڵە دەبینـــی، بە تـــایبەت خـــوارەکە و پـــێچەکەی رووبارەکە. لەسەر کێوەکەوە بۆ تەنگەڵانەکە شۆڕ دەبیەوە.

## ناوچەی هیلان

لێرەوە سێ فرسەخ دوورتـر دەچێتە ئاودڕەکەی ئەولا. ئەمەش مەودای نێوان هیلان و گەلی رۆستەم بایزە و ڕێگاکەی زۆر ناخۆشە. دەستی چەپ رووباری سەت مرە، شوێنێکی دڵگیر و بەرینە بۆ سانی سەربازی. لوتفی خـان، دەسـەڵاتداری هـیلان لەژێـر دەسـتووراتی کرماشـان دابـوو. هـات لە نـزیکەوە سـەردانی ئـێمەی کـرد، ئەوانە لە هـۆزی کوردەکـانن، بەڵام لەگەڵ لووڕەکـان نزیکایەتیـان نییە. ئەو پیـاوە بەوەی رازی نەبـوو لەژێـر حـوکم و دەسـەڵاتی کرماشـاندا بێـت. خـۆی بە ژێـر فەرمـانی دەسـەڵاتی لووڕسـتان دەزانـی. ئەم نـاوچەیە زسـتانەهەواری ئەوانە و هاوینەهەواریشـیان لە نزیـک چەمـی سـەت مەرەیە. شـوێنێکە بە نـاوی زەدەلـل، لە وەرزی هاوینـدا بەفـر دەمێنێت. لە سەروویی دەستە راستەوە، لە نزیک رووبارەکە و ئیمامزادە، لە گەلی کەرەمەوە ڕێگاکە دەچێتە خوڕەماوا. لەوێشەوە بۆ پێنج والیان پێنج فرسەخە. تا کاولە کۆنەکانی سەت مەرە سێ فرسەخە، لەسەر دوندی چیاکە، بابا وەلی ئەڵا نێژراوە.

## ئەم ڕێگایانە لە هیلانەوە دەچنە خوڕەماوا

لە دەوروبەری هـیلانەوە بـۆ گەلـی کەرەم سـێ فرسـەخە. لەولاتـرەوە شـوێنی مـەنزڵ گـرتن و حەسـانەوەیە، ئەم شـوێنەش پێی دەڵـێن دێعەلـی. لە گەلـی کەرەم دەچێـتە کۆدەشـت و ئیمـامزادەیەک لەوێ نێـژراوە، پێـی دەڵـێن دوردرم. لە کۆدەشـتەوە دەگـاتە پـردی کەشـکانە شـکاو. لە پـردی کەشـکانە شکاو دەچێتە سەراو نیی کەش. لەوێشەوە بەرەو خوڕەماوا دەڕوات.

## ڕێگاکانی هیلان بۆ دزفول

لە هیلانەوە بە گەلی کەرەمدا دەچێتە دێعەلی. لە دێعەلیەوە دەگاتە مـاین رووبار، لە کۆتایی دەشتی دێعەلی.

لە ماین رووبار دەچێتە عەلی کیژان. قسنێکی لێیە، ڕێگای عەلی کیژان بۆ دزفوول، سەرەو ژووری و زۆر خزە. لە نشێوەکان دێتە خوارێ و کێوەکـان بەجێ دەهێڵێت. ڕێگای عەڕابە تۆپخانە نابێتەوە، لە زۆر جێ درزی کێوەکـان دیـارە و کـانەی ئـاهەکە. نـاوچەکە کەوی هەیە و شـوێنێکی ناخۆشـە و کـانی ئـاوی لێـیە. لە پشـت گـردەکە دۆڵێـک هەیە و هەوار چیـان ڕەشـماڵیان لـێ هەڵـداوە. چیمەنـی مەلا قەلەنـدەر لە ئیمـام زادە مـحەمەد مەوداکەی چـوار کـاتژمێرە. ڕێگـاکە لێـرەوە تـا دەگـاتە عەلـی کیـژان هـیچ ئـاوەدانی لـێ نیـیە. سـەرەتا دوو کـاتژمێر و نیـو لە لێـڕەواردا دەڕوات، دواتـر دەگـاتە دەشـتێکی کاکی بە کاکی. ئێرەش شـوێنی کرێوە و بـادەوەیە و چـاو چـاو نابینێت. پێنج کـاتژمێر و نیـو بە ڕێوەبـووین و لە ناچاریـدا حەشـارگەیەکمان دیـتەوە و خۆمان لە چنگ بەڵای عەرز و عاسمان، شاردەوە. بەقسەی چاوساخەکانمان پێنج فرسەخمان مابوو بۆ عەلی کیژان، بە ماوەی کاتژمێرێک خۆمان گەیاندە قەڵای خوسـرەو، لە محـاڵ عەسـوون، بـووین بە میـوانی توشـماڵ کـونجی. کاتێـک گەیشـتینە دۆڵـی تـایەفەی عەمـلە، لەوێ بەفـر نەبـاریبوو، بەڵام بـاران بەخـوڕەم دەبـاری. دەوروبەر بەفـر دایپۆشـیبوو. بـۆیە نـاوی عەمەلە بەسـەر

ئەم تایەفەدا براوە، پێشتر کرێکاری تایەفەی (پشتکۆ) پشت چیا بوون، بەڵام ئێستا لەگەڵ خەڵکی کرماشان تێکەڵی باشیان هەیە. کونی بۆی باس کردین: «جاران من داراو دەوڵەمەند بووم، دەستم باش دەڕۆیی، بەڵام لە دوای مردنی فەتحعەلی شا، پشێوی کەوتە وڵات و هۆزەکەی منیش لەبەر یەک هەڵوەشا و بوون بە تووی هەرزن، نەمتوانی کۆیان بکەمەوە، دەوڵەت و دەسەڵاتی رابردووم لە دەست بۆوە» دەیگوت: «هەتا رۆژێک بوو نۆ ژنم هەبوو، ئێستا لەوانە دوو ژن ماون، یەکیان عەلەوییە و بەوپەڕی حورمەتەوە رێزم لێ دەگرێ، مانەوەی منیش تەنیا بەم ئافرەتەوەیە.» ئەم پیرەمێردە نەوەد ساڵەیە، بەوپەڕی حورمەتەوە ناوی عەلەوی بە دەمدا دەهات. لەوە دەچوو زۆریش لەو عەلەوییە دەترسا. ئێستاش کە لەشکر و سوپای هەژاری دەوری تەنیوە و لە داری دنیادا تەنیا سێ رەشماڵی بۆ ماوەتەوە.

پازدەی مانگی ژانویە چادرمان هەڵدا. هەوا سارد و بەردەوام باران دەباری. لە ماوەی ئەو حەوت رۆژەدا ئێمە لەوێ بووین، ئەو پیرەمێردە لە شەو و رۆژدا بە دەستمانەوە بوو. بەبێ خەڵووز و ئاوردووی نەدەکردین، کوانوویی گەرم لەو ماوەیەدا تینی لێ نەبڕا. تا بڵێی گفتولفتی خۆش بوو، منیش زۆر یەک لە وتەکانی ئەوم نووسییەوە.

لە عەسوون، ناوچەی بەختیاری گەنم و جۆ و پەموو دادەچێنن، کاڵەک و شووتی و بەرهەم دێت.

چەشکەی دەستاوی عەلەوییە خانممان کرد بەتایبەت نانە خەزاڵییەکەی، تێر خواردنی نەدەبووین. لە نزیک رۆمی شکێن گەنم دەکەن. لە شوێنی دەرەکە شانی باکوری، کە زۆریش دوور نییە، باخێک هەیە بەهەموو میوەیەکەوە، بەتایبەت نارنج و لیمۆ و پرتەقاڵ، ئەو باخە لە دەورەی دەسەڵاتی خانەکانی پشت چیادا زۆر ئاوەدان و دڵگیر بووە، بەڵام دوای ئەوان بە هۆی کەمتەرخەمی و بێ باخەوانی، زۆر ینەی داری بەری فەوتاون، وشک بوون، لێرەماڵیاتی گەنم لە سەد مەن سێ مەن وەردەگرن، بۆ ئاژەڵ لە پێنج یەک وەردەگرن. پێنج سەر مەڕ لەبری مانگایەک دەستێنن. مەڕ وەردەگرن. یان نرخی پێنج سەر مەڕ دادەنێن، کونجی دەیگوت من لە

کاتی خۆیدا بۆ هۆزی خۆم پێنج سەد تمەنم دەدا بە دیوانی دەسەڵات، بەڵام ئەم پێنج سەد تمەنەم بەم شێوەیە دەکردە دەستیان، حکوومەتی کرماشان ناچار دەبوو بۆوەرگرتنی ئەم برە پارەیە هێزێک رەوانەی ئەم دەڤەرە بکات بە خەرجێکی زۆرەوە، تەواوی ئەم تایەفەیە لە فەرمان و نیای مندا بوون. ئەو رێگایەی پێشتر ناوم هێنا، پێی دەڵێن جەدی خەسرەو. لە نێوان دۆڵەکە بەسەر دوندی چیاکەوە کەلاوەیەک ئێستاش دیواری بە پێوە ماوە، ئەمەی پێی دەڵێن قەڵای خوسرەو. بەڵام خەریکن نۆژەن دەکەنەوە. لەو دەوروبەرە وێرانەیەکی زۆر دەبیندرێت. کونجی باسی ئەو کانییەی بۆ کردین لە نزیک کەللە خوسرەو، گوتی رۆژێک بۆ خۆشوشتن و وسڵ دەرکردن چوومە نێوسەرچاوەی کانییەکەوە، کەوتمە خواری تاریک و نووتەک بوو، داردەستەکەم بەرز کردەوە، بەڵام نەگەیشتە بن میچ، داوای چرایەکم کرد، سەیرم کرد ئەو ئەشکەوتە لە هەر لایەکی کە ئاو دەچۆڕێت، زۆر بەرزە و لە چەشنی هۆدەیەک میچی هەیە. ئەشکەوتەکە دالانێکی تەواو بوو بەبێ برانەوە. بە هەر لایەکدا دەڕوانی ئاوی گەرم بوو، بەڵام لە جێیەکی دیکەوە کانی سارد هەڵدەقوڵێ و بە لرفە لرف، تێکەڵ بەم ئاوە گەرمە دەبوو، دەڕژایە رووبارەکەوە.

تایەفەی عەمەلە بەم شێوەیە دابەش بوون:

کەماڵ وەند، لە تایەفەی خوشکییە و کەسانێکی ئازیز و خۆشەویستن. زۆر کەسی ئەوان مونشی وەزیرن، سەبارەت بە دوژمنایەتی لە نێوان هۆز و خێڵی عەمەلە و بابا گریوە و سلەسلە و دیفە، بەم شێوەی گەڕۆک لیدرنووسی بووی، کونجی بۆی باس کردین، تەواوی قەسەکانی درۆیە و شتی وانەبووە. فرسەخێک دوورتر لە ناوچەی عەسوون وێرانەکانی کلکە فەرهاد دەبیندرێت. رووباری سەت مەرە، بە روود باردا تێ دەپەڕێت. چۆمێکی دیکە بە ناوی روودبار، لە هارونەوە دێت و تێکەڵ ئەم چەمە دەبێتەوە و دەچێتەوە ڕیشوان و فەراسین. لەوێشەوە دەڕژێتە گەلی قیرپاغی، دواتر دەچێتە چەمی سەت مەرە. سەرچاوەی رووباری سەت مەرە لە هیلان نەوە دەست پێدەکات. لە بەردی عەلییەوە دێتە خوارێ و دەگاتە

گەلی بارنجتن، لەوێشەوە دەچێتەوە بەشی لەیلات، دواتر رەوەند و ئەوسا گەلی مەزنی بادیە، لە تەنیشت کاولە کۆنەکانی سەت مەرەوە، بە بن پردی گامێشان دا دەڕواتە خوارێ. مەودای نێوان وێرانەکانی سەت مەرە و ئەو پردە سێ فرسەخە. لە گەلی بەردە عەلی، وێرانەکانی سەهمی نەهرەوان دەبیندرێ. ئەوسا دەبێ بەدوو بەش؛ یەکەم لەسەر چیاکەوە، لەو شوێنەوە رووبارەکە دێتەخوارێ. لە داوێنەوە بەشەکەی دیکەی دەچێتەوە سەر جۆگاکانی دی. دوو فرسەخ خوارتر، لە چەمی سەت مەرە، رووباری فەراسین دەردەکەوێت. فرسەخێک دوور لە بەردە عەلی، لە نێزیک کوێرە چیا، بوارێک هەیە، بەنێو چەمی سەت مەرەدا تێ دەپەڕێت. لە بەرامبەریشدا، کێوەێک هەیە بەناوی ئوسکور.

ئەوەی کونجی لەسەر مۆمیایی باسی کرد تەنیا لە دوو شوێندا دەردەکەوێت:

یەکەم لە چیای پارین پەرێز- لە دوو فرسەخی عەلی کیجان، لە شانی باشووری ئەو دەردەکەوێت- لە کێوەکەوە دڵۆپە دەکات، ئەوەش بەقەی دەفرێک دەبێت. ئەو مۆمیاییە تایەفەی دینیفان، کە هەر هەموویان لەوێ نیشتەجێن، کۆی دەکەنەوە. ئەوەی دەستیشیان دەکەوێت زەحمەتی زۆرە، لە هەر چرکەیەکدا مەترسی بەر بوونەوە هەیە. شوێنێکە زۆر ئەستەم و هەڵەمووت، گەیشتنە ئەو شوێنە کاری هەموو کەس نییە، جگە لەوەش سەرە ڕێگای چەتە و گۆرانی کوێستانییە.

دووەم مۆمیایی لە نزیک شیراز دەست دەکەوێت. دەڵێن لە کوێرە چیا، مۆمیایی هەیە، بەڵام کەمە و بەکرێی زەحمەتی نایێ.

دەڵێن لە ئێران مۆمیایی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر ڕەسەن نەبێ هێشتا قازانجی زۆرە، ئێرانییەکان دڵنیایان دەکردینەوە هەر کەسێک لەگەڵ خۆیدا مۆمیایی پێ بێت، بەتەمەنی لەسەر وڵاخەبەرزە بەر نابێتەوە. ئەگەر بکەوێتە خوارێ، هیچ شوێنێکی ناشکێ، مۆمیایی بەخێرایی پێشە و ئێسقان دەگرێتەوە، تەنانەت بۆ شکستە بەندی ئاژەڵانیش بەکار دێت. ژانی ددان دەشکێنێ و دەرمانی هەموو دەردانە. ئەو مۆمیاییە تێکەڵ بە ڕۆن

زەیتوون دەکەن و شوێنی شکاو و ئازاری نەخۆشی پێ چەور دەکەن و بە نرخی ئاڵتوون دەی فرۆشن و لەنێو کاسە و دەفری زێودا ڕایدەگرن. وەک چاوی خۆیان دەیپارێزن، ئەمەش لە گەنجینەی شادا گیر دەکەوێت. لووڕەکان پارچەیەکی بچووکیان پێ فرۆشتین، بایی تمەنێک و پێنج هەزار دینار. سولێمان خان لەو مۆمیاییە گەنم و نیوێکی لە قووتویەکی زێڕدا بەخشی بە میرزای خزمەتکاری کۆمپانیا، خانی ناوبراو دەیگوت، ئەو مۆمیاییە لە عاجباتە و چەند نموونەیەکی بۆ باس کردین، کە چۆن پێشە و ئێسقان جۆش دەداتەوە.

چیاکانی کێوەسپی و کێوە لاشان لە بەشی خوڕەماوا بە دار بەڕوو داپۆشراوە. بەری ئەم درەختە لە کاتی خۆیدا سەرنج ڕاکێشە و ئەو دارە لە سەر ڕێگای مەنگرە و خوڕەماوا کێوەکانی داپۆشیوە و بەرێکی باشی هەیە.

یەکەم بەڕووە، دواتر چەند ڕەنگی لێ دەبێتەوە، ڕەش، سوور، زەرد، خۆڵەمێشی، دارچینی، دواتریش کەز. لە زۆر جێ کەز لە دار و پنچک دەگرن، بەڵام لێرە تەنیا لە دار بەڕوو دەیگرن. سەرچڵی دارەکان دەقرتێنن، دوای ئەوەی ڕای دەوەشێنن کەز دێتە خوارێ. لووڕەکان دەڵێن بەهاران بەهۆی تەڕ و تووشی هەوا بارانییە ئەو مادەیە زۆرترە، کاتێک وڵات وشک دەبێتەوە و شێداری نامێنێ کەز مەیلە و شیرین دەبێت. چەند هۆزێکی لووڕەکان چەڵتووکی برنج دادەچێنن، ئەم کەژ و کۆیە وەرچی زۆرە. لە بەشی رۆمی شکێن، کێڵگە کەمتر هەیە. لە زۆر جێ قولکەیان نیشان داین، گوتیان بەراز هەڵی کەندووە، ئەم ئاژەڵە لە بەشی عەلی کیجان هەیە. سێ ساڵ لەوە پێش لە ناوچەی کوێستانی، بە بۆنەی شەڕوشۆڕەوە گرانی سەری هەڵدابوو، بژیوی نەبووە و ژیانی خەڵکەکەش کەوتۆتە بەر مەترسی لەنێو چوون. ئەو هێزە سەربازییەی لە کرماشانەوە رەوانە کرابوو، ببووە هۆی ئاژاوە و ڕاکردنی زۆر یەک لە هۆزەکانی لووڕە و دە هەزار کەس لە تایەفەی لووڕهان لە برسان مردن.

ڕێژەی لووڕەکانی پشت چیا و بەر چیا شەست هەزار کەسن. لەنێو ڕێدا، چیای خەسرەویان دابڕیوە بە مەودای سەد ساجن، واتە سێ سەد گەز،

پـێچ گەوەی زۆرە و لەو ڕێگـایەوە تـادەگەیتە داوێنـی کێـوەکە دە کەڕەت خـوارەکە و پـێچەکەی تێدایە. لە سـەرووی ئەو پـێچەڵاو پـێچە، نـزیکەی دوو پلیکان سەر ڕاستە، دواتر یەکسەر شۆڕدەبێتەوە. لە شانی راستی ڕێگاکە، لە پێـنج هەنگـاوی ئەودا، لەسـەر کێـوەکە، نیشـانەیەک بەم جـۆرە دەبینـی. لە یەکدییەوە هەر بەم مەودایە دیارن. لەو ڕێگایەدا وا دەردەکەوێ بە تەمابوو بێتن، لێرە شتێک ساز بکەن، لە دەستە چەپ، بەسەر چیاکەوە، شـوێنێک دەرکەوت، وا دیــارە بە نیــازی نووســین تاشــراوە، بەڵام لە بەڕا، هــیچ نیشانەیەک نەبوو. لە داوێنی ئەم مارودووە، بە شانی چەپدا، ڕێگایەکیان لە کێوەکە دابڕیوە، بەڵام ڕێگای دەستە ڕاستی بەستووە. لە زۆر جێ بەبۆنەی پێداهاتنی زۆر پلیکانەکان تەواو سواون. بەڵام ئێستاش ڕێبوارانی پێدادێت. هاوڕێیانی ئێمە دەیانگوت، لەوەتەی دنیا هەیە ئەم ڕێگایە هەر بەم شێوەیە دیتـراوە. لەم ڕێـگەیەوە لە سـەت مەرە و قەڵای خەسـرەو دەکرێـت بچیـتە دێعەلی، لەوێشەوە ئەلەشتەر و بێستوون و سەمەنگان و تاقەوسان.

لە عەسونەوە بۆ پشت چیا دوو ڕێ هەیە. تا دەگاتە ڕوودبار، یەک ڕێگا هەیە، لەوێوە ڕووباری سەت مەرە بە عەسوندا دێت. دەستە ڕاستی چیاکە ئێزاورە و لە چەپیش ڕێ چەرمو هەیە. تادەچیە پێشـێ تێکەڵ بە کوێرە چیا دەبێتەوە. مەودای عەسوون تـا عەلـی کیجان، پێنج کاتژمێر و چل خولەکە. ئێمە لە ڕێگـای سـەر باسکەکەوە، پێـی دەڵـێن مـیلە قەلەنـدەر، پێیدا هـاتین. خۆمان لە پێچ و گەوەی ڕێیەکەی دیکە بوارد. ئەو دەگەیشتەوە سەر کێوە و کەلـی خەسـرەوی دەگـرتەوە. دەبـوو بە زەحمەتێکی زۆر شـۆڕ ببینەوە. هەر بۆیە وازمان لەو ڕێیە هێناو بە دۆڵی شۆراو دا ڕۆیشتین. ڕێگای سیمی مان بەجـێ هێشـت، بە وتەکـانی کـونجی، ئەوە ڕێگـای زیـارەتکەرانی کەربەلایە، خەڵکـی ئێـرە بـۆئەوەی پـارەی باشـیان لـێ بسـتێنن، لەم ڕێـگە دوور و ناخۆشەوە دەیانبەن.

لە شـانی چەوە، لە پشـت چیـا،گۆلی خـوێڵیەن هەیە. لەو شـوێنە لە سـاڵدا بیست هەزار مەن خوێ بەرهەم دێت. ئەم شوێنەش لەژێر دەسەڵاتی تایەفەی موماوەند دایە. مۆمیایی ئەم دەڤەرەش بەدەست تـایەفەی کوێر وەندانەوەیە،

ئەوان وەری دەگرن. بابی ئەو لوورهەی مۆمیایی بۆ ئێمە هێنا، پێی گوتین «شەوێک لە خەونمدا لە ڕێگەی نێچیرڤانی سامان و دەسەڵاتێکی زۆرم دەست کەوتبوو، هەر بۆیە لەوساوە خەریکی راو و شکارم. رۆژێک بە گوللەی تفەنگ لاقی مامزێکم پێکا، ئاسکەکە خۆی لێ شاردمەوە و لە ئەشکەوتەکەدا ون بوو، چەند خولەک رابرد و ئاسک هاتەدەرێ، من هێشتا لە بۆسە دابووم، هەمدیسا، تەقەم لێکرد، ئەو بەستەزمانە پێکرا و لەوێ کەوت، زۆرم پێ سەیر بوو، ئەوە هەر ئەو مامزەکەی ئەوەڵجار بوو لاقیم پێکابوو. لاقی خێرا چاک ببۆوە، سەیرم کرد شتێک وەک قیل شوێنی برینەکەی ڕەش کردووە، وەختێ ئاسکەم هێنایەوە بۆ ماڵێ خێزانەکەم گوتی لاقی ئەو ئاسکە مۆمیایی کراوە، بەڵام تایبەتمەندیی مۆمیایی (بە داخەوە لە لاپەڕی کتێبەکەدا کەوتووە).

لە داوێنی دۆڵی خەسرەو بەردێکی گەورە بەربۆتەوە نێو دۆڵەکە و زۆریش سەرنج ڕاکێشە. یەکێ لەو بەردانە زیارەتگایە، وەختێ لە پشتەوە لە بەردەکە دەڕوانی، هەر لەو بەردە دەچێت لە ژێرکۆتەڵی پێتری مەزندایە. ئەو بەردە ڕێک و لەبار تاشراوە، لەسەر ئەو بەردە هەروەک هەیوان، بینایەک چێ کراوە، دەوری بەردەکە بە خشتی سوور پەرژینیان بۆ کردووە. شوورەی بەردیان بەدەوردا کێشاوە و دەرگایەکیان تێکردووە بۆ هاتوچۆ. لەسەر بەردەکە چوار پارچە بەرد لە شێوەی کەللەقەند بە قیتەوە داندراون، ئەمانەش بە گەچی سپی قایم کراون، لەنێو حەساری ئیمامزادەدا، کۆڵەکەیەکی دار بەپێوەیە، لەسەر ئەم ئەستوونەش چەند قولاپیان هەڵبەستووە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی دێنە سەردانی ئەو مەزارگەیە، بە پێی نەریتی خۆیان شاڵەکانیان بکەن بەو قولاپانەدا. کاتێک دەچیە ژووێ چەند کونێک سەرنجت رادەکێشێت، ئەمەش بۆ دانانی دیاری ئەو کەسانەیە دێنە سەر چاکی. لە نزیک ئەویش گۆڕستانێک هەیە، ئەمەش تەنیا تایەفەی دلفین دەچنە زیارەتی ئەم زیارەتگەیە، تایەفەی کونجی هیچ وەختێ سەردانی ئەم ئیمامزادەیە ناکەن. لووڕهستان تایەفەی عەلی ئەلایی لێ نییە، بەڵام کونجی سەبارەت بە عەلی ئەلایی شتێک دەزانێ، لە نزیکەوە نەیدیون، چۆن

کەسـانێکن، هەر ئەوەنـدەی بیسـتووە، ئەو تـایەفەیە منـداڵی خۆیـان لەسـەر کێوەکەوە بەردەدەنەوە خوارێ و هاوار دەکەن یا عەلی بیگرەوە!

کونجی لەمەڕ داودییانەوە دەیگوت، ئەو تـایەفەیە خزمەتێکی زۆریـان بە خەڵکـی نـاوچەکە کـردووە، لە کاروبـاری هەرەوەزەوە بگـرە تـا مەسـەلەی دەسـت گرتنـی زاوا و ژن گواسـتنەوە و یاریـدەدانی قوڕەکـاری. هێنـدە پێڕەوکاری حەزرەتی داودن و لە ڕێگای ئەودا گیان فیدان ئەو شوێنەی لە عەسوون لێی دابەزیوین پێی دەڵێن خەسرەوئاوا، تایەفەی کونجی کرێکاری تایەفەی کەماڵ وەندن. لێرەوە تا دۆڵی کائلە سوێر، لە نزیک چەمی سەت مەرە، چوار فرسەخە.

روود بار دوو ڕێگای هەیە، یەکەمیان بە شیرواندا دەچێتە حەیدەر خان. دووەمیـان لە چـوار دادڵ لە عەلـی واحـدخان پشـت چیـاوە دەڕوات. گونـدی لووڕهـان بەیـات لە سـەرحەدی عارەبـانە. ئەحمەدخـان لە هاوینانـدا دەچێتە زۆزانـی کـوێرە چیـا و لە سـێ مـانگەی زستانیشـدا لە گونـدی لووڕهـان دەمێنێتەوە. مەزار گەی ئیمامزادە عەلـی کیجان لە بەردی چوار گۆشە ساز کـراوە و گـومبەد و تـاجی دەرویشـی هەیە و دەوروبەری پـڕە لە دار و درەختـی بەتەمەن. دوو هەنگـاو ئەولاتـر کانیـاوێکی باشـی لێیە و لە داوێنـی ئیمامزادە و کانییەکە لە کۆندا گۆلاوێکی باشی لێ بووە، بەڵام خـولی زەمـان وشـکایی لـێ بڕیـوە و لووشـی کـردووە. لە نزیـک ئەو ئەشـکەوتە گەورەیە ئەشـکەوتێکی چـووکەتر هەیە، ئەو ئەشـکەوتە بچـووکەش تەنیـا جێی پـازدە ئەسـپ دەبێتەوە. لە عەلـی کیجـان تـا بەر دەرگـاکە، چـوار کـاتژمێر و بیسـت خـولەک مەودایە. ڕێگـاکەی بەرز و نزمـی زۆری هەیە و ڕێبـوار تووشـی زەحمەت و ئاستەنگی دەکات. بەڵام ئێمە لە سەیران و گەڕانی خۆماندا بەم ڕێگـایەدا نەڕۆیشـتین و خۆمـان لـێ پاراسـت. دوای ئەوەی لەو شـوێنە دەرچووین، بەدەستە راستدا درێژەماندا بە سەفەری خۆمان. لەو مەودایەدا چاومـان کەوت بە بەشـێک لە ڕەشـماڵی هەوارچیـانی لـووڕە. لەم شـوێنە لووڕهەکـان خەریکی وشـک کـردنەوەی بەڕوویـی تەکـاو بـوون، دواتـر لێـی دەکەن و لەبری ئاردی گەنم دەیکەن بەنـان و دەیخۆن. لە شـانی راسـتی ئەو

دۆڵە تەنگە، مەزارگەی ئیمام زادەیەک هەیە لە ڕێگاکەوە نابیندرێ. لە باریکە ڕێیەکەوە ئاوێک دێتە خوارێ و دەڕژێتە قامیشەڵانێک. ئەم قامیشانە نزیکەی شەش گەز باڵایانە. دار و دەوەنێکی زۆر ناوچەکەی داپۆشیوە. لەو بژوێنەدا بەرازێکی زۆر هاتوچۆ دەکات. لە جێیەک سەیرمان کرد چیاکە هەرەسی هێنابوو گابەردێکی زۆر گلۆر ببوونەوە و ڕێگاکەیان گرتبوو. زۆر یەک لە هەوارچیان دەیانگوت زۆر لەوە پێش ئەم کێوە لەرزیوە و بەردێکی زۆری بەرداوەتەوە. مێگەلێکی باش لە بژوێنی چیاکەدا بەدەم لەوەڕەوە لە ئامێزی کێوەکەدابوون. لە دوورەوە دەنگی فیکە فیکە شوان ڕانەکەی دەلاواندەوە. ئەم گاپێڵە بەردەوام بەرەو نزمی شۆڕ دەبێتەوە و خۆدەکات بەگەرووی رووبارەکەدا. لێرەوە بە شانی باشووردا دەسووڕێ و دەچێتە دۆڵی کەشکان، ئەم شوێنەش دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیە، ئینجا دەگەی بە ڕەشماڵەکانی تایەفەی سلەسلە کە پاڵیان بەیەکەوە داوە. ڕێگاکە روو دەکاتە خوڕەماوا و بە دۆڵی کەشکاندا سەر دەکەوێ. محەمەد عەلی میرزا بە تۆپخانەوە لێرەوە ڕەت بووە، بەڵام سەد کەس لە پێشەوە ڕێگاکەی خاوێن کردۆتەوە. بۆ ئەوەی بەبێ گرفت تۆپەکان دەربچن، ئیتر هەرچۆنێک بێت تۆپخانە لەم دۆڵە تەنگەوە دەردەچێت، بەڵام ناکرێ سندووقی بارووت لەپشت تۆپەکان نزیک بخرێنەوە. لە کاتی هاتنە خوارێ بۆ داوێنی چیاکە ناچار دەبن ئەم چەکە قورسانە بە شان هەڵبگرن. لە بەر پێی دۆڵەکەدا شوێنی عەرادەی تۆپەکانی سولێمان خان مان چاوپێکەوت خۆی گەیاندبووە عەلی کیجان. تۆپی ئێرانی سووکبارە و سندووقە باررووتی لە پاشکۆدا نییە. یان دەبێ لە دۆڵی ست مەڕەوە بچی بۆ عەلی کیجان، یان بە ڕێگای خوڕەماوادا. لەو شوێنەوە رووبارەکان لە چیاوە دێنە خوارێ و دەگەنە «پل دختر» پردی کیژێ، بەرزی شاخەکان دەگاتە هەزار فوت، ئەم کەژ و کۆیەش دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و پڕە لە ئەشکەوت، سەری چیاکانیش لە یەکدی نزیک بوونەتەوە و شوێنێکی تەختانییە. دەر و دەوەن و قامیشەڵانێکی زۆر لە دەم رووبارەکە شین بووە. ئێرەش بۆ ئەوە دەبێت هێزێکی سەربازی لێ سان بدەی. ئەم شوێنە کێوێکی زۆر دەوری داوە و بۆ

ئەوە دەبێت بکرێتە شەرگەیەکی باش. کاتژمێرێک دواتر دۆڵەکە تەنگ دەبێتەوە و لە نزیک ئەو کێوانەی بە پاڵ یەکەوەن، دوو ئەشکەوت دەردەکەون، کونجی سەبارەت بە ئەشکەوتەکان هیچ زانیاریی پێنەبوو. لە نزیک پۆل دوختەر ڕێگاکە تەنک دەبێتەوە. لە خوار پردەکە دوڕگەیەکی بچووک هەیە و لە داوێنی ئەویشدا دەربازگەیەک لە رووبارەکەدا هەیە. ئەم چۆمە زۆر قووڵ نییە، لە کاتی پەڕینەوەدا بەر زگی وڵاخە بەرزە دەگرێت. بندینی رووبارەکە وردە بەردە و بۆ ئەوەی گوێدرێژ لە کاتی پەڕینەوەدا ئاو نەیڕفێنێت گوێچکەی دەگرن و ڕزگاری دەکەن. نیو کاتژمێر دواتر دەگەی بە شوێنێک ئاوەکەی کەمترە. لە شانی رووبارەکەوە ڕێگایان بردۆتە سەر کێوەکان. لێرەوە تا رووباری سەت مەرە و کاولاشەکان دەچێتە پێشێ. بە قەولی خەڵکی ناوچەکە ئەم ڕێگایە زۆر لە مێژینەیە.

چەند پەیڤێک لەسەر ئەم پردە:

دیوی دەرەوەی دیواری پردەکە بەردەکانی هەموو تاشراون، بەڵام لێک گیر نەبوون. لە بەر پێی پردەکە وردە بەردیان تێکردووە و لەسەر ئەویش بەردە چن کراوە. بە بۆنەی تەمەنی زەمان، بەردی ژێر پردەکە، یەکان گیر بوون و بوون بە یەک پارچە. پێنج شەقاو لەو لای پردە خراپەکە چەند کۆڵەکە بە پێوە ماوە. ئەوانەش هەریەکە و پازدە هەنگاو مەودایان هەیە و لە سەر پێی خۆیان راوەستاون. ئەم پردەی باسمان کرد، پاش ماوەی پردە وێرانەکەیە، لەوێدا کەڵکیان لێ وەرگرتووە، پێشتر ئەم شوێنە کۆنە دێ بووە.

بە مەودای بیست خولەک دوورتر لەم دەربازگەیە، چادرمان هەڵدا بۆ وچان گرتن. حەمە عەلی میرزا لە شانی راست چادری هەڵدابوو. پێشتر ئێرە کۆنەدێ بووە و باخی نارنج و پرتەقەڵی باشی هەبووە، بەڵام ئێستا وێرانەیە و چ دەست ناکەوێت. ئەم شوێنەی ئێمە لێی دانیشتین، کاتی خۆی والی لووڕهستان حەسەن خان چادری لێ هەڵدابوو، حەسەن خان بابی ئەم سێ برایەن لە پشت چیا خاوەن دەسەڵاتن. کاتێک حەسەن خان توشماڵەکانی خوڕەماوای بۆ پرس و راوێژ کۆکردبۆوە، ئەو خێڵەی لەگەڵ ئەوان ناکۆکییان بوو، واتە هۆزی لووڕهەکان، گەمارۆیی دەدەن، بەو نیازەی

بیکوژن و جەندەکی بخەنە رووبارەکەوە. خان لە دەرفەت دەگرێتە و نیوە شەو بە ماڵ و منداڵەوە پەنا دەباتە بەر پشت چیا، دوژمنان تا نێزیکە کوێرە چیاوە شوێنی دەکەون، بەڵام نایگرنەوە.

بە بۆنەی ئەم پشێونی و جەنجاڵییەوە لە نێوان لوورِهەکان، محەمەد میرزا لوورِهانی پشت چیا، لە تایەفەی پێش چیا مەسەلەکە بە جیا بە دەسەڵاتی ئەوێ دادەمەزرێنێت. لەبەر دەرگای خێوەتەکانی جای دەر، کوێرە چیا دیارە، بەفر گرتوویەتی. لە نزیک ئەم کێوبەندە دیارن باڵایان کوڵە. لەسەر یەکێ لەم کێوانە وێرانەکەی سەت مەرە بەدەرەوەیە. هۆزی ئەم لوورِهانەی لە لوورِهستانی بچووک نیشتەجێن، وەک ئەمانە دەڵێن لە تایەفەی فەیلین. تایەفەی عەمەلەش خۆیان بە لوورِە دەزانن. هۆزی سڵەسڵە و دلفان پێیان وایە لەکن. لوورِە و لەکان بە زمانی جیاواز قسە دەکەن و لەگەڵ یەکدی ناکۆکن.

سولێمان خان پێی وایە هۆزی لوورِهەکان باشترن لە هۆزی لەک. لە جای دەر تا خورِەماوا مەودایەکی دوورە، سەرەتای رێگا تا یەکەم شوێنی حەسانەوە بە یەک رێگادا دەرِوات. ئەوجێگەیەش پێی دەڵێن ویشان، لە ویشانەوە دێتە دامبەک، لەوێشەوە بۆ ئاوسارد و شۆراو، لە شۆراویشەوە بۆ خورِەماوا شۆرِ دەبێتەوە. لە دەستی چەپەوە بە ویشاندا دەچێتە چڵەگوڵ، لە چڵەگوڵەوە دەگاتە تەل کەماس، لەوێشەوە خورِەماوا دەگرێتەوە. مەهدی خانی جای دەری سەرۆک هۆزی عەمەلەیە. ئەم هۆزەش سەرلەبەر بڵاو بوونەتەوە. هۆکاری ئەم لەبەر یەک بڵاو بوونەش پشێوی و ئاڵۆزییەکانی پێشتر بووە. سولێمان خان داوای لە مەهدی خان کرد هۆزەکەی هەڵبگرێ و بچێتە جای دەر داسەکنێت. لەبەرئەوەی ئەم خانەی بە پیاوێکی هێدی و گونجاو دەزانی و هەردەم خزمەتی حکوومەتی دەکرد. خانی سەرۆکی حەسەنوەند، کە دەبێتە سەرۆکی هۆزی سڵەسڵە، لە بەشی خورِەماوا دامەزراوە، واتە لە چڵەگوڵ.

لە جای دەر تا گەرماو چوار فرسەخە. لەنێو رێدا شوێنەواری تۆپخانە دیارن لەگەڵ کۆنەدێ و عەمارات و شوورە و کەڵەکە بەرد. زەوی و زاری

ئەم ناوچەیە تەق تەقانە. زۆر وەک دنیایەکی نامۆ دەچێت، ئەم ناوە پێی دەڵێن شاری لووت. بە پێی ئەم چیرۆکە دەڵێن ئەو پەرییانەی لە داخی ئاکاری ئەم خەڵکە چوونەتە سەر کوێرە چیا و لەو سەرەوە شارەکەیان بەرد باران کردووە، بەهۆی ئەو بەردانەی لە کێوەکەوە هاتوونەتە خوارێ شارەکە وێران بووە و ئەوەی تێیدا بووە مردوون. ئەوەندەی لە نزیک دوورەوە چاو دەبینێ دەڵێی بەسەر ئەم دەر و دەشتەدا بەرد باریوە. لە نزیک ئەم شاخەوە وەختێ دەڕوانی کوێرە چیا زۆر نزیک دیارە، ئەمەش بە بۆنەی دار و درەختی چڕوپڕی کێوەکانەوەیە، بەڵام کاتێک لە سەرەو خوارەیەکە دوور دەکەوییەوە، ئەوسا دەزانی کوێرە چیا چەند کاتژمێر لێرەوە دوورە. ئەو ڕێیەی بە سەت مەرەدا رادەبرێت بە وتەی زۆر کەس ڕێگایەکی ناخۆش و پڕ کەند و لەندە. لە شێوەی لەم ڕێیانە وایە کە هیچ کلۆجێک تۆپخانە و هێزی سەربازی لێ دەرناچێت. مەگەر ئەوەی لوولەی تۆپەکان بەسەر شان بەرنە سەرێ. لە زۆر شوێنیش لەوە دەچێ ڕێگاکەیان خۆش کردبێت.

کاتێک سولێمان خان لێرەوە تێ دەپەڕێ، چەند تۆپێکی رووسی پێدەبێت، ئەویش ئیمپراتۆری رووس بە دیاری دەیدا بە محەمەد شا. لە وەرزی بەهاردا جایدەر هەر لەجارە گوڵ دەچێت، بە تایبەت گوڵ چەرموو. دوای شاخ و دۆڵێکی زۆر گەیشتینە سەت مەرە. بە تەنیشت رووبارێکدا ڕەت بووین و گەیشتینە دەشتێکی باش، ئەم شوێنەش بۆ ئەوە دەبێ ئۆردوویەکی زۆر لێی بڵاو ببێتەوە. ئەم شوێنەش پێی دەڵێن گەرماو، ئەمیش نەک بەبۆنەی رووبارەکەوە، بگرە بەهۆی ئەو دەشتە دڵگیرەوەیە ناوی گەرماویان لەسەر داناوە. لێرەوە بەمەودای کاتژمێر و نیوەێک چاڵە نەوتی لێیە و چەمێکی بچووک. ماوەیەک دوورتر ڕێگاکە دوو لقی لێ دەبێتەوە. لە دەستی راستەوە بەرەو چیاکە هەڵدەکشێت، ئەم چۆمەش لەو کێوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە رووباری سەت مەرەوە. ئەو بەردەی لە کێوەکە بەر بۆتەوە تەواو سەر ڕێگاکەی بەستبوو. ئەم ڕێگایە هەر ئەوەندەیە سوارێک پێیدا بڕوات. رووباری سەت مەرە بە نێوان ئەو بەردانەدا تێدەپەڕێت کە لە

کێوەکەوە گلۆر دەبن. ڕێگای دووەم بەشانی چەپ دا لادەدا و بە کێوەکاندا سەر دەکەوێت. ئەمەش ڕێگایەکی ئاساییە و خەڵکی ناوچەکە پێیدا دەڕۆن. چارەوادارەکانی ئێمە بەم ڕێیەدا تێپەڕین و بە مەودای نیو کاتژمێر وەڕێ کەوتین. لەو مێرگەوە کە نزیک رووباری سەت مەرە و دۆڵە تەنگەبەرەکە بوو. ئێرەش دەچێتەوە سەر گەرماو و ناوی تایبەت بە خۆی هەیە و پێی دەڵێن چەم کز. لەم شوێنە رووبارەکە پتر لە بیست ساجن، واتە شەست گەزە. لە شانی راستی پڕە لە گابەردی چیاکە. لە زۆر شوێن بەردێکی گەورە کەوتۆتە کۆشی رووبارەکەوە. ئەمەش بەمەودای سەت ساجن، واتە سێسەت گەزە. لە کوێرە چیاوە، ڕێگایەک دەچێتە پشت چیا. بەوەتەی بەڵەدەکانمان، لێرەوە تا ئەوێ چوار فرسەخە. لە نزیک کوێرە چیا، لە دەستی چەپ، مەزارگەیەک دیارە. لێرەوە لەباتی داری مورمورکراو بە پنچک و گوێنی ئاورمان دەکردەوە.

لە گەرماو تا پردەتەنگ چوار فرسەخە. واتە لە چەم کز، لە شانی راستی ئەم ڕێگایەوە رووباری سەت مەرە دەڕواتە خوارێ. شانی چەپ، کێوە رووتی کیالانە. لە داوێنی رووباری سەت مەرە و کێوی کیالان، کێوەکان زۆر نزم گڵی ئەم کێوانە ڕەنگی سپیە و زۆر وەک گەچ دەچێت. بەسەر ئەم کێوانەدا ڕێگایان بۆ هێزی سەربازی کردۆتەوە. لە شێوەی ئەشکەوتان کونێکیان لەو کێوانە کردووە. چوونە ژوورەوە بەنێو ئەم کونانەدا هاسانە و لە ژوورەوە زۆریش تاریکە. هاوڕێیانی ئێمە بە چاکیان نەزانی سەردانی ئەم کونانە بکەین. وەک دەڵێن لەم دەڤەرە وەرچ و بەراز زۆرە. بە مەودای سەت ساجن لەو ئەشکەوتە دوورتر، لە شێوەی تاق، کونێکیان لە گردێکی دیکە دابڕی بوو. لێرەوە دەکرا مرۆڤ ئەو بەر ببینێت. بەرزی ئەم تاقە چەند ساجنە. ڕێگاکەش لەبەر پێی گردەکەوە تێدەپەڕێت. دەکرێ بەنێوان گردەکەشدا تێپەڕیت. ئەم بەندەن و گردۆکانە پڕت لە کون و ئەشکەوت. یەکێ لەو ئەشکەوتانە زۆر گەورە و تاریک بوو. ئەمەش ژێر زەویەک بوو، تێکەڵی لە گڵی گەچی. جگە لە چیای کیالان، ئەم دەوروبەرە کانیاوی زۆرە و ئاوی کانیەکانیش دەڕژێنە رووباری پردە تەنگە. رووباری سەت مەرە

شوێنێکی زۆر تەنگەڵانە. بەو واتایە لەزۆر جێ ئاودڕەکە تەنگەبەر دەبێتەوە، ئەو پردەی لەسەر ئاودڕەکەیان هەڵبەستووە، ماوەیەکە وێران بووە. بەرینی ئەم پردە هەشت شەقاوە. پردەکەش تەنیا چاوەیەکی هەیە. هەرچەندە پردەکە ڕووخاوە، بەڵام دیوارەکانی هێشتا پاڵیان بە کێوەکەوە داوە و خۆیان ڕاگرتووە. لەنزیک ئەم پردە ڕووخاوە، دەستی چەپ، بۆ پەڕینەوەی ڕێبواران، چەند دارێکیان ڕایەڵ کردووە و ناوی پردیان لەسەر داناوە، بەڵام هەر ئەو پردەدارینە بە هاسانی مەڕ و ماڵات بەسەریدا دەپەڕێتەوە و لەرزەی هەیە. وەختێ بەسەر ئەم پردە دارینەوە چاو لە خوارێ دەبڕی سەرت لە گێژەوە دێت. دیار نییە دوندی کێوەکە تا بنی چەمەکە چەند گەزە. لە زۆر جێ ئاوەکە لە شێوەی ئەشکەوتان کێوەکەی دابڕیوە و ڕەوەزەکانیش خۆر نەگەزە. بەڵام دەکرێ لە گۆترە بڵێی بیست ساجن دەبێ، کە دەکاتە شەست گەزە. لەو تەنگەڵانەدا ئاوەکە خوڕێن نییە و بەئارامی سەری ناوەتەوە. لە زۆر جێ بەئاستەم خوڕەی ئاو دەژنەوی. دەستی چەپ، لە نزیک پردەکە، بە ئەندازەی مەیدانە ئەسپێک، پاش ماوەی قەڵایەکی وێرانە سەرنج رادەکێشێ. لووڕهەکان دەڵێن ئەم قەڵایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی ئەتابەکان و قەڵای خومەین لە دەورەیەکدا ساز کراون. لە پشت ئەم پردەوە لە شانی باشووری کوێرە چیا، تایەفەی سەگوەند نیشتەجێیە. ئەم خێڵە لە دەسەڵات تۆراون و لەم دەڤەرەدا بڵاو بوونەتەوە و گوێ بە حکوومەتی دزفوول نادن، هاوڕێیانی ئێمە گوتیان بۆ دڵنیابوون لە دز و گۆران، ئەو پردە تێک دەدەین. ئێمەش رازی بەم کارە نەبووین، چونکە لووڕهەکان بۆ پەڕینەوەی خۆیان و مێگەلیان تەنیا ئەم پردە شک دەبەن. سەردانی چاڕەکانی خوڕەماوا بکەن. ئەو شوێنەی کوێرە چیا دوایی دێت پێی دەڵێن مەڵبەندی شا. ئەم بەرزییە لە پردی ئاودڕگە و قەڵای رەزا دوورترە و لە کێوێکە بەناوی کوێرە چیا، ئەمەش گردی ئیمامزادە ئەحمەدە، ئەو لووڕهانەی لە کوێرە چیا دادەنیشن، بڕوایەکی زۆریان بەم ئیمامزادەیە هەیە. هەرکەسێک تووشی هەر دزی و کوشتنێک هاتبێ هەر ئەوەندەی لەو مەزارگەیە دوو رکعەت نوێژ بخوێنێ پاک دەبێتەوە و بێ تاوان دێتە ئەژمار.

له گەرماو تا ئێرە وچانمان گرت. لە مەودای ڕێگادا تووشی کەڵەکە بەردی زۆر هاتین، هەر کەسێک لە لووڕەکان بەم ڕێیەدا تێپەڕێت بەردێک دەخاتە سەر ئەم کەڵەکانە. باوەڕیان وایە مرازیان حاسڵ دەبێت و ڕێز گرتنێکیشە لە ئیمامزادە. گۆڕخانەکەش لە پشت چۆمەکەیە و لە باوەشی دۆڵەکەدایە. بەهۆی ئەوەی دوورە باش دەرناکەوێت، لە زۆر شوێن حەوشەیەکیان لەبەرد هەڵچنیوە و لەو نێوەدا نوێژ دەکەن، بەڵام ئیمامزادە بەدەرەوە نییە.

حەمەخانی جایدەری، هاتبووە سەردانی ئێمە، لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و بەردێکی خستە سەر کەڵەکە بەردەکان، بەڵام ئەو خانەی خەڵکی خوڕەماوا بوو ئەو کارەی نەکرد. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو ناوچەیەدا هەر یەک لە هۆزەکان بیر و باوەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە و زیارەتگەیان جیاوازە. لە پردی ئاودڕەوە تا قەڵای ڕەزا، پێنج کاتژمێر و پازدە خولەکە. چوار کاتژمێر لەو لای رووبار و پردی ئاودڕگە، هۆزی سەگوەند بڵاو بوونەتەوە. پردی ئاودڕگە تەنیا دووکەس دەتوانن بەیەکەوە بەسەریدا وەپەڕن. بەدوای ئەو دوو کەسەدا جێی هێسترێک دەبێتەوە. پردەکە یەکجار بەرتەسکە.

ئەو پردە ڕێگای کرماشان و خوڕەماوایە و ڕەنگە دزفوولیش بگرێتەوە. ڕەنگە بە گەرپردەکەدا نەچنە قەڵای رەز، لە دەستی راستەوە بەجێی بێڵن. دوور نییە کاتی خۆی لەم ناوچەیە هۆردووی سەربازی دامەزرابێت. تەواوی ئەو ڕێگایانە بۆ ئەوەی تۆپخانەی لێ دەرچێت کاتی خۆی خاوێن کراوەتەوە، بەتایبەت ڕێگاکانی کیالان و خوڕەماوا و سەت مەرە و ئەوانی دیکە.

قەڵای نەسیر، شوێنێکە توشماڵانی لووڕە لەو قەڵایەدا نیشتەجێن. ئێمەش لەوێ مەنزڵمان گرت. داڵانە ڕێیەک لێرەوە دەست پێ دەکات و کاروانە ڕێی ڕێبوارانی دزفوول و خوڕەماوایە، بە سێ کاتژمێر و چل و پێنج خولەک لە پردی ئاودڕگەوە هاتینە سەر رووباری زاڵ، لە کاتی پەڕینەوەدا ئاوی ئەو چۆمە ئەژنۆ تەڕ دەکات. ئەمبەر و ئەوبەری ئاوەکە بەرزە و رووبارەکەش دە تا پازدە ساجن دەبێ. گابەردێکی زۆر لە قووڵایی چەمەکەدایە، لەکاتی لێزمەی باران و لرفەی لافاودا لە چۆمدان و پەڕینەوە محەڵە. وەختی خۆی گەڕۆک دیتر لە سەیرانامەی خۆیدا نووسیویەتی ئاوی ئەم رووبارە سوێرە،

بەڵام ئـێمە لە ئاوەکەمـان خـواردەوە و هـیچ سـوێر نەبـوو، لووڕهەکـانیش گوتیان ئاوێکە سارد و سووک، قەت نەمانزانیوە سوێر بووبێت.

وا هەیە گەڕۆک دیتر، لە وەرزی بەهـاردا بە نـاوچەیەدا ڕەت بووبێت و خـوڕێنی ئـاوەکە لە کانەکـانەوە خـوێی هێنابێـت و ئـاوەکە سـوێر بووبێـت. ئەگەر بـووبێتیش ماوەیەکی کەم بووە و لووڕهان هەمیشە ئەم ئاوە بەشیرین دەزانن، بەڵام گابەردێکی زۆر لە کۆشی رووباری زاڵدا چۆکی داداوە. بە مەودای سی خولەک دەگەیت بە پردە ڕوخاوێک، دەڵێن تەیموری لەنگ بەسەر ئەو پردە ڕوخاوەدا پەڕیوەتەوە، ئەو پردەش هەروەک پردی ئاودڕگە وێرانە و تەنیا پایە و بنەیەکی بە ساخی ماوە. وەختێ بەلای سەرەوەدا رادەبی لە دەستە راستی رووبـاری زاڵ، دەگەیت بە دەشـتێک. ئەم دەشـتە درێژەی هەیە تا دەگاتە قەڵای رەزا. مەوداکەی دوو کاتژمێر و چل خـولەکە. یـەکجـار شــوێنێکی دڵگیــرە و جێــی هێزێکــی ســی هەزار کەســی دەبێــتەوە. ئەم ڕێگــایە لە دزفوولەوە دەچێتە کرماشان و خوڕەماوا. لە رووباری زاڵەوە تێ دەپەڕێت. دووسـەد هەنگـاو ئەولاتـر، گۆڕسـتانێک دەردەکەوێ و بە وشـکەبەرد دیواریـان بـۆ کـردووە. لووڕهێکمان لەگەڵدابوو، ئێمەی برد بۆ لای گۆڕسـتانەکە و بەسـەر هـاتێکی فەرمـوو: شــەش ســاڵ پــێش ئێســتا، لە نزیـک قەڵای رەزا دوازدە بنەمــاڵەی دیـرەک وەنـدی نیشتەجێ بوون. ورد و درشتی ئەو خەڵکە سـەد کەس بوون، ئەو خێڵە ڕێگایـان بە ڕێبواران و کاروانچی دەگرت. میرزا بزورگ، حـاکمی لووڕهستان بە خۆی و پەنجـا لووڕهەوە شەوێک دەدا بەسەریاندا، دەگەنە پردی ئاودڕگە و سیازدە کەس لە خێڵـی دیرەک وەند دەست بەسەر دەکات، یەکیان کوێخای ئەو خێڵە دەبێت. دەسـتوور دەدا هەر لەوێ سەریان دەبڕن. سەری دووانیان لەو گۆڕستانەدا دەنێژە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێزی کوێخـا بگـرن لە سـەرووی کوژراوەکانەوە ئەسـپەردەی دەکەن. لەو حەسـارە بەردیــنەدا گــۆڕی چەنــد کەســێکی دی بەر چــاو دەکەوێــت، دوور نیــیە ئەوانەش کەسوکاری ئەو کوژراوانە بن. لەو سـەروبەندەدا، گەڕۆک بـارۆم، لێرەوە رادەبـرێ و دەبینێ پەلکە و پرچی ژن و منداڵ بەسـەر کێلەکـانەوە شـۆڕبۆتەوە، ئەمەش نەریتێکە لە دەڤەری لووڕهستان، ئەگەر ژنێک ئازیزی بمرێت، پەلکەی خۆی دەردێنێ و بەسـەر گۆڕی مردووەکەیدا دەدات. مەودای نێوان قەڵای رەزا و قەڵای نەسـیر، بۆ کـاروانی شوێنێکی پڕ مەترسییە. وەختێ ئێمە لە هەمەدان بووین هەواڵیان پێدابن، دوو دەسـتە

کاروان لە خوڕەماوا بەنیازی دزفول، لە نزیک قەڵای نەسیر جەردە و ڕێگر رووتیان کردوون. کاتێک گەیشتینە دزفوول راستی ئەم هەواڵەمان بۆ دەرکەوت،هۆی ئەم ڕێگریەش دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ناخۆشی جانگیر خان و شازادە خانلەر میرزا، دەسەڵاتداری خوڕەماوا. قەڵای رەزا بۆ ئەوە دەبوو نۆژەنی بکەنەوە و تێیدا دانیشن. سازکردنی ئەم قەڵا و پردەی ئاودڕگە دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی ئەتابەک.

زانیاریەکانی خانی لووڕهان:

خانی لووڕهان دەیگوت: ناکرێ بۆ ئەو لووڕهانەی کە ئێستا وەک رابردوو لە شوێنێک نیشتەجێ نین، پردێک ساز بکرێت، ئەوان ئێستە هەوارچین و هەر وەختەی لە شوێنێک دەژین. لێرە لووڕهەکان هەروەک هۆزە کوردەکانی ماردین و جەزیرەی ئیبنی عومەر، وان. لەو مەڵبەندەش کاولە کۆن و وێرانەیەکی زۆرمان چاو پێ کەوت. کە تایبەت بە کوردەکان بوو. سەردار و سەرۆک هۆزی ئەوان تا بڵێی جوامێر و مێرخاسن، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی بەپیاو نازانن، لەکەم و لەزۆر پیتاک و ماڵیات نادەن بە دەسەڵات. خان دەیگوت زۆر لەمێژ نییە پردی گامێشان تێک ڕووخاوە، بەڵام پردەکانی زاڵ و ئاودڕگە و کەشکان لەمێژە وێران بوون، پردی کەسکان زۆر پان و بەرین بووە.

وەختێ لە پردی زاڵ چووینە ئەوبەر هەوا گەرم بوو، قەڵای رەزا گیاوگژێکی زۆری لێ شین ببوو، کانییەکی باشی تێدا بوو، لووڕهان بەم شوێنە دەڵێن قەڵای رەزا، لەم قەڵایەوە تا حوسێنییە چوار کاتژمێر و نیوە، لە تەنیشتی قەڵاکەوە بە دۆڵەکاندا گەیشتینە دەشتێک. بە ماوەی سێ کاتژمێر بە دەستە چەپدا دەچێتە کورکی و خوڕەماوا. لێرەوە بزنە ڕێیەک دەچێتە مەنگرە و بەشانی چەپدا خوڕەماوا دەگرێتە و بە دەستی ڕاستدا حوسێنییە و لەوێشەوە تا ساڵحاوا پێنج کاتژمێر و نیوە. تا رووباری بەلاچۆم مەوداکە بە یەک کاتژمێر و پەنجا خولەک کۆتایی هات. تەواوی ڕێگاکان دۆڵ و گردۆکەیە. مەودای رووبارەکەش شەست گەزە و بەردەڵانی زۆرە و ئاودەگاتە ئەژنۆ.

مەودایەک لە خوارترەوە پردە ڕووخاوێک ماوە بە خشتی سوور کاتی خۆی ساز کراوە. لە داوێنی ئەو پردەشەوە وێرانە و پردە کۆنی دیکە

دەبیندرێت. دەڵێن ئەم دوو پردە بە دەستووری نادر شا چێ کراون. ئاوی بەلا چۆم لە وەرزی بەهاردا یەکجار زۆرە. فەتحعەلی شا، وەختێک لە ئیسفەهانەوە هات و بەم رووبارەدا تێپەڕی، پەنجا سواری هاوڕێی شا، ئاوبردنی و لە چۆمەکەدا خنکان. هەروەک شیرازییەکان دەبێژن، دووسەد کەس لەم ئاوەدا خنکاون. ئێمە لەوێ چاومان بە گابەردێک کەوت پێیان دەگوت بەردە برنجە، خاڵەکانی سەر ئەو بەردە بەوێنەی برنج وابوون. ئەم جۆرە بەردانەمان لە مەنگرە و لووڕهستان زۆر دیوە.

لەدەم خانی هۆزی سەگوەند مان بیست بەهێزترین هۆزی، لە بەشی قیلاو، دەژین. خان و سەرۆک هۆزی ئەوان وەری نەگرتین و نەهاتە پێش وازی ئێمە، بەڵام پێشتر سولێمان خان خەبەری پێدابوو. خانی ناوبراو دەیگوت، سەر بە دەسەڵاتی خوڕەماوا و بروجێردم، واتە ئەردە شێر میرزا. سێیەم بەشی ئەوان لە مەڵبەندی بەلا چۆمە.

خانی لووڕهان بە چل سوارەوە هاتە پێشوازی ئێمە. هەموویان ئەسپی ڕەسەنی عارەبیان لەبن دابوو. لووڕهەکانیش وەکو بەختیاری گەل، ئەسپی دوو ڕەگەیان لاپەسندە. ماوەی کاتژمێرێک بە شانی رووبارەکەدا ڕۆیشتن و گەیشتینە دەشتێک. مەودای حوسێنیە پێنج کاتژمێر و دە خولەک بوو. لەنێو ڕێدا گەیشتینە قەلا کۆنێک، لەم شوێنەش سەد ماڵی عارەبان چادریان هەڵدابوو. هەر هەموویان خەریکی بێستانکاری بوون.

**ساڵحاوا**

دەکرێ بڵێین ساڵحاوا کۆتایی لووڕهستان و سەرەتای بەشی عارەب نشینە. بە ماوەی بیست خولەک لەو ناوچەیەوە دەگەینە قەلا چوارگۆشە، لەو مەودایەدا تووشی ڕەشماڵی چەند ماڵێکی عارەب هاتین. بەشێک لە ئاوی بەلا چۆم زەوی و زاری ئەم مەڵبەندە دەگرێتەوە و تەڕەکاڵی لەبەردا دەکەن. شەوێ چادرمان هەڵدا و زریانیش بەکەیفی خۆی جووڵەی دەکرد، بەهۆی ئەوەی شوێنێکی هەراو و بێ مەترسییە ڕێبواران و کاروانچی ئەوەی لێرەوە دێت وچان دەگرێ و چارەوای خۆی ئاودەدا و دەحەسێتەوە. مەودای

دزفـوول تـاقیلاو ده فرسـەخ دەکێشـێ و زۆر جـاریش بـۆ مەنـزڵ گـرتن لە حوسـێنییە لا دەدەن، کە ئەویـش حەوت فرسـەخی تەواوە. سـولێمان خـان لە دەستی راستی رووبـاری دز، لە نزیک ئیمـامزادە لەسـەر بەندەکە هۆردووی لێ دابـوو، ئەمەش دوو هەزار کەس بـوون. لەم هـۆردووەدا بەشـێکی زۆر لە خان و دەسەڵاتداری لوورە و بەختیاری بەشدارییان تێدا کردبوو، سێ سـەد کەس لە خـان و گەورە پیـاوانی نێـو هـۆردووەکە هـاتنە پێشـوازی ئـێمە. سوارێکی زۆر لە پێشمانەوە بە غار غارێن و نەرمەغـار ئەسپی خۆیـان لینگ دەدا و تەقەی خۆشییان دەکرد. یەکێ لە سـواران تەقەی لە بەرپێـی مـن کـرد، بە دابی ئەوان ئەمـەش نیشـانەی ڕێزلێنـانە لەو میوانەی دەچێتە ناوچەکەیـان. بە قەولی حەکیم سولێمان خان، کە لە فەرەنسـە دادەنیشـت، ئەو کەسـانەی لە پشـت چیـا دەژیـن شەسـت هەزار چـادرن. دە هەزاریـان لێـرە و لەوێ بـڵاو بـوونەتەوە و دەوڵەتـیش لە دەسـتی ئەوان چـاوی بەماڵیـات نەکەوتـووە. چل هەزار کەسـی بەختیـاری لێـرە هەیە و هەمووشـیان ئامـادەن سـەرباز بـدەن، دەکرێ دە هەزار کەس چەکدار لە بەختیارییەکـان کۆبکەیەوە، بەڵام وەریـان نــاگرن. ســولێمان خــان گــوتی، لە مەودای دزفــوول و ســاڵحاوا و پــردی ئاودرگە، هەمیشە با-ی دێت و سەفەر بەم ناوەدا زۆر ناخۆشە.

لە دەورەی مەنوچێر خانی موعتەمودەولەی خاڵی سولێمان خانـدا، لە دوو فرسـەخی بەختیارییەکـان تەتەرێکیـان نـاردبوو، لەنێـو ڕێـدا سـەبوون لەگەڵ ئەسپەکەی دەیان کوژێ، تەنانەت کاتێک ویستیان جەندەکی بێننەوە بۆ شـار، بە کاری ئەوە نەدەهات هەڵی بگرن، لەتوورەکەیـان کـرد و بردیـانەوە. بەپێـی نووسراوەی گەڕۆک ریتێر، لە ساڵحاوا سولێمان خـان زەوی و زارێکـی هەیە و پێـی دەڵـێن لـوورە، بەڵام ئەم وتەیە وا نیـیە و لێـرە لەکـاتی بانـگ کردنـی دەشتەکیدا لوورە ناو دەهێنن. لەو مەڵبەندە زۆر کەڕەت بەوریان بینیوە. لێـرە زۆریان بەم ئاژەڵەیان گوتوە یوز، بە زۆر یەک لە ئاژەڵەکان دەڵێن پڵنگ.

پردی کەڵ ناوی ئەو پردەیە لەسـەر چۆمی دز هەڵیان بەسـتووە و بە دوو کـاریتە داپۆشـراوە. شـوێنێکی زۆر تەنگەبەرە. لێـرە ئەوبەری پردەکە هـۆزی بەختیـارییە و ئەم بەریشـی هـۆزی لـوورە. لەوبەری چیاکـانی ڕووبەڕوومـان

شوێنێکه به ناوی سەردەشت، ئەم بەشەش پڕە لە گردۆڵکە و قەڵاکۆن و دەشتێکی باش لە ناوچەکەدایە، ئەم شوێنە هەوارگەی ڕەشماڵانی بەختیارییە و زستان و بەهار مێگەلی خۆیان لێرە دەحەوێننەوە، بەڵام وەختێ ئێمە پێیدا هاتین خێڵاتیان نەهاتبوون، هۆی ئەو نەهاتنەش ئەوەبوو خانلەر میرزا چادری لێ هەڵدابوو، هەرچەندە لووڕەکان لێرە نەبوون، بەڵام راوی ئاژەڵان لەم بەشە دەکرێت. بەر لەوەی بگەیە شار لە مەودای کاتژمێر و نیوێکدا دەشتێکی باش هەیە و پڕە لە دار و درەخت.

## شووش

پردەکەی دزفوولیان نۆژەن کردبۆوە. لێرەوە بە مەودای کاتژێر و نیوێک باخی پرتەقاڵ و نارنجی لێیە. دەوروبەری دزفوول پڕە باخی لیمۆ و نارگی و سوورە تووی شیرین. وەختێ ئێمە لەوێ لاماندا پێنج سەد دانەیان بە قڕانێک دەفرۆشت.

لە مەودای دوو کاتژمێر و دە خولەک دا، گەیشتینە بەڵاچۆم، دوو بواری لەسەرترەوە هەیە و ئاوی ئەو شوێنە ئەژنۆ دەگرێت، بەڵام لە کاتی باران بارینداا ئاو زۆر دەبێ و بوار نامێنێت، لەم ناوە مەلەوانێک ئاو دەیبات، بەڵام عارەبێک فریای دەکەوێت، خەڵکی ئەوێ چەند ماسییەکی ڕەنگاوڕەنگیان لە رووبارەکە بۆ ڕاوکردین. ئێمەش ماسییە سمێڵدارەکانمان برژان و خواردمان، زۆریش بەتام بوون.

لە شەشی مانگی فورییەدا کاتژمێر حەوتی بەیانی، دوو کاتژمێر خۆر بەئاسمانەوە بوو، لەژێر تەم ومژدا. هەواڵیان پێداین بۆ خواردنی هێسترێک شێرێک لە بۆسەدایە. بە تەقەی عارەبێک لە بۆسەی مراویدا بوو، شێر فیزماڵکی دایە و بۆی دەرچوو، هاوڕێیانیش لێیان قولاند و شێر لەو هەرد و شوێنە نەما.

تەپۆڵکەی سولێمان تا شووش ڕێگای یەک کاتژمێر و نیوە، سەد و بیست ماڵی عەرەبان لەوێ چادریان هەڵدابوو، قەڵاکۆنێک لە دوورەوە دەرکەوت.

لەم شوێنەوە بە سێ کاتژمێر و نیو دەگاتە جۆبارەکان. لەو ئاوبەرانەوە تا کەرخە تایەفەی سەکوەند ڕەشماڵیان لێ هەڵداوە.

ئەو ڕۆژە تایەفەی سەگوەند لە رووبـاری کەرخەوە بە دەسـتە چەپـدا باروبنەیان دەبرد، لەسەر ئەو رووبارە ڕێگای پەڕینەوەیان لە ئێمە گرت، سەرۆکی هۆزەکە بە باشی نەدەزانی ئەوان بچنە دەستە راستی رووبارەکە. ئەویش لە پەڕینەوە بۆ ئەوبەر بە گومان بوو، کاولە کۆنی هەیوانی کەرخە لە دوو فرسەخییەوە دیارە. تەلارەکانی ئەو دەورو بەرە لە دوورەوە دیران. لە رووبـارەکەوە تـا پیـر مەقسـوود، مەزارگە و زیارەتگـایە. لەو دەوروبەرە بەرگەلێـک هەن لە شـێوەی قەڵای ئاسـنی و لەولاتـرەوە دارسـتان و مێرغوزارێکی سەرنج راکێشە، لەم شوێنە رووبارەکە لەگەڵ زەوییەکان لە یەک تەرازوو دایە و قووڵایی لە چاو نادا. ئەم دەشتەش پێی دەڵێن بان لمی، هەموی کێڵگە و گەنمجارە. وەک دەڵێن ناوچەکە پڕە لە بەراز، دوای مەودای چل و پێنج خولەک لە پیر مەقسوودەوە ئاوی کەرخە پەلێکی دیکەی لێ دەبێتەوە. ئەم رووبارەش هەشتا ساجن واتە سێ سەد گەزە. دەی مانگی فەوریە، سەت و پەنجا چادری عارەبان لێرە باریان کردووە و لە نزیک دانیالی نەبی مەزارگەیە. لەم شـوێنە شـێرێکیان دیـوە پەلامـاری شـێرێکی دیکەی داوە و عارەبی ئەم ناوەش تەقەیان لە شێرەکە کردووە، ئێمەش لەو بەرزاییەوە سەیری ئەم راوەشێرەمان کرد، لەو تەقە و گـوڕە و هەرایەدا شێر بەبرینداری بە چۆکدا هات و کەوت، ژنانی عارەبان لە خۆشی کوژرانی شێر دەستیان کرد بە هەڵهەڵە و شادی کردن. ئەو کەسانەی بە تفەنگ شێرەیان کوشت، لەوپەڕی خۆشحاڵیدا هەڵدەبەزین و سەمایان دەکرد. شێرە کوژراوەکەش شـێخی هـۆزەکە بە دیـاری دای بە ئـێمە و لەسـەر دوو دار تەرمەک هێنایان بۆ مزڵی ئێمە. ئەو چەند ڕۆژە کەبابێکی باشمان لە گۆشتی ئەو شێرە ساز کرد، زۆریش لە گۆشتی بەراز بەتامتر بوو. درێژی شێرەکە دوو گەزو و نیو بوو، هەر ددانێکی یەک گرێ و نیو بوو. یاڵ و بژێکی درێژ و جیوانی هەبوو، بەڵام لەم دەڤەرە شێری ئێرانی بەم شێوەیە کەمتر هەیە. عارەبێک ئاژەڵێکی کێوی رەنگ خۆڵەمێشی بۆ هێنـاین زۆرتر لە پشیلەی

کێوی دەچوو. چاوەکانی زۆر جوان بوون، لمۆزی درێژ، دەمی لە دەمی پشیلەی ماڵی گەورەتر بوو، بە عارەبی پێی دەڵێن بتونتلبر، واتە پشیلەکێوی.

## لە شووش تا محەخورەفشار، لە بەنداوی هاشم

لەشووش تا گەڕەکی شەعاریات، کە دەبێتە شوێنی دەرچوونی ڕێبواران، لە رووباری خەبوور، پێنج کاتژمێر و سی خولەک ڕێگایە. وەختێ لە شووش هاتینە دەرێ و سێ فرسەخمان ڕێگا بڕی، گەیشتینە چادرەکانی شێخ رەزی. لێرەوە دۆڵێکە و رووباری خەبوور بەم ناوەدا دەڕواتە خوارێ، جێیەکی سەرنج ڕاکێشە و ئەو تەپک و گردۆکانەی دەیان بینی لەدوورەوە هەر لە کاولە وێرانە دەچن. لەسەر قەڵای شاری شووشەوە بەم شێوەیە دیمەنەکە دەبینی، بەڵام لەم دەر و دەشتەدا رووبارەکە ون دەبێت. لەوێوە بە چوار کاتژمێر و پەنجا خولەک گەیشتینە ڕەشماڵی عارەبەکان. لە نێوچادری عارەباندا بە چل خولەک گەیشتینە شەعاریاتی تمن. ئاوی رووبارەکە بەرزگی یەکسمی تەڕدەکرد. ئێمە بە سواری کەڵەک پەڕینەوە و کوتی جەم سەیات وێرانەیەکە، بەرز و نزمی زۆرە و ڕێبواران لەم شوێنە لادەدەن. ئەم کاولە کۆنانە نیشانەی ئەوەیە دەوری خۆی تەواو باژێرێک بووە. یان ئەوەی هەوارگە و شوێنی چادر و ڕەشماڵی عارەبان بووبێت. دوورنییە کاتی خۆی لەشکری ئەسکەندەر زولقەرنەین، لێرە خێوەتیان هەڵدابێت. ئەم شوێنەش روودەکاتە رووباری کوران. تەپۆڵکەیەک لێرەوە دیارە پێی دەڵێن تەپکی فەرەیدوون. لە شوێنی حەسانەوە تا نزیک رووباری خەبوور، بە سەی موسا ناوی دەبەن. ئەو ماوەیە چوار کاتژمێر و پازدە خولەکە. لەو بەینەدا تووشی بەنداوێکی بێ ئاوهاتین. ئەو بەنداوەیان لە رووباری خەبوور هەڵبەسترابوو. بۆ ئاوداشتنی زەوی و زاری ئەو دەشتە، بەڵام نەمان زانی ئاخۆ سەرچاوەی ئەو جۆگەیە کەرخەیە یان رووبارێکی دیکە.

بە دوای رووباری خەبووردا، گەیشتینە دەشتەکە و چادری عارەبان. ئەوهۆزە بەسەر چەند دەستەدا بەش کراون، هەر یەک لەو خێڵانە بە ناوی شێخێکەوە بەناوبانگن. ئەو بەشانەی خێڵی سەی موسای لێ دامەزراوە بە

شێخ موسایی ناویان دەبەن، بەڵام پار ساڵ ئەو شوێنە بە ناوی شێخ مەحموودی ناویان دەبردن. ئەمەش بۆ نێوان ناخۆشی ئەوان دەگەڕایەوە. خێڵی ئەلقەتیف، لە نزیک کەنداوی فارس نیشتەجێن و چەندین تیرەن و ئەمانەش بەناوی شێخی خۆیانەوە ناودێرن.

رووبەری چۆمی خەبوور نزیکەی دە ساجنە. شوێنی بوارگەی ئەوێندەری کەندەڵانی بەرزی هەیە. لە خوار سەی موساوە رووباری خەبوور دوو ئاو دڕی لێدەبێتەوە. دوو بەشی دەچێتەوە سەر چۆمی دزفوول و ئەو بەنداوەی کە ئێستا وشارۆیە لە نزیک ئەهواز چەمی کوران دەگرێتەوە. عەرەبانی ئەم دەشتە بە جوندی شاپوور دەڵێن شائاوا. بۆ ئەهواز لە سەی موساوە دوو مەنزڵە، تا دەگاتە کێوی نەجوور، ئەم دەشتە شەش فرسەخە. لەو مەودایەشدا مەگەر ئاوی باران ئەگینا چۆڕێک ئاو گیر ناکەوێ. لە کێوی مەنجوور تا جۆگەی هاشم دوو فەرسەخە. لە سەی موساوە تا بەنداوی هاشم حەوت کاتژمێر ڕێگەیە. تا رووباری کەرخە سێ کاتژمێر و چل و پێنج خولەکە. ئەو دەشتەی پێیدا هاتین پڕبوو لە گوێچکە ماسی، ئێرەش پێشتر شەقە جۆ بووە و لە نزیک ئەهواز چۆتەوە رووباری کوران، رووباری کەرخە شەست ساجنە. دەوروبەری رووبارەکەش دارستانە، لە تەپۆڵکە خیزەکانی ئەهوازەوە کێوی مەنجوور دیارە.

بە مەودای شەش کاتژمێر دەگەتە سەی موسا. هاوڕێی عەرەبانی ئێمە گوتی، وێنەی ئەو ئیمامزادەیە لەسەر بەردە شێرێک هەڵکەندراوە و لەگەڵ شێرێک شەڕیانە، دیواری ئیمامزادە هەمووی لە خشتی سوورە. نووکی چیاکە لە دوورەوە لە یاڵی شێرە کێوی دەچێت. لە شانێکی دیکەوە وەک ئەسپ دیاری ئەدا. شەقەجۆی هاشم لە تەنیشت رووباری کەرخەیە. ئەم رووبارەش دەبێتە دووبەش. نەختێک ژوورتر ئاوبەند و شەقە جۆیەک دەردەکەوێت. بەردی کێوەکە ئەم بەنداوە سرووشتییەی ساز کردووە ، بەشێکی دیواری بەنداوەکە بە قیل و خیز و بەرد بەری ئاوەکەیان پێ گرتووە. ئەمەش شەست ساجنە ، ئەو قیلەش لە نێوان شوشتەر و رام هورموز دەهێنن. ئێمە لە ساڵی هەزار و هەشسەد و پەنجا و سێ دا کە لەو شوێنە بووین خەریکی نۆژەنکردنەوەی ئەم بەنداوە بوون و

ئاوی بەنداوەکەش زەوی وزاری ئەم دەشتە پاراو دەکات. سەرچاوەی ئەو کەش رووباری کەرخەیە. کاتی خۆی مەلا هاشم مالیکی حەوەیزە بە پارەی خۆی چێی کردووە، دواتریش موعتەمودەولە تەواوی کردووە، لەنزیک بەنداوەکە کورەخانەی خشــتپیژی لێــیە و دیــواری چەنــد بینــایەکی کــۆن بەرچــاو دەکەوێــت، ئەو دەوروبەرەش پێی دەڵێن جۆگەی هاشمی، لێرەوە تا حەوەیزە پێنج کاتژمێر و چل و پێنج خولەکە. مەوداکەش تا رووباری کارون پێنج خولەکە. ئەوەندەی چاو هەتەر دەکات چۆڵەوانییە و دەشتێکی وشک و کاتۆرە. ئێمەش بە تەنیشت کێوی مەنجوور دا رەت بووین. لە زۆر شوێن چەپۆکی زەمان کێوەکانی داڕوخاندووە. بەرزی ئەو جێیانەی هەرەسیان هێناوە لە پەنجا فوت زۆرترە. لێرەوە مەودای رووباری کوران سەت و پەنجا ساجنە. وەختێ بەم دەشتەدا ڕەت بووین تووشی ڕەشمالّی لووڕهەکان هاتین، ڕانەمەڕی خۆیان هێنابووە لەوەڕگاکان و لەگەڵ سەی موسیان خزمایەتیان هەیە و زۆریش لەگەڵ تایەفەی سمایلە دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێ. تایەفەی منتەفەک لە سەرەتای بەهاردا دێنە ئەم شوێنە. بە بۆنەی ئاو بارانەی لێرە دەبارێ زەلکاو و قامیشەلانێکی باش هەیە و تایفەی مەنتەفەک مێگەلی خۆیان دەبەنە دەڤەری بەسرە و شەتتولعەرەب. ئەو لەوەڕگەیە کەوتۆتە نێوان رووباری کەرخە و کارون. لەزۆر جێ شۆرەکات وەبەر چاو دەکەوێ. تایەفەی مەتفەک ئەسپی غەواسی ئێمە کە بە عوسمانی بەناو بانگ بوو بەشت و مەکەوە ڕفاندبوویان.

## چیرۆکی عەرەب و شێرەکان:

سەرەتا دەیانگوت شێوەی ڕاوی شێر بەم چەشنەیە: وەختێ لەوبەری ئاوەکەوە نێچیرێ هەڵدێنێ، بۆ گرتنی خۆی دەدا بەدەم ئاوەکەدا، دوای ئەوەی ئاو ڕفاندی و لە نێچیری دوور کەوتەوە، دێتەوە دەرێ و لە جێیەکی دیکەوە خۆدەخاتە رووبارەکە، بۆ چەند جارێک ئەم کارە دەکات و لێی دوور دەکەوێتەوە، بۆ دوایین جار دەچێتەوە ئەو شوێنەی یەکەم جار خۆی بە ئاوەکەدا دابوو، تاکو نەگاتە راوەکە داناکەوێت.

هەروەها خەڵکی ناوچەکە باوەڕیان وایە هیچ کاتێک لە نێزیکەوە هێرش ناکاتە سەر مرۆڤ، ئەو قەڵافەتی ئێمە زۆر بە مەترسیدار دەبینێت. شێر وەک بەور و پڵینگ ڕمۆدەیە و دەستەمۆ دەبێت و تەواو لە مرۆڤان دەترسێ. هەر وەختی عارەبان شێرێک دەبینن لێی دەقولێنن، دەکەنە چرڕە و گوڕە و هەرا و زراوی شێر دەبەن.

وەختێ لە نزیکەوە شێرێک دەبینن، بەدەم گوڕاندنەوە دەڵێن: «بڕۆ ئەی دزی خوێڕی، ئەوە شەرم ناکەی هاتوویە ئەم دەوروبەرە، لە خوا ناترسی! لەکوێوە هاتووی بە جێی خۆتدا وەگەڕێ.»

بیست و یەکەمی مانگی فوریەی هەزار و هەشتسەد و پەنجاو یەک، هەروەک حاجی جابرخان گوتی: لێرە لە خوڕەفشار و بەسرە، گڕە با و سەبوون، کەس ناکوژێ، مەگەر لە بەشی دزفوول. ئەم زانیارییەی حاجی جابر خان، وەک هەواڵەکەی سولێمان خان وابوو، ئێمە بۆ کارێکی تایبەت دوو سوارمان ڕەوانەی دزفوول کردن، بەڵام یەکیان سەبوون کوشتی و نەگەڕایەوە. کەوا بێ قسەکەی سولێمان خان بەڕاست دەرچوو.

لەو کاتەدا کە ئاژاوەی محەمەڕە ساز دەبێ لە ساڵی هەزارو هەشت سەد و پەنجا و یەکدا، شێخ هاشم، برای شێخ فیراس، ئێستا شێخی خێڵی چەپە، بە هۆی هەڵەیەک کە دەیکات، دەیگرن و لە دزفوول زیندانی دەکەن، دەمودەست شێخ فارسی برای لە جێی ئەم دادەنێن، لەو کاتەدا سولێمان خان فریای دەکەوێ و ڕەوانەی دوورگەی خەزەری دەکا (خدر). ئەویش دوای ماوەیەک خۆی تەیار دەکات و لە دەرفەتێکی باشدا هەڵدەکوتێتە سەر براکەی و برازایەکی خۆی دەکوژێت.

شێخ هاشم، لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و پەنجا و یەکی خاچی، لە سی مانگی ئاوریل دا، بەتەمایە لە دوڕگەی خدروە بچێتە سنووری ئێران. بەڵام عارەبی محەمەڕە و لایەنگرانی شێخ فیراس، بوون بە لەمپەر و نەیان هێشت شێخ هاشم بە هێز و پێزەوە دەرکەوێت و بچێت بۆ لای سنووروانی. ناچار بەچەند سوارێکەوە دەچێتە شوێنی مەبەست. هەرچەندە لێرەوە مەبەستی شێخ هاشم ئاشتەوایی بووە، بەم چەند سوار عارەبەوە، بەڵام لەو

لاشـــەوە عــارەبی خــدری وەدووی خۆیــدا و پێــی گــوتن وەرن تــێکەڵ بە هۆردووی ئێمە ببن. لە ئاخریدا هـۆزی دوڕگەی خدر بە چەک و شمشـێرەوە خۆیـان تەیـار کـرد و سـواری پێنج گەمیە بـوون و خۆیـان گەیانـدە کەنـداوی فارس، چوار کاتژمێر لە نیوەڕۆ لای دابوو، لەگەڵ برازای شـێخ سـولێمان، بە هەزار و پێنج سەد سوارەوە، گەیشتنە مەشیرە دەولە، شێخ جابر وەختێ ئەو هەموو هێزەی چاو پێکەوت، دەستووری دا دەروازەکانی محەمەڕەیان کلۆم دا، تــاکو لەشــکرەکە نەتــوانێ پــێ بنێــتە شــارەکەوە، بەڵام کاتێــک ســواران ئەمەیان دیت، لەولای شـارەوە درێژەیان بەڕێگای خۆیاندا. ئەوسا بەوپەڕی لەخۆبودووی خۆیان گەیاندە ئۆردووی موشیرە دەولە. هێزەکەیـان گەمـارۆدا و لە هەمبەریانـــدا راوەســـتان. هەر کەســـە و بە چەک و شمشـــێری خـــۆی ئامادەی کوشتن و بڕین بوون. ئەمجار بەش بەش دابەش بـوون و هەریەکە و بەڕەنگــێ قەڵەم و ئــاڵای خۆیــان قیــت کــردەوە. لەو نێــوەدا ئــاڵای شــێخ ســولێمان ســپی و شــێخ نەســیر لە ئەمــر و نیــای ئەودا پەڕۆیــی ســوور و ئیدریسیان سەوز و ئەوی دی دارچینی بـوو، لەسـەر ئەم نیشـانانەش وێنەی شمشێرەکەی ئیمام عەلی کێشرابۆوە.

مەنـدیلی سـەری خێڵـی چەپەکـان خۆڵەمێشـی بـوو، زۆرکەسـیان خـاوەنی چەفــیە و عەگــاڵ بــوون. ئەمــانەش هەریەکە و بەڕەنگێــک. شــیعرێکیان دەخوێنـدەوە و واتـاکەی بەم جـۆرە بـوو: جیـاوازی نیـیە لەسـەر ئەم خـاکە. بەدەم ئەم شیعرانەوە سـەمایان دەکـرد و گۆرانیـان دەگوت. لە بەسرەوە تـا کـوت زن خێڵـی چەپ، تـایبەتە بە حـاجی جـابر، لەگەڵ تـایەفەی منـتەفەک لە شـوێنێک جێگیـرن. لەم نێـوەدا شـێخ گەلێکـی زۆر هەیە تـا دەگـاتە کەنـداوی فـارس بـڵاو بـوونەتەوە. ئەوانەش بە خورمـای ئەو نـاوچەیە بەڕێ دەچـن و دوو هەزار ماڵێکن. لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و پەنجای زایینی، لە مـانگی مەی دا، وەختێ سەردانی محەمەڕەمان کرد، سوارەکانی عوسمانیمان لەگەڵدا بوون، سوارێک ماسی لا ڕانی پچڕی بوو، زۆریش سـەیر بـوو ئەم سـەربازە بەم بــرینەوە نەمردبــوو، دەوڵەتــی عوســمانی رەوانەی بەغــدای کــرد و مەواجبیان بۆ بڕیەوە.

له نزیک بەغدا زۆر جار ئەم شتانە روو دەدا و ئەوانەی مەلەوانی دەکەن تووشی ئەم رووداوە دەبن، بەڵام هیچ وەختێ لە دیجلە شتی وا نەبووە، باوەکوو مەلەوانی زۆری لێ دەکرێت.

تازە قەڵای بوشێریان سازدەکرد و پێیان دەگوت ناسریە، هۆی سازکردنی قەڵاکەش پارێزگاری کردن لە ئەسپەکانی بەندەرگابوو. هەزار و هەشت سەد و پەنجا، وەختێ ئێمە لەو بەندەرە بووین خەریکی سازکردنی بوون.

بە پێی ئەو هەواڵەی ئێمە بیستمان، دەوڵەتی ئێران دەستووری داوە نابێ لە ئەهواز خەڵک قامیشی شەکەر بەرهەم بێنن. لەکۆندا لەو ناوچەیە خەڵک سەرقاڵی بەرهەم هێنانی قامیشی شەکرین بوون و بەم قامیشەیان گوتوە خوز، ئیتر هەر ئەم ناوەش لەسەر مەڵبەندەکە ماوەتەوە و تا ئێستاش بە خوزستان بەناوبانگە. ئەو ساڵە دەغڵودانی بوشێر و شیراز کوللە لێی دەدا و خەڵکی ناوچەکە لە حاسڵ بێ حاسڵ بوون، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو دووشارە قڕانی تێنەکەوێ، لەبەسرە و محەمەڕەوە نان دەهێنن. لەو کاتەدا نرخی جۆ لە گەنم بانتر بوو. نەی تکرس بەلەمێکە لە محەمەڕەوە بە سێ کاتژمێر دەگاتە بەسرە.

## لە محەمەڕەوە بۆ شووش و دزفوول، لە ڕێگای بەنداوی هەشم و شووش

لە هەزار و هەشت سەد و پەنجا و یەک ز، شەشەمی ئاپریل، لە محەمەڕە دەرکەوتین. بە ماوەی پێنج کاتژمێر و پازدە خولەک پێمان نایە ئالی. لە نزیک ئیمامزادە گەیشتینە شوێنەوارێک پێشتر زیندەواری تێدا ژیابوو، هەروەک حاجی شێخ جابر گوتی، خێڵی چەپ وەختی خۆی لێرە نیشتەجێ بوون. ساڵێک لەوەپێش دوو ئەسپی سەربازانی ئێرانی دەبنە خۆراکی شێری ناوچەکە. وەختێ لە نزیک مەزارگەی ئیمامزادەوە هاتین چاومان بەجێ پێی ئاژەڵی دڕندە کەوت. لێرەوە بەماوەی سێ کاتژمێر و نیو بە قەراخ بەنداوەکەدا درێژەمان بە ڕێگای خۆماندا. ئاوی بەنداوەکەش لە رووباری کاروونەوە سەرچاوە دەگرێت و بەم شەقە جۆیەش دەڵێن خەمیلی و لە زۆر

شـوێن قـووڵکە هەیە و ئـاوی بـاران لەوێـدا کـۆدەبێتەوە. دوای مەودایەک بەنداوی خەمیلی تێکەڵ بە شـەقە جۆی دەربەند دەبێتەوە. لەوێشـەوە بەلای قەسراندا دەڕوا و بەسەر چەند جۆگەی دیکەدا دابەش دەبێت.

سەبارەت بە بەنداوی خەمیلی حاجی پێخ جابر گوتی: کاتێک ئەو بەنداوە پڕدەبـێ لە ئـاو گەمیەکـانی رووبـاری کـارون لەو ئاوبەنـدەوە دەچـنە شەتولعەرەب. لەو سەروبەندەدا محەمەڕە زیاتر لە دورگەیەک دەچێ.

لە دووەم ئاوبەندەوە لە نزیک خەمیلی، تا ئیمامزادە سـەباح، یەک کاتژمێر و نیو ڕێگایە. ئەم ئیمامزادەیە کەوتۆتە پشتی رووباری کارون و قەسرەکانەوە.

## لە دزفوولەوە بۆ کرێند

نۆزدەی مانگی ئاپریل بەتەمای سەردانی کرێند وەڕێ کەوتین. بە چوار کاتژمێر و نیو گەیشتینە بەلاچۆم، لەوێشـەوە بە سـەعات و نیوێک گەیشـتینە قەلای تازەی سـاڵحاوا. مەودای قەلاکۆن و تـا قەلا سـێ چارەکە، ڕێگاکە تـا بلێـی ناخۆشـە و دەشـتی شـووش، دەگـاتە نزیـک رووبـاری بەلاچـۆم، ئـاوی دەربازگە، لەوێ ئەژنۆ تەڕ ناکات و بەلام پڕە لە ماسی. رووبەری ئاوەکە لە دەسـاجن تـێ ناپەڕێـت، لە ڕێگـادا پـردە ڕووخاوێکمـان تـووش هـات، تەنیـا چـاوەیەکی لـێ مـابۆوە. ئـاوی رووبـارەکە بەردی کـۆڵەکەی پـردەکەی سووبۆوە. لەنێو ڕێدا کەژ و بەژ بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە.

لە بیستی مانگی ئاپریلدا لە بەلا چۆمەوە، بە ماوەی چوار کاتژمێر گەیشتینە چەمی بادەوە، وەک دەڵێن ئەم شوێنە هەمیشـە با و بۆران دەیگرێتەوە، هەر بۆیە ئەم ناوەشـیان لەسـەر دانـاوە. ئەم ڕێگـایەش بە کێوەکـانی قـیلاودا دەڕوات. لە مەودای ڕێگادا ئاوی تاڵ و سوێر تێکەڵ بەم رووبارە دەبن. دۆڵەکەش لەو شوێنە دارستانێکی باشی لە ئامێزدایە. بەدەم سـەیرانی رووباری پڕ لە ماسی و دار و درەختی دۆڵەکانەوە بە سێ کاتژمێر گەیشتینە رووباری زاڵ. لەوێشـەوە تا قەلای رەزا، یەک کاتژمێر و نیو دەکێشێت.

لە نێوان دۆڵەکەدا، دەشتێکی بەر بلاو هەیە و سی هەزار هێزی سەربازی دەتوانێ خێوەتی تێدا هەڵدات. ئاوی رووباری زاڵ وەسـەر ئەژنۆ دەکەوێ.

گەڕیدەیەکی ئینگلیزی بەناوی لف توس، لەو رووبارەدا بەردێک دەبینێتەوە، نەخشــی پەنــجەی شــێری لەســەر هەڵکەنــدراوە، لە کــاتی ســەفەرەکەماندا، تایەفەی سەگوەند لێرەوە دەڕۆیشتن. سەفەر بۆ ناوچەی کرێند، لە ڕێگای تەعـاد و سـەرمیل و بەوانـیچ و ڕیجـاو و بابـا یادگـار و زەردە و سـەرپێڵی زەهاو دوکان داود و خەلوان تاق کەڕا.

## دۆڵی کرێند

لە مـاگی مەی هەزار و هەشـت سـەد و پەنجـا و یەکـی زاینیـدا، لە هاروونـاوا، ڕێگـای کرێنـد مـان گـرتە بەر. لە هاروونـاوا یەک کـاتژمێر ڕێگـایە. دواتـر لا دەدا بەلای دۆڵی کرێنددا دەشکێتەوە. ئەو دۆڵە زرۆلە دۆڵی کرێند دەچێ، بەڵام دۆڵی کرێند ئەوەندەی دڵ بخوازێ شوێنێکی دڵگیر و دیمەن جوانە، لێرە بە هەر لایەکدا دەڕوانی ڕێگای گوندەکان دێنەوە سەر کرێند. لەو دۆڵە دڵگیرەدا گوندێک هەیە و پڕە لە ڕەز و باخ و چەند ئاشـی ئـاوی لێیە. لەم بەشـەدا کاروانسـەرایەکی جوان هەیە و چەنـد مـاڵێکی دارین لەوێ سـازکراوە. دانیشـتووانەکی هەموکورد و عەلـی ئەڵلاین. هـۆزی قەرەجەکـان سـەردانی ئەم نـاچەیە دەکەن و خۆیـان بە سـازکردنی بێژنـگ بە خێـودەکەن، هەمیشــە ســەرقاڵی ســاز و ئــاز و ســەما و هەڵپەڕکــێن، زۆریـش بە چـاکی ناویـان نـاهێنن، ڕەنگـی پێسـتیان زۆرتـر لە میسـری دەچـێ، هەروەک ئەوانیش متومـور و پاوانە دەکەنە دەستیان و ملوانکە دەملیان دەکەن و سەما و جووڵەیان زۆر لە سەمای ئەناسییەی میسری نزیکە. ژنە پیرەکانی ئەوان زۆر لە پیـرەژنە قەرەیـی مسـکۆ دەچـن. هەموویـان تـووتن دەکێشـن و زۆریـش دەخۆنەوە و پیاوی بەهێز و بەغیرەتیان زۆرە.

ئـێمە لە نـزیکەوە هەڵپەڕکـێ و ســەماکردنی ژن و پیـاوانی ئەم خێڵەمـان چاوپێکەوت، لە تەنیشت کانیاوێک گرتبوویان، کرێند لە بەرزاییدا هەڵکەوتووە و لەو دۆڵەدا بە هەر لایەکــدا دەڕوانــی ڕەشــمالانی کــورد ســــەرنجت ڕادەکێشێت، بەڵام ئاوی ئەم ناوچەیە بەشی کشتوکاڵیان ناکات.

له چەند لایەک ئاوبەندیان هەڵبەستووە، لەبەرئەوەی کێڵگەکان لە بەرزیدان ئاو نایـان گـاتێ. هەوای نـاوچەکە سـاردە و لە وەرزی بەهـار و هاوینـدا لەوەڕگەی باشی هەیە بۆ هەوارچیان. بە تایبەت هەڵز و مەندێ و کەماجاڕ و بیزای کێوەکان بەرامەیکـی خۆشـی بە ژیـنگە بەخشـیوە، ئەو نـاوچەیە کـولێرە ناسـکەی زۆرە و ئەسپەکەی ئێمەش لەوێ لاقی شکا، کوردەکان گوتیان مێشی ئێرە چاوی مـاڵان کوێردەکەن و زیـانێکی زۆرمـان لـێ دەدەن. وەختێـک بـووە مـێگەلە مەڕێکیـان لـێ مردار کردینەوە. زیاتر لە حەفتا سەربوون.

له سـەرەتای سـاڵی نوێـدا لە کرێنـد تـایەفەی عەلـی ئەلایـی سـیازدە ڕۆژ شـەوانە جەژن دەگـرن. نە مـن هـۆی ئەو جەژنەم زانـی و نە ئەوانەی لـێم پرسین دەیانزانی لە چیڕا هاتووە. لە کرێند مێداڵگەلێکی تایبەت دۆزراوەتە،کە ئـاڵتوونی پـەتی و زێـو و مسـن، کە تـایبەتن بە دەورەی ڕۆمـی و سـەرەتای هـاتنی موسـڵمانان بـۆ ئەو دەڤەرە، ئەو شـوێنەی شـتەکانی لـێ دۆزراوەتەوە بـابی خـانی دەسـەڵاتداری کرێنـد قەدەخەی کـردووە کەس نەچـێ بەلایەوە و هەر لەو شوێنەی خۆیدا وەبن گڵ بکەوێت، دەسـتەیەک وتیان ئەو تەپۆڵکەی وا ئەنتیکەی دێرینـی تێدایە، ژێرزەوییە و هۆدەی لەمەڕ مەڕ چاکراوی لێیە. دانیشتووانی ئەو شوێنەش لە خێڵی گۆرانن. ئەو وەختەی ئێمە لەوێ میوان بووین، هێزی گۆران لە تـاران ئیزن درابـوون . گەڕابـوونەوە بۆجێگەوڕێگای خۆیان. ئەو سەربازانەی هـاتبوونەوە، پێیـان ئەسـپاردبوو لە نـاوچەی خۆیـان خەریکی خزمەت و پاسداری لە وڵات بن، واتە لە بەشـی زەهـاو. لەبەرئەوەی سـەرۆک ئەتـراک، دانیشـتووی سـلێمانییە، ناسـراو بە عەزیـز بەگ، واتە لە موڵکی عوسمانیدا، خەریک بوو، ئاژاوەیەک بنێتەوە و ڕێگاکان ببەستێ. هەر وەک لە خـوارەوە باسـی دەکرێت، سـەربازەکان لە زەهـاو دامەزران. سـەرەتا تۆپچییەک بە سواری وشتر فیشـەکی تفەنگی پـێ بـوو، لە پێشـەوە چووە نێو زەهـاو. بە دوای ئەویشـدا دوو عەڕابە تـۆپ، کە هەر شـەش ئەسـپ یەکـێ لە عەڕابەکانیـان دەکێشـا، بە دوو سـەربازەوە چوونە ئەوێ. جلی سـەربازەکان جۆراو جـۆر بـوون، بە دوای ئەوانیشـدا بیسـت و یەک وشـتر بە بـارەوە کە هەمووی چەک و چۆڵ بـوون، دەچـوونە پێشـێ. هێـزی پیـادە نیـزام لە ڕێگـای

سەرەوە دەڕۆیشتن، لەنێو ڕێدا لە گوندی کوارە، سەرهەنگی پەلەکە، وچانی گرت بوو. عەبولعەلی خانی کرێندی وتی، کەربەلایی عەلی خان، دوو کەسی کوشتبوو، ئەو جەنابە لەژێر دەسەڵاتی شازادە محەمەد عەلی میرزا، حاکمی کرماشان دا بوو. وەختێ شازادە ئەم هەواڵەی پێگەیشت بێ دواکەتن فەرمان ودەستووری کوشتنی کەربەلایی عەلی خانی دەرکرد. بە دوای ئەم فەرمانەدا لە دۆڵی کرێند ناوبراو دەگرن و بە چەکی کارابین، گیانی لێدەستێنن.

وەختێ کەربەلایی عەلی خان بە برینداری دەکەوێتە سەر زەوی، داوای بۆنێک دەکات، بکوژەکانیش عەترەکەی دەدەنێ، لەگەڵ بۆنکردنی گیان دەسپێرێ.

لە کۆنەوە ئێرانیان باوەڕیان وایە ئەگەر کەسێک پێکرا، بۆئەوەی بەدەم ئازارەوە نەناڵێنێ، بۆنی عەتری لەبەر لووتیدا ڕابگرن، لە ئان و ساتدا مەلی گیانی دەفڕێت. کەسێک بەناوی ئاریستارحی هاتە کرێند، باسی رووداوەکانی سلێمانیەی بۆ کردین: نامیق پاشا، شکستی خواردووە. هەوڵی داوە لە سلێمانییە بچێتە دەرێ و لەشکر و سوپاکەی بسپێرێ بە ئیسمایل پاشا، کە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە هاتبووە سلێمانییە. هەر ئەوسا سمایل پاشا، لە عەزیز بەگ توورە بوو، لەشکری زۆری بە دەستەوە نابێ، بەڵام لە سلێمانی مل دەنێ لە تاڵان کردنی ماڵی خەڵکەکە.

ئەوسا لە بەغدا نە پارەیەک دەبێ نە هێزێکی باش. ئەو هێزی لە ماوەی ئەو بیست مانگەدا خەریکی خزمەت کردنن موچەیان وەرنەگرتووە. لە مێژ نییە لە شاری ئانادۆڵەوە بەتالیۆنێکی سەربازی ڕەوانەی بەغدا کراوە، داهاتی پاشای بەغدا، لە ساڵدا سی و حەوت ملێۆنە، کە دەبێتە حەفتا و چوار کرور پیاستر، بەڵام ئەوە سێ ساڵە لەجیاتی سی و حەوت ملێون، بیست و حەوت ملێون داهاتی هەیە. دوو کاتژمێر لەو لای کرێندەوە لە شانی ڕۆژهەڵات، بەردێک هەیە پێی دەڵێن ئاورگەی گاوران. ئەو بەردە چوار چوکڵە هەڵکەوتووە و لەهەر لاشانێکی وێنەی مرۆڤی لەسەر نەخش کراوە. ئەو بەردەیان لە وێرانەیەکدا دۆزیوەتەوە، خەریک بوون نەخۆشخانەیەک لەوێ ساز بکەن. دوو وێنەی دیکەیان لەو شوێنە دۆزیبۆوە، خەڵکەکە

وردیان کردووە و لە کێڵگەکان تووڕیان هەڵداوە، بەهۆی ئەوەی گوندەکە لەو دۆڵەدا هەڵکەوتبوو کاولە کۆنەکان زۆر بەدەرەوە نەبوون، بەڵام وەختێ دوور دەکەویتەوە ئاوایی گەورەتر دەهاتنە سەر ڕێگا.

لە بیست و نۆیەمی مەی دا گەیشتینە کێوی نەعا. هەروەک عەبدولعەلی خانم سەبارەت بەم کێوە گوتی: ئەم ناوە کوردییە و بەشێوەزاری ئێرە واتە ئەشکەوتێک، وەختێ ماڵی کابەیان سازدەکرد، دەستووریاندا لە هەر شاخێکی بەناوبانگ بەردێک هەڵبگرن و ئەو دیوارەی پێ تەواو بکەن. ئەو بەردەی لە سێیەم کێو هاتۆتە دەرێ، ئەو کێوەی کرێندە، ئێمەش بە زەحمەتێکی زۆر خومان گەیاندە سەر چیاکە و لەوێ چاومان بە ئەشکەوتێک کەوت. بەیانی بوو، لە پاش چل و پێنج خولەک گەیشتینە رووبارێک. لە پشت رووبارەکەوە نیو فرسەخە تا دەگاتە کێوەکە. لە کێوەکەوە بۆ نێو دۆڵەکە شۆڕ بووینەوە، لەوەڕگەیەکی باشی لێیە و پڕ بوو لە گاوگۆل، بە دەستە راستدا کانییەکی باشی لێ بوو، لەو ڕێگەیەوە بە مەودای چارەکێک بە سواری درێژەمان دا بەڕێگای خۆمان، مەودای سێ چارەکیش ڕێگاکەمان بە پێیان بڕی، بەهەر لایەکدا ئاوڕمان دەدایەوە گوڵجاڕ و سەوزە کەژ و کێوی خەملاندبوو، قاسپەی خاسە کەو زاخاوی مێشکی مرۆڤی دەدا.

لە شوێنی پشوودانەوە تا سەر کێوی نەعا، سێ کاتژمێر ڕێگامان بڕی و بۆ نێو دۆڵێک شۆڕ بووینەوە، لەوێ تووشی چەند کەسێکی شێرەوان هاتین. شێرێکی برینداریان پەت کردبوو، بۆ ئەوەی ئێمە قەدرێک بخەنە خۆشی و پێکەنین، گایەکیان هێنا لەگەڵ شێری بریندار بەڕی بدەن، بەڵام شێر هێز و پێزێکی لەبەردا نەمابوو، گابەڵەک لەپشتەوە خۆی لە شێر نزیک خستەوە و لە ناکاودا شێر ورەی وەبەر خۆی دا و پەڕییە سەر کۆڵی گای چارەڕەش، هێندە بە قەو قەپی کرد بە ملیدا خوێن فیچقەی کرد و گا بۆڕەی لێ هەستا. هەرچییەکیان کرد شێر لە ملی گابەڵەک نەبۆوە، لەو کاتەدا گا شێر بە کۆڵەوە بە ملی خوێناوییەوە، خۆی کرد بە کۆڵانەکانی ئاوییدا، هەرچەنی خۆی هەڵسووڕاند شێر دانەبەزی و خوێنێکی زۆر لەبەر گاکە ڕۆیشت و بڕستی لێ بڕاو یەک تەختە بە زەویداکەوت.

سەرۆکی کوردان لەوێ ڕەشماڵی هەڵدابوو، گوتی: وەختێ خۆر لە شانی بەغدا ئاوا دەبێ، رووناکییەک بەری ئاسمان سپی دەکات و باخاتەکەی بە جوانی دەبینرێ،بەڵام قوبەبی ئیمام موسا و کازمین دیار نییە.
سیازدەی مانگی ژوئین، لە گوندی کەلەن باخە ڕەز زۆرە. دەڵێن لە کێوی نەعا، ورچ دێتە خوارێ و دەچێتە دەستەی ڕەزەکان. ئێمە شتی وامان لە هەمەدانیش ژنەوتبوو.

## هەواڵی چاوقوڵکە و سەبوون

لە حەکیمی خانەقینەوە، هەواڵ هات،پەتاو نەخۆشی لە بەسرە تەواو بووە. لەو ماوەیەدا گیانی شەش سەد کەسی بە مەلەکولمموت ئەسپارد. پاشای بەسرە پێشتر ڕای کردبوو، نەخۆشی چاوقوڵکە لە بەشی شێخ نشین دەستی کردبوو بە دەسەکەنە کردنی دانیشتووانی ناوچەکە. حەکیم بەدەم ئەو هەواڵەوە باسی گڕەبا و سەبوونی گەیاندە گوێدێران، کە لە دەشتەکە چەند کەسێکی کوشتووە.
بە مەبەستی کاروباری خۆمان سوارێکمان ڕەوانەی شوێنێک کرد بوو، لە نزیک بەعقوبە سەبوون دەیگرێ و ماوەی چوار رۆژ بە جێوبان خستی. لە تارانەوە دوو دەستە لە خەڵکی کرێند هاتنەوە بۆسەر ژینگەی خۆیان. دوای ماوەیەک خزمەت لە ناوچەی خۆیان دەوڵەت دەیانباتەوە بۆ تاران. چەکی ئینگلیزی درا بە پیاوانی گۆران، ئەو چەکانە کاتی خۆی محەمەد شا دەقەبزەی لە ئینگلیز کڕی بوو، بەڵام وەختێ ناسرەدین شا چووە سەر تەخت ئەو چەکانە گەیشتن،هەواڵیان هێنا شای ئێران لە پازدەی ڕەمەزان، لە سوڵتاناوا و بروجێرد و گوڵپایەگان و کەمەرە . خوانساروە دێتە دەڤەری ئیسفەهان.
شازدەی مانگی ژوئین، ساڵی هەزار و هەشت سەد و پەنجاو یەک، کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارێ، بە ماوەی چارەکێک خۆرگیرا. ماوەیەک دواتر هەتاوی دەمەو ئێوارە بە شل و ملی بەرەو خۆرنشین خزی و لە پشت کێوی نەعادا ون بوو، بەڵام هێشتا دەکرا لە سەرشاخەکانەوە روخساری جوانی ببینی.

هەژدەی مـانگی ژوئـین، شـەوی جەژنـی رەمەزان بـوو، بەڵام ئەو شـەوە هەورێکی خەست بەری ئاسمانی تەنی و هەرچەندە ئەو خەڵکە چاویان بۆ مانـگ دەگێـڕا نەیـان دەبینـی. لە وڵاتـی ئێـران وەختـێ سـی رۆژەی مـانگی رەمەزان تەواو بـوو سـەرەتای شـەوی جەژن خەڵک بە ئاسمانەوە بۆ مانگ دەگەڕێن، ئەگەر مانگ نەبینن بەیانی جەژن ناکەن.

بە نەخۆشـی چـاوقوڵکە رۆژ نیـیە لە مـحەمەڕە سـی کەس نەمـرێ. بە گـوێرەی ئەو هەواڵانەی بەرگوێمـان کەوت، لە بەسـرە ئەو نەخۆشـییە گیـانی شەشسـەد و چـل کەسـی سـەندووە. تـازە نەخۆشـییەکە لەو شـارە دوورکەوتـۆتەوە و گەمـارۆی کەربەلای داوە. وەکـیلە دەولەی ئینگلیـز دانیشتووی خانەقین، بەم چەشنە باسی سەبوونی کرد:

گڕە با، لە خانەقین تەوژمـی زۆرە، بەمـاوەی چل رۆژ بەردەوام لە تین و تاوی کەم نـابێتەوە. لە سـەرەتاوە ئەو هێـزەی نییە ، بەڵام وردە وردە کـاری خـۆی دەکـا و تـاکو پێـی ڕەشـی لە نـاوچەکە دەبڕێـت بـێ بەزەییـانە لەدار و درەختەوە بیگرە تا گیانداران دەیی خاتە بەر قەمچی خۆی.

بـای سـەبوون، بە دوو شـێوەیە، یەکەمجـار کە هەڵـی کـرد ئـارام دەسـت پێدەکات، یـان لە رووبەروو یـان لە پشـت سـەری مـرۆڤەوە دێت. لە وەختـی ئـاوادا چـارە ئەوەیە مـرۆڤ خـۆی بخـاتە حەوز و گـۆلاوێکەوە. دووەمـیش کاتێـک ئەو بـایە هەڵـی دەکـات، مـرۆڤ لە دۆخـی سرووشـتی خـۆی دەچێـتە دەرێ و نەخـۆش دەکەوێـت. هـۆی ئەو نەخـۆش کەوتـنەش ئەوەیە بایـەکە دەچێـتە نێـو زگـی مـرۆڤەوە، لە مـاوەیەکی کورتـدا هەنـاوی هەڵدەکـەنێ و دەیخـات. ئەگەر لەو کـاتەدا ئەو کەسـەی ئەو بـایەی بەردەکەوێ تێـروپەڕ خۆراکی خواردبێت دەمودەست دەی کوژێت.

لە کـاتی ئەم گـڕە بـایەدا هـیچ کەسـێک لە ژوورێ نایـاتە دەرێ، مەگەر ئەوەی دەمەو رۆژئـاوا بایـەکە هێـور ببێـتەوە. وەختـێ لەناچاریـدا گەرەک لە ماڵ دەرکەون بەردەمێکی ئەستوور دەدەن بە رووی خۆیاندا..

مەڕ و ماڵات زۆرتر تووش دەبن و بەم بایە دەمرن، ئەویش ئەگەر شـوان زوو فریا نەکەوێ لە مێگەلە مەڕێک تاق دەنکی نامێنێ، ئەم گڕە بایە وەختـی

کاردانەوەی زۆرتری لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێ، ئەگەر لە چەشنی ڕەشەبا هەموو جێیەک بگرێتەوە، بێت و ئەو بایە بەخێرایی تێنەپەڕێ وڵات تاریک دادێنێ و چاو چاو نابینێ.

## کاروانی لە ڕێگای مەککە

لە بیستەمی مانگی ژوئین دا کاروانێک لە ڕێگای بەغدا وە بەرەو کەربەلاو نەجەف و مەککە و مەدینە بەڕێوە بوو. میرزا مەهدی مونشی دیداری ئینگلیز، سەبارەت بە سەفەری مەککە لە ڕێگای دەریا و بەژ لە شیراز ئاوادەنووسێ: لە نەجەف تا مەدینە کاروان شازدە رۆژ بە ڕێگاوە دەبێت. بەڵام ڕێگایەکی دیکە هەیە و پێی دەڵێن ڕێگای زبێدە، لەم ڕێگایەوە بەحەوت رۆژ دەگاتێ. بەڵام عەرەبی ناوچەکە ڕێگاکەیان خراپ کردووە، بۆ ئەوەی کاروان لە بەردەم ئاوانەوە بڕۆن و ئەوانیش پارەیەکیان گیر بکەوێت.

ڕێگای زبێدە ڕێگایەکی زۆر خۆشە، زۆر بە هاسانی عەڕابەی تۆپ لەم ڕێگایە دەردەچێت. بە مەودای ڕێگاکەدا دیوارێکی درێژیان ڕاکێشاوە، ئەم دیوارە مرۆڤی کوێر دەباتە شوێنی مەبەست. ئەو مەودایەش چاڵاو و بیری ئاوی زۆرە.

جارێک مەلایێک بەتەما دەبێ زوو بگاتە شوێنی مەبەست، عەرەبی ناوچەکە رازی دەبن بەخێرایی ئەو پیاوە بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام داوای پارەیەکی زۆری لێدەکەن و تا دەگاتە جێی خۆی چاوی ببەستن، بۆ ئەوەی بەڵەدی ڕێگاکە نەبێت. لە ماوەی شەش رۆژدا بیبەنە ئەو جێیەی تەمادەریەتی.

مەودای مەککە تا مەدینە بیست رۆژە، چوار جێ هەیە بۆ وچان گرتن و لادان، ئەم مەنزڵگایانەش دەوروبەریان هەمووی باخاتی لیمۆ و پرتەقاڵە و ئاوی باشی هەیە. تا زیاتر بچیە پێشێ لە ڕێگادا تووشی گرفت و ناخۆشی نابی و ئاو و ئاوەدانی هەیە، بەڵام مەودای نێوان مەدینە و نەجەف، تا چوار رۆژ لەگەڵ گرفتی بێ ئاوی ڕووبەڕوو دەبین. مەگەر ئەوەی کوندەی ئاو لە بن زگی وشتران هەڵبەستن، سەرۆکی کاروانی ئەم ڕێگایە عەبدوڵا ناوێکە، ئەم پیاوە لە خواترسە هەزار پیاو و پێنج سەد سەر وشتری بەدەستەوەیە، هەر دووکەس دووکەس،

سواری وشترێک بوون، بۆ ئەوەی ئاگایان لە دەوروبەری خۆیان هەبێ، ئەگەر لە هەر لایەک هەستیان بە مەترسی کرد ئەوان دەستی خۆیان بوەشێنن.

پێش کاروان، ئەوانە سەد سەر وشترن بەرلەوەی کاروان بکەوێتە ڕێ ئەوان لە پێشەوە دەڕۆن و ڕێگا تاقی دەکەنەوە، نیو کاتژمێر دواتر سێ سەت سەر وشتر لەگەڵ کاروانچی وەڕێ دەکەوێت، سەد سەری دیکەی وشتر بەدوای کارواندا دێن و کێشکی ئەوان دەگرن. عەبدوڵا، لە ماوەی ساڵێکدا هەشتا هەزار تمەن پارەی دەست دەکەوێ. ئەو کرێ ڕێگایەی لە زیارەتکەرانی وەردەگرێت نزیکەی پێنج سەد تمەنە.

ئەو کەسانەی ڕووت و نەدارن لەنێو ڕێدا زۆریان نەخۆش دەکەون و دەمرن. بە وتەی پەیامبەری خودا، یارمەتی ئەو کەسانە دەکەن لە ڕێگادان، بەڵام زۆر جار وادەبێت ڕێبوار ناو ئاوی لێ تەواو دەبێ و گیان بە گیان ئافەرین دەسپێریت. مەدینە ئاوی باشی هەیە و زبێدە لە شوێنێکی نەگونجاوەوە هێناویەتی. گۆڕی پەیامبەر لەژێر گومبەدێکی ئاڵتوونی دایە و پایە و کۆڵەکەی حەرەم سەرجەم زێڕ و ئەڵماسی بەنرخە. سێ دانە لەو کۆڵەکانە سەرلەبەر لە زێڕی سوورە، ئەوانی دیکە لە مس ساز کراون و وەستاکاران بە وێنەی دڵگیر نەخشاندوویانە. سەری ئەو کۆڵەکانە بە برلیان رازاوەتە و سێ مرواری پێوەیە، زۆریش گەورەن، لە نزیک گۆڕی پیرۆزیان عومەر و ئەبوبەکر، نێژراوە و گۆڕی عوسمان لە دەرەوەی شارە.

لە مەکە، هەرئەوەندەی حاجیان گەیشتنێ، تێکڕا دەچنە سەردانی بەردەڕەشەکە. وەختێ دەچنە ئەو ژوورە، دەبێ لە چەند پلیکان سەربکەون تادەگەن بەبەردەکە. ئەم شوێنە چل و یەک دەرگای تێدایە و دیواری هۆدەکەش هەموی بە مەخمەری ڕەش داپۆشراوە. بەردەڕەشەکە لە نێوەڕاستیماڵی کابە لەسەر تەختێک داندراوە.

ئێرانییەکان عەرەفە بەم رۆژە دەڵێن حەزرەتی ئادەم دەچێتە لای حەوا، رۆژێک دوای عەرەفە پێی دەڵێن جەژنی قوربان.

## درێژی سەفەر

یەکەمی مانگی خەرمانان لە بەغداوە هەواڵ هات حاجی شێخ جابر بە نەخۆشی چاوقوڵکە مردووە. میرزا مەهدی تازە هاتبۆوە و ئەم هەواڵەی پشت ڕاستکردەوە. ڕۆژێک لەوە پێش کەسێکی کرێندی مردبوو، هێنایانەوە بۆ شار. کاروانێک لە کەربەلاوە دەگەڕێتەوە و خەڵکی خانەقین پێشیان پێ دەگرن، بەڵام خەڵکی کرێند دەچن بە هاواریانەوە و لە دەست خانەقینی ڕزگاریان دەکەن، ئەو کەسەش لەو شەڕ و پێکدادانەدا دەکوژرێت. بە تۆڵەی کوژراوی کرێندی ئەوانیش کەسێک لە خانەقین دەکوژن، دیسا ئەم کوشتن و بڕین و تۆڵەسەندنەوەیە درێژە دەکێشێ و خەڵکی خانەقین دوو کەسی کرێندی دەگرن، بەبێ ئەوەی ئەم دوو کەسە تاوانێکیان کردبێت، دوای دارکاری کردنێکی زۆر یەکیان دەکوژن و واز لە کەسەکەی دیکە دەهێنن.

میرزا مەهدی گوتی یەکێک لە سێ برایانی والی پشت چیا، چۆتە تاران، وەختێ ناوبراو لەنێو ڕێدا بوو، هەواڵ دەدەن بە دارولخولافە، ئەو کاروانەی لە ئیسفەهانەوە ڕەوانەی بەغدا بووە، کەوتۆتە بەر هێرشی هۆزی بەختیاری و رووت کراون. لەلایەن دەوڵەتەوە تەتەریان رەوانەی لای خانکردووە، دەبێ بەخێرایی ئەو جەردە و گۆرانە بگرن و سامان و ماڵی کاروانیان بدەنەوە و چەتەکانیش بدەنە دەست حکوومەت. کاتێک خانی ناوبراو ئەم هەواڵە دەژنەوێ، پیاو سالارانی نۆکەری خۆی کۆدەکاتەوە و دەکەوێتە شوێن تالانچیان و لە نزیک چوار محاڵ دەیان گرێتەوە، ئەوەی بردوویانە دەیستێنێتەوەو دەیباتە تاران، لەوێ خاوەن شکۆ چاوی پێی دەکەوێ و دەستوور دەدا، سندووق خانەی پیرۆزی لە مەخمەر بگرن، تاقەیەک شاڵی کشمیری بە بەڕێزیان دەبەخشێت.

کاتێک شا، لە بروجێرد بوو، نۆ کەس لە پیاو ماقوڵانی لووڕهیان گرتبوو، ئەو نۆ کەسە لە هاوە زیندانی دەکەن. وەختی شا سەردانی ناوچەکەی کرد شازادە خانلەر میرزا، دەسەڵاتداری ئەو مەڵبەندە، ناردی ماڵەکانی ئەو نۆ

کەسە بەندکراوەیان بۆ بێنن، بەڵام لوورِهەکان خەبەر دەدەن و لەشکری شازادە دەشکێنن، لەو نێوەدا شەست کەس دەکوژرێ، دوای ئەوە دەستوور درا هێزەکە زۆرتر بکەن و شەرِەکە دەکەوێتە هاوە.
تەوژمی گەرمایەک کرماشانی گرتۆتەوە لەم چەند ساڵەی رابردوودا وێنەی نەبووە.

## زانیارییەکانی میرزا هادی، مونشی خانی کرێند

وتەکانی میرزا هادی، مونشی کرێند:
بەشی یەکەم- کاتێک هەواڵی لە دنیا دەرچوونی محەمەد شا لەم ناوچەیە بڵاوبۆوە، سەرۆکی خێڵی کەلهورِ دەمودەست پێنسەد سواری کۆکردەوە و دای بەسەر شاری زەهاودا، ئاوری لە شار بەردا و دوکان و بازاڕی تالان کرد و هەرچی وەبەر دەستی هات لەمەڕ و ماڵات دەستی لێ نەپاراست، لەگەڵ خۆی بردی. بەپێی لێ کۆڵینەوەکان ئەو زیانەی بە شار گەیشت سەرجەم بایی هەشتا هەزار تمەن بوو.
بەشی دووەم- زۆرێک لە تایەفەی کەلهوڕ و گۆران، لە وەرزی زستاندا مەڕو ماڵاتی خۆیان دەبەنە ناوچەکانی خانەقین و بەعقوبە و ئەوندەی لەوەڕ بمێنێ دەمێننەوە. ئەو خێڵاتیانە هەمیشە گەرمێن و کوێستان دەکەن.
**بەشی سێیەم**- گۆران پێشتر بە گەبران ناویان هاتووە، بەڵام ئەو ناوە بە زەمان سوواندوویەتی و کوران یان گۆران. خێڵی گۆران بەم چەند دەستەیە دابەش دەبن: زەنجاری و کرێندی.
سەرۆک هۆزانی زەنجاری لە گاهوارە نیشتەجێن و ئەوان زەهاویان لە دەوڵەتی ئێران بە ئیجارە هەڵگرتووە. زۆر لە مێژ نییە سەرۆکی ئێستای ئەوان سەنجابی لە دەوڵەتی ئێران بە ئیجارە هەڵگرتووە، ئەم هۆزە لە نێوان گاهوارە و کرماشان دا دەژین.
بەشی چوارەم- خێڵی کەلهوڕ چەند دەستەن. هەروەک هارون ئاوایی و کەیلانی و مەنسووری و...هتد، سەرجەمی وان چواردە هەزار بنەماڵەن.

سەنجاوی خۆیان چوار هەزار خێزانن، زەنجاری حەوت هەزار خێزان. کرێندی سێ هەزار بنەماڵەن.

بەشی پێنج- دەوڵەتی ئێران لەساڵێکدا چوار هەزار تمەن دەدا بە دەسەڵاتداری زەهاو.

بەشی شەش- ئەو دەمەی محەمەد عەلی میرزا دەسەڵاتداری کرماشان بوو، خانزادە خانم، دەسەڵاتی هەرون ئاوای بە دەستەوە بوو. ئەو خانمە هێشتا کچ بوو، بەڵام لە زۆر جێدا بە سوزمانی ناوی دەبەن. دەڵێن تەنانەت جلوبەرگی پیاوانی دەبەر کردووە و لە پێش خێڵی خۆیەوە کاروانی رووت کردووە. محەمەد عەلی میرزا سەبارەت بە زیرەکی ئەم کیژە، زۆر شتی بیست بوو. بەهۆی ئەوەی بە هیچ بارێک پێی نەدەوەستا، ویستی بیخوازێ و بیکات بە بانووی حەرەم خانەی خۆی. هەربۆیە ناردیە خوازبێنی. لەو لاشەوە خانزادە خانم پێمل دەبێ و بەڵێن دەدا، بەڵام تایەفەی کەڵهوڕ بەم خزمایەتییە ڕازی نەبوون و بە پەنامەکی حەمە عەلی شایان ئاگادار کردەوە کە شازادە خانم کچ نییە و بگرە ژنە و واز لەم هاوبەشییە بێنێت، بەڵام هەرچەندە ئەم هاوژینییە سەری نەگرت، خانزادا خانم کرا بە سەرۆکی خێڵی کەڵهوڕ، ئێستاش بەڕێزیان لەم ناوچەیەدا خاوەن دەسەڵاتە، سەردەمێکیش هێزی مەعتەمودەولەی تێک شکاند.

بەشی حەوت- خاوەن دەسەڵاتی سنە، لە ساڵدا تەنیا شەست هەزار تمەن دەکاتە دەستی دەوڵەتی ئێران. خەرجی چەند کەسێک لە کاربەدەستانی خۆی لەو داهاتەی هەیەتی دەیدا. ئەوماڵیاتەی لە دەستدایە تەنیا بۆ کاروباری سەربازی خەرجی دەکات، جگە لەوانەش، بەراتی مەلا و شازادە و خانەکان بە سەر خۆیەوە ناهێڵێت. لە کۆتایی تەواوی ئەواندا هەشت هەزار تمەن ڕەوانەی تاران دەکات.

بەشی هەشت- والی سنە لە خانمی کرماشان لەپێشترە. ناوبراو سەد و حەفتا هەزار دەسپێرێتە گەنجینەی حکومەت، لەساڵێکدا باقی ئەو بڕە پارەیە وەسەر یەک دەنێ. حاکمی سنە کچی فەتحعەلی شایە و هاوژینی والی پێشوویی کوردستان بوو. ئەم خانمە دوو کوڕی هەبوو، یەکیانی کردبووە

جێنشینی بابی. هیچ گرینگی بە دایکی نەدا. دوای ئەوەی ناسرەدین شا چووە سەر تەخت، دایکی ئەو کوڕەی راگرت و دەستووری دا لە شەودا دەست بەسەری بکەن و بیبەن بۆ ئەردەبیل. برای بچووکی ئەویان کردە حاکمی کودستان.

چەندماڵێک لە دەوری سنە نیشتەجێن، خەڵکی ناوچەکە حەز بەچارەی ئەوان ناکەن، وەک دەڵێن ئافرەتی سۆزانیان هەیە، ئەمەش لە تەک نەریتی کوردان یەک ناگرێتەوە. لە بیست و پێنجی مانگی ئوتدا، گەیشتینە گوندی تیرجیکا و لە شانی راستی بینایەکی سەرنج ڕاکێش سازکراوە و بە تەلاری خەسرەو خان بەناوبانگە و شوێنێکی زۆر دڵگیرە و کانی ئاوی باشی هەیە و زۆریش بژوێنە. لەو ماوەیەدا بە دەم ڕێگای سەفەرەوە لە ڕێکەوتی دەی مانگی سپتەمبەردا، بەنێو هەوراز و نشێوێکی زۆردا سەردانی ڕێژاومان کرد، لەم شاخ و کێوە لە زۆر جێ ڕێگا هەیە بۆ ڕاکێشانی عەرابەی تۆپخانە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی چەم و جۆباری ئەو مەڵبەندە لە بەهاراندا شەو و رۆژ هاژەی دێت.

## رووباری ئەڵوەند

چوار کاتژمێر بەڕێوە بووین، دواتر گەیشتینە رووباری ئەڵوەند. لەسەر ئەو چەمە خۆشە بار و بنەمان خست و وچانمان گرت. لەو شوێنەی چادرمان هەڵدا کانیاوێکی باش دەڕژێتە رووبارەکەوە و کۆنە چنارێکی سەد ساڵ تەمەنیش لە بنە و پاڵەوە پاراو دەکات. لە دەوری ئەو کانییە چەند کانی دیکەش ئاویان لەبەر دەڕوات، بەڵام شەست هەنگاو ئەولاتر ئاوەکان بە سنگی زەویدا ڕۆدەچن. هەمدیسان لەولاترەوە لەژێر عەرزەوە ئەو ئاوە سەردەردێنێتەوە. شاخ و کێوی ئەو مەڵبەندە زۆر لەوە بەلایان بەرزترن کە ئێمە لە ڕێگاکانەوە سەیریان دەکەین، لە نزیک ئەو چەم و رووبارە ئاوی خوڕێن بەرداشی چەند ئاشێک دەسووڕێنێ و گەنمی خەڵکی ناوچەکە دەهاڕێ و دەیکات بەئارد. رووبارەکە زۆر خوڕێنە و رووبەری دە ساجنە. کەندەڵان و دیواری ئاودڕەکە قووڵایی زۆرە و لەو ناوەدا چیایەک سەرنجی بردین نزیکەی سێ هەزار فوت بەرز بوو، سەری ئەم کێوە زۆرتر لە

هەیوانێک دەچێ و بە شێوەیەکی جوان تاشراوە. وەختێ لەسەر ئەو شاخەوە لە بناری چیاکە دەڕوانی گوندی ڕێژاو وەک هێلکەیەک دەبینی. دانیشتووانی ئەو گوندە ڕەز و باخاتی جوانیان هەیە و ژیانێکی کوێستانی خۆش دەبەنە سەر. ڕێگاکەش بەجۆرێکە بە وشکە بەرد دیواریان بۆ کردووە. لەسەر رووبارەکەش پردێکیان هەڵبەستووە، پازدە ئارشین پانە و لەو لای ئەو پردەوە پردێکی دیکەشیان سازکردووە، ئاوی رووبارەکەش تا بڵێی خوڕێنە. پەڕینەوەی سوار بەسەر ئەو دوو پردەدا مرۆڤی بە زاتی گەرەکە. لە نزیک پردەکە چەند نووسراوەیەک لەسەر بەردی کێوەکە سەرنجی ڕاکێشاین، بەڵام خەتەکان نەدەخوێندرانەوە و زۆریش کۆن بوون. بەدەم ڕێگاوە باخاتێکی خۆش هەیە و وێرانەی قەڵایەک بەپێوە ماوە و بەردی دیواری قەڵاکە بەدەستی وەستاکاران تاشراوە، بۆ وچان گرتن چادرمان هەڵدا و لە تەنیشت باخەکان وەرزێران خەریکی داچەندنی چەڵتووکن.

## ڕێژاو

لە بوانیج تا ڕێژاو، شەش کاتژمێر و پێنج خولەکە. چوار کاتژمێر بە ڕێگا تەنگەبەرەکاندا هاتین. هێزی سەربازی ئەستەمە بە تۆپخانەوە لەو گەلی ڕێژاو دەرچێت.

یازدەی مانگی سپتەمبەر لێرە چادرمان هەڵدا، بە هۆی ئەوەی ڕێژاو لە ئیجارەی خانی بوانیج دایە، وەک خانەخوێیەک بە پیرمانەوە هاتن و میوانداریان لێکردین. ڕێژاو بەشی محاڵی کرماشانە. خەڵکی ناوچەکە هەمووی شافعی مەزەبن، بەڵام خەڵکی بوانیج داودین. لە هاویندا ئێرە زۆر گەرمە، ڕەز و باخاتی باشی هەیە، بە تایبەت قەیسی و سنجوو، بەهەر لایەکدا دەڕوانی باخەڕەزە بەتایبەت ترێ ڕەشە. لەچەند شوێنێک چاومان بە دار هەنار کەوت.

لە نزیک پردی ئاوەچۆڕە نانی نیوەڕۆمان خوارد، بیستبوومان ئاوی رووباری ئەڵوەند لە نزیک کانییە گەڕاوەکان بۆ خواردنەوە نابێ، بەڵام هەر ئەو ئاوە کەمێک ئەولاتر لەژێر بەردەکان دێتەوە دەرێ و بۆ خواردنەوە دەبێت. ئاوی رووبارەکە ئاهەکی زۆرە و ئەو لقەدارەی لە چۆمەکەدا بوو بڵغی گرتبوو و سپی ببۆوە. زۆری پێناچێ ئەو ئاهەکە ڕەق دەبێ و دەبێ

بەبەرد. دواتر خەڵک ئەو بەردە سپیە دەبن دەیکەن بەدیوار و شوورەی دەوری باخەکان. لەزۆر جێ بەری ئاوی پێدەگرن و بەنداوی پێ ساز دەکەن، بۆ پێشگرتنی لافاو کەڵکی لێوەردەگرن. کاتێک تیشکی خۆر روومەتی ئاوەکە دەئەنگێوێ بریقەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت. رووبارەکە پڕە لە ماسی قزڵ ئالا، لەگەڵ ماسی رووباری کرێند جیاوازییان هەیە. ئاوی ئەو چۆمەیان بردۆتە سەر باخ و چەڵتووک زارەکانیان. وەک دەڵێن ئاوی رووباری ڕێژاو بۆ خواردنەوە مەترسیدارە، ئەو کەسانەی لەو ئاوەیان خواردۆتەوە تووشی نەخۆشی بوون، بەڵام خەڵکی ناوچەکە تا بڵێی قەڵافەتدار و جوانچاک و چاو و برۆ ڕەشن. زۆریش لە خەڵکی ئەورووپا دەچن. ئەوەی دەی بینی پێچ و کڵاوی مەولەوی لەسەردایە. لە کاتی خۆیدا بە ڕێژاویان گوتووە، ئاودڕگە. تا دەگاتە دەورەی محەمەد عەلی میرزا، ڕێژاو لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە، دەڵێن عوسمانی گەل ڕێژاو بە هۆزی گۆران دەفرۆشن، قەڵای شا، بە تایەفەی کەڵهوڕ. هەر ئێستا ڕێژاو وەک گوندی کەلین دەچێ، بەڵام کەلین لە گەشە و پەرەسەندندایە. سەردانێکی ئاودڕگەمان کرد، ئەو شوێنەی رووباری ئەڵوەند ڕوو دەکاتە دەشتەکان.

## سەردانی پردی زەهاو

لەو شوێنەوە کە بوانیج_ مان بەجێ هێشت، چەند ڕێگا بە ڕێژاودا دێنەوە سەر پردی زەهاو. یەکەم ڕێگایان لە تەنگەڵانەکەوە دێتو بە تەنیشت رووبارەکەدا ڕادەبرێت. هەرچەندە ڕێگاکە لاپێچ و گەوەی زۆرە، بەیڵام کاروانەڕێیەکی باشە و تا سەر پردی زەهاو دە فرسەخە.

دووەم ڕێگا، بە شوێنێکدا رادەبرێ پێی دەڵێن پیر. دوای ئەویش بە تەنگەڵتنەکەدا دسەڕواتە خوارێ و هیچ وەختێ تۆپخانەش لە بناری ئەو کێوانە ڕەت بوونی نییە.

ڕێگای سێیەم ڕیسان لە پیروە تێدەپەڕێت. هەر ئەو ڕێگایە دەچێتەوە سەر ڕێگای ئاوایی زەردە و لە پردی زەهاو یەک دەگرێتەوە، بەڵام ڕێگای دەستە چەپ بە هیچ کلۆجێک کاروانچی لێی دەرناچێت.

چـوارەم ڕێگـا بە شـێوەی بـازنەیی دەوری ئـاوایی پیـر لـێ دەدات و لە گوندی باوەیادگار، دەردەچێ و روودەکاتە گوندی زەردە. نەخشـەی ڕێگای سێیەم و چوارەم، ئەوانەی خاوەن پلە و پایەبوون بۆ ئێمەیان دانا.

جـگە لە چـوارەم ڕێگـا، ڕێگـای پێـنجەم لە بـوانیج_ وە دێـت و بە دوو تەنگەبەردا دەردەچێت. یەکێ لەو ڕێگایانە دەچێتەوە میان تاق و ئەوی دیکە روودەکاتە پیر بابا یادگار، لە ڕێگاتەنگەکەوە دەچێتە میان تاق، هیمەت عەلی خـاوەن پـلەی ئێرانـی لە پـێش ئـێمەوە بـوو، دوای سـێ کـاتژمێر گەڕایەوە و گوتی لەو دۆڵە تەنگە کاروان ڕەت بوونی نییە.

دوازدەی مانگی سپتەمبەر لە ڕێژاو هـاتینە دەرێ و بەرەو زەردە و پیـر بـاوە یادگار وەڕێ کەوتین. ئۆکرانویچ، هاوڕێکەی ئێمە، لە دەستە ڕاستەوە کەوتە ڕێ و کـاروانی ئـێمەش بەشـوێن ئەودا. بە مـاوەی بسـت خـولەک لە تەنیشـت باوەیادگـارەوە ڕێگامـان بـڕی و بواریکمـان لە چـۆمەکە دیـتەوە و لێمانـدا، پیـر مەرقوم لە بەرزییەک هەڵکەوتووە، زۆریش دڵگیرە. گۆڕستانێک لە دەوروبەری ئەو پیرە هەیە و کێلی گۆڕەکان بە دابی ئێرانـی بە قیتەوە مـاون. چەند دار چنـار و داربەڕوو سێبەریان خستۆتە سەر گۆڕخـانەی پیر. ئەم جێرە دار و درەختـانە لە نزیک گۆڕی ئیمـامزادان زۆر هەیە، لەو ناوچـانە کەس بۆی نییە لقێ لە داری سـەر چـاکی بسـووتێنێ و بەمەبەستێک رایگوێزێت، سـا ئەگەر لە بەر بێ ئـاوی ببێـتە وشـکەڵ، ئەگەر بێـت و کەسـێک ئەودارانە ببـاتەوە بـۆ مـاڵی خـۆی، ئەوا تووشی دەرد و بەڵا دەبێت یان دەمرێ.

ئەو دار تـوانەی تـازە لەم شـوێنە چەقانـد بوویـان، سـێبەر و بەری باشـی هەبوو. مەودای ڕێگای زەردە سێ کاتژمێرە و بە تەنگەڵانێکدا دەڕواتە دەرێ. لە سـەر ڕێگای کێوەکـان چەند کورەخـانەی خشـتی سـوور سـەرنج دەڕفێنن، ڕێگاکەش چەند ڕێگەی دیکەی لێ دەبێتەوە.

## گوندی زەردە

یەکێ لە ڕێگاکان یەک ڕاست دەچێتە زەردە. ئەویدی دەگاتە ئاودڕگەکە. ئێمە بۆ درێژەدانـی سـەفەرەکەمان ڕێگـای ئاودڕگەمـان هەڵبـژارد، بەڵام هەورازی زۆری هەبوو. چەند کەسێکی گوندی زەردە وەک بەڵەد چاوساغمان بوون. لە شانی چیاکە بەختـی ئێرانـی نووسـراوێکیان نیشـان دایـن زۆر لەبـار نەنووسـرابوو. دەروێشـی هاوڕێمـان تەلەسـمێکی نیشـان دایـن، لە دوورەوە ئەو بەردە وا دیـار بـوو هەرئـان بکەوێتە خوارێ، بەردێکیش لە چۆمەکەدا بوو، چەند وێنەیەکیان لەسەر هەڵکەندبوو. لەوەدەچـوو ئەو بەردە لافـاوی رۆژگـار ئەو نـەخش و نیگـارانەی پـێ بەخشـیبێت، بەڵام دەروێش گوتی بـاوە یادگـار لەسـەر ئەو بەردە نوێژی کـردووە، ئەم هێڵ و نەخشانەش جێی تەوێڵی ئەو پیرەیە. لە کێوەکەدا چەند کونێک هەیە، ئەوانەش جێی دوو کەسیان تێدادەبێتەوە. زۆرمان پێ خۆش بوو سەردانێکی باوە یادگار و قەڵای یەزد گـرد بکەیـن. خـەڵـک باوەڕیـان وایە لەخـم شـوێنە گەنجێـک حەشـار دراوە. کەسـیش بەبۆنەی بـاوە یادگـارەوە زاتـی ئەوەی نییە خۆ لە قەرەی ئەم خەزێنەیە بدات. ئاشی ئاوێک لە نزیک ئاوەکە هەیە و چەند دارهەنار و کۆنە چنارێک سێبەرێ بۆ کردووە. یەکێ لەو ئاودڕانەوە دەچێتەوە ڕێژاو، ئەوی دیکەیـان ڕوودەکاتە بـاوە یادگار. لە دوورەوە قەڵای یەزد گرد دیارە بە سەر کێوەکەوە. لەسـەر ترۆپکـی ئەم چیابەرزانەوە کێوەکانی سلێمانییە بەدەرەوەن. ڕووباری شیروان لێرەوە تێدەپەڕێ و زەهاو و قەسری شیرن سەرنج ڕادەکێشێت.

## باوە یادگار

زیارەتگای باوە یادگار لە دۆڵێکی دڵگیردا هەڵکەوتـوو، تـەلاری مەزارگە لە بەرد سازکراوە و تەواوی سپیکارییە، هۆدەکە لەباری خشتی دروست کراوە و گومبەی دەروێشیان بۆ داناوە. پێش ئەوەی پێ بنێیە ژێری مەزارگەوە بە وشـکە بەرد حەسـارێکی باشـیان لە دەور گێـڕاوە و بەکوچـک و بەردە سـپی حەوشـەکە سـەنگ فەرش کراوە.

زیارەتچیـان، بەر لەوەی ژووری بـاوە یادگـار، لەو حەسـارە بەریـنەدا لەسـەر چۆک دادەنیشن و خەریکی گازە و پاڕانەوەی خۆیان دەبن، دواتر دەچنە سەر قسنەکە. قسنەکە هۆدەکە درگایەکی چکۆلەی تێدایە و رووناکی تەنیـا لە درگـاکەوە دەڕژێـتە سـەر گـۆڕی بـاوە یادگـار. ئەوری گڵکـۆکە بە مـحەجەرەی گیـراوە و بە فەرشـێکی کـۆن گـۆڕەکە داپۆشـراوە، زیارەتچیـان شاڵیی سەوز لەگەڵ خۆیان دەهێنن و لەسەر گڵکۆکە دایدەنێن و کوتێک لەو شـاڵەی کەسـێکی لەوە پێشـتر بردوویەتـی لەگەڵ خۆیـان دەبەنەوە و وەک مـتفەڕک بەلایـانەوە پیـرۆزە. زۆرێـک لەو کەسـانەی سـەردانی ئەو پیـر و مـورادانە دەکەن وەک پێشکەشـی شـتی ئەنتیکە و بە نـرخ لەسـەر گۆڕەکـان بەجێ دەهێڵن، ئێمە چەند دانەیەک لەو پێشکەشی یادگارانەمان لەگەڵ خۆمـان هێنا؛ یەکێ لە بەڵەدەکانمـان گوتی ئەوانە مێژوویـان دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی حەزرەتی نووح، شتەکەش زۆر وەک پووڵەک و گوێچکەی ماسـی دەچوو، لە شێوەی گوێزێکی پووچەڵ، ئەویدیکە زۆرتر وەک مەرجان وابوو.

تابووتی باوە یادگار لە دار و درەختی هیندستان سازکراوە. بە گفتی ئەو کـوردانەی لێمـان بیسـتن، ئەو تـابووتە کەسـێک لەهێندوسـتانەوە بە سـواری وشتر رەوانەی ڕێزەی کردووە. ڕەنگی دار و تەختەی تـابووتەکە لە سـەندەڵ و دارچین دەچێت. وێنە و نووسـراوی سـەر تـابووتەکە هەر لەو نووسـراو و نەخش و نیگارانە دەچوو لە دیواری مەزارگەکە درابـوو. دەوروبەری تـەلاری مەزارگە پڕە لە دار و درەختـی جـوان، بەتـایبەت چنـاری پیـر و دار بەڕووی بەتەمەن و سێ دارکاژی سەرنج ڕاکێش. لە نزیک باوە یادگار چەنـد کۆخێک بـۆ دانیشـتنی دەروێشـان سـازکراوە، ئـێمەش چاومـان بە دە کەس لەو دەروێشـانە کەوت. یەکێ لەوان شـێوکەری حـاجی میـرزا داغاسـی، وەزیـری دەوڵەتـی مـحەمەد شـا بـوو. لێـرە شـێوکەرێکی بـاش لە دەروێشـەکان، خواردنێکی بەتامی بۆ ئێمە هێنا و دوای نـانی نیوەڕۆ، کاسـەیەک هەنگوین و دەفرێک هەناری گوڵ بەدەمیان بۆ هێناین.

دووسـەد مـەتر لەولای زیارەتگـاکە، کانییەک هەڵدەقوڵێ و گونـدی زەردە لەو ئاوە خۆشە دەخۆنەوە، ئاوەکە بۆ سـارد و سـووکی بە ناوبـانگە و وەک دەڵێن لە

زاهاو دێن و ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە، کانییەکە لە جێیەکی باش هەڵکەوتووە و جۆگەلەی ئەو کانییە دار و درەختی زۆری لەبەردایە، بەتایبەت دارچنار. لەسەر کێوەکە بەرهەیوانێکیان دابڕیوە و ئەوەندەی چاو هەتەر دەکات، ناوچەکە پڕە لەداری بەبەر و سێبەر، ئەو ڕێگایەی لە مەزارگەوە دەچێتە زەردە، بە دۆڵێکی تەنگەبەردا دەڕوات. چیاکانی ئەوشی و دۆڵە زۆرتر لە شوورە و دیوارێک دەچن لەسەریان لەبن زگی ئاسمان ڕاچووبێت. گومان بۆ ئەوە دەچێت لە دەورەی ساسانیدا ئەو ڕێگایە کێشرابێت. مەودای ئەو دوو کێوە چەندین ساجن دەبێت. ئاو بەنداوەی لێرە لێدراوە زۆرجار ڕێگای هاتوچۆ دەگرێت، ئەو بەنداوە کەوتۆتە نێوان کژگوندی زەردە و قەڵای یەزد گردەوە.

## قەڵای یەزد گرد

بێجگە لەو ڕێیەی لە باوە یادگارەوە دەچێتە زەردە، چەند ڕێگای دیکەش بەسەر کێوەکانەوە ئەم گوندە دەگرنەوە. هەر ئەو ڕێگایانە زەهاویش دەگرنەوە و لەو بزنە ڕێیەدا مرۆڤ دەتوانێ بە پێیان پێیدا بڕوات،ڕێگای زەردە بەپاڵ ڕووبارەکەدا دەڕوات، دوای ئەوەی لە تەنگەڵانەکە چووە دەرێ، بەدەستی ڕاستدا لە بناری کێوەکەوە دەگاتە قەڵای یەزد گرد.

دوو ئەشکەوت لە سنگی کێوەکە دابڕاوە و ئەوەندەی سەرنجی لێ دەدەی بۆت دەردەکەوێ سروشتی نییە و دەست کردی تۆرەمەی بابادەمە. دانیشتووانی ناوچەکە دەڵێن ئەوە شوێنی حەسانەوە و سەیرانگای کچی یەزد گرد بووە، لە داوێنەوە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ چوونە ژوورەوە، مەگەر ئەوەی لەسەر قەڵاکەوە بە زەبری کەندڕ و گوریس مرۆڤ خۆی شۆڕ بکاتەوە، ئەو خۆداهێڵانەش لە هەمووکەس ناوەشێتەوە و مرۆڤی بە جەرگی دەوێ. وەختێ لە گەلی تەنگەبەر ڕزگارت بوو، دەگەیتە جێیەکی تەختانی و گۆڕەپانێکی خۆش لە نزیک زەردە. لەباوە یادگارەوە تا گوندی زردە، نیو کاتژمێر ڕێگایە. گوندێکی بێ ناو لەو نزیکە و لە ڕێژاو تا زەردە چوار کاتژمێر و نیوە.

چیا و جارِی ئەم ناوچەیە سەرلەبەر بە زەردە بەناوبانگە. باخاتێکی خۆش لەسەر ڕێگاکەیە و دەمەو عەسر سەردانی ئەوێمان کرد. کاتی خۆی ڕێتێری

گەڕیدە، سەبارەت بەم ناوچەیە نووسیویەتی شوێنێکی خۆشە و ڕێگەکەنی بێ خەوشن، ئەوەی ئێمەش بینیمان وتەکانی ئەوی دەسەلماند. شاخ و کێوێکی سەرنج ڕاکێشە و بۆ ئەوە دەبێ هەزاران هێزی سەربازی لێ دامەزرێ و روانگەی باشی بەسەر زەهاودا هەیە و کاروانەڕێیەکی باشە لە زەردەوە بۆ ڕێژاو.

قەڵای یەزد گرد، لەسەر کێوێکی بەرز بنیات نراوە و رولنسان، بەرزی چیاکەی بە دوو هەزار فوت لە قەڵەم داوە، بەڵام من پێم وایە لە هەزار و پێنج سەد فوت بەرزتر نییە. بۆ ئەوەی سەردانی قەڵای یەزد گرد بکەین دیسان چووینەوە گەلی باوە یادگار.

وەختێ لە تەختایی زەردەوە لە قەڵاکە دەڕوانی، چوونە سەرێ زۆر ئەستەم دەبینی. دەوروبەری قەڵاکە تەواوی ویرانەیە و سەرکەوتنی ئەم شوێنەش بە دەستی بەتاڵ زەحمەتە.

لە شانی باوە یادگارەوە، دەکرێ ڕێگایەک بۆ سەرکەوتن بدۆزیەوە. ئێمە هەرچۆنێک بێت خۆمان گەیاندە سەر چیاکە، بەڵام لەو سەرەوە نەمان توانی سەیر و گەشتێک بکەین. ئەو ڕۆژە مژێکی خەست ئەو دۆڵەی داپۆشیبوو. بورجێک لەو سەرە بوو لەو بورجەوە دەکرێ قەڵاکە بخەیە ژێر چاوەدێری. لە زۆر شوێنیش دیواری قەڵا وەک خۆی ماوە و هەرەسی نەهێناوە، بورجێکی نیوە کاڵ پالی داوە بەپالی باوەیادگارەوە،لەسەر ئەم بورجەوە دەرو دۆڵێکی باش دەکەوێتە ژێر چاوەدێرییەوە. لە زۆر شوێنی دیواری بورجەکەدا خشتی سووریان بەکارهێناوە بەتایبەت سەربان و تاقی تەلارەکە. لێرەوە سەردانی هۆدەی کچی یەزدگرد بۆ ئێمە زۆر جێی ترس بوو، هەر بۆیە وازمان لێ هێنا. هاتوچۆکردن لەو ڕێگا هەڵدێرانەوە زۆر بە قازانجی ئێمە نەبوو.

## دەشتی زەهاو

سە ر بەرەو خواری بەندی زەردە لە شێوەی پێپلیکانەیە و لەوێوە دادەگەڕێت بۆ دەشتی رەهاو، ئەمەش نزیکی رووباری ئەلوەندە. لە دەستە چەپی رووبارەکە دەگەیتە محالی پەشێوە، لە شانی راستی شەتی زەهاو دەردەکەوێت. دەرچوون

لەڕێگای ئەو گردۆکانە زۆر سانایە. لە دەشتی زەهاو و بەشی پەشێوە تایەفەی گۆران ڕەشماڵێکی زۆریان هەڵدابوو. ئەو هۆزە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵی خۆیان ئەم شوێنەیان وەک هاوینەهەوار هەڵبژاردووە. خانی تایەفەی گۆران لە کۆراک دادەنیشێ و ناوچەی زەهاوی بەئیجارە هەڵگرتووە.

رووباری ئەڵوەند چەندین جۆباری گەورەی لێ دادەبڕێ و کێڵگە و بەشی کشتوکاڵی دەشتەکە پاراو دەکات، باخاتێکی زۆریش لەبەر ئاوەکەدا تێراو دەبێت.

ئێمە ڕێگای دەستە چەپمان هەڵبژارد و لە سەر ڕێگاکەمان گەیشتینە بژوێن و قامیشەڵانێکی زۆر. زۆر کەس لەرووبارەکە دەپەڕینەوە و ئاو لەسەر ئەژنۆیان بوو. لە مەودای سەفەرەکەماندا هاتینەوە سەر ئەو ڕێگایەی لە کرماشانەوە دەچێتە بەغدا، لەوێشەوە گەیشتینە سەر پۆل. لە گوندی زەردەوە تا قەڵا ڕووخاو چل و پێنج خولەکە.

لە ڕێکەوتی هەزار و هەشت سەد و پەنجا و یەک دا، لە سەرپۆل چادرمان هەڵدا، پلەی گەرما سی و دووی نیشان دەدا. رووباری ئێرەش هەروەک چەمی ڕێژاو بە نێوان دوو کێودا تێدەپەڕێت. لەوێ لەسەر تاتە بەردەکان بەڕێکی زۆرمان چاو پێکەوت بە جوانی تاشراون و خەتی پەهلەوییان لەسەر هەڵکەندراوە، چەند وێنەیەکیش بەجلی کورتەوە سەرنج ڕادەکێشن. دوای گەشتەکەمان بەرەو دوکان داود کەوتینە ڕێ.

## دوکان داود

لە مەزڵی حەسانەوە تا قەڵای شاهی، چل کاتژمێر ڕێگابوو. دوکان داود لەسەر کێوێک هەڵکەوتووە و بەرزی دەگاتە چوار ساجن، نزیکەی پێنسەد فوت بالای هەیە. ئەشکەوتی دوکان داود دیمەنێکی دڵگیری هەیە، لە دوورەوە وەک ئەوە وایە ئاوێنەیەکیان لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا دامەزراندبێ، دووکەسی خەڵکی کرێند بەو کێوە ڕژدەدا هەڵزنان و هیچ ترسیان لەبەربوونەوە نەبوو، وەختێ پرسیمان چۆنە ناترسن، گوتیان ئەو کەسەی خەتایەک لەخۆی شک ببات لە چوونەسەرێ دەترسێ. ئەو دوو

کەســە هــاوڕێیەکی خۆیــان هەڵکێشــا و دوای ئەویــش گوریســیان بــۆ ئێمە شۆڕکردەوە و هەڵیان کێشاین. سەرەتا ئۆکراین و چرچیل سەرکەوتن.

هەروەک لە پێشدا باسکرا خەڵکی کرێند داودین، باسی ئەو ئەشکەوتەیان بۆ کـردین. زۆر کـۆنە و بەبیـری کەس نیـیە، دەشـتێک لەبەر پێیـدایە و دوو کـوڵەی هەبـووە و ئێسـتا شـکاون. دەرگـای مغـارەکەش زۆر لە دەرگـای مغـاری نەخشـی ڕۆسـتەم دەچـێ. شـانە بەردێـک لە چەشـنی دەرگـا داتاشـراوە. زۆر لەوە دەچـێ کاتێـک دەرگــای ئەشــکەوتەکەیــان گەورە کــردۆتەوە ئەو بەردە شــکابێ. لەنێــو مغارەکەدا هـۆدەکەی بەرینی سـەر گیراو هەیە و لەشـانی چەپ جێیەک لەشێوەی گۆڕ دابڕاوە. سێ ئارشین درێژە، قوڵکەیەکیش لە ناوەندی هـۆدەکەدایە. لە ئـاخرین هـۆدەش کـونێکی خـوارەکەو پـێچەکەی تێکـراوە، ئەوەش بـۆ پاراسـتنی کەلـوپەل چێکـراوە. لە چەنـد لاوە تـاق چرایـان لە دیـواری ئەشـکەوتەکە دابڕیـوە. گەڕیـدە روڵنســان دەنووســێ، ئەو کونــانە بــۆ هەڵواســینی پەردە ســازکراون دەســتەکی باریکیان تێدا ڕایەڵ کردووە و پەردەیان داداوەتەوە. کونەکان ئەوەندە تەنگن جێی چرایــان نــابێتەوە. لەبنمیچــی هــۆدەکە هێلانــەی پەڕەســێلکە لە قــوڕ ســازکرابوو، لەولاترەوە لەنێو خۆڵەمێشدا ددانی بەرخ سەرنجی راکێشاین.

## گەڕانەوە بۆکرێند

ڕێگای دوکان داود دەچێتەوە کرێند. وەختـێ لە ئـاوی ئەڵوەند دەپەڕنەوە ئەگەر بوار هەبێ، یان لە پردی سەر پۆلەوە دەچنە ئەوبەر.

ئەو ڕۆژە عەسر، چووین سـەردانێکی کاولە کۆنەکانی حەلـوان بکەیـن لە نزیـک زەهـاو. بە سـی خـولەک لە دیوارەکـانی وێـرانەکە نزیـک بـووینەوە؛ لە نزیک ئەویش کانییەک هەیە بەنـاوی قەرە بـلاغ. بەپێی نووسـراوەکەی بەڕێز ریتێــر، ئــاوەکە گــۆگردی هەیە، بەڵام ئــێمە ئەو شــتەمان نەدی. تەنــانەت چۆڕێکمـان خـواردەوە و زۆریـش ئـاوێکی سـووە و نەختـێ خـوارتر گـۆلێکی باشی لەبەردایە دواتر بە شـەقە جۆیەکدا دەڕوات. مەودایەک دوور لە ئـاوەکە وێـرانەیەک لەسـەر گـردۆڵەیەک بەدەرەوەیە. ڕێـبەرەکەی ئێمە کەسێک بـوو

بەناوی میرزای کرێندی، بیست ساڵ لەوە پێش لەگەڵ بابی سەردانێکی باشی ئەم شوێنەی کردبوو، لەو شوێنە بەردێکی دۆزیبووە بەنەخش و نووسراوەی تایبەتەوە، زۆری هەوڵدا ئەو بەردە نیشان ئێمە بدات، بەڵام هەرچی کرد نەیدۆزییەوە. باوەڕی وابوو کوردەکان شکاند بێتیان، شانێکی رووباری ئەڵوەند کەندەڵانێکی بەرزە و ئەولاتری لەگەڵ دەشتەکە تەختە. لە رۆخی ئاوەکە پۆلێک مراوی جوانمان بینی، ئەوانە لە بەغداوە هاتبوون و بەسەر کەندەڵانەکدا هەڵدەفڕین. بەمەودای سی خولەک ڕێگا گەیشتینە کاروانسەرایەک، یەکیان تەنیا دیوارەکانی بە پێوە مابوون. کاتێک بەدەستە چەپی رووبارەکەدا سەرکەوتین، گەیشتینە تەپۆڵکەیەکی توورەکە ڕێژ، بێگومان دەبێ کاتی خۆی ئەوەیان بۆ بورجی چاوەدێری قووت کردبێتەوە، نزیکەی پازدە ساجن بەرز بوو. وەختێ ئێمە سەردانمان کرد، سەری تەپۆڵکەکەیان کۆڵی بوو، پڕبوو لە وردە بەرد، گوتیان بیست رۆژ لەمەوبەر، کەسێک لێرەدا ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتوونی دۆزیوەتەوە مۆری بەسەر هەڵکەندراوە. وتیان دوو قامکی مرۆڤ لە ئاڵقەی کلکەوانەکەدا جێی دەبۆوە، جوولەکەیەک بە دوو هەزار دینار لەدەستی دەرێناوە، هەرئەو ئەنگوستیلەیان لە خانەقین بە هەشت تمەن فرۆشتووە، لە داوێنی بورجەکەوە دەستی راست، گەیشتینە پردێک، هەرچەندە بەشێکی زۆری پردەکە تێک ڕووخابوو، بەڵام هێشتا بۆ ئەوە دەبوو بە هاسانی بە سەریدا بچیە ئەوبەر.

لەسەر پۆلەوە تا کرێند ڕێگەی دوو کاتژمێر دەشتایی هەیە، دوای ئەویش دەگاتە کێوەکان، ئێمە لە سەرپۆلەوە بە دوو کاتژمێر و سی خولەک هاتین و لە نزیک کاروانسەرای پاتاق چادرمان هەڵدا. پاتاق لە شێوەی ئەشکەوتێک دابڕاوە، لە دەرەوە جوانکارییان بۆ کردووە و وردە بەردێکی زۆریش لە دەم دەرگاکەی هەیە. لە نزیکی ئەویش وێرانەیەکی زۆری لە داوێنە و لەوە دەچێ کاتی خۆی شوێنی ئێشک گران بووبێت. ئەم ڕێگایە تەنیا بۆ ئەوە دەبێ مرۆڤ بە پێیان پێیدا بڕوات. زۆر لەوەدەچێ وەختی خۆی بۆ پارێزگاریکردن لە کاروانچی ئێرەیان ئاوەدان کردبێتەوە. هەروەک کوردەکان وتیان ئەوە ڕێگای قەسری شیرین و خانەقینە و مابەقی ڕێگاکان بۆ ئەوە نابێ کاروان

پێیدا بڕوات. لە نزیک کاروانسەراکە گوندێکی لێیە و ئاغای کرێند مەرزەوانی لێ داناوە ، هەر کەسێک بەم ڕێیەدا بچێتە وڵاتی عوسمانی ئەشێ پێناسەی پێبێ و سەرۆکی مەرزەوان بیبینێ، دوای کاتژمێرێک بە تەنگەبەرێکدا دەچێتە دۆڵی کرێند. ئەو ڕێیانەی لە دەشتی زەهاوڕا دێن مەودایان چوار کاتژمێرە و لەشکر بە ئاسانی لێی دەرناچێت.

## لە کرێندەوە بۆ کرماشان، بە هاڕوون ئاوا و ماهی دەشت دا

بیست و سێی مانگی سپتەمبەر لە کرێند هاتینە دەرێ. لێرەوە هەتا کۆتایی دهڵی کرێند، سێ کاتژمێر. ڕێگاکە هەوراز و نشێوی زۆرە. لە بەرزاییەکانەوە سەرکەوتین و دۆڵی هاڕوون ئاوا دەرکەوت، بە شانی چەپدا گەیشتینە گۆڵی سەراو. مەودای کرێند و هاڕوون ئاوا پێنج کاتژمێر و چل و پێنج خولەک بوو. تەپۆڵکەی دەستکردی ئەم ناوچەیە زۆر لە گردۆڵەکانی بەغدا دەچێ.

بیست و چواری مانگی سپتەمبر، لە هاڕوون ئاوا، بەرەو ماهی دەشت وەڕێ کەوتین. ئەو مەودایەش شەش کاتژمێر و نیو ڕێگایە. لە هاڕوون ئاوابەنداوێکی گەورە ئاو لە گۆلی سەراو و کانی نیلوفەڕ وەردەگرێت. ئێمەش بەسەر پردی بەنداوەکەدا پەڕینەوە. بە نێودێی هاڕوون ئاوادا چووینەدەرێ، گوندەکەش زۆر پەڕپووتە و هیچ باخات و شیناوەدری بەدەورەوە نییە. زۆرتر خەڵکی گوندەکە تەونگەرن، هیچ داهاتی دیکەیان نییە و کاروانسەرایەک هەیە، ئەویش وەک کاروانسەرای کرێند دەچێت. گوتیان بەردێک لەو نزیکانە هەبوو، خەتی یۆنانی لەسەر هەڵکەندرابوو، بەڵام کوردەکان شاردوویانەتەوە. ڕێگای دەستە چەپ بەنێو چیاکاندا سەردەکەوێت. لەو نێوەدا گەیشتینە ریزە سەنگەرێکی دەورەی شەڕی ئێران و عوسمانی. لە سەرەو خوارییەکە هاتینەخوارێ و تووشی ئەو لۆتیانە هاتینەوە، شێرە بریندارەکەیان پێ بوو. ئەو هەناسە ساردانەیان رووت کردبوو. لە مەودای ڕێگاکەدا چەند کۆنە هەوارێکمان بەسەر کردەوە، لە دوورەوە قەڵای قازی سەرنجی راکێشاین. مەودای دۆڵەکە تەواو کاتژمێرێکە

و له بناری تەپۆڵکەکانیش چەند کانی و ئاوێک دەشتەکە پاراو دەکات. لەسەر ڕێگاکە گەیشتینە شوێنی ئێشک گران و لەولاترەوە کانیاوێکی دیکە، دواتر دەشتی ماهی دەشت و لێرەوە ڕێگایەک دەچێتە کوارک، لەدەشتێکی جوانەوە قەڵای قازی سەرنجت رادەکێشێت.

دۆڵی ماهی دەشت بەشانی چەپدا دەچێتە جوانڕۆ، دەستە راست بۆهەلیلان لادەدات. لەبیست و پێنجی ئۆکتۆبەر ماسی دەشتمان بەجێ هێشت و رووە و تاقەوسان کەوتینە ڕێ. بەهۆی ئەوەی نەخۆشی چاوقوڵکە لەکرماشان بوو، لەپشت شارەوە ڕۆیشتین و خۆمان گەیاندە تاقەوسان. ئۆکرانویچ یەکێ لە هاوڕێکانمان، بە بۆنەی ئەو پلانەی لەبەر دەستیدا بوو، بەڕێگای سەرەکیدا هات. ئێمەش بە دۆڵەکەدا کاتژمێر و نیوێکمان پێ چوو. یەکێ لەو ڕێگایانە روو دەکاتە کوارک و لە کۆتایی دۆڵەکەشەوە دەچێتە سلێمانییە. ئەم دەڤەرە هەوراز و نشێوی خۆشی هەیە و ئاو و ئاوەدانی زۆرە. مەودای ڕێگاکەش سێ کاتژمێرە لە ماهی دەشتەوە. دوای ئەوەی چووینە دۆڵی کرماشانەوە دوو گوند هاتنە سەر ڕێگامان. لە مەزنەمیرانی ئەو گوندانە چەند کەسێک بەرەو پیرمان هاتن. لە بواری چۆمی قەرەسوو پەڕینەوە، ئاوەکە سەر ئەژنۆیی دەگرت، قەڵایەک لە تەنیشت ئاوەکەیە و ئەو قەڵایە پایەبەرزانی ئەوروپایی بۆ محەمەد عەلی میرزایان چێ کردووە.

## تاقەوسان

دوای نیو کاتژمێر ڕێگا، لەتاقەوسان چادرمان هەڵدا.

بیست و حەوتی مانگی سپتەمبەر لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد، ماوەیەک سەر قاڵی یاری وەرەق بووین. لە تەنیشت خەسرەو پەرویز و فەرهاد و شیرین دانیشتین. خواردنی نیوەڕۆمان ماسی قەرەسوویان بۆهێنایین. وێنەی سەر بەردەکان زۆر لە جل وبەرگی محەمەد عەلی میرزا نزیک بوو، کاتێک لەسەر کورسی دادەنیشێت. لەپشت سەری ئەو کوڕەکەی راوەستاوە،لە شانی راستی وەزیر خواجە وێستاون، لە چەند لایەکەوە میچەکە هەرەسی هێناوە و درزی بردووە، لەپێشەوە شانێکی کێوەکەیان تاشیوە و نەخش و نیگاری تایبەتیان

لەســـەر هەڵتەنـــدووە. لە لاشـــانی تاقەکـــان نەوەد و حەوت پێپلیکـــان لەبەردەکە دابڕاوە، بەڵام چوونەسـەرێ بەم بەردەدا کارێکی پڕ مەترسیە. بەڵام بەبەر چاوی ئێمەوە دوو مێرمنـداڵێک خەریـک بـوون سـەردەکەوتن. بەرزی کێـوی تاقەوسـان پێنسەد فوتە و کانییەکی باش دەرژێتە بەر پێی تاقەوسان. لەبناری کێوەکە باخێک پـاراو دەکـات. ئەو بـاخە پـڕە لە داری هەرمـێ و زۆریشــی ڕەز لێـیە. لە پشـت کانیاوەکەوە دوو هۆدەیان لەبەردەکە تاشیوە و هەریەکەی چەند ساجن مەودایان هەیە. لە یەکـــێ لەو هـــۆدانەدا، نەخشـــی مـــرۆڤ داتاشـــراوە، بەوەتەی ئەوانەی شــارەزابوون، یەکیــان وێـنەی خەسـرەو پەروێـزە. لە هەردوو شــانی شـیرن و فەرهـاد راوەسـتاون. لە هۆدەی دەسـتە چەپدا وێنەی پاشـایەک بەسـواری ئەسـپ نێـزەکەی بەدەسـتەوەیە. نێـزەکەش هەر لە دەسـتەکێک دەچـێ بەسـەر شـانییەوە. لەهەموولایەکی دیوارە بەردینەکە وێنەی ئاژەڵ و مرۆڤ هەڵکەندراوە، ئەمانەش شـوێنی ڕاوگەی خەسـرەو پەروێـزن. وێنەکـان زۆرتـر لە شـێر و وشـتر و فیـل و ڕێوی و زۆر شتی دیکە لەوپەڕی جوانیدا داتاشراون.

## لە کرماشانەوە بۆ سنە، لە ڕێگەی رازاوە و شاخوانی و ئاسولا و کرە و دووشان

بیسـت و نـۆی مـانگی سـپتەمبر، لە کرماشـانەوە بەرەو شـاری سـنە وەڕێ کەوتـین. نەخۆشـی چـاوقوڵکە لە کرماشــان لە تەواوبوونـدا بـوو. ئەو نەخۆشـییە نـزیکەی بیسـت کەسـێکی دە کەژاوەی مەرگ نـابوو. لە تەنیشـت بـاخێکەوە هـاتینە گونـدی خوسـرەو، بە مەودای مەیـدانە ئەسـپێک دوور لەشـار، ئاوبەنـدێکی چـوار گۆشە لە ئامێزی چیاکەدەیە. بەبۆچوونی گەڕیدە دیتێر وەختی خۆی ئەو شـوێنە بـاخچەی ئـاژەڵان بـووە. لەســـەر دونـدی کێـوەکە مەزارگەیەک هەیە و لە نزیـک ئەویـش گۆڕسـتانێک. دوو تـاتە بەرد مەڕمەڕیـن لەوێ کەوتـوون، یەکیـان سـپییە و ئەویـدیکە ڕەنگیـنە. ئەو دووبەردە بە شـێوەیەکی جـوان تاشـراون و نووسـراوەیان لەسەر هەڵکەندراوە. لەنێو تـەلارەکەدا گۆڕێک لەبەرد گیراوە،دەوری گڵکۆکەیـان بە گەچ جوانکاری کردووە. تـاتەبەردێکی تەخت بەبێ ئەوەی هیچی لەسـەر نووسـرا بـێ بـان گۆڕەکەیـان پـێ داپۆشـیوە. ئەسـتووری بەردەکە یەک گـرێیە و لەبـاری لاکێشـی نیو گـەزە. دیـارە ئەوبەردە لە تـەلاری پاشـایی ساسـانیان دا کەڵکیـان لـێ

وەرگرتووە، ئەو کێوە تەختایی زۆری بە دەمەوەیەوە و بۆ ئەوە دەبوو کۆشک و تەلاری دیکەی لێ ساز بکرێ. شوورە و دیواری باخەکە لە شانێکەوە چۆتەوە سەر گردەکە و لە داوێنی ئەویشدا گوندێک خۆی هەڵخستووە. وەختێک ئێمە لە رووبارەکە چووینە ئەوبەر ئاوبەستبوویی. نێو چادرەکانمان شەش پلە سارد بوو، چەند تەپۆڵکەیەک لە نزیک شاری سنە دەبیندرێت، لەسەر هەر یەک لەو تەپۆڵکانە گوندۆکەیەک دامەزراوە. لە قەڵای خەسرەو دوور کەوتینەوە و لە چەمەکە چووینە ئەوبەر. دوای یەک کاتژمێر و پازدە خولەک گەیشتینە قەڵای محەمەد عەلی میرزا، لە شانی راستیش ئاوایی قەرەسوو.

لە کرماشان گوتیان محەمەد عەلی میرزا بەتەما بوو، ئەو شارە هەتا نزیک قەڵاکەی خۆی ڕاکێشێت. لەبەرئەوەی ئاوی قەرەسوو سازگارترە لە ئاوی کرماشان و تاقەوسان. چەند کەسێک لە نزیک قەڵاکە خەریکی بیناسازی و نۆژەن کردنەوەن، دوور نییە دوای چەند ساڵێک قەڵاکە بکەوێتە ئامێزی شارەکەوە، بەڵام هێزی شاهی ئەم ڕەوتەی ڕاگرتووە و قەڵاکەش لەچەند لاوە هەرەسی هێناوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی ئەوەدان قەڵاکە نۆژەن بکەنەوە و چەند خێزانێکی تێدا دامەزرێنن. لە ناوەندی قەڵاکەدا گوندێکی بچووک هەیە. لە نزیک قەڵاکە رووباری قەرەسوو بە دەستە چەپدا دەڕواتە خوارێ. لە بوارگەدا ئاوی چەمەکە سەر ئەژنۆ دەگرێ. بندینی چۆمەکەش خیز و لمە و لەزۆر جێ گۆماوە و قووڵییەکەی زۆرە و ئاوەکەی دەگاتە پازدە ساجن. لە کاتی سەرە بەهاردا خۆ لە سی ساجن دەدات. وردە وردە لەو مەودایە هاتینە دەرێ و پێمان نایە سەر ڕێگای سنە. چوار کاتژمێر بە ڕێگای ئەو دەشتەدا هاتین و لە نزیک ئاوی رووباری رازئاوا، ئاوەکەی دەڕژێتە چەمی قەرەسوو، بۆ وچان گرتن چادرمان هەڵدا. بەگشتیی دوای پێنج کاتژمێر و نیو، گەیشتینە جەعفەراوا. مەودای ڕێگاکە زۆر خۆش بوو، بەڵام کاتێک لە دۆڵی قەرەسوو دەگەیتە دۆڵی چۆمی رازئاوا، ڕێگاکە تەنگ دەبێتەوە، تۆپخانە بەبێ عەڕابە لێی دەردەچێت.

لە سی مانگی سپتەمبەردا، بە چوار کاتژمێر و نیو گەیشینە قەڵای شاخوانی لەنزیک رووباری رازاوا. دۆڵێکی گەورەیە و ئەو ناوچەیە کوردەکان پێی دەڵێن بەنادەر، بەڵام ئێرانی بە دینەوەر ناوی دەبەن. لە ناوەندی دۆڵەکەدا قەڵایەکی توورەکەڕێژ هەیە، لە بناری ئەویشدا خەندەکێکی

بەرین. بەرزی کێوەکە پازدە ساجنە. تەختی دەگاتە شەست هەنگاو، درێژی سەد و پەنجا شەقاوە. گوندێک لە بەر پێی قەڵاکەدایە و چەند گوندێک دوور و نزیک ئاوەدانن. لە دەستە راستی دۆڵەکە، ڕێگایەک جوێ دەبێتەوە و دەچێتە سنە. ڕێیەکی دیکەش روو دەکاتە بێستوون، ڕێیەکی دیکە دەچێتە گوندی کەتل، خەڵکی ئەم ناوچەیە لە تایەفەی کولیاین. بەدز و جەردە بەناوبانگن، کوڕی خان و خاوەن دەسەڵاتی ئەوێ بەرەو پیرمان هات و شەو میوانی بووین و سەرما لە نیو پلەدابوو.

لە یەکەمی مانگی ئۆکتۆبەردا، لە قەڵای شاخوانی چووینە ئاوایی ئاساولا، لە نزیک رووباری گوڵ سەحرا. لە دۆڵی دینەوەرەوە بە زەڕین جۆدا گەیشتینە گوندی غەمیاران. وەک باسیان کرد، لەو گوندە بە نەخۆشی چاوقوڵکە سی کەس مردوون. ڕێگایەک لێرەوە دەچێتە سلێنانیە. دەوروبەری گوندەکە چۆڵە و باخاتێکی لێ نییە و چەند گوندێک لە نزیکی زەڕین جۆ ئاوەدانە. ئێرە کەوشەنی کرماشان و کوردستانە، ئەو مەودایە بە رووباری مرواری دیاری کراوە. ئەو گوندە لەساڵداماڵیاتی خۆی گەنم قەبڵاندووە و لە کاتی خۆیدا رەوانەی خەزانەی دەوڵەتی دەکات، بەڵام بەحکومەتی کرماشان لەباتی ماڵیات مەڕ و ماڵات ڕادەستی دەسەڵات دەکات. رووباری رازوەر بە دۆڵی دینەوەردا دەڕوات، ئەو دۆڵە زۆر وەک شیو و دۆڵی سنە و بێستوون دەچێت و زۆریش دڵگیرە. وەک باسیان کرد سەرۆکی ئەو محاڵە لەوێ نیشتەجێیە. لە گوندی غەمیارانەوە ڕێگاکە بەرەو ژوور هەڵدەکشێت. کێوەکانی ئەم دەڤەرە هەروەک دیوار بەباڵای ئاسماندا هەڵچوون. گڵ و بەردی زۆربەی کێوەکان ئاهەک و گەچە. لە ماسی دەشتەوە تا ئێرە رووت و بێ درەختە و ڕێگای لێخوڕینی عەڕابەی تۆپخانەی باشی هەیە. لە نزیک رووبارەکە ڕێگای سەر بەرەو خواری زۆرە و ئەم بەنداوە ڕێگرە لەبەر دەم رووباری قەرەسوو چۆمی دیالەدا. پلەی گەرما لە شەودا گەیشتە نۆ. وتیان لە کاتی مردنی محەمەدشادا، گوندی دینەوەر بە دەستی خێڵەکیان تاڵانکرا. گوندەکانی سەر ڕێگاکان بە گشتی بەرکەوتوون. گوتیان، پێنسەت سوار دەتوانێ لەڕێگاکەوە دەرچێ و ئێوەش لەبەختی خۆتان تووشی رووت کردن نەهاتوون.

لە دووی مـانگی ئۆکتۆبـەر، گونـدی ئاسـاولا بە سـێ کـاتژمێر و پێنج خـولەک گەیشتینە قەرە کۆ و لەدنزیک رووباری پیران. لێرە گوندەکە نـای پیرانە. لە دۆڵـی رووبـاری گـوڵ سـەحرا قەڵەمەی زۆر نێژرابـوو، نەمـامێکی زۆریـان چەقانـدبوو. بە هەوراز و نزمییەکـی زۆردا تێپەڕین و کەلـی دووبرایـان، ئەو سـەرەو خـوارەیە بۆ دەرچـوونی تۆپخـانە زۆر لاپێـی بـوو. لەوێـوە گەیشـتینە چەمـی کـاوە، ئێسـتا بە رووباری سیروان بەناوبانگە و بەودیودا بە چۆمی دیالە ناوی دەبەن. لێرە بەرینی سـیروان سـێ سـاجن و ئاویشـی کەمە. لەسـەر ڕێگـاکە دار و پەردوویـی پـردە ڕووخاوێک دەبینـی و هێشـتا سـێ کـۆڵەکەی بەپێـوە مـاوە. ئەگەر مشـوور خـۆر هەبێت دەتـوانن نـۆژەنی بـکەنەوە و ڕێبـواری بەسـەردا وەپەڕێت. بەدەم ڕێگـاوە ئەونـدەی ئێمە هـاتین، وەرزێڕان خەریکـی جـووت کردنـی پـایزە کێڵ بـوون، دوای ئەوەی لە چیاکە هاتینە خـوارێ، بە مـاوەی سـێ کـاتژمێر گەیشـتینە رووبـاری کرە گا، ئەم رووبارەش تێکەڵ چەمی سیروان دەبێتەوە.

بە بۆنەی باران و هەورە بریسکەوە، لەنێو ڕێدا لامانـدا و وچانمـان گـرت. لە کرەوە تا دەروێشان چـوار کـاتژمێر و چـل و پێنج خـولەک بـوو، بەمـاوەی سێ کاتژمێر لە دۆڵەکاندا هاتین و گەیشتینە دەشتێکی بەر فرەوان. لە کۆتایدا تێکەڵ بە شاری سنە دەبێتەوە. ئەم دەشـتە جێی سـانی بیسـت هەزار سـوارە نیـزام و سـەرباز دەبێـتەوە. دوای دوو کـاتژمێر لێـرەوە گەیشـتینە ئـاوایی دەروێشـان و لەنێوڕێدا پایزەکێڵێکی زۆرمان چاو پێکەوت.

## شاری سنە

لە پێنجـی مـانگی ئۆکتـۆبەردا، دوای دوو کـاتژمێر ڕێگـا و پەڕینـەوە لە رووبار، گەیشتینە شاری سنە. خاوەن پلە و شۆڕە سوارانی برای والی هاتنە پێشوازیمان. لە ماڵی ئەمانولاخان لاماندا، ئینگلیزەکان لە بـاخی خەسـرەوخان کاتی خۆی فەرمان ڕەوای سنە بوو. میوان بووین.

حەوتی مانگی ئۆکتۆبر، لە قەڵای والیدا دیدەنیم لێکرد. دیواری ماڵەکەی لە خشـتی کـاڵ سـاز کرابـوو، بە کاگـڵ ماڵەسـواخیان کردبـوو، حەسـارەکە پـڕە لەدار و درەختی جوان. ئامانولاخان فەرمانڕەوای ناوچەکە، سێ عەڕابە تۆپی

داناوه. ئاوی قەڵاکە لە بەنداوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەشتەمی مانگی ئۆکتۆبەر، والی چاوی پێمان کەوت، جل وبەرگی نیزامی لەبەر دابوو، ڕەنگی جلەکانی دارچینی بوو، باڵاپۆشێکی کەوی بەشاندا دابوو. والی زۆر بەتەمەن نەبوو، پیاوێکی وێچوو جوانچاکە و لە تایەفەی ئەردەڵانە.

لە پازدەی مانگی ئۆکتۆبەردا لە شاریسنە سەردانی کوڕەکانی فەتالی شام کرد.

لە دوازدەی مانگی ئۆکتۆبەر بارانێکی خۆش دایکرد.

## سەربوردەی ڕووداوی سنە و کوردستان

دانیشتووانی شارەکە بەم شارە دەڵێن سنە، بەڵام ئێرانییەکان بە (سنندج) ناوی دەبەن. زۆر کەسیش بەم شارە دەڵێن کورستان. خۆیان باوەڕیان وایە ئەو شارە لە سنگ و مەمکی ئافرەت دەچێ، بەڵام ئەوەندەی پرسیارمان کرد کەس نەبوو، واتای تەواوی سنەمان بۆ هەڵبدات. دەستەیەک دەڵێن لە کۆندا سنە لە شوێنێک بووە بەناوی حەسەناوا. ئێستا ئەوەی لەو شوێنە بەجێ ماوە قەڵاکۆن و وێرانەیەکی زۆرە، بە وتەی ئەوانەی بۆیان باس کردین، دانیشتووانی شارەکە دە هەزار کەسە، وەک دەڵێن شەش سەد کلدانی و خاچ هەڵگران لەو شارەدا دەژین. ئەوان بەدیاری باشترین شەرابیان بۆ هێناین. سەد ماڵی مووسایی لە شارەکەدا نیشتەجێن. کلدانی و کوردەکان بەیەکەوە تەبا و لەوپەڕی برایەتیدا دەژین و لەو شارەدا کەس کەس نابوغزێنیت، بەڵام جووەکانیان خۆش ناوێ. کلدانییەکان لە شاری سنە کڵێسەی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانەش خەریکی پیشەی مافوور چنین، قاڵی دەست چنی سنە دوو تا چوار تمەن نرخی هەیە، کر و دەست کردی سنەیی زۆر لە قاڵی ئێرانی باشترە، زۆرتر بەرگە دەگرێت. لەو ماوەیەدا کەسێک هات بۆ لامان زۆر لەگەڵمان گەرموگوڕ و بەحورمەت بوو، ئەو پیاوە لە رووسیاوە پەڕەوازەی سنە بوو، وتی لە ساراتوو هاتووە. لە هەزار و هەشت سەد و بیست و حەوتدا ئێرانیەکان ئەسیریان کردبوو، لە کلدانییەکان ژنی خواستبوو، بڕێک زانیاریی باشی دابە ئێمە. گوتی یەکێ لە خاچ هەڵگرانی ئێرە، پێستی ڕێوی بە دوو هەزار و پێنسەد دینار دەکڕێ و لەبازاڕ دانەی بە پێنج هەزار تمەن دەیفرۆشێتەوە. لە شاری بەغدا خەریکی کاروباری بازرگانییە. ئەو شەرابەی ئێمە لەشار کڕیمان زۆرباش نەبوو، خەڵکی

گوندەکان هەنگوین دەهێنن لە شار دەیفرۆشن، کەندووی هەنگەکان لە گۆزەی سوور چاکراوە و کونێکیان بۆ هێشتۆتەوە. تەواوی دانیشتووانی شاری سنە سونی مەزهەب و شیعەی تاک و تەرا تێدایە. والی شارەکەش سونییە. کوردەکان گەورە و بچووک بە حورمەت و دلۆڤانن، لەگەڵ عیسایییەکان نێوانیان زۆر خۆشە وساتو سەوداییان لەگەڵ یەکدی هەیە.

ئامانوڵاخان دامەزرێنەری شاری سنەیە و باوەگەورەی فەرمانڕەوای ئێستای سنەیە. خەسرەو خانیش بابی حاکمی ئێستای شارەکەیە. باخ و باڵەخانەیەکی شکۆدار لێرە سازکراوە و پێی دەڵێن باخی خەسرەو خان. ئەم شوێنەش بە خەسرەوئائا بە ناوبانگە. دایکی حاکمی ئێستای سنە کوڕەکەی لە تەورێز زیندانییە و ئەم دایکەش لە تاران لەژێر چاوەدێری دایە. وەک دەڵێن ئەم خاوەن دەسەڵاتە کەزانی دەسەڵاتداری ئێران چەند هەڵەی کردووە، هەر بۆیە ئەویش بەغەزەبدا چووە. تاوانی ئەو خانمەش ئەوەبووە، هەشتاهەزار تمەنماڵیاتی دیوانی بەبێ جێ خەرج کردووە، ئێمە لەماڵی ئامانۆڵاخان میوان بووین، لە دەورەی دەسەڵاتی برای والی ئێستا، وەزارەتی ئەو خەریکی بڕینی دار و درەختی باخی خەسرەوئاوا بوو بۆ سازکردنی ماڵەکەی خۆی. بەتایبەت دەرک و پەنجەرە. کاتێک براگەورە والی ئێستای لە دەسەڵات لادا؛ ئامانوڵاخان، وەختێ زانی ناوبراو دەستی داوەتە ئازاردانی هەژار و بەشمەینەتان و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە، ناوبراوی گرت و تەمبێی کرد.

کاتێک والی خۆی گەیاندە حزوری شا، شادەستووری دا، دوو پەل سەرباز ئامادە بکەن و لە ناوەندی فەرمانڕەوایی والی ئێستادا، خەریکی خزمەتکردن بن. دوو کەسی خاوەن پلە بەسەریان ڕابگات و خەریکی ڕاهێنان و مەشق کردنیان بێت، بەڵام تا ئێستاش ئەو سەربازانە چەکدار نەکراون. دەنگی تەپڵ و باڵەبان بەجوانی بەر گوێ دەکەوێت. والیان وەک سەرهەنگ و فەرمانده دیاری کردووە، بەڵام والی ئەو بڕشتەی لە دەسەڵاتدا نەماوە. بە واتایەکی دیکە بۆ وەرگرتنی ماڵیات و کاروباری حکوومەتی لە تارانەوە کەسێکی دیکەیان داناوە. ئەمەش لە فەرمانڕەوایی ناوبراوی کەم کردۆتەوە. تەنیا دەسەڵاتی بەسەر مولک و ماڵی خۆیدا ماوە، هەنارێکی باشیان بۆ هێنایین ئەوەش لە باخەکانی خۆی بەرهەمی ناوچەی

هەورامان بوو. ڕیشەی ئەو هەنارانەیان لە شاری ساوە هێنابوو، هەناری ساوە لە ئێراندا بەناوبانگە. ترێی ئەم ناوچەیە بە نامیەیە و پێی دەڵێن ترێ عەسکەری، تام و چێژێکی تایبەتی هەیە. جۆرێک ترێیان بۆ هێناین سوور و سپی و بەبێ نێوک بوو. چەند جۆر ترێی دیکەیان نیشان داین و بەشێکی باشی وشک دەکەنەوە بۆ زستان، ئەمەش پێی دەڵێن مێووژ، شووتی و کاڵەکی باشیان هەیە و وردە وردە لە تەواو بوون دابوو. لە ناوچەکەدا ورچ و بەراز و ئاژەڵی کێوی زۆر دەبیندرێ.

سـیازدەی مـانگی ئۆکتۆبـەر،بەفر ترۆپکـی شـاخەکانی سـپی کـرد و لە پێدەشـتەکان تـوایەوە. وتیـان لە حەسـەناوا بەردێکـی تاشـراو هەیە و نەخـش و وێـنەی تـایبەتی لەسـەر هەڵکەنـدراوە، بەنێزیکـەی دوو ئارشـین بـاڵایی بەرزە. نووسراوەی پێوە دیارە، بەڵام کەوتۆتە ژێر گڵ. پارچەیەک لەو بەردەیان نیشان ئێمەدا، گوتیان کاتی خۆی گەڕیدەیەک بەناوی ئەلکساندەر، ئەو بەردەی هێناوە.

لە پازدەی مانگی ئۆکتۆبەردا، لە ڕێگای هەمەدانەوە چووین بۆ ڕاو، پەنجا و پێنج هەنگاو دوور لە ماڵی ئامانوڵاخان، شوێنی مانەوەی ئێمە، پردێکی تەسک و درێژیان لەسەر چەمەکە ڕایەڵ کردووە، بەرزی پردەکە زۆرە و وادیارە لەکاتی لافاودا ئەم رووبارە ئاوێکی زۆری پێدا دێت.

لە نـۆزدەی ئەو مـانگەدا، چاومـان کەوت بە سـەماکەرێکی سـۆزانی و گوتیان ئەوانە نزیکەی دووسەد خێزانن هاتوون و لێرە گیرساونەتەوە. وەک دەڵێن ئەو سەماچیانە بیست کەس دەبن و چل و پێنج خولەک لە شارەوە دوورن. نـانی خۆیـان لە ڕێگـای سـۆزانییگەری و بەدڕەوشـتی بە دەسـت دەهێنن. زۆرێک هەر لەو ئافرەتانە وەزلەو کردارەی خۆیان دەهێنن؛ لەسەر دەسـتی مەلا و شـێخان تـۆبە دەکەن و هەر کەسـێک بیـان خـوازێ مێـردی پێدەکەن. ئێمە بە چاوی خۆمان چەند ئافرەتێکمان دیتن لەوپەڕی جوانیدا سـەمایان دەکـرد و هەر لە خۆشـیان گۆرانیـان بـۆ دەگـوتن. بەگفتـی ئەو کەسانەی ئێمە لێمان ژنەوتن خوویەک بگری بەشیری، تەرکی ناکەی بە پیری، تازە ئەوانەش واز لەو کردار و ئاکارەی خۆیان ناهێنن.

جـگە لە رەقـس و سـەمای ئێرانـی، لێـرە هەڵپەڕکـێ و سـەمای کوردەکـان تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە، تەنـانەت لەگەڵ لووڕهەکـانیش جیـاوازی فـرەس. چـل

وبەرگی تایبەت بە خۆیان لەوپەڕی جوانیدایە و هەڵپەڕین و سەماکردنیان لە کەس وەرنەگرتووە و هی خۆیانە. لە کاتی سەماکردنی ژن و پیاوانی کوردەواریدا هیچ دزێوی و بێ شەرمییەک نابینی و جوانترین سەمای دنیا لەلای ئەوانە، بەڵام سەمای ئەو خێڵەی کە بە ناوی کورد ئێمە بینیمان ئەوانە دەستەیەکن بەناوی قەرەج، لەنێو ئەواندا دەژین و فڕی بەسەر کوردەوە نییە. ئەوانە کاتێک دێنە نێو کۆڕی سەماکردنەوە بە سنگ و بەرۆکی ئاواڵەوە دێن و سەرەتا دەورێک بەنێو خەڵکەکەدا لێ دەدەن و دواتر کەسێک بەرچاو دەکەن و دەچن لەسەر کۆشی دادەنیشن. بە نازو عیشوە و ئاوازی تایبەتەوە دڵی نەرم دەکەن و کەسەکەش بەکەیفی خۆیان پەرەی دەداتێ، شا ئەوە ئەشرەفی بێت یان هەر پارەیەکی دیکە. ئەگەر لەشاری سنە کەسێک بچێ و دزی بکات، ئەو ماڵەی نانی لێ خواردووە بەهیچ جۆرێک دەستی ناکاتێ و بە لایەوە ناچێت. کوردەکان بەگشتیی تا بڵێی ڕۆح سووک دلۆڤان و میوانگرن، ئەوەندەی ئێمە بینیمان کوردەکان لە چاو خەڵکی ئێران زۆرتر حورمەتی میوان دەگرن، بەتایبەت لە ئاواییەکان.

بیست و سێی مانگی ئۆکتۆبەر، لە کۆڕی پرسەی سالاری شەهیدان دا بەشداریمان کرد، لەو کۆڕەدا خۆش وێژی باش هەبوون وێنەی ئەو کۆڕەمان لە ئیسفەهان چاو پێکەوت.

## ئەو ڕێگایانەی ئێمە پێیدا هاتین

ئەو ڕێیانەی لە داوێنی چەمی کاوەن:

یەکەم- چنوە گوندێکە لە سێ فرسەخی شاری سنە. ڕێگاکەی تەختانییە و مەودای فەرەسەخێک لە رووبارەکەوە دەڕوات.

دووەم- گوڵ دەشت، ئاواییەکی گەورەیە. لە شاری سنەوە سێ فرسەخ و نیو دوورە. ئەم ڕێگایەش بە دارستاندا دەڕوات و بەرز و نزمی زۆرە.

سێیەم- شاهێنی گوتنێکی دڵگیرە و تایبەتە بە والی. لەگەڵ سنە سێ فرسەخ مەودایە. ئەویش بە لێڕەواردا دەڕوات، بەڵام زۆر چڕ نییە.

چوارەم- روانسەر لادێیەکی گەورەیە و لە دەشتێکی بەریندا هەڵکەوتووە. چوار فرسەخ لە شاری سنە دوورە.

پێنجەم- لەمنی، گوندێکی گەورەیە، ئەمەیان بەشی کرماشانە. سێ فرسەخ لە سنەوە دوورە و ڕێگاکەی دەشتە.
شەشەم- ماهی دەشت، فرسەخ و نیوێک لە سنەوە دوورە.

## مودای روانسەر تا زەهان

یەک- جوانڕۆ، سێ فرسەخ لە روانسەر دوورە، ڕێگای باشی هەیە و شارۆچکەیە.
دوو- لووشی، گوندێکە لە سێ فرسەخی روانسەر، ڕێگاوبانی زۆر ناخۆشە.
سێ- دەشتەبۆر، ڕێگای ئەوێ لە لوشی خراپترە و ئەوێ بە سنووری کوردستان دەزانن.
چوار- زەهاو لە چوار فرسەخی روانسەر دایە. ڕێگاکەی ئەوەندە ناخۆشە بۆ باسکردن نایێ.
ڕێگاکانی سەروویی چەمی کاوە:
لە ڕازاوەر تا شائاوا، دووفرسەخە. لێرەوە دەچێتە ماسی دەشت. بۆ سەر رووبارەکەش دوو فرسەخە، بەڵام تا کاروانسەراکە سێ فەرسەخە. کانیاوەکانی چەمی کاوە لە ئاقەوەدێن. ئەمەش گوندێکی کولیاییە. ڕێگاکەش بەنێو کێڵگە و زەوی و زاری ئەو هۆزەدا دێت و بە چەمی کاوەدا دەڕوات.کەمین، سەرەتای مۆڵکی کوردستانە، پێنج فرسەخە. سمەلا و تەپۆڵکەی ئیسماعیل دوو گوندن مەودایان دوو فرسەخ و نیوە. پیر مێقداران گوندێکە لە سێ فرسەخی، کەوانە لادێیە لە سێ فرسەخیدا، لەفار نێ شۆر گوندێکە لە چوار فرسەخی، بزلیان ئاوەدانییە و لە دوو فرسەخی و نێزار لە سێ فرسەخی و کوواس گوندێکە سێ فرسەخ دوورە، پاڵەنگان گوندێکە لە چوار فرسەخیدایە و کەوتۆتە کۆشی چیاکانەوە. لە نزیک پردی رووباری پاڵەنگان چەمی کەوە تێکەڵ دەبێتەوە، پردی مەلامحەمەد دوو فرسەخ و نیو دوورە. ئەویش کەوتۆتە نێوان چیابە عەرزەکانەوە. دیلیان لەسەر ڕێیە و ئاوی رووباری مەریوان لە سێ فرسەخی ئێرەوە بە رووباری پاڵەنگاندا

دەچێتەوە سیروان و حەجاج ناوی گوندێکە لە چوار فرسەخیدا کێوەکانی زۆر بەرزن، رووباری سیروان دوو فرسەخ ونیوە. لێرەوە ئاوی چەمی قشلاق تێکەڵ رووباری کاوە دەبێتەوە.

## گوندەکانی ناوچەی بانە و مەریوان و هاورانان

یەکەم: خێلوس، چل ماڵە و نیو فرسەخ لە شاری بانە دوورە. کێوەڕۆ، پەنجا ماڵە و فرسەخێک لە بانە دوورە. دۆنێس، سی ماڵە و نیو فرسەخ لە بانەوە دوورە. یەزدان، بیست ماڵە و نیو فرسەخ لە شاری بانە دوورە. گەرماو بیست ماڵە، سێ فرسەق لە شاری بانە دوورە. چامبارو، بیست ماڵی لێیە و دوو فرسەخ لە شار دوورە. (نیران بەند) سەیران بەند، پازدە ماڵە، یەک فرسەخ و نیو لە شار دوورە. (خان کەژاڵ) هەنگەژاڵ، سی ماڵی لێ نیشتەجێیە.

دووەم: گوندەکانی دەوری مەریوان- میرغاد ڕاز، دوازدە ماڵ، هەنجیران دوازدە ماڵە و فرسەخێک لە مەریوان دوورن. دراواران، پازدە ماڵە و نیو فرسەخ لە مەریوان دوورە. نەی چی، پازدەماڵە و نیو فرسەخ لە مەریوان دوورە. خانم بیست ماڵە، فرسەخ و نیوێک لە مەریوان دوورە. قەڵای هاو، یەک فرسەخ و نیو لەشار دوورە. ئەو قەڵایە دوو ساڵ لەوە پێش عوسمانییەکان گرتبوویان. قەڵای ئەمیئاوا، دەماڵە و فرسەخێک لە مەریوان دوورە. سێ ساڵە لە دەستی عوسمانییەکاندایە. زەڕین جۆ، بیست ماڵە و نیو فرسەخ لە شاری مەریوان دوورە، سەعداوا، دە ماڵە و نیو فرسەق لە مەریوان دوورە. بەیاوا، پازدە ماڵە و نیو فرسەخ لە مەریوان دوورە. تۆمان پازدە ماڵە و نیو فرسەق لەشاری مەریوان دوورە. دوو ساڵە ئەو گوندە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دایە. ئاس گوڵ، پازدە ماڵە و نیو فرسەخ لە مەریوان دوورە. ساودجی، پازدەماڵە و فەرسەقێک لە مەریوان دوورە. ساڵێک دەبێ هێزی عوسمانی دەستیان بە سەر ئەو گوندەدا گرتووە.

سێ: بەشی هەورامان- ویسا، نۆ بنەماڵەیە و تەتشدار، دە ماڵە و چارەکە فرسەخێک لەو لای هەورامانەوەیە. گوندی شێخ خان، پازدە ماڵە و چارەکە

فرسەخێک لەو لای هەورامانە. دێزبی، پازدە ماڵە و لە دوو فرسەخ و نیوی هەورامانە. کەرچڵ، دوازدە ماڵە و سێ فرسەق لە هەورامان دوورە. خان دووعید، دەماڵە و فرسەقێک لە هەورامان دوورە. بەڵخا، پازدە ماڵەیە و یەک فرسەخ لە هەورامان دوورە. نوسور، (نەوسود) سی ماڵە و فرسەخێک لە هەورامان دوورە. ناروێ، پازدە ماڵە و فرسەخێک لە هەورامان دوورە. تەواوی ئەو گوندانە لە سەرحەدی عوسمانین.